# سوورخەڵاتان



تایبەت بە

## شەهیدانی شۆڕشی ژینا

بەرگی دووهەم

# سوور خەڵاتان

## تایبەتە بە ژیاننامەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا

## (بەرگی دووهەم)

چاپی یەکەم
ڕەشەمەی ١٤٠٢

# سوورخەڵاتان

ناوی کتێب: سوورخەڵاتان (بەرگی دووهەم)

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: سۆما ناسری

پێداچوونەوە: هەژیر عەبدوڵلاپوور

دیزاینی ڕووبەرگ و ناوەوە: شاهۆ ئەحمەدی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم - ڕەشەمەی ١٤٠٢

چاپخانە: چوارچرا

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

پێشکەشە بە

ڕوحی پاکی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و

بنەماڵەی سەربەرز و خۆڕاگری شەهیدان و بەندکراوانی سیاسی

# پێڕست


ڕێباز ساڵحیوەند ........ ٧
ئومید حەسەنی ........ ١٢
کاروان قادرشوکری ........ ١٧
سالار موجاویر ........ ٢٣
موحسین نیازی ........ ٢٨
هەژار سەعیدزادە ........ ٣٣
هەژار مامخوسرەوی ........ ٣٨
عەبدوڵلا مەحموودپوور ........ ٤٣
محەممەد ئەحمەدی ........ ٤٧
نگین عەبدوملەلەکی ........ ٥٢
سولەیمان شوکری ........ ٥٧
جەلال قوربانی ........ ٦٢
محەممەد ئەمینی ........ ٦٧
هێمن هەمزە ........ ٧١
فواد محەممەدی ........ ٧٦
سەلام گەڵوانی ........ ٨١
ئەمجەد عینایەتی ........ ٨٦
سەدرەدین لێتانی ........ ٩١
شادمان ئەحمەدی ........ ٩٦
فایق مامقادری ........ ١٠٢
جەوهەر فەتاحی ........ ١٠٨
داریووش عەلیزادە ........ ١١٤
فواد سەواری ........ ١١٩
محەممەد شەریعەتی ........ ١٢٤

مستەفا شەعبانی ........................................................... ١٢٩
عیرفان خەزایی ........................................................... ١٣٣
جەماڵ ئەعزەمی ........................................................... ١٣٨
مەهدی کەرەمی ناسراو بە کۆمار ........................................................... ١٤٣
حەمید گوڵی ........................................................... ١٥٠
ڕەزا کازمی ........................................................... ١٥٥
شاهۆ بەهمەنی ........................................................... ١٦٠
کەمال فەقیهی ........................................................... ١٦٥
موئمین زەندکەریمی ........................................................... ١٧٣
مەتین نەسری ........................................................... ١٧٧
بەهادین وەیسی ........................................................... ١٨٢
سپێهر ئەعزەمی ........................................................... ١٨٧
ڕامین فاتحی ........................................................... ١٩٣
شەهریار عادڵی ........................................................... ١٩٨
ئاوات قادرپوور ........................................................... ٢٠٣
ئیسماعیل گوڵعەنبەر ........................................................... ٢٠٨
ئەفشین ئاشام ........................................................... ٢١٣
سینا نادری ........................................................... ٢١٨
فەرزین مەعرووفی ........................................................... ٢٢٤
ئاریان خۆشگوار ........................................................... ٢٢٩
مەسعوود تەیمووری ........................................................... ٢٣٤
پەیمان گەڵوانی ........................................................... ٢٣٨
موتەللیب سەعیدپەیڕەو ........................................................... ٢٤٤
عیرفان کاکایی ........................................................... ٢٤٩
ئیسماعیل دزوار ........................................................... ٢٥٤
بورهان کەرەمی ........................................................... ٢٥٩



# شەهید ڕێباز ساڵحی‌وەند

سۆما ناسری

«ڕێباز»

ئەگەر بمگرن تەناف‌پێچم کەن
تەناف لە گەردن تا بن‌میچم کەن
ئەگەر بە نەشتەر گیانم هەڵدڕن
قامکەکان دەستم یەک‌یەک ببڕن
چاوم دەربێنن بە نووکی نێزە
زمانم ببڕن بڵێن بێ‌ڕێزە
قاچم بشکێنن لە دوو سێ لاوە
ببمە میوانی ئەو هەمووە داوە
تەنافی گەردن جامانەی ملمە
ناوی کوردستان دایم لە دڵمە
با چاوم نەبێ بە دڵ دەنووسم
باسی نیشتمان تەک چارەنووسم
چەکی شانەکەم دەکەم بە گۆچان
بێ قاچی خۆشە لە ڕێی نیشتمان
ئەم هەمووە دەردە سەرفەرازییە

## ڕێبازم ڕێباز هێزی قازییە»

ڕێباز ناوێکە کە لە ڕەوتی شۆڕشدا بۆ ئێمەی کورد جێگای شانازییە و ئێمە ساڵەهایە ڕێبازی شەهیدانمان گرتۆتەبەر و ئەو کاروانە تا ئێستاش بێپسانەوە درێژەی هەیە و تا گەیشتن بە سەر مەنزڵگەی ئاوات بەردەوامە و کوڕوکاڵانی نیشتمان درێژەدەری ئەو ڕێبازە پڕ لە سەروەرییەن.

ڕێباز ساڵحیوەند کوڕی کاک عەبدوڵلا و خاتوو خەدیجە، لەدایکبووی ٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی شاری مەهابادە، ڕێباز تا تەمەنی دەبێتە ١٣ ساڵ، باوکی لە شیرکەتی گازی مەهاباد کار دەکا و بە بنەماڵەوە لەوێ دەمێننەوە و دواتر لە گوندی وسووکەندی مەهاباد نیشتەجێ دەبن، ڕێباز تا پۆلی یازدەهەم دەرس دەخوێنێ و دواتر ئەویش وەک هەزاران گەنج و لاوی ئەم نیشتمانە بەهۆی هەڵاواردنی سیستماتیک و باری ناهەمواری ژیان نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و حەز و خولیاکانی وەلا نا و ڕووی کردە بازاڕی کار و سەنعەتەوە و لە کاری سیستمی ماشێندا شارەزاییەکی باشی وەدەستخستبوو و لە پەنا ئەویشدا کاری ئاڵماتۆڕبەندی دەکرد و لەو کارەشدا ببوو بە وەستاکارێکی لێهاتوو.

ڕێباز لەنێو خەڵکدا کەسێکی بەڕێز و خۆشەویست بوو و هەمیشە لە کۆڕی هاوڕێیانیدا هەوڵی دەدا قسەیەک نەکا دڵی ئەوانی لێ بڕەنجێ. خاک و نیشتمانەکەی بە دڵ و گیان دەپەرست و ئاواتی گەورەی سەربەزری و سەربەستیی کوردستان بوو و زۆر جار دەیکوت ئەوانەی خەریکن خاک و نیشتمانی خۆیان دەفرۆشن بڵێی چۆن بیر بکەنەوە!؟

دەیکوت دڵنیا بن ڕۆژتان دێتەوە و ئەو ڕۆژە دەبێتە ڕۆژی شادیی ئێمە و شیوەنی ئێوە داگیرکەران و خۆفرۆشانی نیشتمان.

سەرەڕای هەوڵی زۆری بنەماڵەکەی بۆ ئەوەی بچێتە سەربازیی زۆرەملێ و داسەپاوی ڕێژیم، ڕێباز قەبووڵی نەکرد و دەیگوت «**من چۆن بچمە شوێنێک خەبەردار بۆ ئاڵای ڕێژیمێک ڕاوەستم کە بە هەزاران کەسی نیشتمانەکەی من لە ژێر ئەو ئاڵایەدا بە وەپاڵدانی تۆمەتی ناڕەوا بوونە قوربانی، لەسێدارە دراون و خوێنیان ڕژاوە!؟**».

هەمیشە بە هاوڕێکانی دەگوت: «**ئێمە دوو دایکمان هەیە یەکەم ئەو دایکەی بە دنیامان دەهێنێ و پەروەردەمان دەکات و لە ئامێزی دایکی دووهەممان کە نیشتمانە دەهاوێ، بۆیە سوێندتان دەدەم بە گۆڕی شەهیدان وەرن با قەت خیانەت بە دایکمان نەکەین و با بە سەربەرزی بمرین و دوای مردن ناوێکمان بە باشی لەدوای خۆمان بەجێ هێشتبێ**».

ڕاپەڕینی جەماوەریی شۆڕشی ژینا کە لە کوردستانەوە چەخماخەکەی لێ درا و دروشم و بایەخە شۆڕشگێڕییەکانی لە کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران پەلی هاویشت و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانیشی بەدووی خۆیدا هێنا، شاری مەهابادی لانکەی شۆڕشیش کە هەمیشە پێشەنگ بووە و ناوی وەک سەرتۆپی شاران لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی چەندین ساڵەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تۆمار کراوە، شەقام و کۆڵانەکانی شاریان لە دوژمنانی گەلی کورد کردبوو بە دۆزەخ و بە ورەی پۆڵایین و بە دەستی بەتاڵ لە بەرامبەر دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەمدا وێستانەوە و بانگی ئازادییان دا. ڕێبازی دڵ پڕ لە هیوا و دڵخۆش بە شۆڕشی ژینا وێڕای خەڵکی ڕاپەڕیوی مەهاباد

بەشـداریکردن لـە خۆپیشـاندانەکانی بـە ئەرکێکـی ئەخلاقـی و نیشـتمانیی خـۆی دەزانـی و شـەقامی بەجـێ نەدەهێشـت و لـە هەمـوو ڕاپەڕینەکانـی گەڕەکەکانـی پشـتەپ، فەلەکـەی شـوانە، مەیدانـی ئیسـتقلال، گرتنـی ڕێگای مەهابـاد ـ ورمـێ و شـارەکی مەهابـاد ـ میانـدواو بەشـداریی چالاکانـەی هەبـوو و بـەردەوام ورەی بـە ئازادیخـوازان دەبەخشـی.

ڕۆژی ١ی سـەرماوەزی ١٤٠١ ی هەتـاوی، لـە ئاکامـی خۆپیشـاندانەکاندا چەنـد کـەس لـە هاوڕێکانـی کـە لەلایـەن هێزەکانـی ڕێژیمـەوە دەسبەسـەر کـران، ئەویـش بـۆ ماوەیەکـی کاتـی ناچـار بـوو شـاری مەهابـاد بەجـێ بهێڵـێ و دوور بکەوێتـەوە، بێخەبـەر لەوەیکـە یەکێـک لـەو کەسـانەی لـە گەڵیـان بـوو جـاش و بەکرێگیـراوی ڕێژیـم دەبـێ و بۆسـەی بـۆ دەنێنـەوە و پێـش ئـەوەی بگاتـە شـوێنی مەبەسـت لـە چۆمـی داغـەی تەنیشـت پـردێ لـە پشـتەوەڕا دەیدەنـە بـەر دەسـڕێژی گولـلـە و شـەهید دەبـێ و ڕێبازیـش دەچێتـە ڕیـزی شـەهیدانی شۆڕشـی ژینـاوە و ڕێبـازی ئـەو شۆڕشـە بـە هـاوڕێ و هاوڕێبازەکانـی دەسـپێرێ و لە گۆڕسـتانی وسـووکەند ئەسـپەردەی خاکـی دەکـەن.

ڕێژیمـی کۆنەپەرسـتی کۆمـاری ئیسـلامی دوای شـەهیدکردنی ڕۆڵـە ئازاکانـی نیشـتمان واز لـە بنەماڵەکانیـان ناهێنـێ و بـە وتـەی یەکێـک لـە نزیکانـی شـەهید ڕێبـاز: «دوای ٤٧ ڕۆژ لـە شـەهیدبوونی ڕێبـاز، ڕێژیـم بەبـێ گوێـدان بـە هـەر چەشـنە یاسـا و ڕێسـایەکی ئەخلاقـی و دۆخـی دەروونیـی دایـک و باوکـی، بنەماڵەکـەی ناچـار دەکـەن گۆڕەکـەی هەڵدەنـەوە و تەرمەکـەی دەربێنـن و بـۆ گەواهـی فـەوت بینێـرن بـۆ پزیشـکی قانوونـی و ئـەو بنەماڵەیـە ناچاربـوون تەرمـی کوڕەکەیـان بـە نێـو شـاردا بگێـڕن و ببیەنـە ورمـێ کـە ئـەو کـردەوە نامرۆڤانەیـە ئەوپـەڕی دڕندەیـی ئـەو

ڕێژیمـە دەگەیەنـێ و بەمجـۆرە ئـەو بنەماڵەیـە دوو جـار کوڕەکەیـان بـە خـاک سـپاردەوە و دوای نزیـک بـە دوو مانـگ برینیـان نوێکردنـەوە! وەک ئـەوەی تـازە شـەهید بووبـێ.

**ئێوە کە بەرهەمهێنەری گۆڕستانن**
**لە فتوای دایکانی ئەم وڵاتە نەگەیشتوون**
**جەرگیـان لەبـەردەم هورووژمـی ئێـوە قەڵغانێکـە قایـم، هـەر گـۆڕ هەڵکەنـن و هـەر ئـەوان پـڕی دەکەنـەوە، هـەر لەشـکری مـەرگ بێنـن و چەقـەرەی ژیـان لـە چاوەکانیانـدا ببینـن تـا تێـر دەبـن خوێـن بخۆنـەوە، سـەرەنجام لـە هـاڵاوی ئـەم خوێنـەی هـەر دەزێتـەوە باڵاتـان خوێـن دەدەڵێنــێ**
**هەر تیخ بێنن با گوڵی باخچەکان زیاد کات،**
**هـەر شـەپۆلی شـین لـەم خاکـە بگێـڕن بـا بـزەی داهاتـوو بزێتـە زاری هەنووکـە،**
**ئێـوە کـە سـازکەری گۆڕسـتانن گۆڕێـک بـە بەرینـی باوەڕمـان درووسـت کـەن، گۆڕێـک بەپانتایـی داهاتـوو، بزانـم کامەتـان وێـڕا دەگا شـینی ناشـتنی ئێمـە بـەر لـە مەرگـی خـۆی ببینـێ!**
**ئـەو کفنـەی ئێـوە دووریوتانـە پـڕ بـە بـاڵای خۆتانـە، ئـەو گۆڕانـەی ئێـوە هەڵتانکەنـد شـاردنەوەی مەرگـی ڕاستەقینەی ئێوەیـە، ئـەو ڕۆژەی مەحشـەر سـەری لێـی سـووڕ دەمێنـێ دوور نییـە،**
**ئـەو ڕۆژەی ئاسـمان و ئەسـتێرەکان بـەر لـە تێکچوونـی خۆیـان دەبیینـن دوور نییـە**

(پارتیزان)



## شەهید ئومید حەسەنی

باهۆز ئەحمەد

«لە ئاویەرەوە
تا کۆساڵان و شاهۆ
لە وارگەی ئەردەڵانەوە
لە گەردەنەی سەوڵاواوە
سڵاو بۆ سنەی خوێناوی
سڵاو بۆ سنەدژ و
زێدی شۆڕش و نەوەستان
کە زەنگی ئازادی لێیدا
شەقام پڕ بوو لە هەڵبەست و
کۆڵان ببوو بە چراخان
مەستوورە گەڕابۆوە و شێعری ئازادی دەچڕی
باسی لە شکۆی ئەردەڵان و بابان ئەکرد
بەردەم کۆشکی پڕ کردبوو لە شەوبۆ و
وەنەوشە و نێرگز
شار بۆنی گوڵاوی ئەدا و
لاوان شیرینی بەدەست

**بانگی ژن ژیان و ئازادیان دەدا**
**ڕووناکی شاری گرتەوە و**
**ئازادی و شار بەدەستەوە**
**دەستەدەستە دوژمنبەزێن**
**پیر و گەنج و کوڕان و کچان**
**لە جێژوانی ئازادیدا،**
**باسی شۆڕش و ڕاپەڕین،**
**باس باسی ڕاسان و خوڕین،**
**جێگا بە دوژمن لەق کرا**
**پەلوپۆیان یەکیەک بڕا»**

لەو دەمەیدا کە ئازادیی پڕ جۆش و خرۆش، سیمای سنەی جوانتر دەکرد، ورە و باوەڕ گڕی گرتبوو، گەنجان بۆ داهاتوویەکی گەش، سنگی خۆیان دەنا بە گوللەوە و، دروشمی «**نابەزین و نابەزین، ئێمە ڕۆڵەی پێشەوا قازییان دەوتەوە**»، سنە پێدەکەنی و ئاویەر هەلهەلەی دەکێشا و، قەتارچیان قەتاری بیرمەندی ڕێک دەخست.
دوژمن لە پیلاندا بوو ئەزموونی سنەی خوێناوی وەڕێ بخاتەوە و بێبەزەییانە، سیمای شاری دەشێواند و گەنج و پیری نەدەپاراست و دەیکردنە گوڵووکەسوورەی پێشەنگی سوورخەڵاتان و بەدەم ورە و ئیمانەوە، بژی کورد و کوردستانیان دەوتەوە...
ئومید یەکێک لەو گەنجە بوێرانە بوو، بۆ دەستەبەرکردنی هیوا و ئومیدەکانی تێدەکۆشا. ئومید حەسەنی ڕۆژی ٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی، لە شارەکی ئیلاهییەی شاری سنە، چاوی بە دونیا

هەڵێنا و بە لەدایکبوونی ئومیدماڵەکەی کاک حەیدر و خاتوو نیگاری دایکی پڕ بوو لە ئەوین و خۆشەویستی و دەیان خەونی ڕەنگاڵەیان بۆ داهاتووی کۆرپەکەیان لە مێشکیدا گەڵاڵە دەکرد.
وەک زۆربەی منداڵان لە تەمەنی حەوت ساڵی نێردرایە قوتابخانە و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی حەز و خولیاکانی گەورە دەبوون، ئومید خوێندنی دواناوەندی لە هونەرستانی خارەزمیی شاڵمان خوێند بوو و هاوکات  لەگەڵ دەرس خوێندن و بۆ یارمەتی بنەماڵەکەی کاری دەکرد و لە بواری کارەبادا کەسێکی شارەزا و لێهاتوو بوو.
ئومید کوڕێکی کارامە، ڕوحسووک و لەبەردڵان بوو و بەشی زۆری پەرۆشیی ئەو دەستەبەرکردنی ئازادیی و سەربەستیی نیشتمانەکەی و دابینکردنی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە و داهاتوویەکی پڕ لە ئومید بوو بۆ خۆی و بۆ بنەماڵەکەی و بەتایبەتی بۆ ئارسامی برای بچووکی.
ئومیدی دڵ پڕ لە ئومید و هیوادار بە دواڕۆژ، هەلومەرجی ژیانی داسەپاو و ستەمی بێبڕانەوەی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە زیاتر لە چوار دەیەیە بەردەوامە بەتەواوی هەست پێ کردبوو و هەر ئەو هەڵاواردن و ناهەقیانە ئەوی ناچار کردبوو بیر لە چوونە دەرەوەی وڵات بکاتەوە و ڕوو بکاتە هەندەران و لەوێ ژیانێکی ئاسوودە دەست پێ بکات.
لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، ئومیدەکانی زیندوو بوونەوە و بە هیوای دارمانی کۆشکی ستەم و لەناوچوونی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی بە ورە و باوەڕەوە پەیوەست بە ڕیزی خورۆشانی خەڵکی ڕاپەڕیوی شار بوو و هەردەم بە گوڕوتینەوە لە سەنگەری پێشەوەی بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی پارێزەری دیکتاتۆری و تاریکپەرستیدا بوو و ئازایەتی و

بوێرییەکەی ببووە وێردی سەر زاری لاوانی ڕاپەڕیوی شار.
ئومیدی لاو و دڵ پڕ لە هیوا لە ڕۆژی ٢٦ی خەزڵوەردا واتە ڕۆژی چلەی شەهیدانی سەربەزری شۆڕشی ژینا لە شاری سنەی قارەمان، لە سەر پردی قشلاق دەکەوێتە بۆسەی هێزە تاریکپەرستەکانی ئیتلاعاتی ڕێژێمەوە و هەر لەوێ دەسبەسەر دەکرێ، پاش گواستنەوەی بۆ گرتووخانە نهێنیەکانی ئیتلاعات و دوای پێنج کاتژمێر لەژێر ئەشکەنجەی دڕندانە و نامرۆڤانەی هێزە جینایەتکارەکانی ڕێژێم شەهید دەبێ و گیانی پیرۆزی پێشکەش بە بارەگای نیشتمان و ئازادیی گەلەکەی دەکات.

**«ئەگەر لە جێی زامەکانی نیشتمانم**
**گوڵ بڕوێنن**
**گشت نیشتمان دەبێ بە باخچە و**
**گوڵستان»!**

بەداخەوە پاش شەهیدکردنی تەرمی پیرۆزی شەهید ئومیدی بیست ساڵە بە نهێنی ڕادەگوازنە ساردخانەی نەخۆشخانەی تەوحیدی سنە و پاش هەوڵ و تەقەللایەکی زۆری بنەماڵەکەی و بەدواداچوونێکی زۆر، لە ڕۆژی٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، ڕۆژێک دوای شەهیدبوونی، کاتژمێر ٨ی شەو پێوەندی بە بنەماڵەکەیەوە دەکەن و ئاگاداریان دەکەنەوە کە تەرمی کوڕەکەیان لە مردووشۆرخانەی ئارامگەی بەهەشتی محەممەدییە؛ دوای ئەوەی بنەماڵەکەی دەچن، دەبینن ئاسەواری ئەشکەنجەی هێزە دڕندەکانی ڕێژیم بە سەر و شان و جەستەیەوە دیار بوو و زۆریان هەوڵدا ئەو شەوە بە خاکی

نەسپێرن، بەڵام بەکرێگیراوانی ڕێژیم ئیزنیان پێنەدان و لەژێر گوشار و چاوەدێریی چڕی هێزە ئەمنیەتییەکاندا و بێ ئاگاداریی خەڵکی شاری سنە و بەنهێنی، لە گۆڕستانی بەهشتی محەممەدی، ڕادەستی ئامێزی پیرۆزی نیشتمانی دەکەن و ناوی ئومیدی لاویش وەک هەزاران گەنج و لاوی ئەو نیشتمانە داگیرکراوە دەچێتە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردستانەوە.

**«مەرگی شەهید**
**وەکوو مەرگی خۆرەتاوە**
**دەمەو ئێوارێیەکی درەنگ**
**پەنجەی چڵکنی هەور**
**خوێنی هەتاوی لێ دەتکێ**
**تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر**
**بۆ باوەشی گڵکۆ دەخوشێ**
**بەربەیانی**
**لەسەر کێلی ڕۆژهەڵاتی ئەم گڵکۆیە**
**هەر دڵۆپێک**
**دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی دەشواتەوە**
**مەرگی شەهید**
**وەکوو مەرگی خۆرەتاوە»**



# شەهید کاروان قادر شوکری

ئیسماعیل ئیسماعیل‌زادە

کاتێک کە وڵاتەکەت داگیر دەکرێ ئەوە هەر خاکەکەت نییە کە دەکەوێتە ژێر پۆستاڵ و بە زەبری هێز و چەکوچۆڵی داگیرکەر دەستی بەسەردا دەگیرێ، بەڵکوو ئەوەی کە شوناس و پێناسەی گەلی داگیرکراو وەکوو کولتوور و زمان و هەرچی هەیەتی و نییەتی دەکەونە بەر هەڕەشە و دەشێوێندرێن یان دەفەوتێندرێن.

پەلاماری داگیرکەر تەمەن ناناسێ و هەموو کەس بە نەیار و دوژمنی خۆی دەزانێ. پیر و لاو، ژن و پیاو و منداڵ هەڕەشەیان لێدەکرێ و لە هەر ئەگەرێکی سەرهەڵداندا داگیرکەر ژیانیان لێ دەستێنێ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لە فەناتیکترین داگیرکەرانی کوردستان لە سەدەی بیست و یەکدا کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە، بە بیری تاکنەتەوەیی و تاکزمانی و کولتوورییەوە پەلاماری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا و چونکە دەیزانی کورد سەر نەوی ناکا و چۆک دانادات، لە ئاسمان و زەوییەوە بۆمب و گوللەی بەسەردا باراند. لەو ڕۆژەوە تا کوو ئێستا شەڕ لە گەڵ ڕێژیمی تاران بۆ مانەوە و ڕزگاریی گەلەکەمان درێژەی کێشاوە و هەر جارەی لە شار و مەڵبەندێکی کوردستان و بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە ئەگەر دەرفەتێکی

سەرهەڵدان ڕەخسا بێ ئەوا گشت چین و توێژەکانی گەلەکەمان بەرەنگاریی هێزە داگیرکەرەکان بوونەتەوە و سینگیان کردۆتە قەڵغان بۆ پاراستنی کەرامەت و سەروەریی نەتەوەکەیان.
لە نوێترین سەرهەڵدان و بەرخۆدانی گەلەکەمان کە بە «**شۆڕشی ژینا**» ناسراوە وێنەی حەماسەیەکی پڕ لە فیداکاری و سەربەرزیی دەخوڵقێ و لە مەڵبەندی پیرانشاری کوردان تۆمار دەکرێ.
ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، یەکێکە لە ڕۆژە لەبیرنەکراوەکانی ئەو شارەدا. ئەو ڕۆژە سینگی مێرمناڵێکی دڵ پڕ لە هیوای کاروانی ڕزگاریی کوردستان دەپێکرێ و سەدان کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی پیرانشار خۆیان دەکەنە خاوەنی خوێنی شەهیدە نوێیەکەیان و سەرتاپای شار دەکەنەوە مەکۆی شۆڕش دژ بە جاش و چەکدارانی کۆماری ئیسلامی.
ئەو ڕۆژە ناوی کاروان لە لایەکەوە ببووە هەوێنی ڕق و بێزاریی خەڵکی ئازادیخواز و لە لایەکی دیکەوە ببووە هۆی ترس و تۆقانی خۆفرۆشان و هێزەکانی سپای پاسداران. بەڵێ، کاروان! ئەو ڕۆڵەیەی کە لە خۆشەویستی و ڕێز بۆ بەرنامەی «**کاروانی شەهیدان**»ی ڕادیۆ دەنگی کوردستان بانگی ئازادی و ناوی «**کاروان**»ی بە گوێیدا درابوو.
کاروان قادرشوکری، کوڕی ئیدریس و ئەفسانە ڕەسووڵی، لە ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا لەدایک بوو.
کاروان، هیوا و مایەی دڵخۆشیی بنەماڵەکەی، هەر وەکوو زۆربەی مناڵان نرایە بەر خوێندن، بەڵام هەتا پۆلی حەوتەم درێژەی بە خوێندن دا. بۆ ئەوەی لانیکەم لە کۆمەڵگا و لە لای باوکی بەشێک لە وانەکانی

بـازاڕ و بژێویـی ژیـان ئەزمـوون بـکات، لـە دووکانـی خۆیـان دەسـتی بـە کارکـردن کـرد. هاوکاتیـش بەشـێک لـە حـەز و خولیاکانـی لـە وەرزشـی کاراتـەدا دۆزییـەوە و لـەو بـوارە و لـە ڕیـزی هاوتەمەنەکانـی خۆیـدا بـاش ڕاهێـنرا و لـە کێبەرکێـی کاراتـە لـە ئاسـتی مێرمنداڵانـی ئێرانـدا بـە پلـەی پاڵەوانیـی گەیشـت. ئـەوەش دواقۆناغـی بڕینـی ئەزموونـە وەرزشـییەکەی بـوو و نەشـیدەزانی کـە دوارۆژی تەمەنیشـی لـە خەزەڵـوەری ژیانیـدا هەڵـدەوەرێ.

**«من لەگەڵ کانیاوی سارد و خەونی کوێستان دێمەوە**

**ئەو دەمەی ڕابوون لە خەورا، ئێوە هەستان دێمەوە**

**دەبمە مێلاقە و لە بەژنی شاخەوە سەر هەڵدەدەم**

**من لە ڕۆژی دژ بە جەوری بەرهەڵەستان دێمەوە»**

ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵـوەر لـە شـەقامی کەمەربەندیـی پیرانشـار، کاروان بـە دەسـتڕێژی گەلفرۆشـان و تیرۆریسـتانی سـپای پاسـداران دەپێکـرێ و تەمـەن و حـەز و هیـوای پـازدە سـاڵانەی بەختـی ڕزگاری و سەربەسـتیی گەلەکـەی دەبـێ.

ئەفسـانە، دایکـی شـەهید کاروان کاتێـک دەگاتـە سـەر تەرمـی ڕۆڵەکـەی، دایکانـە و بـە دەنگـی بلاوێنـی خـۆی دەیلاوێنێتـەوە، وێنـەی ئـەو ئـازارە بەسـوێیە تۆمـار دەکـرێ و بەخێرایـی میدیـا و تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان دەتەنێتـەوە؛ خەڵکـی پیرانشـار خێـرا خۆیـان دەگەیەننـە بنەماڵـەی شـەهید کاروان و بەڕێـزەوە ئەسـپەردەی خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی دەکـەن و پاشـان بـە دروشـمی دژی کۆمـاری ئیسـلامیی مناڵکوژ و بـۆ خاوەنداریکـردن لـە خوێنـی شـەهیدی مێرمناڵیـان دەڕژێنـە گۆڕەپانـی شـار.

دایەگەورەشـی هـەر ئـەو ڕۆژە بـە کۆڵانەکانـدا ڕێـی پێـوا و بـە دەنگـی بـەرز لەگـەڵ ئـەوەی دروشـمی ڕووخانـی ڕێژیمـی دەدا دەیکـوت: «**کـوڕی مـن زۆر منـاڵ بـوو، کـوڕی مـن کاتـی شـەهیدبوونی نەبـوو**». هەروەهـا کاک ئیدریـس، باوکـی کاروان لـە پرسـەی ڕۆڵـە شـەهیدەکەیدا کوتـی: «**مـن بـە خۆشەویسـتیی بەرنامـەی «کاروانـی شـەهیدان»ی دەنگـی کوردسـتان، نـاوم لێنـا کاروان و ئێسـتاش پێشـکەش بـە «کاروانـی شـەهیدان»ی دەکـەم و کـوڕی مـن شـەهیدی کوردسـتانە**».
ئـەو دیمەنانـە بوونەتـە تابلۆیەکـی لەبیرنەکـراو لـە مێـژووی کوردسـتانی داگیرکـراو، تابلۆیـەک کـە هـاوکات ئـازاری نیشـتمان، خۆڕاگریـی گـەل و نەفـرەت لـە داگیرکـەری مناڵکـوژی هەڵگرتـووە و بـۆ بەرەکانـی ئێسـتا و داهاتـووی کوردسـتان بەجـێ مـاوە.

**«کاروانێکم بەڕێوەیە**
**تا سەر مەنزڵی هەقیقەت**
**لەهیچ جەردەیەک سڵ ناکات**
**لەمێژە کاروانکوژەکانی تاریکی**
**هەرچی سەر ڕێ و بەرڕێیە دەیگرن**
**بەڵام هیوا کاروانێکە و**
**ڕێگەی دووری بڕیوە**
**تا چاوگی هەقیقەت و**
**بانگی ئازادی کەمێک...**
**ئێرە وڵاتی کانیاوەکانە**
**بەنداوەکان**

نەیانتوانی شارەگی ژینمان بگرن
ئێرە وڵاتی بەفر و خوێنە و
نەیاتوانیوە
ڕێگە لە قاسپەی کەو بگرن
ئێرە وڵاتی زیندانەکانە و
نەیانتوانیوە
ڕێگە لە ئازادی بگرن
ئێرە وڵاتی تاریکییە و نەیانتوانیوە
بەری ڕۆژ بە بێژنگ بگرن
ئێمە جەنازە نانێژین
گیانمان بگرن
گڕکان
گڕکان
ئەوەی دەچێتە دڵی خاکەوە
دەبێتە چاو و کوێرکەرە و
دەژیێتەوە
دەبێتە دار و دەڕوێتەوە
مەچەکی کاروانەکانتان دی
چۆن دەبوون بە ئاڵا و
بنج بە بنجی تاریکیتان دەشەکێتەوە؟
تا شکانی شکۆی درۆیینتان
تا کڕنۆشی سەر بۆ زەویتان
مشتی ئێمە و دەمی ئێوە

هەزاران کاروانی دیکەمان وا بەڕێوە
هۆ کاروانکوژان
منداڵکوژی مێژوو
دیکتاتۆرانی زبڵ و بێژوو
ئەوە ئێوە و ڕقی ئێمە
ئەوە ئێوە و تۆڵەی ئێمە
لە کاروانی سەرهەڵدانە
ئەوە ئێمە و ئەوە ئێوە
سەرتان بەرەو گۆڕستانە
ئەوەش بەڵێنی ئێمەیە
یان کوردستان یان نەمانە
کاروان کاروان
خوێنی سوورمان
بۆ بارەگای نیشتیمانە...»



# شەهید سالار موجاویر

ناسر سادقی

دەسپێک و ڕاپەڕینی شوێندانەری شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تەنیا هەر شۆڕشێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو سەرهەڵدان و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بوو. لە ماوەی ئەو شۆڕشەدا ئەگەر چاوێک بە ڕۆژژمێری ئەو ڕۆژانەدا بگێڕین، لە زۆر شار و گوندی ئەو کوردستانە پرسە و چەمەرای کیژ و کوڕانی خوێندەوار و خاوەن ئیرادە و بوێر و بەهرەمەند، تەزووی ئازارێکی ناخهەژێن بە جەستە و هەناوماندا دێنێ کە بوونەتە بابەت و مژاری تیقی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەردێڕ و مانشێتی ڕۆژنامەکان؛ ئەو کاروانەش گەرچی لە هەندێک قۆناغدا لە کزی دەدا و دەوەستێ بەڵام هەتا گەیشتن بە دوامەنزڵی سەرفرازی و سەربەستی ناوەستێ، تۆ بڵێی لە ڕۆژی شەهیدبوون و چلەی ماتەمینی کام شۆڕەلاوی ئەم نیشتمانە پەتی سێدارە بۆ زاڵمان و تاوانبارانی ئەو ڕووداوانە هەڵخەین و لەسەر مەزاری پیرۆزی شەهیدان، شێعرەکەی مامۆستا هەژار بە دەنگی گەل بڵێینەوە.

«**ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە، موژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە**» و بەمجۆرە ئامانجی خەبات و ڕاپەڕینی «**ژن، ژیان، ئازادی**»

بێتـە دی. ئـەوە ئاواتـی هـەر تاکێکـی نیشـتمانپەروەرە.

لـە مێـژووی دەستاودەسـتکردنی هـەرکام لـە دەسـەڵاتدارانی ڕێژیـم لـە مـاوەی ٤٤ سـاڵی حوکمڕانیانـدا، جگـە لـە تاقمێـک ئاخونـدی عەمامـە بەسـەر، هیـچ حیـزب و ڕێکخراوێکـی سیاسـی، مەدەنـی و تەنانـەت ژینگەییـش بـواری کاری ئازادانەیـان پێنـەدراوە، تاکـوو بەپێـی توانایـی و لێهاتووییـان بـۆ ئاوەدانـی و خزمـەت بـە نیشـتمان و زێدی خۆیـان زەکاوەت و بەهرەکانیـان بـەکار بێنـن و لـە بوارەکانـی پاراسـتنی زمانـی دایـک و پـەروەردەی نەتەوەیـی و ژینگەییـدا کەڵکـی پێویسـتی لـێ وەربگـرن. زۆرن ئـەو لاوانـەی ئـەم دێڕانـە هەوێنـی بیـر و زەینیانـە؛

**«لە گۆڕیشا نییە باکم بە ڕووی زاڵمدا دەگوڕێنم**

**بەهاری سەوزی سەربەستی بە خوێنی خۆم بەدی دێنم**

**بڵێن دایکم نەبێ ڕەشپۆش، سەمای ئازادی هەڵبگرێ**

**بەڵێنم داوە ئەم خاکە بە خوێنی خۆم بڕەنگێنم»**

(کەژیار)

سـالار موجاویـر نموونـەی دیـار و خوێنگـەرم و دڵگەرمـی ئـەو چەشـنە لاوانـە بـوو.

سالار کـوڕی خاڵـە ڕەحـمان و دایـە تووبـا کەریمـی ڕۆژی ٢٠ی خەرمانانـی سـاڵی ١٣٧٤ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی ئاختەتـەر سـەر بـە شـاری بـۆکان لەدایـک بـوو. ئـەو پـێ بـە پێـی گەورەبوونـی زیاتـر ڕوحـی ئاوێتـەی سروشـت و دیمەنـی دڵڕفێنـی زێـد و نیشـتمان دەبـوو. هۆگریـی ئـەو بـۆ پاراسـتن و پاقـژی ژینگـە و هەسـتی بەرپرسـیارەتی هانـی دا بـۆ خزمـەت بـە ئایدیـا و گەیشـتن بـە ئامانجەکانـی لـە ڕێکخـراوە ژینگەپارێزییەکانـی بـۆکان ببێتـە ئەنـدام. سـالار وێـڕای خوێنـدن و کۆکردنـەوەی ئەزموونـی ئەدەبـی و

فەرهەنگی هۆگرییەکی زۆری بۆ گەشە و پاراستنی زمانی دایک هەبوو. هەر بۆیە بە هاوکاری و هاواهەنگیی کۆمەڵێک کەسی نیشتمان‌دۆست و لایەنگری فەرهەنگ و زمانی کوردی لە ئاوایی ئاختەتەر خولی فێرکاری و پەروەردەی زمانی شیرینی کوردی بەڕێوە دەبرد و چالاکانە و خەمخۆرانە بەشداری دەکرد. سالار شارەزایی و توانایی باشی لە زمانی کوردیدا هەبوو، زۆر بە دڵگەرمی لە کۆر و کۆبوونەوەکانی ڕۆژانە و چالاکییە ئەدەبییەکاندا بەشداری دەکرد، هەر ئەوەش هەستی زیاتری هۆگران و بەشداربووانی دەبزواند و دڵگەرمی زیاتری بە قوتابیان و لاوانی ئەو بوارە دەبەخشی. ئەوان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر هەستیان بە پاوانکردنی زمان و کولتوور و فەرهەنگی خۆیان و غەدر و تاوانەکانی داگیرکەران دەکرد.

سالار لەگەڵ خوێندن لە «زانکۆی ئازاد»ی بۆکان تا وەرگرتنی دیپلۆمی باڵا لە بیناسازیدا، هاوکات کاریشی دەکرد. سالاری دەسڕەنگین لە بواری ئێم.دی.ئێف‌کاری بۆ بژێوی ژیانێکی سەربەرزانە و هاوکاریی بنەماڵەکەی درێغی نەدەکرد. ئەو تەنانەت چەند جاریش بۆ دابینکردنی کارێکی باشتر و گونجاوتر، سەردانی باشووری کوردستان و دیوی گەرمێنی کردبوو.

سالاری لاو بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و هوشیاری نەتەوەیی لەگەڵ پەرەسەندنی خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری بۆکان تێکەڵ بەم قۆناغە لە خەبات و دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان بوو و بەشداریکردنی بە ئەرکێکی ئەخلاقی و نیشتمانی دەزانی. سالار کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر، لە شەقامی پەیامی میراوای بۆکان کەوتە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی بەکرێگیراوانی

ڕێژیمی ئاخوندی و دڵی پڕ لە ئاوات و خۆزیای بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و دڵی هەموو هاوڕێیان و ئەندامانی ڕێکخراوەی ژینگەپارێز و قوتابیانی پڕ لە ماتەم و حەسرەت کرد. ئاوایی ئاختەتەر ئەو شەوە تەرمی سالاری هەتا بەیانی لەئامیز گرت و دەنگی ماتەم و شین و لاواندنەوەی دایکی و هاوڕێیانی بە نەسیمی شەماڵ سپارد و گەیشتە ئاواییەکانی مەحموودئاوا، میراوا، قاجر، شاریکەند، باخچە و خوڵامالی و ڕووباری قەرەگوێز و، لە بوولێڵی بەیانی تێکەل بە شێعری «**هەڵۆ هەر بەرزە**»ی، سوارە لە گردەکەی حەمامیان و هاژە و شەپۆلی ڕووباری کۆستەی میراوا بوون و جەماوەری کوردپەروەریان بەرەو گۆڕستانی ئاوایی ئاختەتەر گەیاندە ئەوپەڕی یەکهەڵوێستی و لەسەر مەزاری شەهید سالار تێکڕا هاواریان دەکرد؛ «**شەهید نامرێ؛ دایە مەگری بۆ ڕۆڵە، شەرت بێ دەستێنین تۆڵە؛ مەرگ بەر دیکتاتۆر؛ ژن ژیان ئازادی، جاش بەسە گەوادی**» و ... .

بابی شەهید سالار لە شەوێ هەتا بەیانی، بۆ دوایین جار لە تەنیشت تەرمی جگەرگۆشەکەی دەیان چیرۆکی نەنووسراوی لە سینگیدا هەڵگرتبوو، لەسەر گڵکۆی کوڕەکەی ڕوو بە جەماوەر و هاوڕێیانی شەهید سالار بە ڕاوێژێکی هێمنانە، بەڵام بە دڵی پڕ لە هەستی نیشتمان و ئیرادەوە ڕووی لە جەماوەر کرد و گوتی؛ «**من فرمێسکم نایەنە خوارێ، من شانازی بە کوڕەکەم دەکەم، من سالارم پێشکەش بە خاکی کوردستان و نیشتمان کردووە، سالار هەتا ئێستا کوڕی من بوو، بەڵام لە ئێستا بەولاوە سەرمایە و کوڕی نیشتمان و کوردستانە**».

بۆ گەواهی ڕاستییەکانیش لە دوایین پۆستەکەی شەهید سالاردا، دەردەکەوێ کە چەندە تامەزرۆی نیشتمان و کوێستان و پێشمەرگە و

زمانــی پــاراوی دایــک و هێــدی شــاعیره کــه دەڵــێ؛

**«حەیفە کوێستان بەو سەرە بەرزانەوە هەر تەم نەبێ**

**ئەو تەمە پیرۆزە سایەی لەو سەرانە کەم نەبێ**

**خۆ بە زێڕ نایگۆڕمەوە دەشتی وڵاتی خۆم، بەڵام**

**من سەرم تێدادەچێ جێگەم ئەگەر ئەستەم نەبێ» ...**



# شەهید موحسین نیازی

لەیلا قادری

بینیت؟
کاتێ گیا کراسی سووری لەبەر ئەکرد
دیواڵان، سەرپاکی کەوتە گەڕیان
چۆپی ئازادییان دەگرت و کەوتنە ڕاسان
کە گزنگ، ئەیدا لە شەونم هەڵاڵە «ئەی ڕەقیبی» ئەوت
نێرگز هێشتا چاوەکانی نەڕشتبوو
پەچەکانی بەردابۆوە و بەدەم سروودی «ئەی شەهیدان»ڕێی سەرای
ئازادی دەگرت و لالەیەکیش سوورسوور ئاڵای شەهیدانی دەشکاندەوە
لەمبەرەوە هێزێکی تۆکمەی دەمامکداری بێورە و ماندوو
بەری خۆریان بە فڵچەیەک ڕەشڕەش، ڕەنگ دەکرد و
زووزوو، گزنگەکانی پەلکەی خۆر لەم لاترەوە، دەڕوانەوە،
گوڵووکە مەستەیەکی، چاوخوماریش، لە جێگەی شوێنپێی شەهیدان،
بەکاوەخۆ شین دەبۆوە،
شینی لەبیر ئەبردینەوە،
دەبوو بە گوڵە وەنەوشەیەکی شەرمن،
لە حوزووری نیشتماندا،

**لەگەڵ هەموو گزنگێک،**
**بەشکۆوە سڵاوی لە بارەگا و**
**ڕوحی شەهیدەکان دەکرد،**
**ئەی شەهیدان چۆن ناو و نیشانتان لەبیر ئەچێتەوە،**
**ڕێبوارانی ڕێگەی ئێوە،**
**وەک چاکسواری مەیدان،**
**مشتیان گرێ دەکەن و پەنجەی ئازادی هەڵدێنن،**
**پەنجە دەکەن بە دڵی تاریکیدا و**
**خەوی زۆردار دەڕەوێنن،**
**دەبنە تەیر حوب نیشتیمانیان دەلاوێنن»**

(باهۆز ئەحمەد)

ناوچـەی دێـولان و دەشـتە گوڵجاڕەکانـی ئاوایـی چراغـاوا لـە پارێزگای سـنە هـەر بـە تەنیـا لـە ڕووی سـامانی ژێـرزەوی و کانـزاکان پـڕ پیـت و بەرەکـەت نییـە، بەڵکـوو چراغـاوا لـە ڕووی هێـز و وزەی مرۆیـی و ئاسـتی ڕۆشـنبیری و سـامانی نەتەوەیـی لـە کاتـی خەبـات و ڕاپەڕینـە مێژووییەکانـدا ناوچەیەکی دیـار و چرایەکـی پڕشـنگداری قۆنـاغ و کاتـە هەسـتیار و پێویسـتەکان بووە. موحسـین نیـازی کـوڕی کاک حەبیبـوڵا نیـازی و خاتـوو مەرزییـە ڕەزایـی، لـە ڕۆژی ١١ی جۆزەردانـی سـاڵی ١٣٦٨ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی چراغـاوا لـە ناوچـەی دێـولان سـەر بـە پارێـزگای سـنە لەدایـک بـووە. ئـەو بنەماڵەیـە ماوەیـەک دواتـر دەچنـە شـاری دێـولان؛ موحسـین قۆناغەکانـی خوێندنـی هـەر لـە سـەرەتاییەوە تـا قۆناغەکانـی دواتـر و تـا گەیشـتنە زانکـۆ و بەشـی ئەندازیـاری لـەو شـارە و لـە شـەهرەکی شـافعی تـەواو کـرد.

دواتـر وەک پەیمانـکار لـە سـەر کارەکـەی بـەردەوام بـوو. موحسـین هـاوکات لەگـەڵ گەشـە و پێگەیشـتنی تەمـەن و بـواری زانسـتی، لەنـاو نەخشـەی جیهانـدا هەمـوو کات سـەرنجی لـە سـەر سـنووره دەسـتکرد و نیشـتمانە داگیراوەکـەی لەنگـەری دەگـرت کـە چـۆن بەپێـی پەیمانـی نادادپەروەرانـەی لـۆزان لەلایـەن دەسـەڵاتە زلهێزەکانـەوە پارچەپارچـە و تەلبەنـد و سـنووربەند کـراوە.

موحسـین نیـازی هێنـدێ جـار لەکاتـی پشـوو و لێبوونـەوە لـە کار، بـۆ هێوربوونـەوەی بیـر و ڕوحـی وەک شـاخەوانێکی کارامـە ڕووی لـە شـاخەکانی کوردسـتان دەکـرد. یـەک لـە ئاواتەکانـی موحسـین سـەرکەوتن بەسـەر چیـای دەماوەنـد و بەزاندنـی لووتکـەی ئـەو چیایـە بـوو.

لـە درێـژەی ڕەوت و ڕاپەرینـی سیاسـی، ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتیـی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» لـە سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، لاوان تینوتـاوی بێوێنەیـان بـەو جووڵانەوەیـە بەخشـی. موحسـین نیـازی لاوێکـی جوامێـری ئـەو گۆڕەپـان و بزوتنەوەیـە بـوو کـە هەرگیـز تـرس و گومـان نەیتوانـی بەسـەر هەسـت و ئیـرادە و حـوزووری ئـەو شۆرشـەدا زاڵ بـێ. هۆگـری و هەوێنـی نیشـتمانخوازیی موحسـین بـۆ ئـازادی هـەر لـە هـەوراز و نشـێوی قۆناغەکانـی بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتی لـە کۆمـاری کورسـتانەوە سـەرچاوەی دەگـرت و هەتـا ڕاپەڕینـی شـکۆمەند و گشـتگیری ڕۆژهـەڵات و ئێـران بـاڵای کـرد؛ بۆیـە شـاری دێـولان مەکـۆ و مەیدانـداری مەشـغەڵ بەدەسـتانی وەک موحسـینی لاو و هەڤـاڵان و هاوبیـران و جەمـاوەری ئـەو شـارە بـوو.

موحسـین سـەرەڕای خەونەکانـی بـۆ پێکهێنانـی ژیانێکـی سـەربەرزانە و دوور لـە کێشـە و ئاریشـە بـەردەوام لـە تـەلاری ڕازاوەی خەونەکانـی

دەست لەناو دەستی گراوەکەی لە زەردەی خۆری ئاسۆیان دەڕوانی و تاسەی ئازادییان دەکرد. بەڵام کاتێک لە ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە چاوی میدیاکانەوە ئاگاداری هێرشی دڕندانە و جەنایەتەکانی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیی سەرەڕۆی ئاخوندی بوو، نەیتوانی لەئاست ماشێنی کوشتاری دامودەزگاکانی ئەو ڕێژیمە، بێدەنگ بێ. موحسین لە ستۆرییەکدا پشتیوانیی خۆی لە خەڵکی مەهاباد و جەماوەری شەقام دەربڕی و دژی عەوامخەڵەتێنەکانی داگیرکەری ئیسلامی دەنگی هەڵبڕی و بە تیغی تیژی هزری نەتەوەخوازی و ئیلهام لە کۆماری کوردستان و پێشەوای مەزن لە ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر وێڕای براکانی تێکەڵ بە جەماوەری وەزاڵەهاتووی شەقام و ڕاسانی شار بوون و، دژ بە ناحەزان و ساختاری شەڕانخێوان هاتنە مەیدان. موحسینی لاو باش دەیزانی هزر و ئەندێشەی ناسیونالیستی بۆ ئێمەی کورد فەڕز و قەرزە لەسەر شانمان، ئەگینا ئەو ڕێگا دژوار و زەحمەتە کوا بێ هەوڵدان و خەبات سەر دەکەوێ. مخابن ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر کاتژمێر ١٢:٤٥ دەقە لەنزیک نەخۆشخانەی قەدیمی دێولان لە مەیدانی بەناو خومەینی بە گوللەی جەنایەتکاران ئەنگێورا و لە گۆڕەپانی سەرفرازی بۆ ئازادیی گەلا و تابلۆیەکی هەرمانی وەک لاوێکی وەرزشوان و شاخەوان و خاوەن هزر و تینووی ئازادی بە خوێنی سووری لە شەقام وێنا کرد و ناوی چووە ناو لیستی شەهیدانی سەربەرزی دێولان و شۆڕشی «**ژن، ژیان، ئازادی**».

دوژمنان و بەکرێگیراوانی ڕێژیمی پەت و سێدارە وەک ئاکاری دزێویان زۆریان هەوڵدا تەرمی شەهید موحسین لە نەخۆشخانەی کەوسەری سنە بڕفێنن، بەڵام لەگەڵ خۆڕاگری و بەرهەڵستی دلێرانەی بابی

شـەهید موحسـین و براكانـی بـەرەوڕووو بوونـەوە و بـە یارمەتی و پشـتگیری جەمـاوەری تـووڕە و ئازادیخـوازی شـاری سـنەی خوێنـاوی ئـەو خەونەیـان لـە گـۆڕ نـرا و سـەرەنجام خەڵكـی دلێـر تەرمـی شـەهید موحسـینیان لـە گۆڕسـتانی شـەهیدانی ئـازادی شـاری دێـولان ئەسـپاردەی خاكـی پیـرۆزی نیشـتمان كـرد. بـەڵام شـەهید موحسـین ئـەو تیشـێرتە سـپییەی وا ڕۆژێـك پێـش شـەهیدبوونی كڕیبـووی و لـە بـاڵای وەرزشـكارانەی دەكاڵاوە، وەك كراسـەكەی یوسـف بـوو بـە بەڵگـەی جەنایەتەكانـی ڕێژیـم و یـادگاری بـۆ هـەواڵان و براكانـی.



## شەهید هەژار سەعیدزادە

سۆما ناسری

**«ناوم هەژارە، نیشتمانەکەم هەژار نییە».**

ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندیی ئێران هیچکات جینایەتی لێ نابڕێت، بەشێک لە جینایەتەکانی بە بیانوو و پاساوی ئایین ئەنجام دەدا و هەر بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی بە ئایینەوە گرێ بدا تا لەژێر دەمامکی ئایینەوە هەر جارەی تاوانێک ئەنجام بدا و کارەساتێک بخوڵقێنێ.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان، لاوانی وەزاڵەهاتووی مەهابادیش خورۆشان و بە ڕژانە سەرشەقام و دەنگ هەڵبڕین ڕق و بێزاریی خۆیان لە تەواوییەتی ئەو ڕێژیمە دەربڕی. لاوانی ئەو شارە لە ڕێکەوتی ٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە گەڕەکی کانی سۆفی ڕەشیدی مەهاباد، بە دەستی بەتاڵ لە بەرانبەر دوژمن وەستانەوە و بۆ جارێکی دیکە سەلماندیان زوڵم و زۆری قەبووڵ ناکەن و تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ڕۆڵەکانیان دەکەنەوە، لە بەرامبەریشدا هێزەکانی ڕێژیم پەلاماری خۆپیشاندەران دەدەنەوە و ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی ئەو شارە دەسبەسەر دەکەن. یەکێک لەو لاوانە، لاوی ورەبەرز «هەژار سەعیدزادە» تەمەن ٣٢ ساڵان بوو کە

لەلایـەن ئـەو هێزانـەوە دەسبەسـەر و بـۆ شـوێنێکی نادیـار ڕادەگـوازرێ و دوای ماوەیـەک دەردەکـەوێ کـە لـە گرتنگـەی ئیتلاعاتـی ورمـێ ڕاگیـراوە و بـۆ مـاوەی ٢٢ ڕۆژ دەسبەسـەری دەکـەن.

لـە مـاوەی ئـەو ٢٢ ڕۆژەدا بـە هەمـوو شـێوەیەک ئەشـکەنجە دەکرێـت و دواتـر کاک حەسـەنی باوکـی لەلایـەن بەرپرسـانی گرتنگـەی ئیتلاعاتـی ورمـێ بانـگ دەکـرێ و بەڵێنـی ئازادکردنـی هـەژار بـە باوکـی دەدەن بـە مەرجێـک بەنـووسراوە بەڵێـن بـدا کوڕەکـەی هیـچ کردەوەیـەک دژی دەسـەڵات نـەکات و لـە ئەگـەری دووبارەکردنەوەیـدا یـەک میلیـارد تمـەن جەریمـە بـدا. بەمجـۆرە هـەژار لـە زینـدان ئـازاد دەکـرێ.

هـەژار پێـش ئازادکردنـی بـە چـاوی بەسـتراوەوە چەنـد کاغـزی پـێ واژۆ دەکـەن کـە تـا ئێسـتاش دیـار نییـە ئـەو واژۆیانـە چـی بـوون! دواتـر لەلایـەن مەئموورانـی گرتووخانـە کەیـک و چایـی و شـیرینی پێـدەدەن و بەپێـی هێندێـک سـەرچاوە هـەر لـەم ڕێگەیـەوە دەرمانـداو دەکـرێ. لـەو ماوەیـەدا هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم بـە چـری لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوون کـە بـە ئەشـکەنجەدانی لاوانـی کوردسـتان، ئیـرادەی پۆڵاینـی خەڵکـی کوردسـتان بـە چۆکـدا بێنـن.

بـەڵام هـەژار چونکـە ڕۆڵەیەکـی ئـازا و وڵاتپارێـز بـوو و بـۆ ئـەو خۆشەویسـتیی نیشـتمانەکەی لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە بـوو، تەنهـا بیـری لـە خۆڕاگـری دەکـردەوە، بیـری لـەوە دەکـردەوە چـۆن بـە خۆڕاگـری لـە بەرانبـەر داگیرکـەران نوێنەرایەتیـی گەلـی کـورد بـکات، چـۆن بتوانێـت لەنـاو زینـدان داسـتانی سـەربەرزی تۆمـار بـکات و ئەگەریـش شـەهید کـرا لـە لاپەڕەکانـی مێـژووی نەتـەوەی کـورددا یـاد و نـاوی هەرمـان بێـت و لـە داهاتـوودا ئـەو قارەمانەتـی و خۆڕاگرییـە وەک میراتـی سـەربەرزی و

شـانازی بـۆ کچـە تاقانەکـەی «هێلیـا» بەجـێ بهێڵێـت.

**«ئەو ڕۆژەش دێت خەونی ئێمە وەدی بێت**
**سەری زۆردار بچێتە پای دار**
**ئەو ڕۆژە دێت، بانگی ئازادی**
**لە بستبەبستی نیشتیماندا بدرێ.**
**خەون و هیوای ڕزگاریخوازان**
**وەک گزنگی بەربەیان تیشکی تیشکاوێژی**
**بە دڵی تاریکیدا وەک نێزەی جەنگاوەر ڕۆچێت**
**ناڵەی ئامانخوازی داگیرکار لە ئەشکەوتی تەنیایی خۆیدا**
**وەک هاواری ئازادیخوازانی نێو بەندیخانە، دەنگ داتەوە و**
**خرمەی ئێسک و پرووسکی ببێتە سەمفۆنیای ڕزگاریمان»**

شـەهید هـەژار لای هـاوڕێ و هاوبیرانـی بـەردەوام باسـی لـە سـەرکەوتنی ئـەم شۆڕشـە دەکـرد و هانـی دەدان بـە یەکگرتوویـی دەتوانیـن بـە سـەر هەمـوو ئـەو زوڵـم و زۆرییانـەی ڕێژیمـدا زاڵ بیـن و دڵنیـا بـوو سـەر دەکـەون و بـۆ سـاتێکیش شـەقامی بەجێـی نەدەهێشـتن و دەبـووە هـۆی دڵگەرمیـی خەڵکـی ڕاپەڕیـوی شـەقام و بیـری لای شـێعرەکەی مـام هـەژار بـوو کـە دەیگـوت» «**لای هەڵـۆی بەرزەفـڕی بەرزەمـژی / چـۆن بـژی شـەرتە نـەوەک چەنـدە بـژی**»؛ بـۆ هەژاریـش بـە سـەربەرزی ژیـان لـە هەمـوو شـتێک گرینگـتر بـوو.

هـەژار دوای ئازادبوونـی تووشـی خەمۆکـی دەبێـت و لەبـاری دەروونییـەوە تێکچووبـوو و گۆشـەگیر بـوو ئەویـش وەک زۆربـەی ئـەو کەسـانەی

لــە کاتــی خۆپیشــاندانەکان لەلایــەن هێزەکانــی ڕێژیمــەوە دەسبەســەر کرابــوون و پــاش ئــەوەی ئــازاد دەکــران بەشــێوەیەکی گومانــاوی گیانیــان لــە دەســت دەدا و یــان بەهــۆی ئــەو ئەشــکەنجانەی لــە چاڵــە ڕەشــەکانی ڕێژیمــدا دەکــران، تووشــی خەمۆکــی دەبــوون و کۆتاییــان بــە ژیانــی خۆیــان دەهێنــا، هەژاریــش بەپێــی هێنــدێ ســەرچاوەی باوەڕپێکــراو ســەرەڕای ئەشــکەنجەدانی دەرمانــداو دەکرێــت و ســەرەنجام ڕۆژی ٩ی بەفرانبــاری ١٤٠١ی هەتــاوی، شــەهید دەبــێ، دوای ئــەوەی بنەماڵەکــەی تەرمەکــەی دەبەنــە پزیشــکی یاســایی وەڵامێــک وەرناگــرن و لــە بەرگــەی کۆچیدواییەکەیــدا دەنووســن بــە هــۆکاری نادیــار کۆچیدوایــی کــردووە!!!

**ئەی ئازادی ٻگرە باوەش**

**من کوردستانێکم شەڵاڵی خوێن**

**لەم  بنارە هەر چەند قاقای مەرگ بپژێ بەڕووی ئاسۆ**

**دەستەدەستە**

**کاروانکاروان**

**شەقامشەقام**

**لاوانی کوردی بەرەو پیلی مەرگەوە دێن**

**ئاخر فێر بوون بۆ گیانبازی**

**لە مەکتەبی ڕوحی قازی**

**ئاخر فێرن وەک قامەتی چیای کوردان**

**بۆ هیچ دژێ دانانەوێ**

(باهۆز ئەحمەد)

ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە تەرمی ڕۆڵەکانیشمان دەترسێ و پاش شەهیدبوونیشیان واز لە بنەماڵەکانیان ناهێنێ، دوای شەهیدبوونی هەژار بنەماڵەکەی بە توندی دەکەونە ژێرچاوەدێریی هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم و پێیان دەڵێن نابێ هەواڵی شەهیدبوونی بە میدیایی بکرێ و بڵاو بێتەوە و هەتا ئێستاش ئەو بنەماڵەیە لەژێر گوشار و هەڕەشەی ناوەندەکانی ئیتلاعات دان.

تەرمی شەهید هەژار سەعیدزادە لە گۆڕستانی مەهاباد بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.



# شەهید هەژار مامخوسرەوی

ناسر سادقی

گەردەلوولی بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە زوویی سەرنجی زۆربەی میدیا و ماڵپەڕەکانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. هێز و وزەی ئەو گەردەلوولە شەپۆلی خەڵکی ئازادیخوازی کورد بوو کە زیاتر لە ٤٤ ساڵە لە سینگی شار و شەقام و چیاکانی کوردستان پەنگی خواردبۆوە؛ شەپۆلی جیابیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، کرێکاری و لاوان، ژنانی ژێری نیشتمان و، بەکورتی «ژن، ژیان، ئازادی» بوو.

ئەو کەسانەی گەرەکیانە، مێژووی سەرهەڵدانەکانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و شاری بۆکان بزانن؟ با لەنگەرێک لەسەر دێکۆمێنت، ڤیدیۆ و وێنە زیندووەکانی لاوانی ڕاپەڕیوی شەقام و کۆڵانەکانی مەجبووراوا لە بۆکان و لاوە جوامێرەکانی وەک هەژار مامخوسرەوی و هەواڵانی بگرن.

یاد و بیرەوەریی ئەو لاوە بوێرانەی بزووتنەوەی ژینا وا گرەوی مەیدانداری و سەرفرازیان لە داگیرکەرانی شۆڤینی ناوەندگەرا بردەوە و هەر جارێک لە شار و گوند و ناوچەیەک یادیان بەرز ڕادەگیرێ، وەک سەمبول و چرایەکی نەکووژاوە لە بیر و زەینی هەموو ئازادیخوازێکی

نیشـتمان دایسـێ.

سـاڵڕۆژی یـادی لەدایکبوونـی هـەژار مامخوسرەویـە، کاتژمێـر ٢:٢١ خولەکـی دوانیوەڕۆیـە، جامانەیـەک وەک هێـما و ڕێـز لـە پێشـمەرگە، بـە گـوڵ و شـیرینی ڕازاوەتـەوە. کەیکـی تەمەنـی هـەژار مۆمـی ٢١ سـاڵەی لەسـەر دایسـێ، بابـی لای ڕاسـت و دایکـی لای چەپـی وێنەکەی ڕاوەسـتاون. گـڕی چرایـەک وەک ئاگـری ناخیـان هێدیهێـدی لـە سـووتانە. بـزەی سـەر لێـوی هـەژار لـە وێنەکـەوە، کـزەی دڵـی دایکـی و گڕکانێـک لـە سـینگی بابیـدا پەنگیـان خواردۆتـەوە، بـەڵام ڕووناکایـی بیرەوەرییەکانـی هـەژار بـۆ هەمیشـە لـە گۆمیلکـەی بیـر و زەینـی هێـرۆی خوشـکی و هێمنـی براگـەورەی و خاتـوو مریەمـی دایکـی و کاک ڕەزای بابـی تەسـویرێکی هەرمـان و لەبیرنەکـراون.

هـەژار و هێـرۆ ڕۆژی ٢٤ی بەفرانبـاری سـاڵی ١٣٨١ی هەتـاوی، بـوون بـە میوانـی شـاری بـۆکان، بووکـی مووکریـان و بنەماڵەکەیـان. بـە لەدایکبوونـی هـەژار و هێـرۆ سـنووری هەرێمـی خـەون و ئاواتەکانـی کاک ڕەزا مامخـوسرەوی و خاتـوو مریـەم محەممەدپـووری ئەوەنـدەی دیکـە گەشـاوە بـوو.

بنەماڵـەی هـەژار وەرزێـر و لـە ئاوایـی هۆرتەکەنـد، لـە ٣٥ کیلۆمیتریـی بـۆکان دەژیـان. هـەژار و هێـرۆی خوشـکی ئاوەڵدوانەیەکـی چاوشـین و قـژکاڵ، ڕەزاسـووک و لەبـەردڵان بـوون.

ئـەوان هـەر لـە هەڕەتـی منداڵییـەوە هۆگرییەکـی زۆریـان بەیەکـەوە هەبـوو، گیانێـک لـە دوو جەسـتەدا، هـەژار زۆرجـار بـە کڕینـی دیـاری و یـادگاری، کەرەسـتەی پێویسـتی قوتابخانـە، هێـرۆی خوشـکی سـوپرایز و دڵخـۆش دەکـرد. ئـەو خوشـک و برایـە وێـڕای یـەک چوونـە قوتابخانـە و

هەتـا پۆلـی شەشـی سـەرەتایی لـە هۆرتەکەنـد درێژەیـان بـە خوێنـدن دا. دواتـر بەهـۆی ئـەوەی لـە گوندەکەیـان قوتابخانـەی ناوەنـدی و دواناوەندی نەبـوو. بـۆ درێژەدانـی خوێنـدن، وێـڕای هێمنـی براگەورەیـان هاتنـە بـۆکان و لـە مەجبـووراوا گیرسـانەوە.

هــەژار لــە بــۆکان هەتـا پۆلـی یازدەهــەم لــە ڕشـتەی میکانیـک درێـژەی بـە خوێنـدن دا، پاشـان وازی لـە خوێنـدن هێنـا و لەکاتـی وەرزی هاویـن و هەڵگرتنـەوەی بەروبوومـی خەڵـە و خەرمـان، وێـڕای بابـی لـە ئاوایـی هورتەکەنــد بــە تامەزرۆیــی، وەک هــاواڵ و هاوڕێیەکــی دڵســۆز و ماندوونەنـاس یارمەتیـدەری بابـی بـوو و لـە هەمـان کاتـدا چێـژی لـە سرووشـتی دڵڕفێـن و هــەوای خـۆش و شـەوانی گونـد دەبینـێ.

ئـەو ڕۆژەی هێـرۆی خوشـکی لەگـەڵ سـیامەندی ئامۆزایـان زەماوەنـدی کـرد و هەرێمـی ژیانـی هاوبەشـیان پێکهێنـا و دڵیـان پـڕ بـوو لـە گەرمـای ئەویـن و ئـاوات و لەنـاو گـەڕی گۆڤەنـد و شـایی، دەسرەی سـەما و چۆپیـان گێـڕا، هــەژار چـوو بـۆ سـەربازیی زۆرەملـێ، کـە هەرگیـز مەیلـی لەچـوون بـۆ سـەربازی نەبـوو، بـەڵام مخابـن چارەنـووس ڕاوێـژ بـە مـرۆڤ نـاکا بـە ویسـتی خـۆی ڕێـگای خەونەکانـی ڕەنگڕێـژ بـکا.

هــەژار هــەر لــە هەڕەتــی منداڵییــەوە هۆگرییەکــی زۆری بــە کولتــوور و کەلەپـووری کـوردەواری و جلوبەرگـی ڕەسـەنی خۆماڵـی، جامانـە و پێـچ و کڵاو بـوو. نەخشـی هێـمای سـەرکەوتنی دەسـتی هــەژار لای کـەس شـاراوە نەبـوو.

ڕۆژی ٢٦ی سـەرماوەزی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، کاتێـک لافـاوی گشـتگیری خەڵکـی وەزاڵەهاتـووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەتەواویـی خورۆشـا بـوو و هەسـتی نەتەوەیـی هەمـوو شـارەکانی کوردسـتانی گرتبـۆوە. خەڵـک لـە

شـاری بۆکانیـش وێنەیەکـی بێوێنەیـان لـە خۆپێشـاندان و ڕاپەڕینـەکان لـە دیرۆکـی ئـەو بزووتنەوەیـەدا تۆمـار کـرد.

هـەژار مامخـوسرەوی ئـەو ڕۆژە لـە زەماوەنـد دەبـێ، هـەژاری لاو کاتێـک بـە هەواڵـی سـەرهەڵدان و خۆپیشـاندانەکان دەزانـێ گـورج لیباسـەکانی دەگـۆڕێ و وێـڕای هـەواڵان و هاوڕێکانـی دەچێتـە ڕیزی خۆپێشـاندەرانەوە. ئـەو ڕۆژە لـە چەندیـن گەڕەکـی شـار و لـە کۆڵانەکانـی مەجبووراوا بڵێسـەی شـۆڕش هەتـا دەهـات تاووتینـی زیاتـر دەسـتاند، لاوان ئاگریـان بەردایـە هەنـاوی داگیرکـەران و، پاسـتارە فاشیسـتەکان پـتر تووشـی تـرس و شـڵەژان بـوون. خۆزگـە مرۆڤـی نیشـتمانفرۆش و خائیـن هـەر لـە ژێـر زەوی بایـە، نـەک لـە ڕووی عـەرز. ئاخـر کـێ ڕقـی لـەو نیشتمانفرۆشـانە نابێتـەوە کـە نانـی بەکرێگیـراوی و خوێڕێتـی خۆیـان دەخـۆن.

ئاپــۆڕای خەڵــک دوای ڕاوەدوونانــی تاقمێــک لــە نیشتمانفرۆشــان و خەنیمانــی بەکرێگیــراو و ســووتانی ئۆتۆمبیلەکــەی هێــرش دەبەنــە ســەر ماڵــی یەکێکــی دیکــە لــە بەکرێگیراوانــی ڕێژیــم.

بــەڵام ئــەو بەکرێگیــراوە لەبــری ئــەوەی واز لــە ئــاکاری دزێــوی بێنــێ و، ڕێگــەی پەشــیمانی بگرێتەبــەر و تێکــەڵ بــە ڕیــزی ئازادیخــوازان بــێ. بەرەنــگاری لاوان دەبێتــەوە، لــە ســەربانی ماڵەکەیــەوە تەقــە لــە خەڵــک دەکا، مخابـن هـەژاری مامخـوسرەوی دەکەوێتـە بـەر گولـلەی ئـەو بـەدکارە و، لاوێکـی دیکـەی ئـەو بزووتنەوەیـە لـە مەیدانـی خەبـات دەگلـێ، هـەژار لــە بــەر ســەختیی برینەکــەی، لــە نەخۆشــخانەی بــۆکان مۆمــی ژیانــی دەکووژێتــەوە و نــاوی لــە لاپــەڕەی ڕابوونــی پــڕ ســەروەریی شــەهیدانی ژینـا تۆمـار دەکـرێ.

کاتژمێـر ١١ی شـەوە، جەنایەتکارانـی ڕێژیـم بـە زۆری هەڕەشـە و گوشـاری

نیزامـی بنەماڵـەی شـەهید هـەژار ناچـار دەکـەن هـەر بـەو شـەوە! تەرمـی پیـرۆزی ئەسـپاردەی خاکـی نیشـتمان بکـەن، هەتـا زوو خۆیـان لـە شـەپۆلی ڕقـی پیـرۆز و تۆڵـەی خەڵکـی بـۆکان و بنەماڵـەی شـەهیدان قوتـار کـەن، بـەڵام سـەڵا لـە عەقڵـی نـەزان دا. نەیانزانـی خوێـن و ڕێبـازی شـەهیدان ئـەو جـار لـە شـەقامەوە دەگاتـە سـەر گڵکـۆی شـەهیدان و دەبێتـە سەرمەشـقی سـەرهەڵدانی ئاپـۆڕای شـار، شـەو دەکەنـە قـەڵای مێـردان، ئـەو جـار گردبوونـەوەکان، لـە سـەر گڵکـۆی شـەهریار محەممـەدی، محەممـەد حەسـەنزادە، هـەژار مامخـوسرەوی، سـولەیمان شـوکری، هیـوا جانجـان، برایـم شـەریفیفەر، ئەمجـەد و شـەهید هێمـن ئامـان و ... دەسـت پێـدەکا و، گۆڕسـتانی شـەهیدان دەبێتـە مەکـۆی بەردەوامیـی بۆنـە و یادکردنـەوەی لەدایکبوونـی لاوانـی شۆڕەسـواری ڕابـوون و زیندووڕاگرتنـی ئامانجـی بزووتنـەوەی شـۆڕشـی ژینـا و «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» و دروشـمە حەماسـییەکان و سروودی بەرگـری دەبنـە وانەیەکـی نـوێ بـۆ جیلەکانـی داهاتـوو لـە دیرۆکـی ڕۆژهـەڵات و شـاری بـۆکان و قـەڵای سـەردار ...

**«من لە ڕێی گەل سەر دەبەخشم نیشتمان و ئێوە خۆش**
**دارەمەیتم با بڕازێ و ڕەنگی ئاڵا پێمەوە**
**ژین بە قوربانی لە ڕێی کورد دڵ بە ڕووی ئاواتەوە**
**با شەهید بم سەد هەزار کەس دێنە هیوای ڕێمەوە**
**دڵ لە سەر دەس، گیان بە شاباش بوو بە هێما بۆ ئەوین**
**سوورخەڵاتم وەک شکۆی گەل لێمگەڕێن با بێمەوە»**

(کامیل یاغیانی)



# شەهید عەبدوڵڵا مەحموودپوور

لەیلا قادری

شۆڕشــی ژینــا و زایەڵــەی هــاواری «ژن، ژیــان، ئــازادی» زادەی هــزر و فەلســەفەیەکی ئینســانییە کــە لــە ناخی پێگەیشــتووی جەمــاوەری ئازادیخواز و ژیــان خۆشەویســتی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە ســەری هەڵــداوە و بــە تــەوژم بەرەنــگاری سیاســەتی چــەوت و دواکەوتووانــەی ڕێژیمــی ســەرەڕۆی ئاخونــدی بووەتــەوە و بێگومــان تــا دواســنووری هەڵتەکاندنــی ئــەو ڕێژیمــە و ڕزگارکردنــی هەســارەی زەوی و گــەردوون لــە ئاســەواری وەیشــوومەی مڵۆزمــی پــەت و ســێدارە ناوەســتێ، شۆڕشــێک کــە بــە ڕادەی گەورەیــی و کاریگەریــی خــۆی خوێنــی ئاڵــی ڕۆڵەکانــی وڵاتــی لــێ دەچــۆڕێ.

ئێــوارەی چوارشــەممە ٣٠ی خەرمانانــی ١٤٠١ی هەتــاوی بــوو، هەڵۆیــەک لــە گونــدی باڵــو کەوتــە پێشــبڕکێ لەگــەڵ شــەماڵ بــۆ ئــەوەی لووتکــە بخاتــە ژێــر ڕکێفیــەوە، عەبــدوڵا مەحموودپــووری ١٦ ســاڵە هەڵۆئاســا ترســی مەرگــی بەزانــد و تــەزووی ترســی خســتە هەنــاوی دوژمنــەوە.

نۆیەمیــن ڕۆژی مانگــی گوڵانــی ســاڵی ١٣٨٥ی هەتــاوی لــە ڕۆژێکــی دیکــەی داگیرکــراوی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتاندا لــە ئاوایــی ئاڵماڵــووی ســەر بــە بەخشــی قوتــووری شــاری خــۆی، کاک عەبدوڵغەفــار و خاتــوو فاتمــە شــابازی بــە لەئامێزگرتنــی کۆرپــەی تــازە لەدایکبوویــان لــە ئەســتێرەی چــاوی یەکــتردا

ناوی عەبدوڵڵایان خوێندەوە و شاییان لە دڵ گەڕا.
عەبدوڵڵا لەگەڵ زیلانی خوشکە گەورەی و ڕوناهی خوشکە چکۆڵەی و ئاڕمینی برای لە ئامێزی گەرمی بنەماڵەیاندا ڕێگەی ژیانی پڕ هەوراز و نشێویان گرتەبەر، لە ڕێڕەوی ژیاندا کاتێک عەبدوڵڵا تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵ، بنەماڵەکەی ڕوویان کردە ورمێ و لە شارەدێی باڵوی سەر بەو شارە نیشتەجێ بوون. عەبدوڵا تەمەنی دە ساڵان بوو کە بەهۆی هۆگریی بە کاری میکانیکی ڕووی کردە کاری سافکاری و هاوکات لەگەڵ خوێندن درێژەی بەو پیشەیەدا؛ سەرەتا لای وەستایەکی شارەزای سافکاری دەستی بە کار کرد و دواتر بۆ درێژەدان بە کارەکەی چووە شێخ شەڵتووتی ورمێ.
پانتای خەونەکانی عەبدوڵڵای لاو بەرفراوان بوو، وەنەبێ هۆگری بە پیشەکەی ڕێگر بووبێت لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە خوێندندا. عەبدوڵڵا سەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندنی دەبڕی و گەیشتبووە پۆلی دە لە «ڕشتەی فەننی حیرفەیی»دا و لەو ئاڕاستەیەدا دوورەدیمەنی خەونەکانی بۆ دوارۆژی دیاری کردبوو، ئەو وای دانابوو بگاتە زانکۆ و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن بچێتە وڵاتی ئیمارات.
عەبدوڵا ئێوارەی ٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، هێشتا شەکەتی کاری ئەو ڕۆژە بە ڕوخسار و جەستەیەوە دیار بوو کە لە ڕێی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە تێکەڵ بە جەماوەری ڕاپەڕیوی شارەدێی باڵو دەبێ، لەو کاتەدا بۆ کڕینی هێندێک پێویستی دەچێتە دووکانێک و دوای ئەوەی لە دووکانەکە دێتە دەرێ، گوللەیەکی جەنگی لە پشتەوەڕا دەیئەنگێوێ و بەسەختی بریندار دەبێ، دوای ئەوە دەستڕێژی گوللەی بێئامانی بەکرێگیراونی ڕێژیم دەرفەت نادا دەستێکی یارمەتی بتوانێ

عەبدوڵـڵای زامـدار هەڵبگرێتـەوە و بیگەیەنێتـە نەخۆشـخانە، هـەر بۆیـە نیـو کاتژمێـر بـەو برینـەوە بەسـەر سـینگی شـەقامدا دەمێنێتـەوە، دواتـر چەنـد کەسـێک بـە ماشـێنێکی پڕایـد خـۆ دەگەیەننـە عەبدوڵـڵا و خێـرا دەیخەنـە ماشـێنێکەوە بـۆ ئـەوەی بیگەیەننـە نەخۆشـخانە، بـەڵام هێـزە سـەرکوتکەرەکان تایـەی ماشـێنەکەش دەدەنـە بـەر گولـلە و دەیتەقێنـن، ئەمـەش کاری گەیاندنـی عەبدوڵـڵا بـۆ نەخۆشـخانە زیاتـر وەدوا دەخا، دوای گەیاندنـی بـۆ نەخۆشـخانە ئەمجارەیـان کەمتەرخەمـی و خاوەخـاوی کادری پزیشـکی نەخۆشخانەکەشـی دێتـە سـەر، مخابـن عەبدوڵـڵا لـە کازیـوەی تەمەنیـدا دوایيـن هەناسـەکانی ئاوێتـە تـەزووی ساردی پاییـز دەبـێ.

**«ئێمە ئاشتیمان داچاند و**
**تەنیا شەڕمان دروێنە کرد**
**لەم جیهانە**
**گەلی بێ خاک و بێ ئاڵا**
**خەونەکانیشی تاوانە»**

هـەر ئـەو شـەوە جەسـتەی بێگیانـی شـەهید عەبدوڵـڵای شـازدە سـاڵ دەبەنـە پزیشـکی دادی ورمـێ و کاتژمێـر ١٢ی هەمـان شـەو بـە بنەماڵـەی شـەهید عەبدوڵـڵا ڕادەگەیەنـرێ کـە بڕۆنـەوە و دواتـر خۆیـان پێوەندیتـان پێـوە دەکـەن.

کاتژمێـر ٣ی بەرەبەیانـی هەمـان شـەو لـە پزیشـکی دادی ورمـێ ڕا پەیوەنـدی بـە بنەماڵـەی شـەهید عەبدوڵڵاوە دەکرێـت بـۆ وەرگرتنـەوەی تەرمـی شـەهیدەکەیان بچنـە پزیشـکی داد و دوور لـە قەرەباڵغـی و بـە بێدەنگـی ئەسـپاردەی بکـەن، بـەڵام بنەماڵـەی شـەهید بوێرانـە ئـەو داوا

ناڕەوایــە ڕەت دەکەنــەوە.

هێــزە ســەرکوتکەرەکانی ڕێژیــم هەڕەشــە لــە بنەماڵــەی شــەهید عەبدوڵــڵا دەکــەن کــە لــە ئەگــەری قەبووڵنەکردنــی داواکەیــان، خۆیــان تەرمی شــەهید عەبدوڵــڵا بــە خــاک دەســپێرن! دوای ململانێیەکــی زۆر هێزەکانــی ڕێژیــم بەڵێننامەیەکــی زۆرەملــێ بــە بنەماڵــەی شــەهید عەبدوڵــڵا واژۆ دەکــەن کــە ڕێوڕەســمی ئەســپاردەکردنی تەرمــی ئــەو شــەهیدە لاوەی شۆڕشــی ژینــا بــە بــێ بەشــداریی جەمــاوەر و بــێ وتنــەوەی دروشــمی دژبــە ڕێژیــم بەڕێــوە بچــێ. کاتژمێــر ٧ی بەیانــی ٣١ی خەرمانانــی ١٤٠١ی هەتــاوی، ئــەو ماڵباتــە ســەربەرزە تەرمــی شــەهیدەکەیان وەردەگرنــەوە. تەرمــی شــەهید عەبدوڵــڵا لــە ژێــر هەڕەشــەی تونــدی هێزەکانــی ڕێژیــم و چاودێریــی لیبــاس شەخســییەکانی ســەر بــە ڕێژیــم بــە خاکــی پیــرۆزی کوردســتان ســپێردرا.

هێــزە بەکرێگیراوەکانــی ڕێژیــم کــە زراویــان لــە نــاوی شــەهید چــووە واز لــە بنەماڵــەی دڵ بەســوێی شــەهید عەبدوڵــڵا ناهێنــن و هەڕەشــەیان لێدەکــەن بــە درۆی ســواوی ئــەوان ڕازی بــن و بڵێــن کــە جگەرگۆشــەکەیان بــە دەســتی هێــزە دژبەرەکانــی ڕێژیــم کــوژراوە! دوژمنانــی نــەزان و مێشــکپووچ نازانــن نرخــی خوێنــی شــەهید لــە ژومــار و زمــان نایــە.

خوێنــی شــەهید ورە و هێــزە، ڕوحــی نــوێ وەبــەر شــۆڕش و بزووتنــەوە دێنــێ. شــەهید عەبدوڵــڵا مەحموودپــوور مۆمــی تەمەنــی لــە هەڕەتــی جوانــی و لاویــدا بــە دەســتی داگیرکــەران کووژایــەوە، بــەڵام نــاوی لــە مێــژووی شۆڕشــی ژینــا و بزاڤــی «ژن، ژیــان، ئــازادی»دا وەک ئەفســانەی چیــای ئاگــری بــوو بــە ئەســتێرەیەکی نەکووژاوەی ئاســمانی شــارەدێی باڵــو لــە ناوچــەی ورمێــی دەلالــی ڕۆژهەڵاتــی نیشــتمان.

# شەهید محەممەد ئەحمەدی

ناسر سادقی



سەرچاوەی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکانی ژینا لە ئێران بەرهەمی مێژووی خەباتی لەبڕاننەهاتووی شاخ و شار و بزووتنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێرانە .

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» خەباتی ڕەوای تاک بە تاکی شۆڕشگێڕ و ئەدیب و کرێکار و ژینگەپارێز و هەموو چین و توێژەکانی کوردستانە لە فۆرم و شێوازی جیاواز کە بە سەخاوەتەوە پێشمەرگەئاسا شانیان وەبەر داوە و لە هەموو هەلومەرجێکی گونجاو، خاوەن دەنگ و ڕەنگی شۆڕش و ڕاپەڕینن.

محەممەد ئەحمەدی مرۆڤێکی خاوەن بڕوا و باوەڕمەندی ئەو بزاڤ و بزووتنەوەیە بوو کە ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا تۆمار کرد.

محەممەد ئەحمەدی لە ٢٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، لەگەڵ سەرهەڵدانەکان و خەباتی گەلانی ئێران لە ئاوایی گاگەشی سەر بە شاری مەهاباد، لە ئامێزی دایە مەنیج چاوی پشکووت و بە ساوایی نازی پێدرا و بوو بە میوانی ئەو سەرزەمینە پڕ لە نایەکسانی و ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتییە، بەڵام ئەو بوو بە ئاسۆیەکی ڕوون بۆ ژیانی

دایـک و بابـی.
حــەز و ئاواتــی گەورەبــوون و ســەرکەوتنی محەممــەد لــە بیــر و زەینــی دایــە مەنیــج و کاک قــادر تینــی ئومێــدی زیاتــری بــۆ ژیــان پــێ بەخشــین و وێنەیەکـی پـڕ بـە باڵایـان لـە ئاواتەکانـی داهاتـووی کۆرپـە ساواکەیاندا وێنــا دەکــرد.
محەممــەد بەپێــی پــەروەردە و سروشــت و ژینگــەی کــوردەواری کەوتــە ســەر پــێ و وێــڕای هاوتەمەنەکانــی چــووە قوتابخانــە و چــاوی بــە دنیــای فێربــوون و گوێــی بــە دەنگــی پیــت و وشــە و ڕســتەکانی نــان و ژیــان و ئــازادی ڕاهاتــن.
محەممــەد هــاوکات لەگــەڵ گەورەبوونــی زیاتــر تامــەزرۆی زمانــی ڕەســەن و پـاراوی کـوردی دەبـوو. ئـەو زۆر بـاش هەسـتی بـە جیاوازییەکانـی زمانـی دایـک و بێگانـە دەکـرد و بـۆی پرسـیار بـوو کـە بۆ ناکـرێ بە زمانـی زگماک و دایکـی بخوێنـێ. بەداخـەوە بـە هـۆی نەبوونـی هـەل و دەرفەتـی پێویسـت و چەوتییەکانـی ژیـان بـواری ئـەوەی بـۆ نەلـوا لـە قۆناغـی سـەرەتایی زیاتـر درێــژە بــە خوێنــدن بــدات، هەتــا پــتر کەڵک لــە بەهــرە و توانــاکانــی وەرگرێ، بــەڵام ســەرەڕای ئــەو تەنگوچەڵەمانــەش کوڕێکــی چاوکــراوە و ژیــر بــوو.
گۆڤەنـد و دیلانـی ژیانـی هاوبەشـی محەممـەد ئەحمـەدی و خاتـوو گوڵـێ لــە وەرزی بەهــاری لاوییــان بەســتێنی بــۆ ئاودێرکردنــی گوڵــی ئاواتەکانــی ژیانیــان لەبارتــر کــرد و ژیانــی هاوبەشــیان پێکهێنــا و کــۆڕی بنەماڵەیــان ڕازانــدەوە، محەممــەد بەهــۆی بارودۆخــی خــراپ و دارمانــی ئابــووری و نەبوونـی هەلـی کار لـە ناوچـەی مەهابـاد ناچـار بـۆ وەدەسـتهێنانی نـان و ژیانێکــی ســەربەرزانە دەچــووە شــاری ورمــێ و لــە کوورەخانــە کاری دەکــرد.
شــەهید محەممــەد ئەحمــەدی بــۆ تێکۆشــان لــە ڕێگــەی ئــازادی و بەشــداری

لـە خۆپێشـاندانەکانی ژینـا لـە شـاری مەهابادیـش درێغـی نەدەکـرد. ئـەو ڕۆژەکانــی کۆتایــی حەوتــوو لــە ورمــێ ڕا دەگــەڕاوە مەهابــاد و وەک مرۆڤێکـی خـاوەن هەڵوێسـت و تینـووی ئـازادی بەشـداریی لـە ئاپـۆڕای ڕابوونــی شــەقام دەکــرد و لــە پشــتگیریی هــەواڵان و ئازایخوازانــی شــار بــەردەوام بــوو. کاریگــەری و ڕەنگدانــەوەی ژیانــی شــەهید عومــەر ئەحمــەدی، مامــی محەممــەد ئەحمــەدی کــە لــە ســاڵی ١٣٥٨ی هەتــاوی لــە ڕیزەکانــی حیزبــی دێموکراتــدا شــەهید بــوو، وەک پێشــمەرگەیەکی چـالاک و خـاوەن بـاوەڕ تەسـویرێکی هەرمانـی لـە بیـر و زەینـی محەممـەد پێکهێنابـوو. ئـەو هەمـوو کات خـۆی بـە هاوبیـر و میراتگـری ڕێبـازی مامـی دەزانــی و هــەر ئــەو هەســتەش هانــدەری بــوو.

**«نیشتمانم...**
**چاوەکانم دێنە گریان،**
**هەر کە تۆم بیر دێتەوە**
**دڵ بەسەر وێرانی خۆیدا،**
**چاو دەلاوێنێتەوە**
**ڕاچەنینی دڵ لە خەودا،**
**بۆتە پیشەی هەر شەوم**
**تۆ بڵێی ئەم نیشتمانە،**
**کەی لە خەم ببڕێتەوە؟»**

لـە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵـوەر پێشمەرگەئاسـا تێکـەڵ بـە ڕیزەکانـی بەربەرینـی خۆپیشـاندەران لـە گەڕەکـی پشـتتەپ دەبـێ و وێـڕای لاوانـی ئازادیخـوازی

مەهاباد فیراقی ڕەشیان بە جاش و پاستاڕەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی هەڵێنا و تاپۆی ویلایەتی ئاخوندییان شکاند. لە بەردەوامیی تێکەڵچوونەکانی خەڵکی بوێر و ڕاوەدوونانی پاستاڕ و خۆفرۆشەکان، مخابن «شۆڕشی نیکنام» کەوتە بەر تیری ڕاستەوخۆی دوژمنانی ئازادی و خێڵی تاریکپەرستان و بە سەختی بریندار دەبێ. محەممەد ئەحمەدی و لاوانی دڵسۆز و خەڵکی خاوەن هەڵوێست لە شوێنەکە دووری دەخەنەوە، بەڵکوو بتوانن چارەسەری پێویستی بۆ دابین بکەن و نەکەوێتە دەست نەیاران و خەنیمان، بەڵام شۆرش نیکنام شەهید دەبێ و ناو و یادی تێکەڵ بە ڕیزی سوورخەڵاتی خۆرەتاو دەبێ.

لە درێژەی جەنایەتەکانی ڕێژیمی دژەگەلی ئاخوندی لە ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەر لە سێڕای قەبران و گەڕەکی مەنبەعی ئاو و زۆر شوێنی دیکەی شەقامەکانی شار و لە ئاکامی تێکهەڵچوونەکانی خەڵک و بەکرێگیراوان، پاستاڕە فاشیستەکانی ڕێژیم لە بەرزایی سەربانەکانەوە سیرەیان لە خەڵک و لاوانی شەقام دەگرت و دەستیان نەدەپاراست. مخابن محەممەدیش کەوتە بەر سیلە و گوللەی قەنناس و وەک بە بیور لە ناوقەدی داربەڕوو دەن، بەلادا هات و کەوتە سەر زەوی و خوێنی تێکەڵ بە میراتگرانی ڕێبازی پێشەوا و شەهید عومەری مامی بوو.

لە ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەر و وەرزی پاییز و گەڵاڕێزان شەقامەکانی مەهاباد سینگیان کردە فەرشی بەر پێی ئاپۆڕای ئازادیخوازانی نیشتمان بۆ بەخاکسپاردنی تەرمی شەهید محەممەد و دەنگی زایەڵەی «**شەهید نامرێ و پێشەوا ڕێگەت درێژەی هەیە**»، سەری لە سنگی هەورەکانی ئاسمان دەسوو.

دایــە مەنیجــە، دایکــی شــەهید محەممــەد ئەحمــەدی بــۆ ســەلماندنی کاریزمابـوون و شـکۆی پێشـەوا و بەردەوامیـی ڕێبازەکـەی، جامانەیەکـی بـە هێـمای ئەوینـی بـۆ پێشـمەرگە و وێنـەی پێشـەوا و گوڵێکـی سـووری لـە دەسـتە و لەسـەر گڵکـۆی کوڕەکـەی ئـەو شـێعرەی وەبیـر مێـژوو هێنایـەوە کـە دەڵـێ؛

**«کێ لە گوێی بەحر ئەترسێ**

**نووح کە بێتە کەشتیوان».**



## شەهید نگین عەبدولمەلەکی

سۆما ناسری

شۆڕشی ژینا تەنیا هەڵچوون و تووڕەبوونێکی کاتی نەبوو، بەڵکوو دەیان ساڵ خەبات و ڕێکخستنی لە پشت بوو، خەڵکی کوردستان و بە تایبەت ژنانی کورد دەیان ساڵە لە خۆڕێکخستنن و لە خەباتکردن بەدژی ئەو ڕێژیمە دژەژنە بەردەوامن و جیا لە ژنانی باقی نەتەوەکانیتری ئێران، بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە ژنی کورد ئاگاتر و چاوکراوەترن و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە فکری و خۆڕێکخستنەی کە لە کوردستاندا بووە و ژنی کورد بەردەوام شاهیدی ئەم چەوسانەوەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئاخوندی بووە و ساڵانێکە شان بە شانی پیاوان لە هەموو بوارەکاندا، لە شاخ و شار، سەلماندوویانە کە ژن و پیاو یەکسانن و بۆ ئەوەش باج و تێچووی قورسیان داوە.

ژنانی کورد لەم شۆڕشەشدا بوون بە سەرباشقە بۆ ژنانی باقی نەتەوەکانی ئێرانیش و کۆمەڵگەش بەو قەناعەتە گەیشت کە ژنان دەتوانن ببنە پێشەنگی سەرهەڵدان و شۆڕش، بە دەیان گرتەڤیدیۆمان بینی کە ژنان لە ڕیزی پێشەوەی ڕابوونی شەقامەکانی کوردستان و ئێراندا بوون و لەو پێناوەشدا گیانی ئازیزیان بەخت کرد.

ڕێژیم کە دەیان ساڵ بوو دەیهەویست ژنان سەرکوت بکا و مات و بێدەنگ لە کونجی ماڵەکانیان بپەستێوێ و بە سەرکوتکردنی ژنان، کومەڵگەکەش سەرکوت بکات. بەڵام بەپێچەوانەوە دیتمان ژنان و کچانی کۆمەڵگەی ئێمە ئێستا لە جاران چاوکراوەترن و ناچنە ژێر باری زوڵم و زۆری و لە شۆڕشی ژینادا بە پێشەنگایەتی ژنان کۆشکی دەسەڵاتی دژەمرۆڤییان وەلەرزە هێنا.

ژنانی کورد بوون بە پێشەنگی ئەو خۆپیشاندان و شۆڕشە و دروشمی «**ژن، ژیان، ئازادی**» فەلسەفەیەکی ڕۆنا کە هەموو کۆمەڵگای ئێرانی ڕێکخست بۆ ئەوەی بڵێن «ژن، ژیان، ئازادی» فەلسەفەیەکی لێکدانەبڕاوە و تەنیا لە سێ وشە پێکنەهاتووە و فەلسەفەی ژیان بە ئێمە نیشان دەدا.

نگین عەبدوڵەلەکی یەکێکی دیکە لەو کچە چاوکراوە و ئازایانەی شۆڕشی ژینایە کە بەکردەوە سەلماندی ژنی کورد دەتوانێ پێشەنگی ڕابوونی شەقام بێت و داکۆکی لە خوێنی «ژینا»ی کوردان بکات.

نگین ڕۆژی ١٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی، لەگەڵ دەرکەوتنی گەزیزەکانی بەهاری ئەویش بوو بە گوڵەگەزیزە و نەورۆزانەی ماڵی کاک محەممەدسادق و خاتوو شەمسی و، لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم گوڵەکانی بەهاری کوردەواری، گوڵی ژیانی ئەوانیش چرۆی دەرکرد و نگین بوو بە چرای ماڵییان. لە قەڵای قوروە کەوتە سەرپێ و نێردرایە قوتابخانە، قوتابییەکی ژیر و وریا بوو و دایک و باوکی دەیان خەون و ئاواتیان بۆ دواڕۆژی کچە خنجیلانەکەیان لە سەر دابوو، نگین هۆگرییەکی زۆری بە باوکی هەبوو بە جۆرێک کە لە جێگایەک بوایە

و باوکی لەوێ نەبوایە هەرچی پێیان دابا بەشی باوکیشی هەڵدەگرت و خۆشەویستی ئەو و باوکی بە ڕادەیەک بوو کە چەند ڕۆژ لە باوکی دوور کەوتبایەوە نەخۆش دەکەوت و ئارام و قەراری لێ دەبڕا.

نگین لەگەڵ گەورەبوونی و خوێندنی لە قۆناغی دواناوەندی و هەڵبژاردنی ڕشتەی بیرکاری ــ فیزیا هیوا و ئاواتەکانیشی گەورە دەبوون و کچێکی لێوڕێژ لە ئەوین و خولیای فێربوون بوو و لەپەنا دەرس خوێندندا هەوڵی فێربوونی زمانەکانی دیکەشی دەدا و دەیزانی کە لەو وڵاتەی ئەو تێیدا دەژی مخابن کەم کەس بە ئاواتەکانیان دەگەن و بە هەزاران کەس سەرەڕای ئەوەی بە پلەی زۆر باش دەرچوون بەڵام لە سایەسەری ئەو ڕێژیمە گەندەڵەوە چوونە لیستی بێکارانی وڵاتەوە، نگینی ژیر کە لە زانکۆی سەنعەتیی هەمەدان لە بەشی ئەندازیاریی پزیشکی خوێندکار بوو، دەیەویست لە داهاتوودا دوای تەواوکردنی زانکۆ بچێتە دەرەوەی وڵات.

نگین هۆگرییەکی زۆری بە خوێندنەوە هەبوو بەردەوام کتێبی لە هاوڕێکانی بە ئەمانەت وەردەگرت و دەیخوێندەوە، کچێکی سەربزێو و پڕ وزە بوو و هەمیشە دەیکوت: «**کاتێک سەر دەکەوین کە هەموومان یەکگرتوو بین و ڕەمزی سەرکەوتن لە یەکگرتوویی دایە**».

نگین برایەکی لە خۆی بچووکتری هەبوو بە ناوی تیام، کە زۆری خوش دەویست و دەیان بەرنامەی بۆ داهاتووی برا بیچکۆلانەکەی لە مێشکیدا چنیبوو، زۆر جاران لەگەڵ بنەماڵەکەی لە کاتی سەیران گوێی دڵیان دەدایە گۆرانیی مامۆستا حەسەن زیرەک و نگین سەرچۆپیکێشی کۆڕی گەرمی بنەماڵەکەی دەبوو.

**«کچی باران، کچی بەفر و شەتاوان**
**کچی هاواری خوێنینی خیاوان!**
**بە مەرگیش نامرێ ئامانجی بەرزت**
**کچی خەندەی گوڵ و شادیی سەراوان»**


لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینا کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتبۆوە، خوێندکارانی زانکۆی هەمەدانیش دژ بە زوڵم و زۆری و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی گەنج و لاوانی ئەم نیشتمانە ڕژانە شەقامەکان و دەنگیان هەڵبڕی؛ ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەر، لە گەرمەی خۆپیشاندانەکاندا نگین دەکەوێتە بەر هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و دوای ئەوەی کە بە باتوم لە سەری دەدرێ، پاش گەڕانەوەی بۆ شوێنی مانەوەی لە زانکۆ، بەهۆی ئەو زەبرانەی وەسەری کەوتبوون تووشی خوێنڕێژی دەبێ و گیانی لە دەست دەدا.

چاوەدێری زانکۆ لەگەڵ چەند کەسی دیکە لە هێزەکانی ڕێژیم زوو دەگەنە سەریان و هۆشداری دەدەنە هاوڕێیانی نگین کە نابێ بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو ڕووداوە بکەن، دوای ئەوەی بنەماڵەکەی لە قوروە ئاگادار دەکەنەوە وەک خووی هەمیشەییان بەوپەڕی ڕووهەڵماڵدراوی بە هەمان شێوە هەڕەشە لەوانیش دەکەن و دەڵێن دەبێ بڵێن بەهۆی خواردنی تۆن ماسی ماوەبەسەرچوو، ژاراوی بووە و گیانی لە دەست داوە.

خوێندکارانی زانکۆی هەمەدان بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە شەهیدبوونی نگین عەبدوملەلەکی، جارێکی دیکە ڕژانەوە سەر شەقام

و بـەدژی ئـەو ڕێژیمـە دڕندەیـە دروشـمیان دا.
تەرمـی نگینـی دڵ پـڕ لە ئـاوات ڕۆژی ۲۱ی ڕەزبەری سـاڵی ۱٤۰۱ی هەتاوی، لـە ژێـر گوشـاری هێزەکانـی ڕێژیـم، تەنیـا بـە بەشـداریی بنەماڵەکـەی لـە گۆڕسـتانی قـەڵای قـوروە بـە ئامێـزی پیـرۆزی نیشـتمان سـپێردرا و ئەویـش وەک سـوورخەڵاتانی ئـەم ڕێبـازە بـاڵای بـە بـاڵای نیشـتمان گـرت.

**«ئەی کیژۆڵەی گۆرانی و ئاوریشم و بەڕوو**
**کچی کوێرەڕێ و لاپاڵ و گوند**
**پێمان بڵێ**
**بۆنوبەرامەی کام عەتر**
**یان باڵی ڕەنگاڵی چ مەلێک**
**تۆی هێنا پێتەختی مەرگ**
**پێمان بڵێ**
**ئێمە بە کام ڕێژنە فرمێسک**
**ئازایەتی بشۆینەوە؟**
**تۆ کە مەرگت**
**لەدایکبوونەوەی ژنە لە وڵاتی من»؟**



# شەهید سولەیمان شوکری

لەیلا قادری

ئاخۆ ئـەوە چارەنـووس و قـەدەری سـولەیمان شـوکرییە کـە لـە سـەرەتای منداڵییـەوە پـێ بـە پـێ لەگەڵیـدا دێـت و سـنوور بـۆ خـەون و ئاواتەکانـی دادەنێـت و هێڵـی سـووریان بـۆ دەکێشـێ و سـولەیمان لـە گەیشـتن بـە کامەرانـی بێبـەش دەکات یـان هۆکارەکـەی ئـەو دەردە کوردەیـە نیشـتمانپەروەران دەگرێتـەوە؟

ئـەم پرسـیارە هەمیشـە زەینـی سـولەیمانی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ کردبـوو، بۆچـی وایـە چەرخەکـەی چەپگـەڕ؟ ... سـولەیمان دەیزانـی مـرۆڤ نەمـر نییـە و سـبەی بـێ یـان دووسـبەی یـان ڕۆژانـی دواتـر هـەر دەبـێ چـاو لێـک بنێـت و ئـەم دونیایـە جـێ بێڵـێ. بـەڵام ئـەوەی لای ئـەو گرینـگ بـوو، ژیانێکـی سـەربەرزانە و دوور لـە جیـاوازی و نایەکسـانیی چینایەتـی بـوو. سـولەیمان دەیزانـی ژیـان بریتیـە لـە کەوتـن و هەسـتانەوە و خۆشـی و ناخۆشـی. بۆیـە هەمیشـە بـە هیـواوە بـەرەوڕووی نەهامەتییەکانـی ژیـان دەبـووەوە و لەپێنـاو گەیشـتن بـە سـەرکەوتن و ئـازادی تێدەکۆشـا.

گومانـی تێـدا نییـە ئەگـەر سـولەیمان و زۆربـەی منداڵانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان قـەدەر و چارەنـووس نەیخسـتبانە ژێـر سـتەمی نەتەوەیـی و زمانییـەوە، ئـەو هێـز و توانایەیـان دەبـوو ئاراسـتە و ڕێـڕەوی ژیانیـان

بگـۆڕن.

سـولەیمان هۆگـری مووسـیقی، کتێـب خوێندنـەوە و نووسـین بـوو، بێگومـان بـەو هۆگـری و زەکاوەتـەی بـۆ کتێـب، شـێعر و مۆسـیقا هەیبـوو، زۆر شـاکاری جـوان و هەرمانـی دەخولّقانـد یـان لانیکـەم پـڕ بـە دڵ ڕۆمـان و شـاکارە ئەدەبییەکانـی دەخوێنـدەوە. بـەڵام بەداخـەوە کـەم وابـوو بتوانێـت لەبـەر ئـازاری نالەباریـی ئـەو دۆخـەی سـێبەری قورسـی گرانـی و نـەداری خسـتبۆوە سـەر بنەماڵەکـەی ڕووی ئاسـوودەیی ببینـێ و وچانێـک بـدات. سـولەیمان نەیتوانـی درێـژە بـە خوێنـدن بـدات و لانیکـەم لـەم ڕێگەیـەوە کەمێـک لـە مەینەتییەکانـی سـووک بـکا و لـە دنیـای شـیرینی ئەدەبیاتـدا تینوێتـی بشـکێنێت.

سـولەیمان شـوکری کـوڕی مـام عوسـمان و دایـە کوبـڕا لەدایکبـووی ١ی خاکەلێـوەی ١٣٧٢ی هەتـاوی لـە شـار بۆکانـە.

زۆر زوو تەمـی خەمـی بـێ باوکـی سـێبەری ڕەشـی بەسـەر خـۆی و بنەماڵەکەیـدا کێشـا و هەسـتی بـە بزربوونـی باوکـی کـرد. بۆیـە هـەر کاتێک هەسـتی بـە تەنیایـی و جێـی بەتاڵـی باوکـی دەکـرد و خـۆی لـە دنیـای پـڕ ژاوەژاوی ئـەم سـەردەمە نایەکسـانەدا بـەدی دەکـرد، هێنـدەی دیکـە حـەزی دەچـووە شـێعر. سـولەیمان هەسـتی دەکـرد لـەم سـەردەمەی کـە ئـازاری تەنیایـی لـە هەمـوو لاوە گەمارۆیـان داوە، پێویسـتە بـۆ سـاتێکیش بێـت ئـەم شـێعرە بخوێنێتـەوە.

**«من پاییزە ڕێی بارانم**

**لە هەر کوێ منتان لێ ون بوو**

**مشتێ خاکی نیشتمانم**

**بەسەر ئەگریجەی شێعرێکا ببارێنن**

**هەرکات منتان لێ بزر بوو**
**پێلووی چاوەکانی دایکم**
**ڕوو بە منارەی ئازادی ئاودێر بکەن**
**من لە ئازادی و ئازادی لە مندا ونە**
**بەڵام ئەوەی تا هەتایە ئێمەی زیندوو هێشتۆتەوە**
**هیوایەکە پڕ بە قژەکانی دایکم».**
(کەژیار)

سولەیمان ئاشقی وتەی ناوداران و گەورەپیاوان بوو، خۆشەویستیی ئەو بۆ نیشتمانەکەی بە جۆرێک بوو بەردەوام دەیکوت: «**گیانێکم هەیە فیدای کوردستانەکەمی دەکەم**».


ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ لە گەرمە و هەڕەتی ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینادا کە خەڵکی بۆکان دژی دەسەڵاتی داگیرکەر و تیرۆریستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران خورۆشا بوون، بەڕێکەوت سولەیمان ئەودەمەی لە سەرکار دەگەڕێتەوە، لە نزیک هۆڵی سیمورغ تێکەڵ بە جەماوەری ڕاپەڕیوی شار دەبێت. هەرچەند شەکەتی و ماندوویی هێز و بڕستێکی ئەوتۆی پێ نەهێشتبوو، بەڵام دیسان وێڕای ئەوان بەشداری لە شەپۆلی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە حاکمانی کۆنەپەرست و بەکرێگیراوانیان دەبێت و هەر ئەو ڕۆژە بەر گوللەی چەکی ناحەزان دەکەوێت و بریندار دەبێ. هەر زوو بە هاوکاری و یارمەتی بنەماڵەیەکی نیشتماندۆست و خاوەن ئیرادە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی بۆکان، بەڵام لەبەر سەختیی برینەکەی ڕۆژی دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی ورمێ دەکرێت. هەروەک چۆن ئەوە پیشە و کاری هەمیشەیی سیستمی

تاوانـكاری ڕیژیمـی ئێرانـە، بـە هـۆی پشـتگوێ خسـتن و كەمتەرخەمییـەوە دوای دوو ڕۆژ مانـەوە لـەو دۆخـەدا دەبیەنـە ژووری نەشـتەرگەری و چەنـد سـەعاتێک دواتـر بـە بیانـووی ئـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری لەدەسـت داوە، بـە پزیشـكی قانوونـی دەسـپێرن و دوای سـێ ڕۆژ لـە پێكرانـی سـەر و ئەوكـی، گیانــی شــیرینی دەســپێرێتە نیشــتمان و تێكــەڵ بــە ڕیــزی شــەهیدانی شۆڕشـی مێژوویـی و ڕەوای گـەل دەبێـت. بەم حاڵەشـەوە سپای پاسـتاران و هێـزە فاشیسـتەكان واز لـە چەواشـەكاری و درۆ ناهێنـن و بە زۆری هەڕەشـە و چاوسـووركردنەوە لـە بنەماڵـە و دایكـی شـەهید سـولەیمان مەبەسـتیانە تاوانەكـەی خۆیـان بخەنـە ئەسـتۆی حیزبـی دێموكـڕات و داوا لـە دایكـی دەكـەن لـە پەردەپۆشـكردنی ئـەو تاوانـە قێزەونـەی دەرحـەق بـە كوڕەكـەی كردوویانـە، هاوكاریـان بێـت. بـەڵام دایـە كوبـڕا دایكـی شـەهید سـولەیمان نــەک هــەر لــە خوێنــی جگەرگۆشــەكەی خــۆش نابێــت، زۆر بەجەرگانــە ڕیســوا و شــەرمەزاریان دەكات و ڕاشــكاوانە ڕایدەگەیەنــێ كــە جگــە لــە خوێنمـژان و بەكرێگیراوانـی دەسـەڵاتی داگیركـەر گومانـی لـە هیـچ كـەس و لایەنێــک نییــە و هەمــوو بەرهەڵســتكار و ڕاپەڕیوەكانیــش بــاش لــەوە گەیشـتبوون كـە تۆڵـەی خوێنـی شـەهید سـولەیمان و، هەمـوو شـەهیدانی سـوورخەڵات تەنیـا بـە ڕووخـان و نەمانـی ئـەم ڕێژیمـە قەرەبـوو دەبێتەوە، ئەگینـا چـۆن دەبـێ مـرۆڤ جگەرگۆشـەكەی بـەو شـێوەیە شـەهید بكـەن و لــە ژێــر گوشــار و ئــازاردا لــە نیوەشــەوێكی تاریــک و بــە بێدەنگــی ئەسـپاردەی خاكـی نیشـتمانی بكـەن.

**«مەكەن مەنعم كە ئەشقی نیشتمانم**

**بەخوڕ دەڕژێ لە دەریای چاوەكانم**

که پێنووسم تەژی ئەشق و ئەوینە
که شێعرم ژیلەمۆی پڕ تاو و تینە
ئەوەی ئەشقی وڵات نەیخاتە تاسە
بە خاک و خۆڵەکەی نەگریٚ هەناسە
بە کانیاوی وەتەن دەسنوێژیٚ نەگریٚ
بە ئازار و خەمی ئەو خاکە نەمریٚ
سەری نەسویٚ بەرەو ڕووگەی وڵاتی
نەدا گیانی لەپێناوی خەباتی
چ سوودێکی هەیە مان و نەمانی
هەزارساڵیش بژی مەرگە ژیانی»



# شەهید جەلال قوربانی (جەلال کوتاڵ)

سمکۆ دەستمەردی

**«سنوورەکان بشێوێنن**
**من تامەزرۆی بۆن و تامی نیشتمانم**
**چۆن هەنگ شەیدای گوڵەباخە**
**من دڵداری کوردستانم»**

لە دوای کوژرانی ژینای تەمەن ٢٢ ساڵان لە تاران لەلایەن پۆلیسی بەنێو ئەخلاق لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، شۆڕشێک لەژێر ناوی «**شۆڕشی ژینا**» لە کوردستان دەست پێدەکات. ئەو شۆڕشە وەکوو بزاڤێکی سەربەخۆ و پێشەنگ بە پێشەنگایەتی کیژان و کوڕان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کوردستان و سەرتاسەری ئێرانیش دەگرێتەوە. خەڵکی مافویست و حەقخوازی کوردستان دژبە ناعەداڵەتی، بە هاتنە سەرشەقامەکان، کوردستان دەکەن بە گۆڕەپانی بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی پارێزەری دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی، شەقام و کۆڵان و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە وتنەوەی دروشمی «**ژن، ژیان، ئازادی**» دەزرینگێتەوە و ترس و لەرزە دەکەوێتە دڵ و جەستەی داگیرکەران. شەپۆلەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینی ژینا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و بەهێزتر

دەبـوو و ئـەوەش بـۆ ڕێژیمـی پاوانخـواز، مرۆڤکـوژ و داگیرکـەری کۆمـاری ئیسـلامی چاوەڕواننەکـراو بـوو.

لەکاتێکـدا شـۆڕش گەیشـتبووە ئاسـتی بەهێزبـوون و بەتـەواوی پەلوپـۆی هاویشـتبوو و مەترسـیی ڕووخـان و نەمانـی داگیـرکاری و تێکچوونـی تـاج و تەختـی دیکتاتۆریـەت سـینگ و بەرۆکـی ڕێژیمـی گرتبـوو، خامنەیـی ڕێبـەری ڕێژیـم لەپێنـاو مانـەوەی دەسـەڵاتی نگریسـی خـۆی، بڕیـاری کوشـت و کوشـتاری خەڵکـی مافخـواز و ئازادیخوازانـی سەرشـەقامی دا. خورۆشـان و هەسـتانەوە بـەدژی ڕێژیـم، لـە کوردسـتان سـەری هەڵدابـوو و شـەپۆلەکانی ئـەو شۆڕشـە بەخێرایـی بـۆ زۆرێـک لـە شـارەکانی دیکـەش پـەرەی سـەندبوو، ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیش وەک خووخدەی ٤٤ سـاڵەی خـۆی کـە بـەردەوام لەگـەڵ نەتـەوەی کـورد لـە شـەڕ و بەربەرەکانیـدا بـووە و هـەر بـەم پێیـەش خەڵکـی کـورد چەندقـات زیاتـر لـە گەلانـی دیکـەی ئێـران، بـە دەسـت ئـەو ڕێژیمـە و دەسـتوپێوەندییەکانییەوە چەوسـاونەتەوە.

بـە دەسـپێکردنی خۆپیشـاندانە جەماوەرییـەکان، کـیژان و کوڕانـی باوەڕمەنـد بـە یەکسـانی، ئـازادی و دێموکراسـی لە شـاری پیرانشـاریش وەک شـارەکانی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی نیشـتمان هـەر زوو هاتنـە سـەر شـەقام بـۆ ئـەوەی وێـڕای خەڵکـی کوردسـتان ئـەم حوکمڕانـە جینایەتـکار و داگیرکـەرە تێکەوەپێچـن و بەتەواویـی ڕایماڵـن.

«جـەلال قوربانـی نـاسراو بـە جـەلال کوتـاڵ»، کـوڕی خاڵـە خـدر و دایـە ئایشـێ لـە ڕێکەوتـی ١ی ڕەشـەمەی ١٣٥٥ی هەتـاوی، لـە گونـدی شـیناوێی زێـدی شـەهیدان محەممـەدی مـەلا مینـە، ڕەحیـم مەحمـوودی، سـولەیمان محەممەدپـوور و ئیبراهیـم قوربانـی لـە بنەماڵەیەکـی نیشماندۆسـتدا

چـاوی بـە ژیـان هەڵێنـا.
جەلالیــش وەک زۆربــەی منداڵانــی نیشــتمان بەهــۆی بارودۆخــی خراپــی داســەپاوی ئابووریــی لــە کوردســتان، لــە قۆناغــی ســەرەتایی زیاتــر نەیتوانیوە بچێتــە قوتابخانــە و بــۆ دابینکردنــی بژێویــی ژیــان یارمەتیــدەری بنەماڵەکەی بــووە؛ لەگــەڵ هەڵکشــانی تەمەنــی و تێگەیشــتن لــە دونیــای دەوروبــەری هەســتی بــەو زوڵــم و زۆرییــە کردبــوو کــە بــە ســەر گەلــی کــورددا ســەپاوە و ئــەوەش وایکردبــوو ببێتــە کەســێکی نیشتماندۆســت و بەهەڵوێســت.
جــەلال قوربانــی ژیانــی هاوبەشــی لەگــەڵ خاتــوو شــەهلا پێکهێنابــوو و بەرهەمــی ژیانیــان پێنــج منــدال بــە ناوەکانــی هایــدە، موحســین، ئاکــۆ، موبیــن و موعیــن بــوو.
ئــەو بەهــۆی ئەوەیکــە مرۆڤێکــی ئــازا، چاونەتــرس و هۆگــری گــەل و نیشــتمانەکەی بــوو، لــە نێــو خەڵــک و خــزم و هاوڕێیانیــدا کەســێکی خۆشەویســت و جێــی ڕێــز بــوو و مرۆڤێکــی باوەڕمەنــد بــە ئازادیی نیشــتمان و خاکەکــەی بــوو و هــەر لــە دەســتپێکی شۆڕشــی ژینــا و ڕابوونــی خەڵــک دژبــە داگیرکــەر لــە شــاری پیرانشــار، یەکێــک لــەو کەســانە بــوو تــا ئــەو کاتــەی بــە دەســتی چەپەڵــی خائینانــەوە پێکــرا بەشــدار و پێشــەنگی شــۆڕش و ڕاپەڕینــی ئــەو شــارە بــوو.
شــەوی ٢٩ لەســەر ٣٠ی خەزەڵــوەری ١٤٠١ی هەتــاوی، ئــەو شــەوەی شــار جمــەی دەهــات لــە کیــژ و کوڕانــی خولیــای ئــازادی، لاوانــی ڕاپەڕیــو لەنــاو شــیناوێ و ســەرەتای هاتنە ناوەوەی شــار بۆ شیناوێ، شــەقامەکانیان تەنیبوو، نەیارانــی داگیرکــەر و دڵ پــڕ لەقیــن تەقــەی ڕاســتەوخۆیان لــە خەڵــک دەکرد و بەداخــەوە هــەر لــەوێ شــەهید «کاروان قادرشــوکری» مێرمناڵــی تەمــەن پــازدە ســاڵ دەکەوێتــە بــەر گولــلەی جەنایەتکارانــی ڕێژیــم و دەپێکــرێ،

دواتـر تەرمـی شـەهید کاروان، لەلایـەن لاوانـی ئـەو شـارە بـەرەو مزگەوتـی سـووتاوای شـیناوێ دەبـردرێ و لـەوێ جـەلال قوربانـی تەرمـی شـەهید کاروان دەشـوات و لاوان تەرمـی شـەهید بـەرەو مزگەوتـی جامیعـە دەبـەن و دووبـارە هێزەکانـی ڕێژیـم بەتونـدی و بێبەزەییانـە دەسـت دەکەنـەوە بـە تەقەکـردن، بـە گولـلەی یەکـەم شـەهید جـەلال قوربانـی دەپێکـرێ و بـە سـەختی برینـدار دەبێـت و کاتێـک لەلایـەن خەڵکـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ نەخۆشـخانەی پیرانشـار بەداخـەوە بەهـۆی سـەختیی برینەکـەی دەوام ناهێنـێ و کاتژمێـر ٣ی بەرەبەیانـی ٣٠ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، چاوەکانـی بـۆ هەمیشـە لێکدەنـێ و سـەنگەری شـەقام بـۆ هاوڕێیانـی بەجـێ دەهێڵـێ.

دوای شـەهیدبوونی جـەلال قوربانـی هێزەکانـی ڕێژیـم فشـار بـۆ بنەماڵەکـەی دەهێنـن بـۆ ئـەوەی هـەر ئـەو کاتـە بیبـەن بـۆ گۆڕسـتان و بـە خاکـی بسـپێرن، بـەڵام بنەماڵـەی شـەهید زۆر ئازایانـە و دلێرانە بـەرەوڕووی هێزەکانـی ڕێژیـم دەبنـەوە و تەرمـی شـەهید جـەلال بـەرەو مزگەوتـی حەزرەتـی محەممـەد دەبـەن و تاکـوو کاتژمێـر ١٠ی بەیانـی چاوەدێـری لـە تەرمـی پیـرۆزی شـەهید دەکـەن و دواتـر بـە بەشـداریی بێوێنـەی خەڵکـی پیرانشـار و دەورووبـەری لـە گۆڕسـتانی کۆنەخانێـی ئـەو شـارە بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی دەسـپێرن.

**خـەو لـە چـاوی شـەو زڕاوە، ڕووناکـی هێـزی خۆڕاوەشـاندنی نییـە، بایـەک بـە لەشـی ئـەم دارسـتانە ڕاسـاوەدا دێ، بۆنـی کۆچـی لێـوە دێ، نەگەڕانەوە دەدرکێنـێ، کۆتایی پێناسـە دەکا**

**دەبـێ تەرمـی هەڵۆیـان لـە کام ڕەوەزی سـەختی ئـەم هەڵدێرانـە خـۆی ڕاخسـتبێ، دەبـێ ئـەم مەرگـە چلـۆن بەرگـەی هەڵگرتنـی ئـەم گیانـەی**

هەبێ وا بەهەیبەت شاخ مانا دەکاتەوە.

لەسەر تەرمی بێچووە هەڵۆیەک، شاهەڵۆیەک ڕاوەستاوە، باڵی باوەڕی هەر دووکیان سێبەر دەکشێنێ بەسەر هەموو نائومێدییەک، جەلال تیژ دەڕوانێتە دوانیگای کاروان کە خۆی کشاندۆتە سەر سەر و چاوی و پڕ بە بێدەنگیی نێوانیان هاوارێک بەگوێی دەگا؛ «شەقەی باڵو بێ ڕاوچی ڕاو کەن، نێچیری ئەم چیرۆکە نوێیە جەللادانی سەر شەقامن هەتا دواوێستگە مەوێسن ...

لێرەدا بوو جەلال سوێندی بە خوێنی شەهیدان خوارد، بەرەو شەقام چوو، شەقام لەژێر پێی دا دەلەرزی، ئاسمان کەوتبووە نزا، نە تەقە و نە مەرگ و نە ئازار چاوەکانی ئەویان لە بینینی ئایندە پاشگەز نەکردەوە، باڵی لەیەکدا و لەسەر ڕێبازی هەڵۆ سوورەکانی نیشتمان سەرلەنوێ دووپاتی کردەوە: «کاروانی شەهیدانمان درێژە و ڕەنگە درێژتریش بێتەوە، هەر لەپاش مەرگی خۆی سەرلەنوێ لە لەشی سەربەستی و باوەڕی بەرزی یەکسانی چاوەکانی لەیەک کردەوە».



# شەهید محەممەد ئەمینی

ناسر سادقی

با لەناو چیرۆک و ئەفسانەکانی مێژوودا بەدووی قارەمانەکاندا نەگەڕێین و با ئاوڕێک لە واقعی بزووتنەوەی فرەڕەهەندی سەرهەڵدانەکانی شۆڕشی ژینا لە خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، بدەینەوە کە بە هەزاران قارەمانی بێوێنە لە ژن و پیاو و لاوانی خاوەن باوەڕ و ڕۆشنبیر و چالاکی مەدەنی و وەرزشوان و قوتابیی قوتابخانە و خوێندکاری زانکۆ و مرۆڤی بوێر بەشداربوون و بە دروشمی «**ژن، ژیان، ئازادی**»، گوڕوتینی ئاگری ڕێنێسانسی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەردەمیان بووژاندەوە.

محەممەد ئەمینی بە تێگەیشتن لە ئامانج و ڕەهەندەکانی ئەو بزووتنەوەیە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەستپێکی خۆپێشاندانەکانی شاری سنە، بۆ داکۆکی لە ویستە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بەشداری لەو ڕابوونە مێژووییە کرد.

محەممەد ئەمینی کوڕی خاڵۆ گوڵ محەممەد و دایە ئایشێ، لە ٢٢ی بەفرانباری ساڵی١٣٦٢ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی نیشتماندۆستدا لەدایک بوو. محەممەد لە یەکەم ساتەکانی لە دایکبوونەوە لەو وەرزە سەرما و سۆڵەیەدا بووە هۆی بووژانەوەی سۆز و ئەوینی پتر لەناو خاوخێزان و

خوشـک و براکانـی. بابـی محەممـەد ئەمینـی بەوپـەڕی ویـژدان و سـادقانە بـە کرێـکاری و ماندووبوونـی بێوچانـی بژێـوی ژیانـی ڕۆژانـەی بنەماڵەکـەی دابیــن دەکــرد. محەممــەد وێــڕای ســێ خوشــک و چــوار براکــەی وەک زۆربـەی منداڵانـی نیشـتمان بەهـۆی دەسـەڵاتی داگیرکـەری فاشیسـتیەوە، لـە مافـی یەکسـانی و عەداڵەتـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری بێبـەش بـوون؛ هـەر بۆیـە دوو بـرا گەورەکـەی دوای خوێندنـی سـەرەتایی ناچـار وازیـان لـە قوتابخانـە هێنـا و سـەرقاڵی کار و کاسـبی بـوون. محەممەدیـش هـەر لــە قۆناغــی ســەرەتایی هەمــوو ســاڵێ دوای کۆتایــی وەرزی خوێنــدن و لـە پشـووی هاوینـدا لەباتـی ئـەوەی لەگـەڵ هاوتەمەنەکانـی لـە خـول و چالاکیـی ڕاهێنانــە وەرزشــی و هونەرییەکانــدا بەشــدار بێــت و چێــژ لــە تەمەنــی منداڵــی وەربگرێــت، ناچــار بــۆ دابینکردنــی پێداویســتیەکانی قوتابخانــە و وەرزی داهاتــووی خوێنــدن کار و شــاگردی دەکــرد.

محەممـەد کوڕێکـی خۆنەویسـت و باوەڕبەخـۆ بـوو، ئـەو هـەر لـە تەمەنـی مێرمنداڵییـەوە دڵـی کانـی ئەویـن بـوو بـۆ خوشـک و براکانـی و چـاو و دڵـی غیرەتیـان لـێ دەبـاری. محەممـەدی لاو خـاراوی مەیدانـی خۆپێگەیانـدن و یارمەتیـدەری بنەماڵـە و پشـتیوانی خوشـک و براکانـی بـوو. ئـەو بەهـۆی دۆخـی نالەبـاری ژیانـەوە لـەدوا قۆناغـی ناوەنـدی وازی لـە خوێنـدن هێنـا و بەهــۆی ئــەوەی هۆگرییەکــی زۆری بــە کشــتوکاڵ و وەرزێــری هەبــوو، زۆر بــە لێزانــی لــە بــواری باغەوانــی و ڕەزەوانیــدا بــە شــێوەی زانســتی هەنــگاوی دەنــا و بــاش پێشــکەوت و لــەو بوارەشــدا یارمەتیــدەری خەڵــک و ناســیاوەکانی بــوو. محەممــەد لــە هەڵســوکەوتی خۆیــدا بــاوەڕی بــە ڕاســتگۆیی و ڕاســتڕۆیی بــوو. هــەر بــەو تایبەتمەندیانــەش لەنــاو خەڵــک وەک ســیمایەکی خۆشــناو و خۆش کــردار ناوبانگــی دەرکردبــوو؛ ئــەو دژی

نایەکسانی و جیاوازی و هەڵاواردنی مافی ژن و پیاو بوو، لەو کاتەوە کە بیری کردبۆوە و هەڵاوردنی سیستماتیکی ڕێژیمی دیتبوو هیچکات دانی بە دەسەڵاتی نارەوای ڕێژیمی ئاخوندیدا نەنا و لە هەموو بۆنە و موناسبەتەکانی ڕێژیم بێزار بوو.

محەممەدی لاوچاک بە ئەوین و خۆشەویستی زمانی شیرینی کوردی و هەست و سۆزی کوردستان فرچکی گرت و گەورە بوو، بۆیە هەموو کات ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی خوشک و برا و هەڤاڵانی دەکرد کە بە زمانی کوردی لەگەڵ زارۆکان بئاخڤن و ناوی ڕەسەن و پاراو و پڕمانای کوردی لە منداڵەکانیان بنێن.

لە ناو هەواڵان و گەڕەکی خۆیان بە «محەممەد باڵابەرز» بەناوبانگ بوو و هێندێ جاریش وەک خۆشەویستی و خاکەڕایی بە حەمە دەروێش ناویان دەبرد. کوڕێکی بە ڕەنسیپ و بەئەخلاق بوو، ئەو زۆر تامەزرۆی مۆسیقا و شێعر و ئەدەبیاتی کوردی بوو.

ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەری ساڵی١٤٠١ی هەتاوی، کاتژمێر هەشت و نیوی شەو، کاتێک بانگەوازی سەراسەری بۆ مەحکوومکردنی شەهیدکرانی ژینا و پشتگیری لە خۆپیشاندەران لە سنە ڕاگەیەندرا، ئاپۆڕای خەڵک ڕژانە شەقامەکان و نارەزایەتیان دەربڕی، بەڵام پاسدارە فاشیست و جاشە خۆفرۆشەکانی ڕێژیم بەوپەڕی توندوتیژی و بە زەبری هێز و گوللە وڵامی لاوان و خەڵکیان دایەوە.

محەممەدی بوێر لە کاتێکدا کە لە هەوڵی یارمەتیدانی لاوان دابوو بۆ ئەوەی لە چنگ جەنایەتکاران قوتاریان بکات، میراتگرانی ئەهریمەنی جەماران بە لیباسی شەخسییەوە لە تاریکایی کۆڵانێکەوە کە ئەمە ئاکاری دزێوی خۆیانە و خوویان بە دڵڕەشی و تاریکی گرتووە، لە

پشـتەوە کردیانـە ئامانـج و سـەری نایـە سـەر زەوی و بـاڵای پـڕ بـە بـاڵای شــەقام ڕاکشــا و کاکۆڵــە زەرد و خاوەکانــی بــە دەم شــەپۆلی سروودی شـەهید نامـرێ و دەنگـی زایەڵـەی ئازادیـی ئاپـۆڕای لاوانـی سـنەوە وەک گوڵـە مێلاقەکانـی داوێنـی ئاویـەر دەشـنانەوە.

**«پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین**
**نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین»**

خۆپیشــاندەران و ئــەو کەســانەی لــەو کاتــەدا لــە محەممــەد نزیــک بــوون بــە ئومێــدی مـان و زیندووهێشــتنەوەی گەیاندیانـە نەخۆشـخانەی کەوســەری ســنە. بــەڵام بەداخــەوە دوکتــور و پەرەســتارەکانیش هیچیــان لــە دەســت نەهــات، ســەرەنجام تەرمــی محەممــەدی لاو لەنــاو ئاپــۆڕای خەڵـک بـە شـکۆوە لـە زێدەکـەی خـۆی «یونس‌ئـاوای» سـەر بـە ناوچـەی حوسـێن‌ئاوای پارێـزگای سـنە، ئەسـپەردەی خاکـی پیـرۆزی نیشـتمان کـرا و نـاو و یـادی تێکـەڵ مێـژووی شـابەیتی سـوارە بـوو کـە هەمـووکات وێـردی سـەر زمانـی بـوو کـە دەڵـێ:
**«لای هەڵـوی بەرزەفـڕی بەرزەمـژی / چـۆن بـژی شـەرتە نـەوەک چەنـدە بـژی».**



# شەهید هێمن هەمزە

کەریم فەرخەپوور

لە بەرنامەی سوورخەڵاتان، خەڵاتی بە خوێن ڕەنگینی شەهیدانی ئەم وەرزەی نیشتماندا هەر جارە و یادی ڕۆڵەیەکی ئازا و بوێری شۆڕشی ژینا دەکەینەوە. ئەو ڕۆڵە نیشتمانپەروەرانەی کە بە خوێنی سوور و ئاڵیان دەنگی مافخوازانەی کوردیان نەک هەر بە گەلانی ئێران گەیاند بەڵکوو هەموو خەڵکی جیهانیان هێنایە گۆڕەپانەکان و بەردەم میدیاکان. شەهیدانی شۆڕشی ژینا ئەوانەن کە لە هێزی دوژمن و گوللەی چەکی داگیرکەرانی کوردستان نەپرینگانەوە، شەقامەکانیان کردە سەنگەری بەرخۆدان و جەللادەکانی کۆماری ئیسلامییان بە چۆکدا هێنا. دژبەرانی کاروانی خەباتی کورد، هەر دوژمنان و داگیرکەران و چەوسێنەران و ستەمکارانی نامۆ و بێگانە نین، بەڵکوو سیخوڕ و چڵکاوخۆر و بەزیو و زۆڵەکوردیش زۆرجاران کەواسووری بەر لەشکری دوژمن بوونە و بوونەتە کۆسپی بەردەم ڕێگەی سەرکەوتن.

لە بەرنامەی سوورخەڵاتانی ئەمجارەماندا دەقەری سەردەشتی سەرسەوز بەسەر دەکەینەوە و دەچینە مەڵبەندی بێور و بێوران، شوێنی لە دایکبوونی شەهیدان حەمەدەمینی مەلاعەزیز و حەمەعەزیز عەزیزی و زۆر شەهیدی دیکەی ئەم ناوچە جوان و دڵگیرەی کوردستان.

دیمەنەکانی «ڕەبەن»، ئاوی سازگاری سەرچاوەی «دووکانان»، ئاسۆی لووتکەی «کاسەشکێن»، هەڵۆی ڕەوەزەکانی «بێژینگ بەسەر» و قاسپەی کەوی شاخەکانی «شڵە» هێمای جوانیی سرووشتی ئەم ناوچەیەن و ورەی ژنان و پیاوان و لاوانی بێوران، هێمای ئازایەتی و بوێری ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە داگیرکراوەن.

لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورددا، خەڵکی بێوران بەشدار و پشت و پشتیوانی خەباتی گەلەکەمان بوون و لەو ڕێگەیەدا زۆر قارەمان و تێکۆشەریان بەختی ئازادی کردووە و ئازایانە مەیدانداری گۆڕەپانی خەبات بوون و لەو ڕێگە پیرۆزەدا خوێنیان داوە. بێوران و خەبات، بێوران و ئازایەتی و بێوران و هەستی نیشتمانپەروەری، لێکدانابڕێن و بە شانازییەوە لاپەڕەکانی مێژووی کورد دەڕەنگێنن.

یەکێک لە سوورخەڵاتانی گەڕی ئەمجارەی کاروانەکەمان، لاوێکی هەڵکەوتووی دەڤەری ڕابوون و کوردپەروەری ناوچەی سەردەشتە. لە گەڕی ئەمجارەی شۆڕشی ژینا و ئاخێزی «**ژن، ژیان، ئازادی**»دا، شۆڕەلاوێکی ڕەوشتبەرز و بەهەڵوێست، بە ناوی «هێمن هەمزە»، لە داوێنی پاکی دایکێکی دڵ تەژی لە ئەوینی نیشتمان و باوکێکی بوێر و دلێر و خۆڕاگر، خوێنی بوو بە ڕەنگی نووسینەوەی دروشمی بژی ئازادی و یان کوردستان یان نەمان. ناوبراو خوارزای شەهید میرزا عەبدوڵڵای نێشکۆڵان یەکێک لە فەرماندە ئازا و بەوەجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

هێمن هەمزە، ٦ی خەرمانانی ١٣٧٠ی هەتاوی، لە دایک بوو و لە گەڵ باوکی و ئازاد و میرزا و حەمەخانی برای و خوشکەکانی زێنەب، ئامین، سروە، گوڵستان، خانم و شیوەن، دەیان کار و پیشەی تاقەتپڕووکێنی

وەک: کاری کوورەخانــە و خشــتبڕین و ســەپانییان کــرد و ســەرەڕای ئــەو هەمـوو کەنـد و کۆسـپ و هــەژاری و نەدارییــە، لـە خوێنـدن نەوەسـتان و لانیکـەم هەموویـان هەتـا وەرگرتنـی پلـەی دیپلـۆم بـەردەوام بـوون بـەڵام بـە هـۆی دەسـتکورتی بنەماڵەکـەی، هێمـن نەیتوانـی لـەوە زیاتـر درێـژە بـە خوێنـدن بـدات.

هێمــن لــە ڕۆژی ١٩ی خەزەڵــوەری ١٣٨٩ ملــی دایــە بــەر خزمەتــی ســەربازیی زۆرەملــێ. کاتــی ســەربازی بەهــۆی قەبووڵنەکردنــی دەســتوور و فەرمانــی ســتەمکارانە و بێڕێزیــی خــاوەن پلــە و تەنانــەت ســەربازە ناکـوردەکان، بەرگـری لـە زمـان و نیشـتمان و گـەل و هێماکانـی نەتـەوەی کـورد دەکـرد و چەنـد جـار بـەو هۆیـەوە زیندانـی کـرا و تەنانـەت زیـادە خزمەتــی بەناچــاری لــە ســەربازی بــۆ دەنــووسرا.

هێمـن هەمـزە، ٣٠ی سـەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتـاوی، لـە بەرەبـەری شـەوی یەلــدا، لەگــەڵ کیژێکــی وەک خــۆی خــاوەن ڕەوشــت جوانــی خەڵکــی گونــدی نێشــکۆڵان، بــە نــاوی خاتــوون، ژیانــی هاوبەشــی پێــک هێنــا و بەرهەمــی ئــەو ژیانــە هاوبەشــە، دوو کیــژی جــوان و لەبەردڵانــن.

ڕۆژی نیشـانەکردن و بەیەکگەیشـتنیان ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی هـاوکات لەگـەڵ سـاڵڕۆژی دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان بـووە و ڕۆژی گۆڤەنـد و زەماوەندیـان هـاوکات بـوو لەگـەڵ ڕۆژی ٣٠ی سـەرماوەز واتـە شـەوی یەلـدا و شـەوی لەدایکبوونـی دوکتـور قاسـملوو ڕێبـەری نـاوداری کـورد و هەروەهـا چلـەی شەهیدبوونیشـی هـاوکات بـوو لەگـەڵ شـەوی یەلـدا.

لـە شۆڕشـی نوێـی گەلەکەمانـدا، هێمـن بـوو بـە یەکـەم شـەهیدی دەڤـەری سەردەشــت و دڵۆپدڵــۆپ خوێنــی ســووری، بوونەڕەنگــی ئــاڵای شــەکاوەی

قـەڵای هەڵمـەت و قوربانـی.
دەسـتی چەپەڵـی خوێنمژانـی سـەردەم و هەسـتی پەسـتی سـتەمکاران، لـە گەرمـەی خەباتـی شـار و شـڵەژانی شـەقام و هەڵچوونـی ورەی تۆڵـە و نواندنـی ئازایەتـیدا، لـە ڕۆژی ٢٠ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتاویـدا، گوڵـی تەمەنـی هێمنیـان هەڵوەرانـد.
لـە گەرمـەی شۆڕشـی ژینـادا، ئـەو ڕۆژەی کـە لـە نێـوان خەڵـک و بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم تێکهەڵچـوون ڕووی دا، چەنـد سـەربازی کـورد کەوتنە پاڕانـەوە لـە خەڵـک بـۆ ئـەوەی وازیـان لێبێنـن، شـەهید هێمـن گوتـی لەبـەر ئـەو سـەربازانە وێڵیـان کـەن بـا بـڕۆن. خەڵکەکـە وازیـان لێهێنـان، بـەڵام دوای ئـەوەی کـە هێـزە سـەرکوتکەرەکان لـە ئاپـۆرای خەڵـک دوور کەوتنـەوە و زانیـان ڕێـگای هەڵاتنیـان هەیـە، هێمنیـان دایـە بەر دەسـتڕێژی گولــلە و بـە داخـەوە شـەهیدیان کـرد.
شـەهید هێمـن چـووە نێـو ڕیـزی شـەهیدانی کوردسـتان و ڕێگـە و ڕێبـازی بـە لاوانـی دڵ پـڕ لـە گـڕی نیشـتمان سـپارد. ئـەو شـەهید بـوو بـەڵام مەشـخەڵی ئـەم شۆڕشـە هـەر بڵێسـە دەسـەنێ و کوردسـتان هـەردەم وەک هەمیشـە هـەر مەیدانـی بوێـری و ئازایەتـی و بەرخۆدانـە و تـا سـەرکەوتن ئـەم شۆڕشـە هـەر درێـژەی دەبـێ و بـە دڵنیاییـەوە خوێنـی شـەهیدان بەفیـڕۆ ناچـێ و گـەل هـەر بـە ئـازادی دەگا و داگیرکـەر لـەم نیشـتمانە پیـرۆزەی کـورد بـە زەبـری هێـزی گـەل وەدەر دەنـرێ.
**«دوژمن پێیوایە لەناوم ئەبا**
**نازانێ بەرەو هەتاوم ئەبا**
**بەرەو خۆر بازووم پێ هەڵ ئەماڵێ**
**ئەبمە ڕووناکی بۆ هەموو ماڵێ**

دوژمن لێم ببێ بە دێو
پاڕانەوەم لێی نایەتە سەر لێو
زامی ئەشکەنجە و بەند و کۆت و پەت
سەرم بۆ دوژمن نەوی ناکا قەت»



# شەهید فواد محەممەدی

سۆما ناسری

کاروانی خەباتی بە خوێن شەڵاڵی ئازادی و ڕزگاریی بزووتنەوەی کورد، زۆر لە مێژە بەرەو هەواری سەرکەوتن ڕێگە دەبڕێ و، سەرەڕای هەزاران کۆست و بەربەست، بەدڵنیاییەوە هەتا گەیشتن بە لووتکەی بەرزی ئامانجەکانمان لە نەوەستان و بەرەوپێشچوون دایە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ماوەی ٤٤ ساڵەی دەسەڵاتداریی خۆیدا بە هەموو جۆرێک بەرەنگاری نەتەوەی کورد بووەتەوە و لە هیچ چەشنە جەنایەتێک بۆ لەناوبردنی دەستی نەپاراستووە؛ بەڵام خەڵکی کوردستانیش هەر لە سەرەتاوە ئازایانە بەرپەرچی ڕێژیمی مرۆڤکوژیان داوەتەوە و شار و شەقام و گوند و چیا و دۆڵی کوردستانیان کرد بە سەنگەری خۆڕاگری و لەپێناو پاراستنی کەرامەت و سەروەریی نیشتمان هەزاران کوڕوکاڵیان پێشکەشی بارەگای ئازادی کردووە و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژیناش نوێترین بەڵگەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد دژبە ستەم و داگیرکاری بوو.

شاری کامیاران لەمێژە بە شاری خۆڕاگری بەناوبانگە، ئەو شارەی کە لە ساڵی ٥٨ی هەتاوی، بە گەرمای تاقەتپڕووکێنی هاوین، ژن و مناڵ و پیر و لاو و تەنانەت مناڵی سەر بێشکەشیان بردە بەر دەروازەی

کامیاران بۆ ئەوەی پێش بەو ستوونە بگرن کە لە کرماشانەوە بۆ سەرکوتی خەڵکی مەریوان هاتبوون و دەبوو لە کامیارانەوە تێپەڕن، بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ پێشیان بەو ستوونە گرت و مێژوویەکی بێوێنەیان لە مێژوووی ئەم شارەدا تۆمار کرد و بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا دیسانەوە وەک ڕابردوو سەلماندیان کە لە بەرامبەر زوڵم و زۆریی زۆرداران بێدەنگ نابن و بۆ جارێکی دیکەش ڕژانە سەر شەقامەکانی ئەو شارە و دەنگی نارەزایەتییان هەڵبڕی.

فواد محەممەدی، یەکێک لەو مرۆڤە جوامێر و خاوەن هەڵوێستانەی شاری کامیاران بوو کە تێکەڵ بە شەپۆلی ئەو خورۆشانە بوو و لەگەڵ بیستنی هەواڵی گیانلەدەستدانی ژینای کوردان، بە دەستی جەللادەکانی پێتەختی تاوان، ئەوان ئەرکی ڕێکخستنی لاوان و پێشەنگایەتی شەقامیان گرتە ئەستۆ.

فواد ڕۆژی ١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ، شوڕشگێڕ و نیشتماندۆست لە گوندی ماویان سەر بە شاری کامیاران لەدایک بووە، خاڵۆ ئیسماعیل و دایە هاجەر بە خۆشەویستیی کاک فواد مستەفا سوڵتانی، ناوی فوادیان بۆ کوڕەکەیان هەڵبژارد، کە ناوەکەشی لە کەسایەتیی بەرزی دەکاڵایەوە.

فواد لە تەمەنی حەوت ساڵی لە گوندی ماویان نێردرایە بەر خوێندن، کوڕێکی وریا و دەرسخوێن بوو، قۆناغی سەرەتایی لەوێ تەواو دەکا و دواتر دەچێتە کامیاران. لە ساڵی ٧٨ی هەتاوی، دەچێتە زانکۆی هەمەدان و دیپلۆمی باڵای لە ڕشتەی بەرق وەرگرت. پاشان لە شاری کامیاران دووکانی موبایلفرۆشی کردەوە و لەو ڕێگایەوە بژیوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی دابین دەکرد.

فـواد محەممـەدی کوڕێکـی ئەرکوەخۆگـر، دڵسـۆز و بنەماڵەدۆسـت بـوو، هۆگرییەکـی زۆری بـە شـاخەوانی بـوو و زۆر جـاران لەگـەڵ هـاوڕێ و دۆسـتەکانی لـە چیـا سەرکەشـەکانی کوردسـتانەوە دەیانڕوانییـە سروشـتی دڵڕفێنـی نیشـتمانی ئازیـز و چێژیـان لـەو هەمـووە جوانییـەی نیشـتمان وەردەگـرت.

فـواد سـاڵی ٨٦ی هەتـاوی، ژیانـی هاوبەشـی لەگـەڵ خاتـوو سـوهەیلای پـوورزای پێکهێنـا، هاوسـەرێکی وەفـادار بـۆ خاتـوو سـوهەیلا و باوکێکـی خەمخـۆر بـۆ ڤیـان و ژیوانـای کچـی بـوو و لـە دوورەدیمەنـی خەونەکانـی و داهاتـووی کچەکانـی دەڕوانـی و هەمـوو هەوڵـی فـواد ئـەوە بـوو ژیانێکـی ئـارام و ئاسـوودەیان بـۆ دابیـن بـکات.

فـواد کەسـێکی جێـی متمانـەی دۆسـت و ناسـیاران و هەمـوو خۆشـیان دەویسـت. ئـەو هیچـکات زوڵـم و ناهەقـی پـێ قەبـووڵ نەدەکـرا و هەمیشـە لـە بەرامبـەر نادادپەروەریـدا دەنگـی هەڵدەبـڕی و ئـەوەش بـۆ پـەروەردەی بنەماڵەکـەی دەگەڕێتـەوە کـە منداڵەکانیـان بـە بوێـری و چاونەترسـی گـۆش داون.

فـواد محەممـەدی دژی سیسـتمی سـەرمایەداری بـوو و هیچـکات توێـژی هـەژاری کۆمەڵگـەی لـە بیـر نەدەکـرد و هـەردەم داکۆکـی لـە مافـی کرێـکاران دەکـرد و باوەڕێکـی قووڵـی بـە مافـی یەکسـانیی ژن و پیـاو هەبـوو و لـەو بڕوایـەدا بـوو کـە ژن و پیـاو دەبـێ لـە کۆمەڵگـەدا وەک یـەک مافیـان هەبـێ و بـۆ ئـەوەش پێویسـتە هەمـووان دەنـگ هەڵبـڕن تـا بتوانـن بـە یەکسـانی بژیـن.

**«باوەڕی سووری شەقامم دژ بە کۆتی پێمەوە**

**دڵ بە تۆڵە، وەک شەپۆلان دێمەوە هەر دێمەوە**

**بەر بدەن گڕ گەر بسووتێم ڕەگ بە ڕەگ یا موو بە موو**
**ژیوەر و کوێستانی هیوام داربەڕووم دەڕوێمەوە**
**وا گزنگی ڕۆژی ئاوات دێ لە شاران وەک سروود**
**بەفرە بیرتان بۆ مەمی خاک ساڵ بە ساڵ دەتوێمەوە**
**شاخە بەرزەی شۆڕشی زوو گەر پشووی دا سەردەمێ**
**شا تەواری شار خرۆشان بەو خەباتی نوێمەوە»**

لە دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە، فواد هەموو ڕۆژێ لە نیوەڕۆیەڕا دووکانەکەی دادەخست و تێکەڵ بە ڕاپەڕینی شەقام دەبوو و لەگەڵ شەهیدبوونی هەرکام لە کیژ و کوڕانی ئەم نیشتمانە بە دەستی داگیرکەران و بەکرێگیراوانی ڕێژیمەوە ڕق و تووڕەیی ئەو بەرامبەر بەو ڕێژیمە کوردکوژە زیاتر دەبوو و هەر بەم پێیەش لە ڕێکخستنەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.
ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەزی ١٤٠١، لە شەقامی ١٢ میتری ئەو شارە فوادی ئازا و چاونەترس کە وەک ڕۆژانی پێشتریش لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا بوو و ئەو شەوە یەکێک لە قەرەباڵغترین شەوەکانی نارەزایەتی لە کامیاران بوو، هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لە خەڵک دەکرد و خۆپیشاندەرانیان دابووە بەر دەسڕێژی گوللە، بەداخەوە سەعات ٨ی شەو فوادی دڵ پڕ لە هیوا و هیوادار بە داهاتوو پێکرا و بۆ هەمیشە چاوەکانی لە سەر یەک دانا و ڕێگای خەبات و بەرخۆدانی بە هاوڕێ و هاوبیرانی سپارد و ئەویش چووە ڕیزی سوورخەڵاتانی نیشتمانەوە.
خاتوو سوهەیلا لەگەڵ کیژەکانی ڤیان و ژیوانا لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی

شـەهید فـواد لـە سـەر گڵکۆکـەی بـە دانانـی گوڵـی سـوور و بەرزکردنـەوەی دەسـتیان بـە نیشـانەی ئـازادی، بـۆ جارێکـی دیکـەش وەبیـر دوژمنیـان هێنایـەوە کـە گەلـی کـورد تـا گەیشـتن بـە ئامانجـی پیـرۆزی شـەهیدان دەسـت لـە خەبـات و تێکۆشـان هەڵناگـرێ و لـە سـەر کێلـی گلکۆکـەی نـووسرا:

**«گڵکۆم ئاڵای ئازادییە**
**بە قەد باڵای نیشتمانن**
**پەنجەکانم دە پێشمەرگەن**
**بۆ ڕزگاری کوردستانن**
**چاوەکانی من مەشخەڵی**
**گۆڕستانی چراکانن»**



# شەهید سەلام گەڵوانی

لەیلا قادری

بە شەهیدبوونی ژینای کوردان لە تاران، پێتەختی ئەو وڵاتەی بووەتە گۆڕەپانی تەراتێنی تاریکپەرستان، شۆڕشێکی نوێ سەری هەڵدا کە بە دانپیانانی کۆمەڵگەی جیهانی شۆڕشێکی کەموێنە بوو لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؛ ڕاستە کە شۆڕشەکە ژنانەیە بەڵام داکۆکیکاری سەرسەختی ڕەگەزی مرۆڤە و پیاوانی وڵات هاوشانی ژنان شانیان داوەتە بەر و سەریان کردووەتە بەردەبازی سەرکەوتنی و لەو ڕێبازەشدا زۆریان بوونە ئەستێرەی درەوشاوە بۆ ئاسمانی کوردستان و نەخشەی چەتوونی ڕێگەی گەیشتن بە ئازادیان تێدا نەخشاندووە.

یەکێک لە شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا کە بوو بە ئەستێرەیەکی گەشاوە بۆ ئاسمانی وڵات، شەهید «سەلام قادرگەڵوان ناسراو بە سەلام گەڵوانییە».

یەکەم ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی، لە گوندی ئاڵیاوێی سەر بە شاری شنۆ لەگەڵ وەرچەرخانی سروشت و هاتنەوەی یەکەم ڕۆژی بەهاردا، گەردوون دیارییەکی بەنرخی بە کاک نادر و خاتوو ئایشێ بەخشی و لەو ڕۆژەدا سەلام لەگەڵ چرۆی بەهاری چاوی بە ڕووی دونیادا کرایەوە.

سـەلامی خۆشـڕوو لـە گونـدی ئاڵیـاوێ لـە گـڕوگاڵ و دارەدارە دەرچـوو و پێـی هەڵگـرت و زمانـی بـە وشـەی شـیرینی کـوردی کەوتـە گـۆ.
دوو سـاڵان بـوو کـە بنەماڵەکـەی بـەرەو شـاری شـنۆ کـۆچ دەکـەن و لـەوێ نیشـتەجێ دەبـن. کاتێـک تەمەنـی دەگاتـە حـەوت سـاڵ وەک هەمـوو منداڵێـک دەنێردرێتـە بـەر خوێنـدن و لـە قوتابخانـەی فێردەوسـیی ئـەو شـارە قۆناغـی سـەرەتایی تـەواو دەکات، بـەڵام هـەر وەک چـۆن هەمیشـە ئاسـەواری نالەبـاری تارمایـی ڕەشـی دەسـەڵاتی ئاخونـدی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لەسـەر ژیانـی منداڵانـی کـورد ڕەنگـی داوەتـەوە و بەشـێکی زۆریانـی لـە ژیانێکـی منداڵانـەی شـیاو بێبـەش کـردووە و ناتوانـن درێـژە بـە خوێنـدن بـدەن، سـەلامیش یەکێـک لـەو منداڵـە کوردانـە بـوو کـە نەیتوانـی درێـژە بـە خوێنـدن بـدات و لەپێنـاو دابینکردنـی بژێـوی ژیانێکـی سـەربەرزانە شـان دەداتـە بـەر کار و کاسـبی.
سـەلام کوڕێکـی ڕەوشـتبەرز و ئاکارجـوان و پێبەنـدی کولتـوورە جوانـە کۆمەڵایەتییـەکان بـوو. ڕۆژی ٢٢ی سـەرماوەزی ١٣٩٨ ڕۆژی جـەژن و خۆشـیی زەماوەنـد و پێوەندیـی دوو دڵان و بەڵێـن و وەفـاداری لـە ژیانـی هاوبەشـی سـەلام لەگـەڵ خاتـوو شـەیدا ئەحمـەدیدا بـوو و، ژیانێکـی پـڕ لـە ئەویـن و خۆشەویسـتییان بـۆ خۆیـان بنیـات نابـوو، سـەلام بـۆ دابینکردنـی بژێـوی ژیانـی لـە نووسـینگەی کڕیـن و فرۆشـتنی ماشـێن کاری دەکـرد و سـەربەرزانە دەژیـا.
سـەلامی ژیانخۆشەویسـت و دڵ پـڕ لـە ئـاوات و هیـوادار بـە داهاتـوو، هەرگیـز نەیتوانـی بەرامبـەر زوڵـم و زۆر و نـادادی و داگیرکاریـی دەسـەڵاتی ئاخونـدی بێهەڵوێسـت بـێ، بۆیـە هەمـوو دەرفەتێکـی بـۆ بەگژداچوونـەوەی نادادپـەروەری دەقۆسـتەوە، هەسـتی بەرپرسـیارەتی

شـەهید سـەلام هەڵقوڵاوی پەروەردەی خێزانێکی ڕەسـەن و نیشـتمانپەروەرە کـە مـرۆڤ وا لێـدەکات بەرامبـەر ڕووداوەکان بێدەنـگ نەبێـت و هەمیشـە خـاوەن هەڵوێسـتی بوێرانـە بێـت.

شـەوی ٣١ی خەرمانـان، ئـەو کاتـەی ئاپـۆڕای خەڵکـی سـەربەرزی شـنۆی هەمیشـە دێموکـرات و کوردپـەروەر بـۆ داکۆکیکـردن لـە خوێنـی بـە نـاڕەوا ڕژاوی ژینـا، شـەقامی ئـەو شـارەی تەنـی و هـاوار و بانگـی «ژن، ژیـان، ئـازادی»، بـەرز بـۆوە، سـەلام هـاوڕێ و هاواهەنگـی ڕیـزی خۆپیشـاندەران بـوو.

گوڕوتینـی شـەقام ئاگـری خسـتە جەسـتەی دوژمـن، هـەر بۆیـە بـە چەکـی جەنگـی پەلامـاری خۆپیشـاندانی مەدەنیانـەی خەڵکـی دا، بەداخـەوە لـەو هێرشـە نامرۆڤانەیـەدا، کاتژمێـر ١٢ی شـەوی ٣١ی خەرمـان لەسـەر ١ی ڕەزبـەری ١٤٠١ی هەتـاوی، کاتێـک سـەلام لەگـەڵ هاوڕێیانـی لـە ڕیـزی پێشـەوەی خۆپیشـاندەران دابـوو لـە شـەقامی چـل میـتری، کۆڵانـی سـەیداوا و نزیـک ماڵـی پەیغامـی کـە بـە ماڵـی شـەهید تاهیـر نـاسراون، ئـەو شـەهیدەی کـە سـەری بـەرزی لـە حەماسـەی قەرەسـەقەل بەختـی نیشـتمان کـرد، دەکەوێتـە بـەر دەسـتڕێژی گولـلەی بەکرێگیراوانـی ڕێژیمـی پـەت و سـێدارە و بـە چەکـی کلاشـینکۆف دەپێکـرێ و سـێ گوللـەی لـە پشـتەوە بـەر کەوتبـوو. بـە وتـەی کادرە دەرمانییەکانـی نەخۆشـخانەی نەبـی ئەکرەمـی شـنۆ، فیشـەکەکان گورچیلـە و کەبێـد و جەرگـی ناوبراویـان پێـکا بـوو.

سـەلام وەک قوتابییەکـی بەئەمـەگ لـە دڵـی شـارەوە پشـتگەرم بـە قەڵافەتـی ڕاسـانی چیـا، ڕێبـازی خەباتـی گرتـە بـەر و سـەربەرزانە گیانـی خسـتە سـەر دەسـت و لـەو ڕێگەیـەدا سـینگی قەڵغانئاسـای کەوتـە بـەر

تیـری نارەسـەنانی مێـژوو و بەسـەختی بریـندار بـوو. بەکرێگیراونـی ڕێژیـم کـە هەمیشـە لـە ترسـی شـەپۆلی تووڕەیـی خەڵـک زراویـان چـووە، بـۆ شـوێنەونکێ سـەلامی بریـندار لـە شـنۆوە دەڕفێننـە نەخۆشـخانەی ورمـێ، کـە بەداخـەوە کاریبوونـی برینەکانـی تەنیـا سـێ ڕۆژی دەرفەتـی ژیانـی بـە سـەلام دا و لـە ڕۆژی ٤ی ڕەزبـەری ١٤٠١ سـەلام گەڵوانـی، گیانـی پاکـی کـردە خـەڵات بـۆ ئازادیـی نیشـتمان و گەلەکـەی و تاسـە و خەمـی دوورکەوتنـەوەی خسـتە سـەر دڵـی کاک نـادری باوکـی و خاتـوو ئایشـێی دایکـی و لوقـمان و ئیدریـس و سـولەیمانی بـرای و دوو خۆشـکەکەی کوردسـتان و شـادی و هەمـوو خەڵکـی شـنۆ و ڕۆژهـەڵات و تێکـەڵ بـە کاروانـی سـوورخەڵاتانی کوردسـتان بـوو.

ڕێژیمـی پـەت و سێدارە وەک پیشـەی هەمیشـەیی لەترسـی کۆبوونـەوەی خەڵـک بـۆ بەخاکسـپاردنی شـەهید سـەلام، بنەماڵەکـەی دەخاتـە ژێـر گوشـارەوە کـە دەبـێ کاتژمێـر ٦ی سـەرلە بەیانـی لـە گۆڕسـتانێکی دەرەوەی شـاری شـنۆ ئەسـپاردەی بکـەن، هـەر بۆیـە تەرمـی شـەهید سـەلامی سـەربەرز لـە کەشـێکی تـەواو ئەمنیـدا لـە گۆڕسـتانی «سـەید حەسـەنی کلکـەی خانلـەری» بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان سـپێردرا. لـە چلـەی شـەهیدبوونی سـەلامدا، رۆڵـە بوێرەکـەی شـاری شـنۆ، بنەماڵـە و خـزم و کـەس و خەڵکـی شـنۆ لـە دەوری گڵکۆکـەی کۆبوونـەوە و بەڵێنیـی وەفـا و ئەمەگدارییـان بـۆ شـەهیدان دووپـات کـردەوە و بـە دروشـمی نیشـتمانی ئـەو ڕاسـتییەیان بیـر دوژمـن هێنایـەوە کـە کـورد هەرگیـز لـە داگیرکـەر خـۆش نابێـت و دەرنـگ یـان زوو دەبـێ باجـی کردەوەکانـی بـدات و خاکـی کوردسـتان لـە گۆڕسـتان بـۆ فاشیسـتان بەولاوەتـر نییـە.

**قامووسی بوێری**

**«سوێند بە کێلی سوور و کێلی شین و کێلی گەردنیشتان**
**لاپەڕەی دوای وەرزی خوێنی سووری ئێوە، ڕۆژی هاتە**
**ڕا دەبن، دیسان بەهارێک بێتەوە، خەڵفی ئەوینتان**
**دەستی خوێناویی شەو! ئەو کاتە دەبینی کارەساتە**
**ئەی شەهیدانی کتێبی سەردەمی نەشتەر! مەشەمزێن**
**ناوی ئێوە، پڕ بە قامووسی بوێریی هەرچی کاتە»**

(ڕابوون ڕۆژهەڵات)



# شەهید ئەمجەد عینایەتی

جەعفەر ڕەسووڵی

شۆڕشـی ژینا و بەیداخی «**ژن، ژیان، ئازادی**»، کە سـەرچاوەی سـەرهەڵدانی ڕاپەڕینـی ژینـا بـوو، وەکـوو بوڕکانێـک لـە هەنـاوی کوردسـتانەوە بـەرەو تەشـقی ئاسـمان تەقییـەوە. پڕیشـکی ئـەو بوڕکانـە لـە ماوەیەکـی کـورت و چاوتروکانێکـدا سەرانسـەری شـار و گوندەکانـی کوردسـتانی گرتـەوە و وەکـوو شریخـەی هەورێکـی بارانـاوی کـە هەمـوو بوونەوەرێکـی خەوتـوو لـە خـەو ڕادەچڵەکێنـێ، گشـت ناوچەکـە و تەنانـەت جیهانیشـی گرتـەوە، هەمـوو ئازادیخوازانـی کێشـایە سـەر شـەقامەکان و بـوو بـە هـاواری پەنگخـواردووی گەلێکـی مافخـوراو و مـاف پێشـێلکراو و تینـوو بـە ئـازادی و سەربەسـتی.

لـە نێـو هەمـوو ئـەو شـار و گونـد و پایتەختانـەی جیهانـدا کـە بـۆ شۆڕشـی ژینـا لـە خەبـات و بەرخۆدانـدا بـوون، شـاری بـۆکان ببـوو بـە یەکێـک لـە ناوەندەکانـی شۆڕشـی ژینـا و ئاڵاهەڵگـری دروشـمی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**». ئەو شـارە گشـت کووچە و کۆڵان و شـەقام و تەنانەت سـەربان و حەوشـەی ماڵەکانیشـی بـە درێژایـی شۆڕشـەکە نرکـەی دەهـات و پیـر و گەنـج، کیـژ و کـوڕ و بەسـاڵاچووان مەشـغەڵی شۆڕشـەکەیان بـە دەسـتەوە بـوو.

لـە ڕاپەڕیـن و شۆڕشـی ژینـادا بـە هـەزاران ڕۆڵـەی ئـازا و قارەمانـی کـورد

بـە دڵ و بـە گیـان بـۆ رزگاری و سەربەسـتیی نەتـەوە و نیشـتمانیان بـە دەسـتی بەتـاڵ بـەڵام بـە بوێـری و بـڕوا بـە ڕەوابوونی خەبـات و تێکۆشـانیان بەرەنـگاری داگیرکـەر بوونـەوە و هـەر لـەم ڕێگایەشـدا دەیـان کـەس لـەم ڕۆڵانـە شـەهید بـوون و گیانیـان پێشکەشـی بـارەگای ئازادیـی نەتەوەکەیـان کـرد.

یەکێـک لـەو ڕۆڵـە بەجـەرگ و بوێرانـە «ئەمجـەد عینایەتـی» بـوو؛ ئەمجـەد کـوڕی کاک سـەلام و خاتـوو سـارا، ڕۆژی ٢ی بەفرانبـاری سـاڵی ١٣٧٨ی هەتـاوی لـە شـاری بـۆکان لەدایـک بـوو. ئەمجـەد دوو بـرا و خوشـکێکی هەبـوو بـە ناوەکانـی محەممـەد، ئیسـماعیل و پەرەسـتوو.

ئەمجـەد لـە سـەردەمێکدا چـاوی بـە دنیـا هەڵێنـا و دارەدارەی کـرد و پێـی هەڵگـرت کـە لـە لایـەک کوردسـتان بەتـەواوی لـە لایـەن ڕێژیمـی تێرۆریسـتی ئاخوندییـەوە میلیتاریـزە کرابـوو و لـە لایەکیتریشـەوە ڕێژیـم بـە شـێوەی سیسـتماتیک و بـە پـلان دەسـتیان بـە تالانکردنـی کانـگا ژێرزەوییەکانـی کوردسـتان کردبـوو و ڕاپاندەگواسـت بـۆ شـارەکانی ناوەنـدی ئێـران و خێـر و بێرەکـەی دەچـووە گیرفانـی کەسـانی دیکـەوە.

ئەمجـەد لـەو سـەردەمەدا هێشـتا بەتـەواوی خۆشـیی لـە یاریکـردن لەگـەڵ منداڵانـی هاوزمـان و خزمـان و هاوسـێکانی نەدیبـوو کـە بەهـۆی هەڵاواردنـی سیسـتماتیکی ڕێژیـم لـە کوردسـتان و نەبوونـی دەرفەتـی کار، بنەماڵەکـەی بـە ناچـار ڕوویـان کـردە شـاری تـاران و لـەوێ خوێندنـی سـەرەتایی دەسـت پێکـرد و تـا داواناوەندیشـی تـەواو کـرد، لـە تـاران بـوون. ئـەو سـەرەڕای ئەوەیکـە لـە شـارەکەی خـۆی نەبـوو و لـە سیسـتمی داسـەپاوی پـەروەردەی ئێرانیشـدا کـەس بـۆی نییـە بـە زمانێکیتـر جگـە لـە زمانـی فارسـی بخوێنـێ، بـەو حاڵـەش لەگـەڵ ئـەوەی ئەمجـەد قوتابییەکـی

کـورد بـوو و لـە تـاران دەرسـی دەخوێنـد، کوڕێکـی زیـرەک و دەرسـخوێن بـوو و هەمیشـە لـە ڕیـزی قوتابییـە زیرەکەکانـی قوتابخانەکانـی تارانـدا بـوو.

ئەمجـەد لـە پەنـا دەرس خوێندنـدا لەگـەڵ باوکیشـی کاری دەکـرد و دوای گەڕانەوەیـان بـۆ بـۆکان درێـژە بـە دەرس خوێنـدن دەدات و لـە بەشـی دەروونناسـیی «زانکـۆی پەیامـی نـووری بـۆکان» وەرگیـرا. هـاوکات لەگـەڵ خوێنـدن کاریشـی دەکـرد و لـە بەرامبـەر بنەماڵەکەیـدا خـۆی بـە بەرپـرس دەزانـی و هـەر ئـەوەش وایکردبـوو ئەمجـەد لـە نێـو خـزم و هاوڕێیانیـدا کوڕێکـی ڕوحسـووک و خۆشەویسـت و لەبـەردڵان بـێ. هەرچـی لـە دەسـتی هاتبـا بـۆ دۆسـت و هاوڕێیانـی دریغـی نەدەکـرد. کەسێکی خاوەن هەڵوێسـت بـوو و بـە هـۆی ئـەوەی لـە پێتەختـی ئێـران ژیـا بـوو بەتـەواوی هەسـتی بـە زوڵـم و چەوسـانەی گەلەکـەی لەلایـەن دەسـەڵاتداران و ناوەندگەرایـان کردبـوو و بەتـەواوی ئـەو هەڵاواردنە سیسـتماتیکەی هەسـت پێکردبـوو کـە زیاتـر لـە چـوار دەیەیـە ناوەندگەرایـان وەک نەتـەوەی باڵادەسـت بـە سـەر گەلانـی دیکـەی ئێرانیانـدا سـەپاندووە.

ئەمجـەد وێـڕای هەمـوو کوڕوکاڵانـی نیشـتمان لـە دەسـپێکی ڕاپەڕینەکانـی ژینـا بـە دژی ڕێژیمـی ئاخونـدی و دژەمرۆییـەوە، بەوپـەڕی ئەرکوەخۆگرییـەوە لـە خۆپیشـاندانەکانی شـەقام و گەڕەکەکانـی شـاری بـۆکان، بەشـدار دەبـوو و دڵـی بـە شۆڕشـی ژینـا و ئامانجەکانی ئەم شۆڕشـە زۆر خـۆش بـوو و دەیکـوت بـۆ ڕزگاربـوون لـە دەسـت ئـەو ڕێژیمـە ئەرکـی هەموومانـە بچینـە نـاو خۆپێشـاندانەکان و ئـەو شۆڕشـە سـەر بخەیـن. ئـەم شۆڕشـە بـەدەر لـە پیرۆزبوونـی ئامانجەکـەی، بـۆ ئەمجـەد و گشـت لاوانـی کوردسـتان و بـە تایبەتـی ئـەو لاوانـەی لـە شـەقامەکاندا خۆڕاگـری

و بەرخۆدانیــان دەکــرد، وەکــوو کێبڕکێیەکــی هەڵاتنــی ماڕاتــۆن وابــوو کــە هــەر کەســە و بــە هــەوڵ و فیــداکاری و ئازایەتــی خــۆی دەیویســت زوو بــگات بــە خــاڵ و ئامانجــی کۆتایــی و مەدالیاکــە لــە مــل بــکات کــە ئەمجــەد لــەم کێبڕکێیــەدا لــە ڕیــزی یەکەمــی ڕاکردنــی ئــەم ماڕاتۆنــەدا بــوو کــە بــە دروشــمی «**ژن، ژیــان، ئــازادی**» و «**یــان کوردســتان یــا نەمــان**»، بــە گوڕتینێکــی بێوێنــەوە لەئــارادا بــوو.

ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵــوەر لــە ڕەوتــی شــۆڕشــی ژینــادا یەکێــک لــە ڕۆژە مێژوویەکانــی بــۆکان بــوو. لــەو ڕۆژەدا حەماســە خوڵقــا و مێژوویەکــی دیکــە تۆمــار کــرا. هەمــوو گــەڕەک و شــەقام و کۆڵانەکانــی ئــەو شــارە لــە خەڵکــی راپەڕیــو جمــەی دەهــات و ئــاڵای پیــرۆزی کوردســتان بــە دەســتی لاوانــی ئــازا و بوێــری شــاری بــۆکان بووکــی ڕازاوەی موکریــان دەشــەکایەوە.

**«کێڵگە دەستریٚ بۆ باران، چیا بۆ هەڵۆ**
**ڕووبار و چەم بۆ نەوەستان، خۆر بۆ ئاسۆ**
**ئاگرپەرست بۆ ئاتەشگە، با بۆ چرۆ**
**ئەستێرە و مانگ بۆ سپیدە، منیش بۆ تۆ**
**کوردستانم، منیش بۆ تۆ»**

دوژمــن هێزەکانــی بــە ســەر شــوێنە جۆراوجۆرەکانــی بۆکانــدا دابــەش کردبــوو و توانــای ســەرکوتی نەمابــوو بۆیــە دەســتیان لــە کەس نەدەپاراســت. لــە ئاکامــی تەقــەی ڕاســتەوخۆی هێــزە دژی گەلییەکانــی ڕێژیمــدا، ئەمجــەد عینایەتــی لــە شــەقامی کەمەربەنــدی و لەنــاو ئاپــۆڕای جەمــاوەری ڕاپەڕیودا دەدرێتە بەر دەســتڕێژی تێرۆریســتانی ســپای پاســتاران و هاوکات ماشــێنێکی ســەمەندی ســپیش کــە لیبــاس شەخســی تێــدا دەبــێ لــە پشــتەوەڕا تەقــە لــە

ئەمجـەد دەکـەن و ئەمجـەدی ڕەزاسـووک تێکـەڵ بـە کاروانـی نەمرانـی مێـژۆوە دەبێـت، هـەر ئـەو شـەوە هیـوا جان‌جـان، هـەژار مام‌خـوسرەوی، میلاد مەعرووفـی و مستەفا شـەعبان چـوار لاوی دڵ پـڕ لـە هیـوای دیکـەی شـاری بـۆکان دەکەونـە بـەر تیـری نەیارانـی کـوردەوە و گیانـی ئازیزیـان پێشکەشـی بـارەگای ئازادیـی نیشـتمان دەکـەن و بەردەوامیـی شـۆڕش و بەرخـۆدان بـە هـاوڕێ و هاوبیرانیـان دەسـپێرێن. تەرمـی شـەهید ئەمجـەد عینایەتـی ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، لـە گۆڕسـتانی بـۆکان ئەسـپاردەی خاکـی پیـرۆزی نیشـتمان دەکـرێ.

**«لەسەر کێل و مەزاری من بنووسن**
**شەهیدی ئەشق و ئازادیی وڵات بوو**
**بڵێن کاتێ کە مرد جامانەکەی خۆی**
**کە دروابوو بە باڵای وەک خەڵات بوو**
**بنووسن با بزانن ڕۆڵە کورد بووم**
**کە مەرگی من لەبۆ ماف و خەبات بوو**
**نەڵێن سەربازی ون یا بێسەروشوێن**
**غەریب و بێکەسێک یا بێسوبات بوو**
**لەتامی تاڵیی مردن گەر بپرسن**
**دەڵێم لای من چ شیرن بوو، نەبات بوو**
**پەشیمان نیم لە مەرگ و گیانفیدایی**
**فەنا بوون و نەمانم وەک حەیات بوو**
**بە چەپکێ گوڵ وەڕازێنن مەزارم**
**بڵێن ئەمجەد کوڕێکی ڕۆژهەڵات بوو»**
**(بێبەش پیرانشار)**



# شەهید سەدرەدین لێتانی

سولەیمان ئەحمەدی

شۆڕشی شکۆمەندی ژینا نەک تەنیا لەبەر ئەوەی ئاڵاهەڵگری ئامانجێکی تەواو ئینسانی و ئازادیخوازانە و بە مانای ڕیشەکێش کردنی دەسەڵاتی ئاخوندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دێت کە ئاوات و ئامانجی میلیۆنان کەسە چ لە کوردستان و ئێران و چ لە سەرجەم ئەو ناوچانەی کە تارمایی هەژموونی دەسەڵاتی نگریسی ئاخوندی هەناسەسواری کردوون، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە ئەو شۆڕشە تانوپۆی کولتووری بەرەنگاریی سیاسی سەرلەنوێ شی کردەوە و نەشونمای پێدا، هەمدیسان شانازییەکی دیکەی لە درێژەی ڕەوتی خەباتی مافخوازانەیدا بە بەر باڵای ڤاڵای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕی و لە جیهان دەنگی دایەوە و ڕۆڵە گیانلەسەردەستەکانی نیشتمان ئازایانە و بێباکانە بەرەنگاری بەکرێگیراوانی ڕێژیم بوونەوە.

یەکێک لەو ڕۆڵە گیانلەسەردەستانە سەدرەدین لێتانی بوو، سەدرە کوڕی کاک قادر ناسراو بە قادر ڕێواس و دایە بەهار سەعیدی ڕۆژی ٩ی بانەمەڕی ١٣٦٩ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری گەڕەکی سەلیمئابادی شاری شنۆ چاوی بە دنیا هەڵێنا و بوو بە چرای ژیانی ئەو بنەماڵە نیشتمانپەروەرە و وانەکانی نیشتماندۆستی لە دایک و

باوکـی دڵسـۆزییەوە فێـر بـوو.
پـەروەردە و بارهێنانـی سـەدرەدین لەلایـەن بنەماڵەیەکـی ئازادیخـواز و فرچکگرتنـی بـە هەسـتی خۆشەویسـتیی نیشـتمان، کاریگەرییەکـی بنەڕەتـی لـە سـەر ڕوانیـن و هەڵسـوکەوتی ناوبـراو بەنسـبەت دەوروبـەری دانـا و بناغـەی تێفکریـن لەسـەر ژیانـی نەتـەوە بێبەشـکراوەکەی بـە پتـەوی داڕێـژرا.
سـەدرەدین لێتانـی لـە تەمەنـی ٧ ساڵیدا نێردرایـە قوتابخانـە و قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی، ناوەنـدی و دواناوەنـدی لـە بەشـی ئەدەبیـات لـە قوتابخانەکانـی شـاری شـنۆ بـە سـەرکەوتوویی تێپەڕانـد.
سـەدرە قوتابییەکـی زیـرەک، لێهاتـوو و خۆشەویسـتی مامۆسـتاکانی بـوو. هەمـوو جـارێ کـە بنەماڵەکـەی سـەردانی قوتابخانەیـان دەکـرد لەلایـەن مامۆسـتاکانەوە پێیـان دەوتـن کـە سـەدرەدین قوتابییەکـی زیـرەک و کارامەیـە و دڵنیایـن لـە داهاتـوودا دەبێتـە تاکێکـی سـەرکەوتوو و بەکەڵـک بـۆ کۆمەڵگاکـەی.
سـەدرەدین دوای وەرگرتنـی دیپلـۆم نـاوی لـە بەشـی مودیرییەتـی بازرگانـی لـە زانکـۆی پەیامـی نـووری مەهابـاد هاتـەوە، بـەڵام وەک بەشـی هـەرە زۆری لاوانـی خۆشـی نەدیتـووی وڵاتەکـەی، کێشـە و گرفتـی نالەبـاری ئابـووری کـە بەهـۆی نالێوەشـاوەیی دەسـەڵاتی سـەرەڕۆوە بەرۆکـی خەڵکی وەزاڵەهاتـووی ئێـران بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبەتـی گرتـووە، دوای خوێندنـی دوو تێـرم لـە زانکـۆ وازی لـە خوێنـدن هێنـا و بـۆ پەیداکردنـی بژیـوی ژیـان هاتـە بـازاڕی کار و ڕووی کـردە کڕیـن و فرۆشـتنی بەروبوومـی بـاغ و میوەجـات.
سـەدرە سـەرەڕای ئـەوەی قسـەخۆش و قسەنەسـتەقی کـوڕی بنەماڵـە و

هاوڕێیانــی بــوو، لاوێکــی دەنگخــۆش بــوو کــە کــۆڕی خۆشەویســتانی بــە قســە خــۆش و دەنگــە زوڵاڵەکــەی دەڕازانــدەوە.

زوڵــم و زۆری ڕێژیمــی کوردکــوژی ئاخونــدی تەنگــی بــە ســەدرەی لاو هەڵچنیبــوو و بــۆ بەگژداچوونــەوەی کەندوکۆســپەکانی بــەردەم ڕێــگا، هەنگاویــان پــێ شــل نەدەکــرد.

لەگــەڵ دەســپێکردنی شۆڕشــی ژینــا، وێــڕای خەڵکــی ڕاپەڕیــوی شــاری شــنۆ، بــۆ کۆتاییهێنــان بــە دەســەڵاتی دیکتاتــۆری ئاخونــدی، هاتــە شــەقام و دەنگــی تێکــەڵ بــە دەنگــی گەنــج و لاوانــی نــاڕازی و ڕاپەڕیــو کــرد.

ســەدرەدین یەکێــک بــوو لــەو کەســانەی کــە ڕۆڵێکــی چالاکــی هەبــوو لــە خورۆشــاندنی لاوانــی شۆڕشــگێڕی شــنۆ بــۆ هێنانــە سەرشــەقام.

ڕاهێنانــی بنەماڵــە بــوو کــە وای لێدەکــرد بــەردەوام بــاس لــە نیشتماندۆســتی و تۆڵــەی خوێنــی بــە ناهــەق ڕژاوی شــەهیدان بایەزیــد مەعرووفــی، عومــەر ئەمینــی، هیدایــەت عەبدوڵڵاپــوور و هــەزاران شــەهیدی ڕێــگای ڕزگاری بکاتــەوە و خوازیــاری ڕاماڵینــی داگیرکــەر لــە زێــد و نیشــتمان بــێ.

ئێــوارەی ٣٠ی خەرمانانــی ١٤٠١ی هەتــاوی، لــە گەرمــەی خۆپیشــاندانەکاندا لەگــەڵ ئــەوەی ڕێبەریــی خۆپێشــاندەران و قوتابیانــی ڕێبــازی شــەهیدان شــەهاب ســەیادی، کوردنــژاد و مێهفــەری بــە دەســتەوە گرتبوو، بــە هاوکاری و هاودڵیــی هــاوڕێ و هاوشــاریانی، قــادر ئیفتخاری‌ئاســا، دەســەڵاتی بەشــێکی بەرچــاوی شــاریان گرتــە دەســت و، پاســدار و بەکرێگیراوەکانیــان ناچــار کــرد بــە سەرشــۆڕی خــۆ بخزێننــەوە نــاو مۆڵگەکانیــان.

هــەر ئــەو شــەوە لــە کاتێکدا بــەرەو کەلانتــەری ١١ی ئەو شــارە لە تەنیشــت فەرمانــداری بەڕێــوە بــوون، هێــزە ســەرکوتکەر و جینایەتکارەکانــی ئاخونــدی بــە گولــلەی کلاشــینکۆف و ســاچمەیی هێرشــیان کــردە ســەر خۆپیشــاندەران

و لـە کاتژمێـر ٦ی شـەو سـەدرەدین لێتانییـان خەڵتانـی خوێـن کـرد و جگـە لـە شـێواندنی سـەروچاوی بـە سـاچمە، گولـلـەیەک بـەر دڵـی کـەوت و لـە پشـتییەوە وەدەر کـەوت و بەهـۆی خوێنڕێـژی زۆر بـەر لـەوەی بگاتـە نەخۆشـخانە، گیانـی پێشکەشـی بـارەگای ئـازادی کـرد و درێـژەی ڕێگاکـەی بـە هـاوڕێ و هاوسـەنگەرانی سـپارد.

چەنـد سـاتێک دواتـر و هـەر لـەو شـەوەدا دووی لاوی دڵ پـڕ لـە هیـوای ئـەم شـارە بـە ناوەکانـی ئەمیـن مەعرەفـەت و میـلان حەقیقـی بـە گولـلـەی جەنگیـی جینایەتکارانـی ڕێژیمـی خوێنمـژی ئاخونـدی پێکـران و چوونـە ڕیـزی سـوورخەڵاتانی نیشـتمانەوە و بـوون بـە میوانـی شـەهیدان سـەید برایمـی پـرداوێ، عومـەری سەعاتسـاز، واحیـد مەحموودیـان و دەیـان و سـەدان گوڵاڵـە سـوورەی بەهـاری ئـازادی لـە کێلەشـینی سـەربەرز.

هـاوکات کـە خۆپیشـاندەران شـەڕی داماڵینـی شـار لـە جـاش و پاسـتاڕانیان دەکـرد، لەلایـەن ژمارەیـەک لـە خۆپیشـاندەران تەرمـی بێگیانـی سـەدرەدین ڕفێنـدرا بـۆ نەخۆشـخانەی نەبیئەکرەمـی شـنۆ و پێوەنـدی بـە بنەماڵەکەیـەوە گیـرا کـە سـەدرەدین برینـدارە و وەرنـە نەخۆشـخانە.

کاتێـک کاک قـادری باوکـی و حاجـی بەهـاری دایکـی لەگـەڵ جەسـتەی لـە خوێـن شـەڵاڵی ئازیزیـان بـەرەوڕوو بـوون، دەمێـک بـوو ڕوحـی بەرزەفـڕی فـڕی بـوو بـۆ مەکـۆی دڵدارانـی نیشـتمان.

لاوانـی ڕاپەڕیـو و خوێنگەرمـی شـار و بنەماڵـەی شـەهید سـەدرە تەرمـی ناوبراویـان بـە زۆر لـە نەخۆشـخانە سـتاندەوە و نەیانهێشـت شەمشـەمەکوێرەکانی تاریکـی تەرمـی سـەدرەی لاو بـە بـێ نـازی و بـەدزی بنێـژن.


لەگـەڵ ئـەوەی دەیـان جـار لەلایـەن بەکرێگیراوانـی ڕێژیمـی سەرشـۆڕی

سـێدارەوە، پێوەندییـان پێوەگیـرا کـە لـە ناوەنـدی پارێـزگا ڕا هاتـوون و دەبـێ تەرمـی سـەدرەدین بهێنرێتـەوە بـۆ فەرمانـداری، شۆڕشـگێڕانی شـنۆ نەچوونـە ژێـر بـاری هەڕەشەوگوڕەشـەی داگیرکـەر و وڵامـی جینایەتکارانیان نەدایـەوە و بـە ڕووسـووری هـەر ئـەو شـەوە لەنـاو ئاپـۆڕای بەرینـی دانیشـتووانی شـاری هەمیشـە دێموکڕاتـی شـنۆ، شـاری محەممـەدی عەلـی پیرێژنـێ، لـە گۆڕسـتانی سـوڵتان مسـتەفای ئـەو شـارە تەسـلیم بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان کـرا.

**قامووسی بوێری**

**«کێلەشین، ئەو گەردنەی؛ بەرزایی مێژووی ڕۆژهەڵاتە**
**بۆتە ئاوێنەی شنۆیەک؛ پڕ لە کووچەی سوورخەڵاتە**
**شۆڕشی ئاور بوو، ئێوارێیەکی خۆر ببووە شینگێڕ**
**چاوی گۆمی خوێن بوو، ئاسۆی هەر مەلێکی ئەو وڵاتە**
**کیژ ڕەزی ئێوارە بوون و مەست ڕژانە سەر شەقام و**
**لاو شەڕابی بوو لەشیان، لەو ڕێگەیی هات و نەهاتە**
**کووچە پێکرا، دەنگی داوە خوێن، لە ئەوکی شاری ئێمە**
**سەرشەقام تارای گەشی، ڕووسورە بووکی، ڕێی خەباتە**
**سوورخەڵاتانت شنۆ! گێلاس و باخ و شاخ و هەرد بوون**
**ئێستە لاوی وەک بڵێسە و کیژی هاودەنگی چیاتە»**

(ڕابوون ڕۆژهەڵات)



## شەهید شادمان ئەحمەدی

لەیلا قادری

ڕاستییەکان لە چاوی مێژوو شاراوە نین، لەمێژ ساڵە بەندیخانەی نیشتمانم پڕە لە چیرۆکی خۆڕاگری و خەون و ئاواتی سەربەستی. خەڵکی ڕۆژهەڵات لە شەقامەکان ژەنیاری هەرەوەزی ڕابوونن. لاوان و ژنانی نیشتمان قۆناغ بە قۆناغ و تەمەن لە دوای تەمەن لە شار و شاخ هەوڵیانداوە لەسەرپێ بن، نەوەستن و سەربڵندانە لە ئاستی داگیرکاری و چەوسانەوە خۆڕاگری بکەن. مێژووی دێولان و ناوچەی لەیلاخ لە بزاڤ و سەرهەڵدانەکانی شاخ و شاردا زۆر ڕۆڵەی وەک شەهید «شادمان ئەحمەدی» لە سەنگەری باوەڕ بە نیشتمان و سەربەستی پێگەیاندووە کە سامی بەسامیی زیندانیان شکاندووە و هەرگیز وازیان لە ئامانجی بەرزیان کە سەربەستی و ئازادییە نەهێناوە.

شادمان ئەحمەدی ئەو لاوەی زۆرجار لە بناری بەرزاییەکانی دێولان و ناوچەی لەیلاخ گوێی دڵی بە سۆزی دڵڕفێنی گۆرانی و سروودە نیشتمانییەکانی ئەو ناوچەیە دەسپارد و لە سێبەری ئەشکەوتەکاندا ئاوێتەی دەنگی سرووشت و مژدەی ئازادیی نیشتمانەکەی دەبوو، بیری لە مێژووی پڕ لە سەروەریی ڕێبوارانی شاخ دەکردەوە و سیلەی چاوی دەبڕییە ئاسۆی ئازادی.

شـادمان ئەحمـەدی، ڕۆژی ٢٨ی سـەرماوەزی سـاڵی ١٣٦٧ی هەتـاوی، لـە شـاری دێـولان سـەر بـە پارێـزگای سـنە چـاوی بـە ڕووی دنیـادا پشـکووت، ئـەو پشـکووتنەی پشـکۆی خۆزگـە و خـەون و ئاواتەکانـی کاک محەممـەدی باوکـی و دایـە نەخشـین ڕەحیمـی دایکـی جارێکـی دیکـە پـێ گەشـایەوە. ئاخـر شـادمان دواییـن منداڵـی بنەماڵـە بـوو، شـەش بـرا و خوشـکێکی لـە خـۆی گەروەتـری هەبـوو، بۆیـە هەمـووان سـەرنجیان لەسـەری بـوو، زۆریان خـۆش دەویسـت. شـادمان قۆناغەکانـی سـەرەتایی و ناوەندیـی خوێندنـی تا وەرگرتنـی دیپلـۆم لـە بەشـی ئابـووری بـە سـەرکەوتوویی بـڕی، کوڕێکـی ڕووخـۆش، لەبـەردڵان و خـاوەن ئەخلاقـی جوانـی کۆمەڵایەتـی و نیشـتمانی بـوو، بیـر و هـزری شـادمان لـە هەسـتێکی قووڵـی نەتەوەدۆسـتی و نیشـتمانپەروەرییەکی وەهـاوە سـەرچاوەی دەگـرت کـە هـەر لـە هەڕەتـی لاوییـەوە زۆرجـار لەگـەڵ مشـەخۆرانی ڕێژیـم تووشـی هەڵوێسـتگرتن و بەرەنگاربوونـەوە و دەمەقاڵـە دەبـوو، هـەر ئـەوەش بـوو کـە دەسـتی تاوانبـاری هێـزە بەکرێگیراوەکانـی ڕێژیـم بـەرەو گرتووخانەیـان کێشـا و ماوەیـەک لـە بەندیخانـەی ڕێژیـم کەوتـە بـەر ئـازار و ئەشـکەنجەی دژەگەلییەکانـی ڕێژیمـی ئاخونـدی. جـا وەک شـاعیر وتەنـی؛ «**قـوڕ بەسـەر ئـەو دوژمنـەی هیـوای بـە بەندیخانەیـە**»، چونکـە بەندیخانـە هەمیشـە ورە و هێـزی خۆڕاگـری و بەگژداچوونـەوە بـۆ ڕۆڵـەی ئـازای وەک شـادمان زیاتـر دەکات و لەسـەر وەفـا و بەڵێنیـان بـۆ گـەل سـوورتر دەبـن. بـۆ ئـەوان یـان کوردسـتان یـان نەمـان کۆتایـی هەمـوو شـتێکە، بۆیـە شـادمان لەگـەڵ دەسـتپێکی سـەرهەڵدانەکانی شۆڕشـی ژینـادا بوێرانـە لـە هەمـوو خۆپیشـاندانەکانی دژە ڕێژیـم بەشـداری دەکـرد.

شـەهید شـادمان ئەحمـەدی لیدێـری دیـار و چالاکـی شۆڕشـی ژینـا لـە

شــاری دێــولان لەگــەڵ چەنــد هاوڕێیەکــی بــۆ دەربڕینــی هاوخەمــی و نوێکردنــەوەی پەیمانــی بــۆ تۆڵــەی خوێنــی بــە نــاڕەوا ڕژاوی ژینــای کــوردان، ســەردانی مــەزاری ژینــای لــە گۆرســتانی ئایچیــی ســقز کردبــوو.

شــەهید شــادمان لــە دوایــن پۆســتی ئینســتاگرامەکەی نووســیبووی؛ «**نــە مــەرگ ئەوەنــدە ســامناکە، نــە ژیــان ئەوەنــدەش شــیرینە، کەواتــە بــا شــەڕافەتمەندانە بژیــن**».

شــادمانی لاو کوڕێکــی ڕوحســووک و ئــازا و ماندوویی‌نەنــاس بــوو، کارگەیەکــی گێــزەر شــووتنەی دانابــوو، یــار و یــاوەری بــاوک و دایــک و بــرا و برازاکانــی و خۆشەویســت و هــاوکاری دۆســت و ناســیارەکانی بــوو. شــادمان هۆگرییەکــی زۆری بــە وەرزشــی شــاخەوانی و ئەسپ‌ســواری هەبــوو، هەمیشــە هاوکاریــی بنەماڵــە هەژارەکانــی بــە ئەرکــی مرۆیــی و نەتەوەیــی خــۆی دەزانــی و هــاوکات لــە شــوێنی کارەکــەی پاڵپشــت و یارمەتیــدەری هاوکارەکانیشــی بــوو.

**«قارەمانەکانی وەتەن خوێنیان، خەونیان ناکاتە دەریای پڕ خرۆش!**
**ئاشــق و بێپــەروا دەمــرن و، خەونیــان خوێنــی نــوێ لــە بازنــەی زەمانــدا دێنێتــە جــۆش»**

یەکێــک لــە ئاواتــە مرۆڤدۆســتانەکانی شــادمان دروســتکردنی ســەرپەنایەک بــوو بــۆ ژنــان و منداڵانــی هــەژار. بەداخــەوە نەیــار و خۆفرۆشــان، چاویــان بەرایــی جوامێریــی شــادمانی نــەدەدا، هــەر بۆیــە بــۆ خۆشــخزمەتی و ماســتاوچییەتی تۆمارێکیــان لەســەر نووســی و دایــان بــە دادســتانی دێــولان و ڕایانگەیانــد کــە ئەگــەر شــادمان دەستبەســەر بکــەن یــان لەنــاوی بــەرن،

ئارامی بۆ ئەوان و شارەکەش دەگەڕێتەوە.
هەر بۆیە پێنجشەممە سەعات ١٠ بەیانی ١٧ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، چەند کەس لە هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم هەڵدەکوتنە سەر ماڵی بابی شادمان و دەسبەسەری دەکەن و بە چاوی بەستراوەوە ڕاستەوخۆ دەیبەنە دادگای دێولان و بە بڕیاری بەناو دادوەر «پەرهام هاشمپوور» دەکەوێتە بەر ئازار و ئەشکەنجەی چەند جەنایەتکارێکی ڕێژیم و بە بیانووی ئەوەی کە دوای دۆڕانی تیمی ئێران بە تیمی ئامریکا لە یاری تۆپیپێی نێوانیاندا، هۆڕنی لێداوە و شادی دەربڕیوە، هەروەها بە تۆمەتی ئەوەی لە سووتاندنی بینا و دامودەزگاکانی ڕێژیمدا دەستی هەبووە، لە لایەن سیخوڕ و شۆفارێکی هەلپەرەست کە چاوساغی دوژمنان بووە لەو کاتەدا کە شادمان لەگەڵ پۆلێک لە لاوانی دێولان سەرقاڵی دروستکردنی کۆکتێل مۆلۆتۆف بوون بۆ ئەوەی بەرەنگاری جاش و پاستارە فاشیستەکان ببنەوە و بەرگری لە خۆیان بکەن، شناسایی دەکرێت و شوێنپێی هەڵدەگرن و دوای چەندین هەوڵی ناسەرکەوتوو بۆ دەسبەسەرکردنی لە کۆتاییدا هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم ئامانجە گلاوەکەیان دەپێکن و لە ماڵی خۆیان دەسبەسەری دەکەن.
کاتژمێر ٢:٣٠ دوانیوەڕۆی ١٧ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، دوای دەسبەسەرکرانی شادمان لە دادگای شاری دێولانەوە هەواڵی گیانلەدەستدانی شادمان بە بنەماڵەکەی ڕادەگەیەنرێ، بنەماڵە پەرێشان و حەپەساو خۆیان دەگەیەننە دادگا، وەک پیشەی هەمیشەیی ڕێژیم بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانە لەبننەهاتووەکانیان بە شێوەی جۆراوجۆر، ئەمجارەیان تۆمەتی خۆکوژی دەدەنە پاڵ شەهید شادمان، بەڵام

هەمیشــە کــورد وتەنــی؛ پەتــی درۆ کورتــە و لــە کاتێکــدا بــە پاســاوی توێــکاری و پشــکنین، تەرمــی شــەهید شــادمان ڕەوانــەی نەخۆشــخانەی شارســتانی قــوروە دەکــەن. «عەبدولقــادر ئیفتخــاری» ســەرۆکی بەنــاو دەزگای دادی دێــولان بــە بنەماڵــەی شــەهید شــادمان ڕادەگەیەنێــت کــە خۆیــان تەرمــی شــامان بــە خــاک دەســپێرن، بــەڵام هــەر زوو لەگــەڵ بەرەنگاریــی تونــدی بنەماڵــەی شــەهید شــادمان بــەرەوڕوو دەبــن، لەلایەکی دیکــەوە بڵاوبوونــەوەی هەواڵەکــە خەڵکــی دێــولان دەهێنێتــە جــۆش. جــا تــرس لــە هێرشــی جەمــاوەری تــووڕە بــۆ دادگا، کاربەدەســتان ناچــار بــە پاشــگەزبوونەوە لــە بڕیارەکەیــان دەکات و بەڵێــن بــە خانــەوادەی شــەهید شــادمان دەدەن دوای گەڕاندنــەوەی تەرمەکــەی لــە پزیشــکی دادی قوروەوە بــۆ دێــولان دەتوانــن لــە ئیــدارەی ئاگاهــی تەرمەکــەی وەرگرنــەوە. ســەرەڕای ئــەوەی کــە هێزەکانــی ڕێژیــم بەڵێنیــان بــە بنەماڵەکــەی دا کــە ســەر لــە ئێــوارەی هەمــان ڕۆژ تەرمــی شــەهید شــادمانیان بدەنــەوە، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی چاوەڕوانــی هەڵوێســتی جەمــاوەری تووڕەیــان کردبــوو، ترســیان لــە خۆپیشــاندان و کۆبوونــەوەی جەمــاوەری دێــولان هەبــوو تــا دەرنگانــی شــەو تەرمــی بێگیانــی شــەهید ڕادەســتی بنەماڵەکــەی نەکرایــەوە. لەکاتــی شووشــتنی تەرمــی شــەهید شــادمان ئاســەواری ئەشــکەنجە بــە هەمــوو شــوێنێکی جەســتەیەوە دیــار بــوو، مەچەکــی دەســتی چەپــی شــکابوو، ســەری زەبــری یەکجــار قورســی بەرکەوتبــوو.

شــەوی ١٧ی ســەرماوەز بــە ســەدان کــەس لــە خەڵکــی دێــولان کــە بــۆ هاوخەمــی لەگــەڵ بنەماڵــەی شــەهید شــادمان لەســەر گڵکۆکــەی ئامــادە بــوون، بــۆ جارێکــی دیکــە بــەدڵ گوێیــان بــۆ وەســیەتنامە و ڕاســپاردەکانی پێشــەوای مــەزن ڕاگــرت کــە مامۆســتایەکی ئایینــی بــە دەنگــی بــەرز وەبیــر

خەڵکی هێنایەوە کە پێویستە خۆیان لە خیانەت بە گەل و براکانیان بپارێزن و یەکڕیزی و برایەتیی خۆیان بۆ ماڵ و سامانی کاتیی دنیا نەفرۆشن.

لە چلەی شەهید شادمان ڕۆژی ٢٩ی بەفرانباریساڵی ١٤٠١ هەتاوی، سەرلەنوێ سەدان کەس لە خەڵکی خاوەن هەڵوێستی دێولان بە دروشمی «شەهید نامرێ» وەبیر هەموو دوژمنان و جیهانیان هێنایەوە کە کورد بۆ گەیشتن بە داوا ڕەواکانی دەست لە خەبات و خۆڕاگری هەڵناگرن.

**«ئەوان گوڵی تەمەنیان لە لاوچاکیدا هەڵوەرین و ژاکان، بەڵام بۆ هەتاهەتایە لەنێو دڵی گەل و نیشتماندا بە نەمری مان».**



## شەهید فایق مامقادری

سۆما ناسری

هەر شۆڕش و سەرهەڵدانێک لە ناخی دڵی ستەملێکراوان و دژبە داگیرکەران سەری هەڵدابێ، بێگومان پەنجەمۆری خوێناویی لاوانی نیشتیمانی پێوەیە و ئەو مرۆڤە لەخۆبردووانەش کە لەو پێناوەدا گیانی خۆیان پێشکەش بە ئازادی و سەربەستی دەکەن ناویان بۆ مێژوو وەک ئەستێرەی پڕشنگدار لە ئاسمانی هیوای نەتەوەکەیان تا گەیشتن بە ئاوات و هیوای گەلە ستەملێکراوەکەیان دەدرەوشێتەوە.

فایق مامقادری لە ١ی جۆزەردانی ١٣٦٤ی هەتاوی، لە شاری مەهابادی لانکی ڕووناکبیری لەدایک بووە و قۆناغەکانی خوێندنی تا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لە شاری مەهاباد خوێندووە و دواتر لە ڕشتەی بیرکاری بڕوانامەی لیسانسی لە زانکۆی ورمێ بەدەست هێناوە.

فایق مامقادری خاوەنی هۆش و بەهرەیەکی ناوازە بوو، واتە بەهرەی هۆشیی زۆر لەسەرێ بوو. لە تاقیکردنەوەی بیرکاریدا لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بەرزترین پلەی بەدەست هێناوە و بە یەکەم کەس لە قوتابخانەکانی مەهاباد هەڵبژێردراوە و پاشان بەهۆی ئەم بەهرە و لێهاتووییەوە، بۆ ماوەی چەند ساڵ دەبێتە ئەندامی ڕێکخراوەی باڵای بیرکاریزانانی ئێران.

دوای ئـەوەی دەچێتـە زانکـۆ و سـەرەڕای ئـەوەی هۆگرییەکـی زۆری بـە ڕشـتەکەی خـۆی واتـە بیـرکاری دەبێـت، لە پەنـا ئەویشـدا هـەوڵ دەدا فێری زانسـتی کامپیوتێریـش بێـت. لـە تاقیکردنـەوەی ئـەم ڕشتەیەشـدا پلـەی بـەرز بەدەسـت دەهێنـێ و زیرەکـی و لێهاتوویـی فایـق لـەم زانستەشـدا یەکجـار بـاڵا و جێـی سـەرنج بـوو. هـەر کەسـێک ناسـیبێتی دەیزانـی چەنـد لێهاتـوو و خاوەنـی چ هـۆش و بەهرەیـەک بـوو.

‹‹**هـەزار داخ و پـەژارە بـۆ ئـەو بـژاردە ناوازەیـە**»، ئەمـە قسـەیەک بـوو پـاش شـەهیدبوونی فایـق لـە زمانـی هاوڕێیانـی و خەڵکـەوە دەبیسـترێ. کەسێکی وا لێهاتـوو ئەگـەر تەنیـا بـۆ یـەک جـار بـە چـاو شـتێکی دیتبێـت، بـێ هیـچ ڕاهێنانێـک دووبـارەی کردووەتـەوە و هـەر کەسـێک یەکجـار لـە نزیکیـەوە دانیشـتبێت، لـە زانیـاری و زانسـتی فایـق سـەری سـووڕ مـاوە.

فایقــی شــەهید، لــە کار و پیشەشــدا ســەربەخۆخواز و پشتئەســتوور بـە خـۆی بـوو، هەرچەنـد بـۆ ماوەیـەک لـە بەشـی کۆمپیوتێـری ئیـدارەی بازرگانیــی مەهابــاد، کاری دەکــرد، بــەڵام وازی هێنــا و کار و پیشــەیەکی ســەربەخۆی وەڕێخســت.

لـە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا لەگـەڵ هاوڕێیەکـی خـۆی کارگەیەکـی وەبەرهێنانـی تەختـە و داریـان لـە شـارۆچکەی پیشـەیی مەهابـاد دامەزراند و لـەو کارگەیـەدا هەلـی کاری بـۆ چەنـد بنەماڵـەش ڕەخسـاند.

هـاوکات لەپـاڵ ئـەم کارەشـدا هـەر کارێکـی پێوەندیـدار بـە کۆمپیۆتێـر کـە خەڵـک لـە مەهابـاد تێیـدا بمابایـەوە، ڕایدەپەڕانـد و شـارەزای بەرنامـەی نەرمئامێـر و سـەختئامێری کۆمپیوتێـر و پرۆگرامداڕێژەرێکـی لێهاتـوو و دەسـتڕەنگین و شـارەزای دراوە ئیلکترۆنییەکانیـش بـوو. لـە بەرنامـەی دابـوو کتێبێکـی زانسـتی لەسـەر کۆمپیوتێـر بنووسـێت.

فایـق خێزانـدار بـوو و خاوەنـی هاوژینێکـی لێهاتوو بـە ناوی پـەری ڕەحیمی بـوو و بەرهەمـی ژیانیـان دوو منداڵـن بـە ناوەکانـی ئـاژوان تەمـەن سـێزدە سـاڵ و ئاوانـی تەمـەن نـۆ سـاڵ.

ماڵـی باوکـی شـەهید فایـق لـە شـەقامی مەنبەعـی مەهابـاد بـوو. ئـەم شـەقامە لـە سـەرەتای شۆڕشـی ژینـای شـەهیدەوە گۆڕەپانـی بەرخـۆدان و ڕاپەڕیـن بـوو. لـە ٢٣ی ڕەزبـەری ١٤٠١، هێزەکانـی پۆلیسـی ئـەم شـارە هاوشـان لەگـەڵ جـاش و بەکرێگیراوانـی ڕێژێـم، بـە شـێوەیەکی نافەرمـی حکوومەتـی نیزامییـان سـەپاند بـوو. ئـەو شـەوە گـەڕەک و کۆڵانەکانـی ئـەو شـەقامەیان گەمـارۆدا و پێشـیان بـە هەمـوو جموجۆڵێـک لـەو شـەقامەدا گـرت. هێـزی سـەرکوتکەر بـێ ئیزنـی خەڵـک سـەربان و شـەقامەکە دەتەنـن و هـەر کەسـێک وەدیـار بکەوتبـا، دەکەوتـە بـەر پەلامـاری دڕندانـەی ئـەو بەکرێگیراوانـە و ناوەنـاوەش هەڵیـان دەکوتـا سـەر مـاڵ و حاڵـی خەڵـک.

ماڵـی باوکـی شـەهید فایـق یەکێـک لـەو ماڵانەیـە دەکەوێتـە بـەر پەلامـاری نامرۆڤانـەی ئـەم هێزانـە. شووشـە و پەنجـەرە و دەرگای مـاڵ دەشـکێنن، هێزێکـی چـل کەسـی مەغوولئاسـا بەسـەر ئـەم ماڵـەدا دەڕژێـن. نەنـک و دایـک و خوشـک و بـرای بچووکـی شـەهید فایـق لـە ماڵـەوە دەبـن. لەنێـو فـەزای تـرس و دڵەڕاوکـێ و پەرۆشـیدا، دانـا بـرای بچووکـی شـەهید فایـق، خوشـکی دەینێرێتـە ژوورێکـەوە و دەرکـەی لەسـەر دادەخـات. پـاش گـەڕان و پشـکنینی نـاو ماڵەکـە بـە هەڕەشـە و ترسـاندن خوشـکی شـەهید فایـق ناچـار دەکـەن دەرگا بکاتـەوە؛ پـاش بێڕێزییەکـی زۆر بـە خوشـکی و ئەندامانـی بنەماڵەکەیـان، دواتـر بەشـێوەیەکی نامرۆڤانـە و بـە لێـدان و ئەشـکەنجە دانـا لەگـەڵ خۆیانـدا دەبـەن. کاتێـک دایکـی لەبەریـان دەپاڕێتـەوە، دەیدەنـە بـەر لێـدان و بێڕێـزی بەویـش دەکـەن. فایـق ئەوکاتە

لـە ماڵـی هاوڕێیەکـی میـوان دەبێـت، هەواڵـی گیرانـی براکـەی پـێ دەدەن. ئەویـش بـۆ ئـەوەی بزانێـت چـی ڕووی داوە، بەخێرایـی لەگـەڵ هاوڕێکـەی دەگەڕێتـەوە ماڵـێ و بـە ماشـێن لـە سـەر کـۆڵان دەیانهەوێـت بچنـە سـەر شـەقامەکە، پۆلیـس و گاردی تایبـەت داوایـان لێدەکـەن بگەڕێنـەوە و لـە گەڕانـەوەدا کتوپڕ دەیاندەنـە بـەر دەسـڕێژ و لـە یەکـەم دەسـڕێژدا هەمـوو ئـەو هێـزە دژە کوردانـە ماشـێنەکە دەکەنە ئامانـج و ماشـێنەکەیان دەکەوێتە سـەر کۆگایەکـی گڵ و خیـز و دەوەسـتێتەوە. دوای ئـەوەی لـە ماشـێنەکە دادەبـەزن و بـە دڕندانەتریـن شـێوە دەکەونـە بـەر پەلامـاری باتـۆم و مشـت و پێلاقـەی ئـەو هێـزە جینایەتکارانـە و دوای دەسبەسـەرکردنیان دەیانخەنـە ماشـێنی زبڵـی شـارەوانیەوە و بـۆ نەخۆشـخانەیان بـەڕێ دەکـەن. بەهـۆی قورسـیی برینەکانیـان لەوێـوە بـۆ نەخۆشـخانەی ورمـێ بـەڕێ دەکرێـن.

بەهـۆی بارودۆخـی مەترسـیداری فایـق کـە گولـلەیەک بەر سـەری کەوتبوو، بەشـێک لـە کاسـەی سـەری بـە باتـۆم شـکابوو و دوو گولـلەش لـە دەسـتی و یەکیـش لـە پشـتی و یەکێکـی دیکـەش قاچـی پێکابـوو و جەستەشـی بـە سـاچمە دابێژدابێـژ کرابـوو، بـەو حاڵـەوە مـاوەی ٢٧ حـەوت ڕۆژ لـە بەشـی چاودێریـی چـڕ مایـەوە و پـاش پێنـج جـار نەشـتەرگەری، بەشـێکی جەسـتەی لـەکار دەکەوێـت.

دوای ئـەوەی وەهـۆش خـۆی دێتـەوە مـاوەی چەنـد ڕۆژێـک بارودۆخـی باشـتر دەبێـت. بـەڵام بەهـۆی برینـی قاچیـەوە کڵۆخوێنێـک واتـە لەختەیـەک هەڵدەکشـێتە نێـو سـییەکانیەوە و تووشـی «ئامبۆلـی» دەبێـت و دووبـارە بارودۆخـی تێـک دەچێتـەوە. پاشـان گورچیلـەی لـە کار دەکـەون و ئـەو نەخۆشـینە جەرگیشـی دەگرێتـەوە و پـاش ٢٧ ڕۆژ بەربەرەکانـێ و ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ مـەرگ، لـە ١٨ی سـەرماوەزی ١٤٠١ دڵـە

گەورەکـەی بـۆ هەمیشـە لـە لێـدان دەکەوێـت و گیانـی پیـرۆزی پێشـکەش بــە بــارەگای نیشــتمان دەکات.

تەرمـی پیـرۆزی شـەهید فایـق لـە ژێـر چاوەدێریـی هێزەکانـی ڕێژیـم و لـە کەشـێکی تـەواو ئەمنییەتیـدا سـەعات یەکـی نیوەشـەو لـە گۆڕسـتانی مەهابــاد ئەســپاردەی خاکــی پیــرۆزی نیشــتمان دەکرێــت.

**«شەهید، چاوگی هزر و**
**قەڵای نیشتمانە،**
**چرای گەشی بەرخۆدانە**
**شەهید داری دەستی ڕێبوارانە**
**شەهید چوارچراکەی کوردستانە»**

شــەهید فایــق، مرۆڤێکــی جیــاواز و خاوەنــی بەهــا و ڕەوشــتی بــەرزی مرۆڤانــە بــوو. پێچەوانــەی ئــەو کەســانەی لــە ژیانــدا تەنیــا خواســتیان ژیانێکــی ئاســوودەیە، شــەهید فایــق زۆر قــووڵ و ورد بــە مانــای ژیانــدا ڕۆچوبــوو. ئامانــج و خواســتی زۆری بــۆ خــۆی دەستنیشــان دەکــرد.
شـەهید فایـق ئازادیـی بـە مافـی هـەر تاکێـک بەتایبـەت بـۆ ژنـان دەزانـی. ئازادیـی بـۆ ژن و پیـاو بـە یەکسـان دەدی و بـاوەڕی وابـوو ژنـی تێگەیشـتوو و خوێنـدەوار بـۆ وڵاتێکـی ئـازاد و دێموکراتیـک زۆر پێویسـتە و بـەردەوام دەیکـوت: «**نرخـی ژیـان لەوەدایـە مـرۆڤ تـا کاتێـک لـە ژیـان دایـە دەبێت شـوێن‌پەنجەیەک و ناوێکـی بـاش بـۆ داهاتـوو جـێ بهێڵێـت**».
بـە سـەرهەڵدانی ئـەم شۆڕشـە مەزنـە یەکجـار دڵخـۆش بـوو و هیوایەکـی زۆری لەســەر هەڵچنیبــوو؛ هەرچەنــد بــاوەڕی وابــوو شــەڕی بــەرد لــە

بەرانبــەری گولـــلەدا زۆر قورســە، بــەڵام بــاوەڕی بــە وره و ئیــرادەی خەڵکەکــەی هەبــوو، هــەر بۆیــەش ڕێکخســتن و ڕێبەریکردنــی شۆڕشــی شــەقامی بــە گرینــگ دەزانــی و پێیوابــوو بــۆ گەیشــتن بــە ئامانــج، پێویســتە شۆڕشــی هەمــوو گەلانــی ئێــران وێکــڕا بێــت و بــۆ ئەمــەش رێکخســتنی لــە هەمــوو ئاســتێکدا بــە پێویســت دەزانــی.



## شەهید جەوهەر فەتاحی

باهۆز ئەحمەد

«پاییز بوو وەرزێکی سارد،
دڵی ئیماندارانەتان بڵێسەبڵێسە
دەگەیشتە تەشقی ئاسمان
شەوی تاریکی ڕووناک کردبوو
ئازادیتان هێنابووە سەر شەقام و کۆڵانەکان
بژی کورد و کوردستان و بانگی
ژن ژیان ئازادیتان
خەوی گورگ و چەقەڵەکانی لە لووره و نووزە خستبوو
ڕۆژی ڕوونیان شەوەزەنگ و
شوێنە ژینیان ببووە زەلکاو و
تینوو بەخوێن، لەبن پەسیو
چاو و سەرشۆڕ، داهێزاو و لەرزیو
جار ناجارێ، نیو پەلامار
بە شێوەی دووپشک و مار
گەمارۆی ڕووناکییان ئەدا
کەڵبەی تیژی برسییان با ئەدا

**بەڵام جوانڕۆ لەسەرپێ بوو**
**ئیمان و باوەڕی پێ بوو**
**خۆری گرتبوو بە دەستەوە**
**بە گۆرانی و هەڵبەستەوە**
**هاواری بۆ شەهید دەکرد**
**دەیانوت ورەت بەرز بێ هەستەوە**
**جەوهەری تۆ با بنووسێ**
**لە نێو و پێنووسی گڕ نووسێ**
**با بەهەستەوە پێی بنووسێ**
**کوردستانم، چقڵی چاوی دوژمنانم**
**جەوهەری جەوهەرخوێن**
**تا گیانی دا، سروودی بۆ نیشتیمان ئەخوێن ...».**

مرۆڤێکی بەواتا جەوهەری مرۆڤایەتی و کوردبوون بوو، مرۆڤێک پڕ لە هەستی نیشتمانخۆشەویستی و ئەویندارێکی ڕاستەقینە، خوازیاری ئاشتی و یەکسانی، دڵسۆزێکی گەنج و لاوان، کە بەردەوام بۆ هەر کێشە و گرفتێک، هەوڵی ئەدا بە شێوەی ئاشتیانە کێشەکان چارەسەر بکات.

شەهید جەوهەر تا ئەو جێگەی بۆی لوابا دەستی گەنجانی دەگرت تا بتوانێ پیشەیەکیان هەبێت و سەرقاڵ بن، بۆ ئەوەی نەکەونە داوی پیلانە چەپەڵەکانی ڕێژێمەوە و لە خیانەت و ماددەی هۆشبەرەوە نەگلێن، تا ڕادەیەک لە جگەرەکێشانی گەنجان و مێرمنداڵان تووڕە دەبوو و جگەرەکەی لە دەست فڕێ ئەدان و باوکانە ئامۆژگاری

دەکـردن، هەمـووکات داهاتـووی گەنـج و لاوانـی وەک داهاتـووی منداڵەکانی خـۆی ئەبینـی.
شــەهید جەوهــەر هــاوکات لەگــەڵ بزووتنــەوەی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**»دا، ببــووە خەمخــۆر و پاڵپشــتی گەنجانــی لــە ســتەم ڕاپەڕیــوی جوانــڕۆ و لەمبــارەوە ڕۆڵێکــی بەهێــز و چالاکــی هەبــوو.
شــەوی پێشــتر کــە دوو کــەس لــە خۆپیشــاندەرانی شــاری جوانــڕۆ بــە ناوەکانــی شــەهید بەهادیــن وەیســی و شــەهید عیرفــان کاکایــی، کــە خزمـی شـەهید جەوهـەر بـوون، بـە دەسـتی هێزەکانـی ڕێژیمـی فاشیسـتی ئاخونـدی شـەهید کـران؛ شـەهید جەوهـەر، جەوهـەری کوردبوونـی زیاتـر دەخورۆشــێ و لەگــەڵ کەســانی نزیکــی خــۆی دێتــەوە شــەقام و بــەرەو نەخۆشـخانەی شـاری جوانـڕۆ دەکەوێتـە ڕێ و لـە ڕیـزی پێشـەوە تـا بەردەم ماڵــی شــەهید بەهــا دەچێــت.
ئـەو شـەوە شـەهید جەوهـەر و خەڵکێکـی بەرچـاو لـە شـاری جوانـڕۆ لـە تەنیشـت تەرمـی بێگیانـی ئـەو شـەهیدانە دەمێننـەوە بـۆ ئـەوەی دەسـتی گڵاوی داگیرکــەران نــەگات بــە تەرمــی پیــرۆزی شــەهیدان و بیانڕفێنــن، ئــەوان بــە ئەمەگداری و لەخۆبردووییــەوە بەجێیــان ناهێڵــن تــا بەیانــی بــە خاکــی پیــرۆزی نیشــتیمانیان دەســپێرن.
هــەر لەکاتــی بەخاکســپاردنی شــەهید بەهــا و ڕوو بــە تەرمــی پیــرۆزی شــەهید بەهادیــن، دەڵێــت کوڕەکــەم خۆزگــە منیــش هاوشــێوەی تــۆ، خاوێـن و بـە شـانازییەوە شـەهید دەبـووم. وەک ئـەوەی ئیلهامـی پێکـرا بـێ ڕووی دەکاتـە خەڵکەکـە و پێیـان دەڵـێ گۆڕێکیـش بـۆ ئـەو ئامـادە بکەن، خەڵکەکـەش ڕێگـەی پـێ نـادەن، هەرچەنـد دوای چەنـد کاتژمێـر هـەر ئـەو شـوێنە دەکرێتـە ماڵـی ئەبـەدی خـۆی!

پاش بەخاکسپاردنی شەهید بەها، هەر لەوێوە بەپێیان بەرەو گۆڕستانێکی دیکە دەکەوێتە ڕێ، کە بڕیارە تەرمی پیرۆزی شەهید عیرفان کاکایی مامۆستا دڵسۆزەکەی قوتابخانە بە ئامێزی نیشتیمان بسپێرن و پاش ئەوەی تەرمی ئەو شەهیدەی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانیان ئەسپەردە کرد، ڕق و تووڕەیی خەڵک لە ڕێژیمی دڕندە چەن قات بەرز بۆوە و لەگەڵ خەڵکی خورۆشاو بەرەو ناوشار دەکەونە ڕێ.

بەداخەوە دوژمنانی سوێندخواردووی کورد، سەر ڕێگایان دەکەنە گۆڕەپانی شەڕ و بە هەموو جۆرە چەکێک دەکەونە گیانی بەشداربووانی بە خاک سپاردووی شەهیدان.

شەهید جەوهەر بە ورەیەکی پۆڵایین و هاوکات شانبەشانی خەڵک، ڕووبەڕووی داگیرکەر و تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە؛ بەوتەی شایەتحاڵان، هەر لەو دەمی بەرگری کردنەدا دەبینێت کچێک بریندار بووە، ئەڵێت هێشتا زیندووە و بەرەو ڕووی دەچێت تاکوو ڕزگاری بکا، کە بەداخەوە بە گوللەی دۆشکا دەپێکرێ و گوللەیەک وەبەر ڕانی دەکەوێ، کە بە هاوکاریی خەڵکی ڕاپەڕیو دەیبەنە نێو ماڵێکەوە، ناچار دەبن لەترسی ئەوەی بەردەستی گورگسفەتانی ڕێژێم نەکەوێ، بۆ ماوەیەک لەو ماڵەدا دەیهێڵنەوە و ناتوانن بیبەنە دەرەوە و خوێنێکی زۆری لەبەر دەڕوا، پاشان سواری ماشێنێکی دەکەن تا بیگەیەننە نەخۆشخانە، بە برینداری هاوار دەکات نەیبەنە نەخۆشخانە، بۆ ئەوەی گیانی پاکی نەکەوێتە بەر دەستی نامرۆڤانی دژبە مرۆڤایەتی، داوا دەکات بیبەنەوە ماڵەوە تاکوو دوایین دیداری لەگەڵ هاوسەر و یادگارییەکانی ژیانی بکات و کۆڕی گەرمی بنەماڵەکەی ببێتە ژوانی ئەبەدی لەگەڵیان.

خەڵکەکـە بـە قسـەی دەکـەن و دەیبەنـەوە ماڵـەوە کـە بەداخـەوە هاوژیـن و مناڵەکانـی پـاش بیسـتنی هەواڵـی پێکرانـی، ئەوانیـش لەلایـەک عەوداڵـی جەوهـەر و جەوهەریـش عەوداڵـی هاوژیـن و مناڵەکانـی دەبـێ.
سـەرەنجام بـە بێهۆشـی دەیبەنـە نەخۆشـخانە و هاوژینەکـەی دەبینێـت کەسـێک بـە برینـداری و بێهۆشـی هێنراوەتـە نەخۆشـخانە کـە جەوهـەری مەردایەتـی و ورەی دواڕۆژی خـۆی و یادگارییەکانیەتـی.
هەرچەنـد کادری نەخۆشـخانە هەوڵـی زۆری لەگـەڵ ئـەدەن، پـاش هیلاکـی و ماندووبوونێکـی زۆر، بەداخـەوە بەهـۆی نەبوونـی خوێنـی پێویسـت، گیانـی پیـرۆزی پێشـکەش بـە بـارەگای نیشـتمان دەکات و تێکـەڵ بـە سـوورخەڵاتانی نیشـتمان دەبێـت.

**«ئێوە هەر ئازیزی ئەم خاکەی منن**
**ئیستەکەش هەر چقڵی چاوی دوژمنن**
**دەبنە زنجیری دەس و پێی ناکەسان**
**ئێوە پۆڵا و دارەبووز و ئاسنن**
**ناکەون لای ئێمە هەر بەرزن دەڵێم:**
**ئێوە دەریای پڕ شەپۆلی بێبنن**
**ئێوە زارتان پڕ لە هاواری گەلە**
**کەی دەتوانن زاری ئێوە باخنن!**
**ورد کرێن هەر دەبنە خاکی نیشتمان**
**ئەو دەمەش دەرمانی دەردی بێبنن»**

(سەربازی ون)

شـەهید جەوهـەر کـوڕی خاڵـۆ حەسـەن فەتاحـی و دایـە مـرواری سـاڵی ١٣٤١ی هەتـاوی، لـە شـاری سەلاسـی باوەجانـی لەدایـک بـوو و دانیشـتووی شـاری جوانـڕۆ بـوو. شـەهید جەوهـەر لەگـەڵ خاتـوو گەوهـەر ژیانـی هاوبەشـیان پێکهێنابـوو و لـە گەڕەکـی سـنجاوییەی جوانـڕۆ دووکانـی هەبـوو و کەسـێکی زۆر خۆشەویسـت و خۆشـناو بـوو. شـەهید جەوهـەر خـۆی باوکـی پێنـج منـداڵ بـوو بـە ناوەکانـی سـتار، سـومەییە، فاتمـە، یـاسر و زانـا، بۆیـە کچـان و کوڕانـی شـەقامی بـە مناڵـی خـۆی دەزانـی و نەیتوانـی لەئاسـت خوێنـی بـە ناحـەق ڕژاویـان بێدەنـگ بـێ و ئـەو جـۆرەی خـۆی ئاواتـی بـوو سـەربەرزانە چـووە ڕیـزی نەمرانـی مێـژووە و بـە خوێنـی پیـرۆزی خەونـی ئـازادی بـۆ ئـەوان و ئێمـەش بەجێهێشـت.

پـاش ئـەوەی شـەهید جەوهـەر گیانـی پیـرۆزی پێشـکەش بـە بـارەگای نیشـتمان و کاروانـی شـەهیدان دەکا، خەڵکـی بەهەڵوێسـتی جوانـڕۆ، ڕێگـە نـادەن تەرمـی پیـرۆزی هاوشـێوەی ڕێبوارانـی هاوڕێـی بکەوێتـە دەسـت دوژمنانـی دژی گەلیـی کـورد و دەیبەنـەوە ماڵـەوە و لـە ڕیوڕەسـمێکی بەشـکۆدا بـەرەو گۆڕسـتان و ئـەو شـوێنەی کـە هـاورای دەکـرد گۆڕێکـم بـۆ هەڵکەنـن، ئەویشـیان بـە ئامێـزی پیـرۆزی نیشـتمان سـپارد.



# شەهید داریووش عەلیزادە

سۆما ناسری

**«سەرەخۆشیم ناوێ، درێژە بە شۆڕش بدەن، سەرتان سڵامەت بێ».**

ئـەوە وتـەی زێڕینـی دایکێکـی جەرگسـووتاوە کـە دەبـێ بـە ئـاوی زێـڕ بنـووسرێ و لـە لاپەڕەکانـی مێـژووی پڕ لـە سـەروەریی نەتەوەکەمانـدا تۆمار بکرێ، بـۆ ئـەوەی جیـل دوای جیـل شـاهیدی گیانفیدایـی و لەخۆبردوویـی دایکانـی کـورد بـن، دایکانێـک کـە لـە کاتێکـدا ئازیزتریـن ڕۆڵەکانـی خۆیـان پێشکەشـی بـارەگای ئازادیـی نیشـتمان کـردووە، نەتەنیـا بـۆ ئازیزانیـان شـیوەن ناگێـڕن بەڵکـوو هەسـت بـە سـەربەرزی دەکـەن و خوازیـاری درێـژەدان بـە بەرخـۆدان و سـەرهەڵدانن؛ هـەر وەک چـۆن لـە سـەدەی بیسـتدا دایـە زێڕوەشـان خاتـوون لـە کاتێکـدا هـەر سـێک کـوڕە ئـازا و جوامێرەکـەی لەلایـەن حکوومەتـی ڕەزا شـای جەنایەتـکار لـە یـەک کاتـدا بـەدارەوە کـران، فرمێسـکی بـۆ نەڕشـتن و سـەربەرزانە بەشـانازییەوە چـاوی لـە قارەمانەکانـی سـەربەدارەوە کـرد و وتـی: «**دەک ڕۆڵـە ڕووتـان سـپی بـێ وەک چـۆن ڕووی منتـان سـپی کـرد، مـن بۆتـان ناگریـم شـیوەنتان بـۆ ناگێـڕم، ئێـوە لـە ڕێـگای ئازادیـی کوردسـتان و خاکـی نیشـتماندا شـەهید بـوون و لـەلای مـن هەرگیـز نەمـردوون و هـەر دەم زینـدوون**».

بـۆ جارێکـی دیکـە لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا مێـژوو دووبـارە بـۆوە

و دایـە فاتمـە دایکـی شـەهید «داریـووش عەلیـزادە» کاتێـک بـە هەواڵـی شـەهیدبوونی کوڕەکـەی زانـی دەنگـی هەڵبـڕی و ڕوو بـە بەشـداربووان وتـی: «**سەرەخۆشـیم نـاوێ درێـژە بـە شـۆڕش بـدەن**»» لـە مێـژووی ئێمـەی کـورددا، زۆرن ئـەو دایکانـەی کـە ڕۆڵەکانیـان بـە ئازایەتـی و جوامێـری فرچـک داوە و لەگـەڵ لەدایکبوونیانـدا بانگـی ئازادییـان بـە گـوێ دا خوێنـدوون.

لـە شۆڕشـە سـەردەمیانەکەی ژیناشـدا دیتـمان کـە ژنانـی کـورد، لـە ڕیـزی هـەرە پێشـەوەی خۆپێشـاندان و ڕابوونـی شـەقامەکاندان و ئاڵاهەڵگـری شۆڕشـەکە بـوون، لـە سـەر گڵکـۆی شـەهیدان بـە دەنگـی بـەرز هاوریـان دەکـرد: «**هەتـا کوردێـک بمێنـێ، کوردسـتانیش دەمێنـێ**» و «**دایکـی نیشـتمان نەبـم تۆڵـەت نەسـتێنم**»؛ باوکـی شـەهیدان بـوون هـەر کامەیـان وتاربێژێکـی کارامـە و لێهاتـوو بـوون و ئـەوە خوشـکی شـەهید بـوو جلوبەرگـی بـرای شـەهیدی لەبـەر دەکـرد و لـە شـوێنی شـەهیدکرانی براکـەی پەیمانـی وەفـاداری نـوێ دەکـردەوە، هاوسـەری شـەهیدان ببوونـە وتاربێـژی سـەر گڵکـۆی یـاری لەدەسـتچوویان و لەگـەڵ وتنـەوەی دروشـمی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» بـە شـانازییەوە خۆیـان بـە درێـژەدەری ڕێـگای شـەهیدەکانیان دەزانـن و ئـەوەش بـۆ هەمووـمـان ڕوون و ئاشـکرایە دوای تێپەڕینـی زیاتـر لـە ساڵێک بـە سـەر سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ژینـادا، تـا ئێستاشـی لەگـەڵ بـێ ئـەوە بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدانن کـە تین‌وتـاوی ئـەم شۆڕشـەیان ڕاگرتـووە و لـە ساڵوەگەڕی شـەهیدکرانیاندا بـە گوڵبارانکردنـی ئـەو شـوێنەی جەنایەتکارانـی ڕێژیـم خوێنـی ڕۆڵەکانیـان لـێ ڕشـت، سروودی شۆڕشـگێڕی و دروشـمی مـەرگ و نەمـان بـۆ خوێنڕێژانـی فاشیسـت دەڵێنـەوە و سـوێند دەخـۆن تـا تۆڵەیـان نەسـتێنن نـەسرەون و

بێدەنـگ نەبـن.
داریـووش عەلیـزادە ڕۆژی ٢١ی پووشـپەڕی سـاڵی ١٣٦٨ی هەتـاوی، لـە شـاری سـنە لەدایـک بـوو، سـێ بـرا و سـێ خوشـکی هەبـوو و خـۆی منداڵـی حەوتەمـی بنەماڵـە بـوو و هـەر بۆیـە وەک پاشـەبەرەی ماڵـێ خۆشەویسـتی هەمـووان بـوو.
داریـووش قۆناغەکانـی خوێندنـی تـا وەرگرتنـی دیپڵـۆم لـە بەشـی «نەخشەکێشـیی بینـا» لـەو شـارە وەرگـرت و دواتـر ڕووی کـردە بـازاڕی کار و بـۆ دابینیکردنـی بژێـوی ژیـان، سـەربەرزانە تێدەکۆشـا.
داریـووش کوڕێکـی شـیرین‌زمان، ڕووخـۆش و لەسـەرەخۆ بـوو، پاڵپشـت و خەمخـۆری دایکـی بـوو، هۆگرییەکـی زۆری بـە سرووشـت و گـوڵ و گیـا هەبـوو، لـە هەمـان کاتـدا کوڕێکـی ڕۆشـنبیر و تێگەیشـتوو بـوو و بـاوەڕی قووڵـی بـە ئـازادی و یەکسـانیی ژن و پیـاو هەبـوو و بـەردەوام دەیـوت «**دەبـێ هـەوڵ بدەیـن هەڵاواردنـی ڕەگەزیـی بنبـڕ بکەیـن و بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەبـێ لـە خۆمانـەوە دەسـت پـێ بکەیـن**».
داریـووش حـەزی لـە وەرزش بـوو و گرینگـی بـە سـڵامەتی جەسـتەیی و ڕوحـی خـۆی دەدا و ئـەو ڕۆژە کـە بـە دایکـی وت دەچـێ بـۆ باشـگا و ئیـدی نەگـەڕاوە، ڕۆژی ١٦ی ڕەزبـەر بـوو؛ شـەقام و کۆڵانەکانـی شـاری سـنەی پێشـەنگ، کورسـانەکەی بـاوان، جمـەی دەهـات لـە خەڵکـی ڕاپەڕیـو و خەڵکـی ئـەو شـارە بـە ژن، پیـر و لاو و منداڵـەوە ڕژابوونـە سـەر شـەقام بـۆ ئـەوەی بـە یەکگرتوویـی کۆتایـی بـە تەخـت و بەختـی تاریکپەرسـتانی ئاخونـدی بێنـن و وێکـڕای گەلانـی دیکـەی ئێـران هـەوری سـتەم لـەو وڵاتـە ڕاماڵـن. داریووشـیش ڕێگاکـەی خـۆی گـۆڕی و چـووە نێـوە خۆپیشـاندەرانەوە، هێزەکانـی دوژمـن کـە وەک هەمیشـە هێندێـک

لـە زۆڵەکـوردەکان ببوونـە کەواسـووری پێـش لەشـکر، لـە هەمـوو لاوە پەلامـاری خەڵکـی خورۆشـاویان دابـوو و بـۆ سـەرکوتکردنی خەڵـک لـە هیـچ درێغیـان نەدەکـرد و، ئـەو ڕۆژە زۆر لـە خۆپیشـاندەران کەوتنـە بـەر تەقـەی ئـەو هێزانـە و برینـدار بـوون، لـەو نێـوەدا داریووشـی لاو لـە یەکێـک لـە کۆڵانەکانـی «چوارڕێـی سـیرووس» لـە پشـتەوە بـە گولـلەی کلاشـینکۆف پێکـرا و بەسـەختی برینـدار بـوو، تـا گەیاندیانـە نەخۆشـخانەی تەوحیـد؛ بەهـۆی ئـەوەی شـادەماری قاچـی گرتبـوو و خوێنێکـی زۆری لـە بـەر ڕۆیشـتبوو چـووە کۆمـاوە و سـەرەڕای ئـەوەی کادری نەخۆشـخانەش زۆریـان هـەوڵ دا بـەڵام بەهـۆی کاریبوونـی برینەکـەی داریـووش شـەقامی بـۆ هاوبیرانـی بەجـێ هێشـت و درێـژەی خەباتـی بـە هاوڕێیانـی سـپارد.
هـەر لـەو ڕۆژەدا سـێ ڕۆڵـەی قارەمانـی دیکـەی شـاری سـنەی خوێنـاوی لە شـەقامەکانی ئـەو شـارە بـە ناوەکانـی پەیـمان مینبـەری، محەممـەد ئەمینـی و یەحیـا ڕەحیمـی لەگـەڵ داریـووش عەلیـزادە خوێنیـان تێکـەڵ بـە خوێنـی شـەهیدانی سـەربەرزی کوردسـتان بـوو و لاپەڕەکانـی مێژوویـان بـە خوێنـی سـوور و ئاڵیـان نەخشـاند.
هێزەکانــی ڕێژیــم وەک پیشــەی پێشــوویان لــە هەوڵــی ئــەوەدا بــوون تەرمـی داریـووش بڕفێنـن بـۆ ئـەوەی بـە دوور لـە بەشـداریی خەڵـک بـە خاکـی بسـپێرن! بنەماڵـەی شـەهید داریووشـیش بـۆ ئـەوەی نەهێڵـن ئـەو پیلانـە دژەمرۆییـەی ڕێژیـم سـەر بگـرێ و خۆیـان تەرمـی ڕۆڵەکەیـان ئەسـپەردە بکـەن، تەرمەکـەی دەبەنـەوە زێـدی بـاب و باپیرانـی لـە ئاوایـی «قەڵاکۆنـی» دیوانـدەرە و بـە ئامێـزی دایکـی نیشـتمانی دەسـپێرن.
٢٦ی خەزەڵـوەر، چلـەی داریـووش لـە گونـدی قەڵاکۆنـی دیوانـدەرە بەشـکۆوە بەڕێـوە چـوو و سروودی ئـەی شـەهیدان، تێکەڵـە لەگـەڵ زایەڵەی

**«ژن، ژیـان، ئـازادی»، کاک داریـووش قارەمانـە، شـەهیدی کوردسـتانە و تـا کوردیـک بمێنـی کوردسـتانیش دەمێنـێ».**

**«ئێوە چۆن دەبنە شەهید و ئەوەتان بەر دەکەوێ؟**
**بەرزە ئەو شوێنە دەزانم، کەمی لێ سەر دەکەوێ**
**ئێوە وەك تۆوی ئەوین دەچنەوە ئامێزی خاک**
**چەکەرەی ڕوانەوەتان ڕۆژێ بزەی دەردەکەوێ**
**ئێوە ئاوازی تریفە و شەبەق و ڕاسانن**
**هەرکە دووربن لە وڵات، تۆزی خەم و دەردەکەوێ**
**تۆوی بووژانەوەیە یادی بزە و ڕێبازتان**
**وەکوو ئەو بەفرە لە سەر باغ و چیا هەر دەکەوێ››**

(سەربازی ون)

دوای شـەهیدکردنی ڕۆڵەکانیشـمان بەکرێگیراوانـی ڕیژیـم واز لـە بنەماڵـەی شـەهیدان ناهێنـن و ئـەو بنەماڵانـە دەخەنـە ژێـر گوشـارەوە بـۆ ئـەوەی مەبەسـتی چەپەڵـی خۆیـان بپێکـن و شـەهیدەکانمان بکـەن بـە شـەهیدی خۆیـان و هەمـوو جارێکیـش لەگـەڵ دژکـردەوەی تونـدی بنەماڵـەی شـەهیدان بـەرەوڕوو دەبنـەوە، باوکـی شـەهید داریـووش لەمبـارەوە دەڵـێ: **«هێزەکانـی سـپا دوای ٨ مانـگ هاتـوون دەڵێـن هەدیەمـان بـۆت هێنـاوە! وتـم هـەزار هەدیـەی ئێـوە نابێتـە سـاتێکی کوڕەکـەم، هەدیـەی ئێـوە کوڕەکـەم بـۆ دێنێتـەوە؟ مـن دادخـوازی خوێنـی کوڕەکەمـم، مـن دادخـوازی خوێنـی کوڕەکەمـم».**



## شەهید فواد سەواری

ناسر سادقی

«خۆشەویستی دەرد و ژانی بێ‌ژوماری پێوەیە
مەینەتی چۆڵ و چیا و ڕیسوای شاری پێوەیە
دوور دیارن ئەو کەسانەی عاشق و سەوداسەرن
ڕەنگ و ڕوویان مۆری غەدری ڕۆژگای پێوەیە»

(مامۆستا هێدی)

قامووس و ڕەوتی بزاڤ و بەرگری لە نیشتمان و خەبات بۆ ئازادیی خەڵکی ڕۆژهەڵات، هەڵگری زۆر چەمکی وەک خۆنەویستی، لەخۆبردوویی و گیانفیدایی بووە؛ تایبەتمەندیگەلێک کە کوڕوکاڵانی کورد بە بڕوابەخۆیی و ورە و باوەڕی بەرزیان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە لەمێژینەکانی گەلەکەیان ڕوح و گیانیان لەسەر لەپی دەستیان داناوە و حەماسە و داستانی پڕاوپڕ لە قارەمانەتیان تۆمار کردووە. هەر کەس دیمەنی تراژیدی شەهیدبوونی «فواد سەواری» لە ڕۆژی ٢٨ی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە ناوەندی شەقامی شاری دیواندەرە لە کاتی سەرهەڵدانەکانی خەڵکی مافخوازی ئەو شارە ببینێ، هیچکات ویژدانی ئیزنی ئەوەی پێ نادا لەپێناو ئازادی و سەربەستیی

نەتەوەکەی، چاوپۆشی لە تۆڵە و ڕقی پیرۆز دژی پاستاڕە جەنایەتکار و هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم بکا.

فواد سەواری کوڕی کاک تۆفیق سەواری و خاتوو سەفیە فەللاح لەدایکبووی ١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی، لە ئاوایی قەرەول لە نزیک دیواندەرەیە. فواد چوارەمین منداڵی بنەماڵەکەیان بوو. خۆشەویست و هاوخەم و هاوڕازی سێ برا و دوو خوشکی بوو. تایبەتمەندیی جوانی فواد لە هێمنی و زمانشیرینی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە سەرنجی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لەسەر بوو.

فواد لە سەرەتای منداڵییەوە هۆگریەکی زۆری بە یارمەتیدانی دایک و بابی لە کاری کشتوکاڵی و ژیانی ڕۆژانەیان نیشان دەدا. دایکی فواد بەدڵ لە گەورە بوون و سەرکەوتنی دوارۆژی فوادی دەڕوانی. ئاواتەکانی دوارۆژی خۆی لە ساباتی سەرفرازی و گەشەی ژیانی فواد دا بەدی دەکرد، ئەوی بە وەکاز و چرای پیرەڕێی ژیان دەزانی. پەیوندەی و هۆگریی فواد و دایە سەفیە بەڕادەیەک بوو لە سەرەتای چوونی بۆ قوتابخانە نزیک بە مانگێک دایکی ڕۆژانە هاتوچۆی لەگەڵ دەکرد هەتا ڕاهات. فواد سەواری قۆناغی سەرەتایی لە ئاوایی قەرەول تەواو کرد. هێمنی و لەسەرخۆیی فواد بۆ هاوپۆل و هاوتەمەنەکانی لە قوتابخانە و گوندەکەیان زۆر بەرچاو بوو. هەستی هاوخەمی و یارمەتی فواد بۆ بنەماڵە و دایکی و بابی زۆر زوو کێشایە مەیدانی کار و ئەرکی بەرپرسایەتی وەئەستۆ گرت. هەرچەند دایک و باب و براکانی هانیان دەدا درێژە بە خوێندن بدا، بەڵام فواد نەیدەویست لەسەر ئەرک و بارگرانیی بنەماڵەکەی درێژە بە خوێندن بدا و، شاهیدی ڕەنج و ماندووبوونی زیاتری ئەوان بێ. بۆیە لە پۆلی یەکی ناوەندی وازی لە

خوێنـدن هێنـا و جوامێرانـە شـانی دایـە بـەر کار و بەرپرسـیارەتی و یارمەتی ئازیرانـی بنەماڵـە و دایـک و بابـی خۆشەویسـتی دەکـرد. سـەرکەوتوویی و شـارەزایی فـواد لـە پیشـەی ئاڵماتۆربەنـدی بـوو بـە هـۆی ئـەوەی هـەم یارمەتـی بنەماڵەکـەی بـدا هـەم پاڵپشـتی کەسانی دیکـەش بـێ. فـواد وەک زۆربـەی لاوانـی نیشـتمان ناچـار دەچێتـە سـەربازی زۆرەملـێ لـە شـاری سـنە و ئـەو قۆناغـەش تـەواو دەکا؛ بـەڵام بـە هـۆی هۆگـری و شـارەزایی لـە پیشـەکەی سـەرلەنوێ دەسـت بـە کاری ئاڵماتۆڕبەنـدی دەکاتـەوە و زۆر بـە دڵاوایـی یارمەتـی ئـەو کەسانەشـی دەکـرد کـە لـە بـاری ئابوورییـەوە ژیانیـان لاواز بـوو و پێویسـتیان بـە یارمەتـی هەبـوو.

کاتێـک بزووتنـەوەی ژینـا سـەرلەنوێ زمانـی شـێعر و ئەدەبیاتـی خۆڕاگـری داڕشـتەوە و هونـەری یەکگرتوویـی زینـدوو کـردەوە، مۆسـیقای ڕەسـەنی بەرگـری ئاوێتـەی نۆتەکانـی بەناوبانگتریـن ئاوازەکانـی جیهانـی کـرد. ماڵەکانـی ڕۆژهـەڵات هەموویـان بوونـە سـەنگەری بینیـن و بیسـتنی پەیامـی ڕابـوون.

فـوادی جوامێریـش وێـڕای خەڵکـی وەزاڵەهاتـووی شـاری دیوانـدەرە و لاوانـی بوێـر هەمـوو ڕۆژێ وەک ئەرکـی ئەخلاقـی و هەسـتی نەتەوەیـی بەشـداریی ڕێپێوانەکانـی شـەقامی دەکـرد و بـەدڵ بـاوەڕی بـە سـەرکەوتنی ئـەو بزووتنـەوە و ڕابووونـە هەبـوو.

بـۆ فـواد، خوێنـی ژینـا ئـەو کیـژە کـوردەی بەدەسـتی ئانقەسـت و بـە بێتـاوان لەلایـەن دەسـەڵاتی داگیرکـەری ئیسلامیی ئێرانـەوە ڕژا و شـەهید بـوو، بەزاندنـی هێڵـی سـوور و تاوانێکـی گـەورە بـوو. هـەر ئـەو هەسـتی کوردبـوون و خاوەندارییـە لـە مافـی کۆمەڵایەتـی و ئینسـانییە هانـدەری سـەرەکی فـواد و زۆربـەی بەشـدارانی ڕاپەڕینەکانـی شـاری دیوانـدەرە بـوو

و لـە ڕەوتـی خۆپیشـاندانە جەماوەرییەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا، ڕۆژی شـەممە ٢٨ی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، فـواد ڕاسـتەوخۆ کەوتـە بـەر تیـری چەکـی کڵاشـینکۆفی جـاش و پاسـتاڕە فاشیسـت و جەنایەتـکارەکان و مخابـن شـەهید بـوو.

شـەهیدبوونی ئـەو ڕۆڵـە ئازیـزەی نیشـتمان ئەوەنـدەی جێـی داخ و کەسـەری بنەماڵـە و ئازیـزان و خۆشەویسـتانی بـوو، سـەد ئەوەنـدەش جێـی فەخـر و شـانازییە بـۆ نیشـتمان و وانەیەکـی لەبیرنەکراویشـە بـۆ ڕێبوارانـی ڕێگـەی بزووتنـەوەی ژینـا و «ژن، ژیـان، ئـازادی» و ڕێبوارانـی سـوورخەڵاتی ڕۆژهـەڵات ...

**«باوەڕی سووری شەقامم دژ بە کۆتی پێمەوە**
**دڵ بە تۆڵە، وەک شەپۆلان دێمەوە هەر دێمەوە**
**بەر بدەن گڕ گەر بسووتێم ڕەگ بە ڕەگ یا موو بە موو**
**ژیوەرۆی کوێستانی هیوام داربەڕووم دەڕوێمەوە**
**وا گزنگی ڕۆژی ئاوات دێ لە شاران وەک سروود**
**بەفرە بیرتان بۆ مەمی خاک ساڵ بە ساڵ دەتوێمەوە**
**شاخە بەرزەی شۆڕشی زوو گەر پشووی دا سەردەمێ**
**شا تەواری شار خرۆشان بەو خەباتی نوێمەوە**
**من لە ڕێی گەل سەر دەبەخشم نیشتمان و ئێوە خۆش**
**دارەمەیتم با برازێ و ڕەنگی ئاڵا پێمەوە**
**ژین بە قوربانی لە ڕێی کورد دڵ بە ڕووی ئاواتەوە**
**با شەهید بم سەد هەزار کەس دێنە هیوای ڕێمەوە**
**دڵ لە سەر دەس، گیان بە شاباش بوو بە هێما بۆ ئەوین**

## سوورخەڵاتم وەک شکۆی گەل لێمگەڕێن با بێمەوە»

(کامیل یاغیانی)



# شەهید محەممەد شەریعەتی

کەریم فەرخەپوور

**بۆ دوا جارە بەجێتدێڵم، سا ماڵئاوا ئازیزەکەم**

ئەمجارەیان و دیسان لە بناری ئاویەر و لە داوێنی زاگرۆسی زێدی کوردانەوە، لە بەرنامەی سوورخەڵاتاندا باس لە ژیان و سەربردە و ئازایەتی ڕۆڵەیەکی سنەی ئەردەڵان دەکەین. سنەی سەربەرز مەکۆی قارەمانەتی و جوامێری زۆر شۆڕەسوار و شێرەژنی مەیدانەکانی خەباتی شار و شاخ و بەندیخانەیە و سەردەمانێکە لەسەر حەق و لەپێناو حەقی ئینسانیی خۆی خوێن لە جەستەی دەچۆڕێ، لەم ڕێگەیەدا دایکان و باوکانی کورد کوڕ و کچی ئازا و بوێر پەروەردە دەکەن و دایکان بە شیری حەڵاڵ گۆشیان دەکەن و ڕەوانەی مەیدانی خەباتیان دەکەن. مێرخاسانی ئەم دەڤەرە زەمەنێکە لەسەر خاکی باب و باپیرانیان برا لە پشت برا و ژن پشت و پەنای پیاو لە سەنگەری ئازادیدا، ئازایانە بەگژ داگیرکەر و چەوسێنەردا دەچنەوە و بوێرانە بەرگری لە خاک و کەرامەتی ئینسانیی خۆیان دەکەن. بە ڕووی زوڵم و زۆر و زۆرداریدا وەکوو بورکان ترسیان خستۆتە دڵی دژمن و بوونەتە هۆی سەرفرازی گەلەکەمان. لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی نەبەردیی سنە و سنەییەکان شاهیدی ئەم جەسووری و جەربەزەییەن. لە مەیدانی بەرەنگاری و

بەگژداچوونـەوەدا هـەردەم پارێـزەری دایکـی نیشـتمان بـوون و هەرگیـز لەبەرانبـەر زوڵمـی داگیرکـەردا نەچەماونـەوە و هـەردەم لەسـەر پـێ و بەپێـوە بـوون و هـەر بەپێـوە مـردوون. لـە هەردوو سـەردەمی شـا و شـێخدا سـنە مەڵبەنـدی بەرخـۆدان و سـەرهەڵدان بـووە و نـەورۆزی خوێناویـی سـنە و ڕاپەڕینـی ژینـا نموونـەی خۆڕاگـری و ئازایەتیـی خەڵکـی سـنەن بـە شـار و شـەقام و گونـد و چیـاوە. لـە دوای فتـوای خومەینیـی دیکتاتـۆر و سـەرەڕۆ دژ بـە گەلـی کـورد، ڕۆڵـە قارەمانەکانـی ئـەم شـارە لـە ڕیـزی پێشـمەرگەکانی کوردسـتاندا چـەک لـە شـان سـەدان حەماسـەی فیـداکاری و ئازایەتییـان تۆمـار کـرد و مێـژووی سـنەیان بـە خوێنـی خۆیـان ڕەنگانـد. لەنێـو دەفتـەری سـەروەرانی ئەمجـارەی بەرنامـەی سـوورخەڵاتاندا بـاس لـە ژیـان و سـەربردە و ئازایەتـی ڕۆڵەیەکـی دیکـەی گەلەکەمـان بـە نـاوی «محەممـەد شـەریعەتی» دەکەیـن کـە لـە شـۆڕشـی ژینـادا بوێرانـە بـۆ ئـازادی جەنـگا و سـەربەرزانە چـووە نێـو ڕیـزی کاروانـی نەمرانـی ئـەم قۆناخـە لـە خەبـات و تێکۆشـانی گەلەکەمـان.

شـەهید محەممـەد شـەریعەتی لـە ١٥ی بەفرانبـاری سـاڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لـە وەرزی سـارد و سـەرمادا بـەڵام لەنێـو بنەماڵەیەکـی نیشـتمانپەروەر لـە داوێنـی دایکێکـی ڕووسـوور و لـە ئامێـزی باوکێکـی زەحمەتکێشـدا هاتـە سـەر دنیـا و پێگەیشـت و بـوو بـە قارەمانـی گەلەکـەی خـۆی. شـەهید محەممـەد کـوڕی خاتـوو سـۆیبە و کاک ئەسـەدوڵڵا شـەریعەتی لـە شـاری سـنە چـاوی بـە دنیـا هەڵێنـا و هـەر لـەم شـارەش بـۆ ئازادیـی نیشـتمان چـاوی لەسـەریەک دانـان و ڕێگـە و ڕێبـازی بـە هاوزمـان و هاوخوێنەکانـی سـپارد و بـوو بەهـۆی شـانازی بنەماڵەکـەی و گەلـە چەوسـاوەکەی.

شـەهید محەممـەد لـە یەکـەم ڕۆژی قوتابخانـەوە لەگـەڵ ناعەداڵەتـی

بـەرەوڕووو بـوو، لـە کاتێکـدا کـە ئـەو کـورد بـوو بـەڵام ئەلـف و بێـی زانسـتی بـە زمانـی بێگانـە خوێنـد و لـە زمانـی دایکیـی بێبـەش کـرا. هەتـا قۆناخـی دیپڵـۆم دەرسـی خوێنـد و دوای وەرگرتنـی دیپڵـۆم ناردرایـە ئیجبـاری واتـە سـەربازیی زۆرەملـی و ڕەوانـەی سـەربازگەکانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران کـرا. دوای تەواوکردنـی سـەربازی بـۆ دابینکردنـی بژیـوی ژیانـی خـۆی و بنەماڵەکـەی شـانی دایـە بـەر کار و کاسـبی و لـە کاری سـافکاری و هونـەری دەسـتیدا درێـژەی بـە کار و ژیـاندا. شـەهید محەممـەد دوای لەدەسـتدانی براکـەی ئەرکـی پێگەیاندنـی برازاکەشـی گرتـە ئەسـتۆ و ئـەوەی لـە دەسـتی هـات درێغـی نەکـرد.

شـەهید محەممـەد خۆشەویسـتی بنەماڵـە و دۆسـت و خـزم و دراوسـێ و هاوشـارییەکانی بـوو و کەسـێکی جێگـەی متمانـە و بـاوەڕ بـوو و ڕێـزی لێدەگیـرا.

لەگـەڵ قەتڵـی حکوومەتیی کچە کوردێکی سـەقزی و سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ژینـا شـەهید محەممەدیـش وێـرای کـوڕان و کچانـی بوێـر و شـێرە ژن و شـێرە پیاوانـی سـنەی خۆڕاگـر ئازایانە هاتـە مەیـدان و لە خۆپیشـاندانەکانی شـاری سـنەدا بەشـداری کـرد. دەنگـی خـۆی خسـتە پـاڵ دەنگـی خەڵکـی مافخـواز و زوڵملێکـراوی کوردسـتان و ئێـران و شانبەشـانی ئازادیخوازانـی ئـەم دەڤـەرە بـوو بـە هـاواری خنـکاوی گەلەکـەی. دژ بـە داگیرکـەران شـار و شـەقام و کۆڵانـی سـنەیان کـردە سـەنگەری بەرگـری و بەگژداچوونـەوە و ترسـیان خسـتە نێـو دڵـی حاکمانـی تـاران و قـوم و شـەقامەکانی سـنەیان بـە خوێنـی خۆیـان ڕەنگانـد. شـەهید محەممـەد و هاوڕێکانـی دەنگـی خۆیـان دژ بـە سـتەم و بێـدادی گەیانـدە هەمـوو شـارەکانی ئێـران، خەڵکـی ئێرانیان هێنایـە سەرشـەقام و ڕاپەڕیـن لـە پێتەخـت و پارلمانەکانـی جیهانـدا دەنگـی

دایـەوە و هەمـوو جیهانـی خورۆشـاند. دەنگـی کوردیـان بـە گوێـی کـەڕی مێـژوودا دا و شـەقامەکانی جیهـان پـڕ بـوون لـە دروشـمی ئـازادی و وێنـەی ژینـای کـوردان و کـورد بـوو بـە مەشـخەڵداری ئـەم ڕاپەڕینـە مەزنـە. **ئـەم سـەرفرازییە بـۆ کـورد بارتەقـای خوێنـی ڕۆڵەکانـی و ئەشـکەنجەی کچـان و کوڕانـی بەندیخانـەکان و فرمێسـکی دایـکان و باوکانـی گەلەکەمـان بـوو.**
لـە چلـەی شـەهیدبوونی شـەهید ژینـا ئەمینـیدا واتـە لـە ١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاویـدا، شـەهید محەممـەد شـەریعەتی وێـڕای خەڵکـی شـاری سـنە لەسـەر شـەقامەکانی ئـەم شـارە بـۆ جارێکیـتر دروشـمی ئـازادی ئـازادی، مـردن بـۆ دیکتاتـۆر و ڕووخانـی حکوومەتـی دەسـەڵاتدارانی تارانیـان بـەرز کـردەوە. بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم وەک هەمیشـە بـۆ پاراسـتنی خۆیـان لـە هیـچ کردەوەیەکـی دژی ئینسـانی خۆیـان نەپاراسـت و خەڵکیـان دایـە بـەر دەسـڕێژی چەکەکانیـان و بەداخـەوە محەممـەد شـەریعەتی پێکـرا و شـەهید بـوو و چـووە نێـو ڕیـزی کاروانـی شـەهیدانی سـوورخەڵاتی گەلەکەمانـەوە و لەژێـر گوشـاری هێزەکانـی ڕێژیمـدا کاتژمێـر ٢ی نیوەشـەو بـە ئامێـزی دایکـی پیـرۆزی نیشـتمان سـپێردرا. دایکـە ڕووسـوورەکەی لەنێـو خـەم و هەنیسـک و گریانـدا ئێـژێ «**کوڕەکـەم بـێ ماڵاوایـی چـوو و ئیـتر ناگەڕێتـەوە**»، بـەڵام کچـان و کوڕانـی نیشـتمانی کـورد، دایکـی شـەهید محەممـەد و هەمـوو دایکانـی شـەهیدانی کوردسـتان دڵنیـا دەکەنـەوە کـە ڕێگـە و ڕێبـازی شـەهید محەممـەد و هەمـوو شـەهیدانی سـوورخەڵاتی گـەل بـەرز ڕادەگـرن و ئـەم ڕێگـە پیـرۆزە چـۆڵ ناکـەن و هەتـا وەدیهاتنـی ئامانجـە پیرۆزەکەیـان دریـژەدەری ڕێگەکەیـان دەبـن. لـە ڕۆژی ئـازادی و رزگاریـی کوردسـتاندا ڕۆڵەکانـی ئـەم خـاک و ئـاوە هـاوار دەکـەن و دەڵێـن ئـارام بنـوون، خوێنتـان بـە فیـڕۆ نەچـوو و ئەمـڕۆ منداڵانـی کـورد بـە زمانـی

کـوردی دەخوێنــن و گەلــی کــورد بــە ئــازادی دەژی و ئێــوەش نێوتــان لــە مێــژووی ســەروەریدا تۆمــار کــراوە.

**«ڕەنگە دڵم پڕ لە سۆز و**
**چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بێ،**
**ڕەنگە گەرووم پڕ لە هاوار و**
**هەنگاوەکانم پڕ لە تاسە بێ،**
**ڕەنگە وشە لام نەما بێ و**
**ڕستەکانم دیل کرا بێ،**
**ڕەنگە ئیتر خوڕەی باران و**
**باوەشی هەتاوم لێ دزرابێ،**
**ڕەنگە ئیتر قەت نەیمەوە و**
**ماڵەکەمان لێ خاپوور بێ،**
**ڕەنگە شار و هێلانەمان**
**لێ گیرابێ و کۆڵانەکانمان**
**تیرباران کرابێ،**
**بەڵام مشتم بە یادی تۆ و**
**شێعرەکانم سەنگەری تۆ و**
**سەربەرزیشم بە ناوی تۆ**
**هەک کراوە»...**

(میدیا ئیزەدی)



## شەهید مستەفا شەعبانی

رەوەز

خۆپیشـاندانەکانی شۆڕشـی ژینـا پـەرەی سـەند بـوو. ئیـتر هـەر تەنیـا لـە گەڕەکێـک یـان شـەقامێکی دیاریکـراو خەڵـک ڕانەپەڕیبـوون. هەموو شـەقام و کـۆڵان و گەڕەکێکـی شـار لـە خۆپیشـاندانـدا بـوو دژبـە داگیرکـەر، دژبـە دژەمـرۆڤ و دژبـە لەسـێدارەدرانی ئـازادی. ڕۆژەکانـی سـەرەتای شۆڕشـی ژینـا چەنـد گـەڕەک و شـەقامێکی بـۆکان وەکـوو جـادە حەسـار، گەڕەکـی عەشـایر، فەلەکـەی حەسـەن زیـرەک و بڵـواری کوردسـتان ببوونـە شـوێنی شـانۆی خۆپیشـاندان دژبـە کۆمـاری ئیسـلامی، بـەڵام لـە ماوەیەکـی کەمـدا خۆپیشـاندانەکان پـەرەی سـەند و زۆر گەڕەکـی دیکـەی وەکـوو عەلیابـاد، مەجبـووراوا، میـراوا، فەلەکـەی دایـک، کەلـوڕاوا، گەڕەکـی ئاپارتمانەکانـی «مەسـکەنی مێهـر» و شـوێنی دیکەشـی گرتـەوە و شـەو و ڕۆژ ببوونـە شـوێنی بەرخـۆدان و بەگژداچوونـەوەی بەکرێگیـراوان و داگیرکەرانـی کوردسـتان. بـە ڕۆژ مانگرتنـی یەکگرتووانـەی دووکان و بـازاڕ و سـەر لـە ئێـوارێ و شـەوان، ڕژانـی هـەزاران کەسـی بـۆ سـەر شـەقامەکان ببـووە ئـاکاری ڕۆژانـەی خەڵکـی نیشـتمانپەروەری بـۆکان لـە شۆڕشـی ژینـادا.

**«ژن ژیـان ئـازادی؛ مـەرگ بـۆ جـاش؛ کوردسـتان کوردسـتان، گۆڕسـتانی فاشیسـتان و شـەهید نامـرێ»** و زۆر دروشـمی دیکـە وانەکانـی خوێنـدن

بـوون لـە قوتابخانەکانـدا، ساتوسـەودای خەڵـک بـوو لـە بـازاڕی مانگرتـوودا، باسـی گەرمـی ڕۆژانـە بـوو لـە ڕیـزی نانەواخانـە و شـوێنە گشـتییەکاندا. ئـەو ڕۆژانـە گـەورە و بچـووک، تەنانـەت پەککەوتـە و شـیرینئەقڵەکانیش دەیانزانـی کـە دەبـێ بـۆ ڕاماڵینـی خۆفرۆشـان بچنـە بـەرەی ئازادیخوازانەوە و دەیانزانـی کـە شـەڕێکی سـەربەرزانەی مـان و نەمانیـان لـە پێشـە.

مەجبـووراوا نـاوی یەکێـک لـە گەڕەکـە قەرەباڵغەکانـی بۆکانـە کـە لـە شۆڕشـی ژینـادا، گەلێـک لـە لاوان و کوڕوکاڵانـی بەهەسـت و ئازادیخـوازی بـۆ سـزادانی جـاش و خۆفرۆشـان تێـدا ڕێکخرابـوو.

ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵـوەرە، یەکێکـە لـە ڕۆژە گەرمەکانی شۆڕشـی ژینا. مسـتەفا شـەعبانی پەپوولـە و شـیرینئەقڵەکەی مەجبـووراوا، هاوچارەنووسـی شـەهید محەممـەد حەسـەنزادە و شـەهریار محەممـەدی، تـازە نـاوی دەرچووبـوو کـە لـە نەخۆشـخانە بیخەوێنـن بـەڵام نەیزانیبـوو کـە لـە شۆڕشـی ژینـای کوردسـتاندا نـاوی بـۆ هەتاهەتایـە بـە شـەهید دەرچـووە. ئـەوێ ڕۆژێ شـەقام خورۆشـا بـوو. مسـتەفا لـەو سـەری مەجبـووراوا، بـە لای فرۆشـگەی یەزدانییـەوە دەهاتـە خـوارەوە. دەیویسـت بـێ بـۆ لای ئەوانـەی دەیناسـین، خۆشـی دەویسـتن و خۆشـیان دەویسـت. دەهـات وەکـوو هەمـوو ڕۆژانـی پێشـوو داوای بەشـە جگـەرە و تـاک هـەزار تمەنیـی ڕۆژانـەی خـۆی بـکات. دەهـات ئەگـەر ناسیاوەکانی دوو هـەزاری، دە یـان پـتری بدەنـێ، ئەویـش بیدڕێنـێ و پێیـان بڵـێ کـە منداڵ وردن و بیـدەن بـە منداڵەکانیـان.

مسـتەفای پەپوولـە و شـیرینئەقڵەکە هـۆی بـزەی سـەر لێـوی خەڵکـی مەجبـووراوا بـوو. دوزادەی نیـوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵـوەر بـوو. گەڕەکـی مەجبـووراوا هـاوکات وەکـوو گەڕەکەکانـی دیکـەی بـۆکان کرابـووە قیامـەت

بـۆ داگیرکەرانـی کوردسـتان. جـاش و پاسـتاڕان بـۆ ئـەوەی خۆیـان لـە تۆڵـەی خەڵکـی تـووڕە ڕزگار بکـەن بـە چەکـی سـووک و نیوەسـووکی وەکـوو تیربار خەڵکیـان وەبـەر دەسـتڕێژ دا.

دەیـان خۆپیشـاندەریان لـە خوێـن گەوزانـد. مسـتەفا شـاهیدی زینـدووی بریندابـوون و شـەهیدبوونی خۆشەویسـت و هاوشـارییەکانی بـوو. غیرەتی نەیهێشـت بێدەنـگ بێـت. مسـتەفا بـۆ بەرگـری لەوانـەی کـە تەمەنێـک بـوو جگـەرە و هـەزار تەمەنـی و خۆشەویسـتییان پێشـکەش کردبـوو، داهاتـەوە و بەردێکـی هەڵگـرت! ماتۆڕسـوارە ڕەشپۆشـەکان بـە دەموچـاوی داپـۆشراوەوە هاتـن، ئـەوان جەلـلادی کۆمـاری ئیسـلامی بـوون. ئـەوان گەیشـتنە لای، وینچسـترێکیان لـە سـینگیدا بەتـاڵ کـردەوە، مسـتەفا بەدەمـەوە کەوتـە سـوجدە بـەڵام پـاش چرکەسـاتێک دەم بـە پێکەنیـن هەسـتا، هەسـتا سـەرپێ وەکـوو شـاخ، دەیگوڕانـد و بەگـژ تیرۆریسـتاندا دەهاتـەوە.

ئیـتر ئـەو مسـتەفاکەی پێشـوو نەبـوو، ڕاوەسـتا بـوو بـۆ پاراسـتنی خـاک! بـۆ بەرگـری لـە کەرامەتـی کوردسـتان و نەتەوەکـەی. هیـچ ئاقڵێـک ئەوەنـدە ژیـر نەبـوو. ماتۆڕسـوارەکان گەڕانـەوە و چەنـد گولـلەی کلاشـینکۆفیان لـە سـینگی دا، بـەڵام مسـتەفا شـەعبانی تـا دواچرکەسـات پێدەکەنـی بـۆ مردنێکـی کـە نەیدەزانـی سـەربەرزانەیە لەپێنـاو نیشـتمانەکەی دا ... .

مسـتەفا شـەعبانی کـوڕی مـام عەبدوڵـلا و دایـە خەدیجـە حوسـێنی، ڕۆژی ٥ی خاکەلێـوەی ١٣٥٦ی هەتـاوی، لـە شـاری بـۆکان لەدایـک بـوو و لـە لای براکانـی دەژیـا. ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ لـە شـەقامی سـەردار عەزیزخانـی موکـری گەڕەکـی مەجبووراوا بـە تونـدی بریندار دەبـێ. لەکاتی گواسـتنەوەی بـۆ نەخۆشـخانە بەداخـەوە تێکـەڵ بـە کاروانـی شـەهیدانی کوردسـتان دەبـێ، پاشـان خۆفرۆشـان و پاسـتاڕان هەڕەشـە لـە بنەماڵەکـەی

دەکەن کە ئەگەر بە بێدەنگی و لە نیوەشەودا مستەفا نەنێژن ئەوا براکەی و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەشی دەکووژن، بۆیە بنەماڵەکەی بۆ پاراستنی گیانی کەسەکانی دیکەیان بە بێ ئاگادارکردنەوەی خەڵک و لە گەمارۆی دەیان چەکداری کۆماری ئیسلامیدا، سەعات چواری شەوێ، لە گۆڕستانی بۆکان، لە پەنا شەهیدانی سەربەرزی شۆڕشی ژینا، مستەفای پەپوولە بە خاکی نیشتمان دەسپێرن.



## شەهید عیرفان خەزایی

لەیلا قادری

نەتــەوەی کــورد بەگشــتی وەک یەکێــک لــە گەورەتریــن نەتــەوە بێدەوڵەتــەکان لــە نێوەڕاســتی ســەدەی نۆزدەیــەم تــا ئێســتاش زیاتــر لــە ســەدەیەکە بــۆ گەیشــتن بــە مافــە سیاســی، ئابــووری و کولتوورییەکانــی خەبــات دەکا؛ لە هەنــاوی ئــەو بەســتێنەدا کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان هەمیشــە لــە مەیدانــدا بــووە و چ لــە چوارچێــوەی حیــزب و چ ڕێکخــراو و چ خەباتــی مەدەنــی لــە هەوڵــی دەســتەبەرکردنی مافەکانیــدا بێوچــان تێکۆشــاوە.

لــە ئێــران و لــە دوای ڕووخانــی ڕێژیمــی پاشــایەتی و هاتنــە ســەرکاری ڕێژیمــی ئاخوندیــدا کــە بــە شــێوەیەکی دیکــە و لــە بەرگێکیتــردا فاشــیزمی زینــدوو ڕاگرتــووە، تەنیــا ڕواڵەتی مەســەلەکە گــۆڕاوە و ئەمجارەیــان ڕێژیمی تــازە بــە دەســەڵات گەیشــتوو، ئایدۆلۆژیــی ئاخونــدی و ئایینــی کردووەتــە چەکــی دەســتی و بــە مێتۆدێکــی نائەقڵانــی و ناســەردەمیانە هەمــوو بنەمــا ســەرەکییەکانی یەکســانیی ئینســانی و دەســتوور و یاســا نێودەوڵەتییــەکان ڕەت دەکاتــەوە و هــەوڵ بــۆ چەســپاندنی بنەمــا ئایدۆلۆژییــە دواکەوتــوو و مەزهەبییەکانــی خــۆی دەدا؛ لەبەرامبەریشــدا ئــەوە نەتــەوەی کــورد بــووە کــە هــەر لــە ســەرەتاوە ناوەرۆکــی ڕێژیمــی ناســیوە و ڕەتــی کردۆتــەوە و

بـە هـەر شـێوازێک بـۆی کرابـێ بەرپەرچـی سیاسـەت و کـرداره دژەمرۆیـی و فاشیسـتییەکانی ڕێژیمـی داوەتـەوە.

شۆڕشـی سـەردەمیانەی ژینـا کـە درێـژەدەری خەباتـی لەبڕاننەهاتـووی گەلـی کـوردە لـە ڕۆژهـەڵات، نایەکـی لێبـڕاوی دیکـەی چیـن و توێژەکانـی کـورد بـوو بـە تەواوییەتـی سیسـتمی تۆتالیتێـر و دیکتاتـۆری ئاخونـدی.

«عیرفـان خەزایـی» یەکێکـی دیکـە لـە شـەهیدانی شۆڕشـی ژینایـە کـە هـەر لـە ڕۆژەکانـی سـەرەتای دەسـتپێکی شۆڕشـەکەدا کەوتـە بـەر شـاڵاوی دژە مرۆیـی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم و شـەهید بـوو.

عیرفـان خەزایـی تەمەنـی ٣٠ سـاڵ بـوو. ڕێکەوتـی ١١ی جۆزەردانـی ١٣٧١ی هەتـاوی لـە شـاری کەنـگاوەری سـەر بـە پارێـزگای کرماشـان گـەورە شـاری کـوردان، ئـەو شـارەی هەڵگـری هـەزاران نهێنـی و کـۆدە لـە بـاوەڕ و وەفـا و خۆڕاگـری و ئازایەتـی ڕۆڵەکانـی گەلـی کـورد، لـە بنەماڵەیەکـی بوێـر و زەحمەتکێشـی کـورددا لەدایـک بـووە. بـە لەدایکبوونـی گـڕی خۆشەویسـتی لـە دڵـی خاتـوو خەدیجـەی دایکـی و کاک حاتەمـی باوکیـدا گەشـتر کـرد. عیرفـان هەڵکەوتـەی ئـاو و خاکـی ئـەو شـارەیە و هەڵـوەدای خۆشـی و ئەویـن و خۆشەویسـتی بـوو و هـەر بۆیـە دەڵـێ: «**پێویسـتە لـە شـادی و خۆشەویسـتیدا خـودا بدۆزییـەوە**».

سیاسـەتی دژە گەلـی، سـەرەڕۆ و سـەرکوتگەرانەی ڕێژیمـی کۆنەپەرسـتی ئاخونـدی کـە وێـڕای غـەدری سیاسـیی و کۆمەڵایەتـی، بـاری قورسـی ئابـووری خراپیشـی بەسـەر خەڵکـی ئێـران و ڕۆژهەڵاتـدا سـەپاندووە و هـەر لـە سـایەی ئـەو هەمـووە نادادپەروەرییـە هـەزاران ڕۆڵـەی کـورد و نەتەوەکانـی دیکـەی ئێرانیـش ناچـارن لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی ژیانێکـی باشـتر شـار و زێـدی خۆیـان بەجـێ بێڵـن و ڕوو بکەنـە شـاری تـاران یـان

وڵاتانــی دەورووبــەر؛ عیرفانیــش یەکێــک لــەو لاوانــە بــوو کــە گەرچــی لــە کرماشـان لەدایـک بـوو، بـەڵام لەگـەڵ بنەماڵەکـەی لەپێنـاو دەسـتەبەرکردنی ژیانێکـی باشـتر لـە شـاری شـەهریاری تـاران دەژیـان.

عیرفـان خەزایـی لـە ڕۆژانـی سـەرەتای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ژینـا و لـە شـەوی چوارشـەممە ٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، لە خۆپێشـاندانەکانی دژ بـە ڕێژیمـی سـەراپا جەنایـەت و کارەسـاتخوڵقێنی ئاخوندیـدا کەوتـە بـەر دەسـڕێژی ڕاسـتەوخۆی هێـزە سـەرکوتگەرەکانی ڕێژیـم و لـە پشـتەوەڕا سـەری کرایـە ئامانـج و پـاش چەنـد خولەکێـک تێکـەڵ بـە کاروانـی نەپسـاوەی شـەهیدانی ڕێگـەی ئـازادی و سەربەسـتی بـوو.

عیرفـان کوڕێکـی زەحمەتکێـش بـوو و بـۆ بەدەسـتهێنانی بژێـوی ژیانـی ڕۆژانــە بــە ســەختی کاری دەکــرد، بــەڵام ماندوویەتــی و کاری ســەخت نەیدەتوانــی ڕێگــری لــە دەربڕینــی شــادی و ئەوینــی بــۆ ژیــان بــکات، هەمیشـە شـەپۆلی شـادی و خۆشەویسـتی لـە دەنـگ و ڕەفتـاری عیرفانـدا ڕەنگــی دەدایــەوە.

ئـەو شـەوەی عیرفـان درایـە بـەر دەسـترێژی گوللـە چەنـد ئامادەبوویەکـی نێــو خۆپێشــاندانەکە زەنگیــان بــۆ بەشــی فریاکەوتنــی نەخۆشــخانە لێـدا، بـەڵام ئـەوان لـە وڵامـدا وتیـان؛ کـە ئێمـە ئامبوڵانـس بـۆ برینـداری خۆپێشـاندان نانێریـن، چەنـد خولەکێکـی پێچـوو تـا توانـرا بـە ماشـێنێکی شەخسـی جەسـتەی شـەڵاڵی خوێنـی عیرفـان بگەیەنرێتـە نەخۆشـخانە، بــەڵام بەداخــەوە برینەکــەی عیرفــان ســەخت و کاری بــوو، بــەر لــەوەی بگاتــە نەخۆشــخانە گیانــی ســپارد.

دوای شــەهیدبوونی عیرفــان، هێــزە ترســنۆکەکانی ڕێژیــم کــە تەنانــەت لــە جەســتەی بێگیانــی شۆڕشــگێرانیش دەترســن، ئامادەنەبــوون تەرمــی

عیرفانــی خەزایــی کــوڕە ڕوحســووک و زەحمەتکێشــەکەی کرماشــانی ڕادەســتی بنەماڵەکــەی بکەنــەوە، بــەڵام بــە ناچــار دوای هەڕەشــە و گوشــارێکی زۆر بــۆ ســەر بنەماڵەکــەی و پڕکرنــەوەی بەڵێننامــە بــەوەی کــە دەبــێ لــە تاریکــی شــەو و بــە بێدەنگــی تەرمەکــەی بــە خــاک بســپێرن، تەرمــی ئــەو شــەهیدە نەمــرە ڕادەســتی بنەماڵەکــەی دەکەنــەوە.

عیرفــان خەزایــی وەک هەمــوو شۆڕەســوارانی ڕێگــەی ئــازادی و ئەوانــەی ســەریان لەپێنــاو ژیانــی ئــازاد و سەربەســتانە ســپارد، بــۆ هەمیشــە لــە دڵــی مێــژوو و گەلەکەیانــدا دەمێننــەوە و هەرگیــز لــە بیــر ناکرێــن.

ڕۆژی ٩ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، خەڵکـی ئەمەگنـاس و بەشـەرەفی شـاری شـەهریار لـە سـەر گڵکـۆی عیرفان، ئـەو شـەهیدەی سـەدان کیلۆمیتر دوور لــە زێــدی لەدایکبوونــی لــە گۆڕســتانی وەحیدیــەی شــاری شــەهریار بــە خــاک ســپێردرابوو، کۆبوونــەوە و بــە دەنگــی بــەرز بەڵێنیــان لەگــەڵ ئــەو شــەهیدەی ڕێــی ئــازادی نــوێ کــردەوە و بــە دروشــمی ئاگریــن دژی ڕێژیــم، ڕق و تووڕەیــی خۆیــان دەربــڕی، کــە دواتــر هێــزە ســەرکوتکەرەکانی ڕێژیــم بێبەزەییانــە هێرشــیان کــردە ســەریان و بڵاوەیــان پێکــردن.

بــرای شــەهید عیرفــان دەڵــێ: «**هەرگیــز ئــەو شــەوە لەیــاد ناکــەم کــە بــەدوای عیرفــاندا دەگەڕایــن و نەماندەدۆزییــەوە و مــن چوومــە بــەر دەرگای نەخۆشــخانە و هەواڵــی عیرفانــم پرســی و مەئمووریکــی ئیتلاعــات بــە پێکەنینــەوە وتــی، ئــەوە بــرای تۆیــە بــڕۆ لــە ساردخانە ببینــە ئیــتر قــەت نایبینییــەوە، لــە کاتێکــدا ئــەو شــەوە هێشــتا لای مــن کۆتایــی پێنەهاتــووە**».

هەسـتی خەزایـی خوشـکی عیرفانـی خەزایـی لـە سـاڵڕۆژی لەدایکبوونـی بـرای شـەهیدی نووسـیوێتی: «**دەمویسـت جوانتریـن ڕسـتەت بـۆ بنووسـم،**

**بـەڵام پێموایـە سـادە نووسـین وەک سـادە ژیـان کـردن جوانـە، یـادی لەدایکبوونـت لـە ئاسـماندا پیـرۆز بـرای قارەمانـم، مایـەی شـانازیم.»**
عیرفـان خەزایـی و هەمـوو شـەهیدانی ڕێگـەی ئـازادی و ڕزگاری لـە ڕەوتـی شۆڕشـی «ژن، ژیـان، ئـازادی»دا، بوونـە نەمرانـی مێـژوو و بەدڵنیاییـەوە نـاو و یادیـان بـۆ هەمیشـە لـە بیـر و زەینـی ئازادیخـوازان و نیشـتمانپەروەرانی گەلەکەیانــدا دەمێنێتەوە.

**«دوای ئازادی**
**لە سەر گڵکۆی هیچ شەهیدێک**
**هیچ کات مەڵێ: ئێمە گەیشتین بە ئازادی**
**هەرگیز مەڵێ: هاوڕێی شەهید خۆزیا تۆیش لێرە بوویتایە**
**بە چاوی خۆت وەکو ئێمە تێر ئازادیت بدیبایە**
**ئەی خۆشەویست !**
**ئەوان دیدە و دڵ و گیان و دەروونیان**
**سەررێژ بووە لە ئازادی**
**ئەو ڕووبارەی ئێستا ئێمە لێی دەنۆشین**
**تەنها قومێک لەو دەریایە**
**کە شەهیدان بۆ ئازادی پێیان بەخشین»**

(هەتاو)



# شەهید جەماڵ ئەعزەمی

سۆما ناسری

ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنین و ئاوڕێک لە جەنایەتەکانی دەسەڵاتدارانی یەکلەدوایەکی زاڵ بە سەر کوردستاندا بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە گەلی کورد لەوەتا هەیە بەردەوام ڕووبەڕووی زوڵم و زۆری دەسەڵاتداران بووەتەوە و ئەو نەتەوە قارەمان و خۆڕاگرە بە درێژایی مێژوو بۆ پاراستنی شوناس و مان و مەوجوودییەتی خۆی بەرەنگاری زۆرداران بووەتەوە و هەموو قۆناغەکانی خەباتی تاقی کردۆتەوە و لەو ڕێگایەشدا بە دەیان هەزار کەسی لە باشترین و بەوەجترین ڕۆڵەکانی خۆی فیدای خاک و نیشتمانی کردووە.

ئەگەر ئاوڕێکیش لە جەنایەتەکانی ڕێژیمی پەت و سێدارە لە ساڵی ۱۴۰۱ بدەینەوە هەر وەک چۆن لە ماوەی ٤٤ ساڵەی هاتنە سەرکاری بۆ مانەوەی خۆی لە سەر کورسی دەسەڵات، دەستی لە هیچ چەشنە جەنایەتێک نەپاراستووە و لە شۆڕشی ژینادا بۆ جارێکی دیکە دڕندەیی ئەو ڕێژیمە دژە مرۆییە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و جۆگەلەی خوێنیان لە شەقامەکانی ئێران و بەتایبەت کوردستان وەڕێخست و سەدان کەسیان لە خەڵکی بێتاوان خەڵتانی خوێن کرد.

شاری جوانڕۆ، شاری قەڵا و حەوت قەڵا یەکێک لەو شارانە بوو کە

دوژمـن بـە هەمـوو جـۆرە چەکێکـەوە ڕووبـەڕووی خۆپیشـاندانی خەڵکـی مەدەنـی بـۆوە و بـە دۆشـکا لـە خۆپیشـاندەرانی دەدا و خەڵکـی سـەرکوت دەکـرد.

«جەمــاڵ ئەعزەمــی» یەکێــک لــەو لاوە لەخۆبــردوو و خۆنەویســتانەی شـاری جوانـڕۆ بـوو کـە کەوتـە بـەر گولـلـەی تاریکپەرسـتان و بەکرێگیراونی ئاخونـدی و گیانـی ئازیـزی بەخشـی بـە نیشـتمان.

جەمــاڵ ئەعزەمــی کــوڕی کاک عەبدوڵــڵا و دایــە زیبــا، لــە ڕۆژی ٤ی ڕەشـەممەی ١٣٦٦ی هەتـاوی، لـە شـاری جوانـڕۆ لەدایـک بـوو و هـەر لـەو شـارەش گـەورە بـوو، وەک زۆربـەی منـداڵان لـە تەمەنـی ٧ سـاڵیدا نێردرایـە قوتابخانـە، بـەڵام بەهـۆی ناعەداڵەتـی و سیسـتمی داسـەپاوی ئابووریـی ئێــران و نەبوونــی هەلــی کار لــە کوردســتان و گوشــاری زۆری ئابــووری لـە سـەر بنەماڵـەکان، ئەویـش وەک زۆرێـک لـە منداڵانـی ئـەم نیشـتمانە نەیتوانـی لـە ٩ سـاڵ زیاتـر دەرس بخوینـێ و بەناچـار ڕووی کـردە بـازاڕی کار و لـە پیشـەی کارەبـا بـوو بـە وەسـتاکارێکی لێهاتـوو و شـارەزا.

جەماڵـی لاو گەنجێکـی گەشـبین و دڵ پـڕ لـە ئـاوات بـوو، هیـوای زۆری بـە داهاتـوو و ئازادیـی نیشـتمانەکەی هەبـوو و نەیدەتوانـی خـەم و ئازارەکانـی گەلەکـەی ببینـێ و خەمسـارد و بێهەڵوێسـت بێـت. زۆر بـە سـەرهەڵدانی «شـۆڕشـی ژینـا» گەشـبین بـوو و بـە دڵخۆشـییەوە بـەردەوام بـە هاوڕێیانـی دەگـوت: «**دوای ئـەم شـۆڕشـە هەمووـمـان بـە ئارامـش دەگەیـن و لـەو بارودۆخـە نالەبـارە ڕزگاریـمان دێ و کۆتایـی بـەو دەسـەڵاتە سـەرەڕۆیە دەهێنیـن و هـەوای ئـازادی هەڵدەمژیـن**».

لـە شـۆڕشـی ژینـادا جەماڵـی دڵ پـڕ لـە هیـوا، وێـڕای خەڵکـی ڕاپەڕیـوی کوردسـتان بـەدژی زوڵـم و زۆری تێکـەڵ بـە سـەنگەرڤانانی شـار بـوو و

وێکـڕا و بـە بڕوابەخۆیـی و ئیرادەبـەرزی شـەقامییان کـردە سـەنگەر و گۆڕەپانـی بەربەرەکانـێ و دوژمنـی دڵ پـڕ لەقینیـش بـە هەمـوو شـێوەیەک نارەزایەتـی خەڵکـی ڕاپەڕیـوی سـەرکوت دەکـرد و تەناتـەی چەکـی قـورس و نیوەقورسـی مەیدانەکانـی شـەڕی هێنـا بـووە مەیـدان و خەڵکـی ڕاپەڕیویـان بـەر دەسـترێژی گولــلە دەدا.

**«دایە گیان دەگەڕێمەوە**

**دەگەڕێمـەوە لای پێکەنینـت، دەگەڕێمـەوە لای قاقـای دەگمـەن و برینـی بەرینـت**

**دایـە گیـان بـۆ جەماڵـی نیشـتمان، جەماڵـی وەک مـن کەماڵبەخشـی ئـەم سەرزەمینەن**

**تـا چـاو هەتـەر دەکا زسـتانی مێشـکەکانی تـاران بیـری جوانـی بەهارانـەی ئێمـەی لەخۆیـدا تەزانـد**

**تا چاو هەتەر دەکا برین لێرە تا سەر ئێسقان ڕۆدەچێ،**

**فرمێسـکت بەرگـی وەریـوی باخەکانـی بەهـارە، چـاوی ئـەم گەلـە دەژان دەچـن هێنـدەی بـۆ فرمێسـکی تـۆ بـە سـوور چـاوان بڕێـژن**

**ئـەوە جەمـاڵ بـوو چاوەکانـی زەریای مەنـدی مێهرەبانـی و مانگەشـەوێکی نـەرم و هێـدی کـە تێیـدا شـەپۆلە وردیلـەکان بۆنـی ئایندەیـان لـێ دەهـات لـەو شـوێنەی ڕەنگەکانـی یەکسـانی تەنیـا دەمانـەوە ئەو جێی نەدەهێشـتن لەگەڵیان دەدوا لەسـەر پشـتی پارچەیەکی سـپی دەینەخشـاندن**

**بۆیـە کاتێـک نەمـا ئـاڵای ئاوەدانـی لـە سـەربانی سـەرجەم ماڵەکانـی ئـەو شـارە دەشـەکاوە**

**تـا جەوهـەر مـا کوردسـتانی نووسـی، کاتێـک جەوهـەر تـەواو بـوو تەنیـا ڕەنگـی کوردسـتان لـە شـینەوە گـۆڕا بـۆ سـوور و ئەوسـا تێگەیشـتین**


**بەخوێنیش بێ کوردستان دیوارەکان جێ ناهێڵێت، خۆشمان نەمێنین ئەوە خوێنمان خۆی نیشتمان دەنووسێتەوە» ...**

(پارتیزان)

ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، ئەو ڕۆژەی گەنج و لاوانی ئەو شارە لە شەقامەکانی جوانڕۆ خوێنیان لێ دەچۆڕا و بە دەیان کەس بریندار بوون و دەسبەسەر کران، خەڵکی جوانڕۆ و دەورووبەری، کاتێک تەرمی بەهادین وەیسی مێرمناڵە ١٦ ساڵەکەی ئەو شارە و حاجی عیرفان کاکەییان بە خاک دەسپارد کە ڕۆژێک پێشتر واتە ٢٩ی خەزەڵوەر، بە تەقەی گوللەی چەکداران و خۆفرۆشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرابوون. بۆ جارێکی دیکەش ڕژانەوە سەر شەقامەکان و ڕق و تووڕەیی خۆیان بەرامبەر ئەو ڕێژیمە دڕندەیە دەربڕی. جەماڵ ئەعزەمی، لە نێو خۆپیشاندەراندا لە نزیک بنکەی تەندروستی (بێهداری) ئەو شارە دیتی یەکێک لە خۆپیشاندەران کەوتە بەر تیری نەیاران و لەجێدا شەهید بوو، ئەو کەسە شەهید «تەحسین میری» بوو، ئەویش گەڕاوە بۆ ئەوەی تەرمی شەهید تەحسین لەوێ بگوازێتەوە و نەهێڵێ بکەوێتە دەستی بەکرێگیراونەوە، لە پشتەوەڕا دەکرێتە ئامانج و وەبەر گوللەی دەدەن، خەڵکەکە زوو جەماڵی زامدار بە هیوای مانەوە دەیگەیەننە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی بەشکم بتوانن کارێکی بۆ بکەن، بەڵام بەداخەوە هەر زوو ڕوحی بەرزەفڕی جەماڵی لاویش فڕی بوو بۆ لای شەهیدان تەحسین، ئیسماعیل گوڵعەنبەر، مەسعوود تەیموور و جەوهەر فەتاحی، کە هەر ئەو ڕۆژە لەو پەلامارە دڕندانەی جاش و پاسدارەکانی ڕێژیم شەهید بوون و تێکەڵ بە کاروانی

نەبـڕاوەی سـوورخەڵاتانی نیشـتمان ببـوون.
هــەر ئــەو ڕۆژە خەڵکــی ماتەمبــاری جوانــڕۆ تەرمــی ئــەم شــەهیدە سەربەرزەشـیان لـە ئارامگـەی حاجـی ئیبراهیمـی ئـەو شـارە بـە خاکـی پیــرۆزی نیشــتمان ســپارد.

**«چ خۆشە زەحمەتی زۆر زۆر لە پاشان ڕەحمەتی تیابێ**
**چ شیرینە دەوای تاڵی بە شەرتێ سیحەتی تیابێ**
**نەبوونی خۆم و ئەولادم قەبووڵە غیرەتی تیابێ**
**بە ڕوح کێشانی خۆم ڕازیم ژیانی میللەتی تیابێ»**



## شەهید مەهدی کەرەمی (کۆمار)

لەیلا قادری

**«ئەگەر سێدارە دەیتوانی هزری گەلێک لە ناو بەرێ،**
**نەوەی نوێ نەیدەزانی کە چی دەوێ»!**

نیوەشەوێکی تاریکە، پیاوێکی دڵ پڕ لە سوێ لە ڕەگەزی خۆڕاگری و بڕوا، کۆڵەپشتییەکی لە کۆڵ ناوە و بڕیارە ڕێگەیەکی دووورودرێژ ببڕێت، سۆمای چاوە پڕ لە حەسرەتەکانی وێرای مۆسیقای ترپەی دڵی و لەگەڵ مەودای هەنگاوەکانی، ڕاوی چرکەساتەکان دەکەن؛ ئاخر دەبێ زیاتر لە نەوەد کیلۆمیتر ڕێ بە پێ ببڕێت تا دەگاتە سەر گڵکۆی ئەو دوو شەهیدەی لە بەرەبەیانی ١٧ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، بە حوکمێکی نامرۆڤانە بە دەستی جەللادانی ڕێژیمی ئاخوندی لەسێدارە دران، ئەو ڕێبوارە کاک ماشەڵڵای باوکی شەهید مەهدی کەرەمی ناسراو بە کۆمارە.

مەهدی کەرەمی، کۆمارە نێو بەرزەکە و سەید محەممەدی حوسێنی ناسراو بە کیان ئەو دوو لاوە بوون کە بە تۆمەتی هەڵبەسراو و ناڕەوا لە دادگایەکی نمایشیدا پەتی سێدارەی دوژمنیان بۆ بوو بە میداڵیای شەرەف.

مەهــدی کەرەمــی و محەممــەد حوســێنی دووان لــەو شــانزدە کەســە بــوون کــە بــە نــاڕەوا کەوتنــە داوی دۆســییەیەکی هەڵبــەسراوی ئەمنــی کـە تۆمەتەکەیـان کوشـتنی بەسـیجییەکی چەکـداری ڕێژیـم بـوو بـە نـاوی ڕوحوڵـڵا عەجەمیـان.

دوای بەڕێوەچوونــی ڕێوڕەســمی چلــەی حەدیســی نەجەفــی یــەک لــەو ســەدان کەســەی لــە شۆڕشــی ژینــادا گیانــی بەختــی ئــازادی کــرد، لــە گۆڕســتانی «بەهەشــتی ســەکینە»ی شــاری کــەرەج، هێــزە بەکرێگیــراوە لیبــاس شەخســییەکانی ڕێژیــم جادەکەیــان بــەڕووی خۆپێشــاندەراندا بەســت و هێرشــیان کــردە ســەریان. لــە تێکهەڵچوونێکــی ســەختی نێــوان ئــەو خۆپێشــاندەرانەی تەنیــا داکۆکییــان لــە مافــی ڕەوای خۆیــان دەکــرد و هێــزە ســەرکوتکەرەکانی ســەر بــە ڕێژیــم، بەســیجێکی چەکــداری ســەر بــە هێــزی ســەرکوتی ڕێژیــم بــە نــاوی ڕووحوڵــڵا عەجەمیــان کــوژرا. دوای کوژرانــی ئــەو بەســیجییە ناوەنــدە ئەمنییەکانــی ســەر بــە ڕێژیــم دەســتیان کــرد بــە دەسبەســەرکردنی هاووڵاتییانــی مەدەنــی و بــە بــێ بەڵگــە و تەنیــا لــە پێوەندیــی لەگــەڵ ئــەو کەیســە گومانــاوییــەدا، ١٦ کەســییان بــە تۆمەتــی قورســی موحارەبــە واتــە شــەڕ لەگــەڵ خــودا و کوشــتنی ئــەو بەســیجییە ڕەوانــەی دادگای نمایشــی ئینقلابــی ئیســلامی کــرد.

لــە دانیشــتنێکی ئــەو دادگا نمایشــی و فەرمایشــییەدا کــە تایبــەت بــوو بــەو دۆســییە ســاختە، حوکمــی ئێعــدام بەســەر پێنــج کــەس بــە ناوەکانــی؛ حەمیــد قەرەحەســەنلوو، مەهــدی کەرەمــی، ســەید محەممــەد حوســێنی، ڕەزا ئاریــا و حوســێن محەممــەدیدا ســەپا و بــە تۆمەتــی (موحارەبــە) واتــە شــەڕ لەگــەڵ خــودا یــازدە بەندکراوەکــەی دیکــەش بــە زیندانــی ئەبــەد و درێژمــاوە حوکــم دران.

ئـەوە لـە کاتێکدایـە کـە تۆمەتبارانـی ئـەو دۆسـیە سـاختەیە کەوتنـە بـەر هێرشـی تاقیکردنـەوەی چەندیـن جـۆر ئەشـکەنجەی نامرۆڤانـە و مافـی دەستڕاگەیشـتن بـە پارێزەریشـیان لـێ زەوت کـرا، ئەمـەش هیـچ دەرەتانـی بەرگریکردنـی لـە خۆیـان بـۆ بەندکـراوەکان نەهێشـتەوە.
کوردبـوون و یارسـان بوونـی مەهـدی کەرەمـی نـاسراو بـە کۆمـار دوو هـۆکاری زەق بـوون کـە بیانـووی بـۆ جەللادانـی ڕێژیمـی ئاخونـدی خۆشـتر کـرد تـا زاڵمانەتـر حوکمـی لەسـێدارەدانی ئـەو شـێرە کـوڕە کـوردە جێبەجـێ بکـەن.
محەممـەد مەهـدی کەرەمـی، کۆمـاری ناوبـەرز لەدایکبـووی گونـدی «کوتانـی خـوارووی» سـەر بـە شـاری بیجـاڕ لـە پارێـزگای سـنە بـوو کـە چەندیـن سـاڵ بـوو بنەماڵەکـەی کۆچیـان کردبـوو بـۆ شـاری کـەرەج و دانیشـتووی نەزەرئابـادی ئـەو شـارە بـوون. مەهـدی وەرزشـوانێکی کارامـەی کاڕاتـە بـوو کـە لە ئاسـتی پارێـزگای سـنە و ئێراندا دەیـان میداڵیـای قارەمانی بـە دەسـت هێنابـوو. لـە سـاڵی ١٣٩٦ی هەتـاوی، لـە لایـەن ئـۆردووی تیمـی میللـی کاڕەتـەی ئێرانـەوە داوای لێکرابـوو، بچێتـە نـاو تیمەکەیانـەوە. ئـەو کۆمـارە کـوردەی وەک خـۆی وتەنـی؛ لـە ڕێـی کرێکارییـەوە هەوڵـی دەدا بـە نانـی حـەڵاڵ یارمەتـی دەسـتەبەری بژێـوی بنەماڵەکـەی بـدات.
دادگاییکردنـی نـاڕەوای مەهـدی و تۆمەتبارەکانـی دیکـەی ئـەو دۆسـیە سـاختەیە لـە لقـی یەکـی دادگای شۆڕشـی ئەلبـورز لـە حاڵێکـدا بەڕێـوە چـوو کـە ئاسـەواری ئەشـکەنجەی قـورس بـە روخسـاریانەوە دیـار بـوو.
لـە جیهـان شـاراوە نییـە کـە زیاتـر لـە چـل سـاڵە ڕێژیمـی ئاخونـدی سیاسـەتی بڵاوکردنـەوەی تـرس و تۆقانـدن و ئەشـکەنجەدان لەسـەر خەڵکـی ناڕازیـی ئێـران و مافخوازانـی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان پەیـڕەو دەکات،

لەو ڕێگەیەشەوە لە هیچ چەشنە کردەوەیەکی نامرۆڤانە سڵ ناکاتەوە.
مەهدی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لە بەندیخانەوە بە باوکی وتبوو کە لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە قەستی کوشتن ئەوەندەیان لێدابوو کە پێیانوابووە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی سپاردووە و بۆیە لە شوێنێکی نزیک دادگای نەزەرئاوا بەجێیان هێشتووە، بەڵام دواتر کە کەمێک دوور دەکەونەوە، مەهدی بەهۆی ئەوەی خوێنێکی زۆر کە لەگەروویدا خڕ ببووەوە، دەکۆخێ و هێزە بەکرێگیراوەکان دەگەڕێنەوە سەری و دەیگوازنەوە بۆ بەندیخانە.
پێویستە بوترێ کە محەممەد مەهدی کەرەمی، ڕۆژ شەممە، ١٤ی خەزەڵوەر، دوو ڕۆژ دوای ڕێوڕەسمی چلەی حەدیس نەجەفی لەلایەن هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم ڕفێندرا.
ماشاڵڵا کەرەمی باوکی مەهدی دەڵێ: «لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە مەهدیم وت: کوڕم مەهدی گیان بابە تۆ ئەو کارەت کردووە؟ مەهدی لە وەڵامدا وتوویەتی: «**باوکە گیان سوێند بە دەست و پەنجەی ماندوو و قەڵشیوت من ئەو کارەم نەکردوە**».
حاشای لێناکرێ کە مەهدی لە ژێر گوشاری هەڕەشە و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیدا ناچار کراوە دان بەو تۆمەتە هەڵبەستراوە دابنێ، هەر وەک سەرەڕای ئەشکەنجەی دڕندانەی جەستەیی، مەهدی پشتڕاستی کردبووەوە کە لەژێر گوشاری زۆری ئەشکەنجەی دەروونی دایەوە و تەنانەت هەڕەشەی دەستدرێژی سێکسیشی لێدەکرێ.
محەممەد ئاغاسی پارێزەری مەهدی کەرەمی، لە گفتوگۆیەکیدا ڕایگەیاند کە «مەهدی کەرەمی لە هەلومەرجێکدا لەسێدارە درا کە نە دەستی بە پارێزەر ڕادەگەیشت و نە هیچ زانیارییەکی لەسەر دادگا و

یاساکان هەبوو، نە دەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات. تەنانەت ڕێگە بە بنەماڵەکەی نەدرا دواماڵاوایی لە جگەرگۆشەکەیان بکەن و ئاگادار نەکرانەوە کە چ ڕۆژێک ئەو حوکمە ناڕەوایەی بەسەر کوڕەکەیاندا سەپێنرا بوو، جێبەجێ دەکرێت. هەموو ئەوانەش بەلایەک بنەماڵەی شەهید مەهدی تەنانەت نەیانتوانی لەگەڵ پارێزەرە دەستنیشانکراوەکەی دەسەڵاتی بەناو دادوەریی ڕێژیم کە بۆ شەهید مەهدی دیاری کرابوو قسە بکەن.»

مەهدی تەنیا ٢٢ ساڵی تەمەن بوو، کوڕی پیاوێکی زەحمەتکێش و بوێر بوو کە هەر لەسەرەتای دەستبەسەرکرانی کوڕەکەیەوە لەژێر گوشار و هەڕەشەی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم چاونەترسانە هەوڵی دەدا زانیارییەکانی سەر دۆخی بەندکراوەکان بۆ ڕای گشتی بگوازێتەوە، هەر بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستاش چەندین جار هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵەکەی و دەسبەسەریان کردووە.

مەهدی ڕەزاسووک، کۆمارە نیشتمانپەروەرەکەی کوردان، وەرزشوانە قارەمانەکەی خاوەن میداڵیای سەرکەوتن کە تەنیا ٢٢ ساڵ تەمەنی بوو، دوای ئەوەی حوکمەکەیان پێڕاگەیاند بە باوکی وت: «**بابە حوکمەکەیان پێڕاگەیاندم، ئێعدام دەکرێم، بەڵام بە دایکم هیچ مەڵێ با بە هەواڵەکە نەزانێ**».

ئەو وتەیەی کە جیهانی سەرسامی بەئەمەگی و بوێریی خۆی کرد.

**«برا دوور و خزم دوور کەسم دوور**

**بە نابەڵەد تەمەن ئەمبا بەرەو ژوور**

**بەڵام ڕوونە، بەرەو سێدارە چوونە**

**خەنەی خوێنم لە پێ ئەگرێ: ئاڵای سوور**

***

**بەرەو ژووری، بەرەو ژووری سێدارە**
**ماندووی کردووم و شوێنەکەم شێدارە**
**کە نیشانەی پەشێوی پێوە شێوەم**
**ئەوە برینی ئەشکەنجەیە و، جێ دارە**

***

**ئەڵێن: ئەمرێ و، لە ترسی مردن پەشێوە**
**پێشمەرگە بم هەر ئەکەومە پێش ئێوە**
**بە مەرگی پێش مەرگی ئێوە ئاسوودەم**
**ڕووشم، زەردەی پێکەنینی هەر پێوە**

***

**گەرچی بەرەو دوامالّی ژین بەڕێوەم**
**یەکەم ماڵی نەمردن دیارە لێوەم**
**بەشم چونکە مردنی ناو جێ نییە**
**شادم کە تا دواهەناسەش بەپێوەم**

***

**مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بە سەد ژین**
**ژینێک سەرم بۆ دوژمن بێ بە پەرژین**
**سەربەرزییە کە پێڵاوم ئەبینن**
**بە سەر سەری دوژمنەوە لە بەرزین**
**پێ لە سەریان دائەنێم و ئەڕوانم،**
**بەرەو شاری جێ هەواری کاروانم**

**ئەگەم پێیان، چونکە دیارە جێ پێیان**
**ئێرەیە و لێی لانادەم تا ئەتوانم»**



## شەهید حەمید گوڵی

سمکۆ دەستمەردی

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و سڕینەوە و ڕاماڵینی ئاسەواری ڕێژیمی پاشایەتی، کوردستان جارێکی دیکە هەناسەی ئازادی هەڵمژی و مۆتەکەی سەرکوتکەران و داگیرکەران ئاسەواری بڕا، بەڵام ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بە ڕێبەرایەتی خومەینی کە خۆی بە نوێنەری خودا دەزانی، دەستی کرد بە پێشێلکردنی بەها مرۆییەکان و زەوتکردنی مافە ڕەواکانی خەڵکی ئێران و بەتایبەت کوردستان، تەنیا پێنج حەوتوو دوای شۆڕشی گەلانی ئێران زەبروزەنگ لە کوردستان دەستی پێکرد و پاستارانی پۆستاڵ لەپێ و شاقەل شۆڕانی ئاخوندی هەڵیانکوتایە سەر خەڵکی بوێر و چاونەترسی شاری سنە و بە سەدان کەس شەهیدکران و یەکەم بەهاری ئازادی و ڕزگاری بوو بە نەورۆزی خوێناوی لەو شارەدا.

بەمجۆرە خەڵکی قارەمانی شاری سنە، لە نەورۆزی ١٣٥٨ی هەتاویدا، زۆر زوو بنەما و ناوەرۆکی داپڵوسێنەر، مرۆڤکوژ و دیکتاتۆریەتی ڕێژیمی خومەینیان ناسی و بە دروشمی «**هەر بە پێوەین، ناکەوین، نابەزین و بەڕێوەین**» دژ بە هێزی پۆشتەوپەرداخ و پارێزەری ڕێژیمی کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی وەستانەوە.

دوای شـــەهیدکرانی ژینــا ئەمینــی، کچــە کــوردی ســەقزی، بــە دەســتی ئەهریمەنەکانــی تــاران، شۆڕشــێک بــە دروشــمی «**ژن، ژیــان، ئــازادی**» لــە کوردســتان ســەری هەڵــدا و پڕیشــکی ئــەو بزووتنەوەیــە بەخێرایــی زۆربــەی شــارەکانی ئێرانــی گرتــەوە.

خەڵکــی ســنەی خۆڕاگــر و پێداگــر لەســەر مافــە ڕەواکانــی گەلــی کــورد بــە بەشــداریی کیــژان و کوڕانــی تینــووی ئــازادی و سەربەســتی و بێــزار لــە دڕندەیــی و داگیــرکاری هــەر زوو هاتنــە ســەر شــەقام، تاکــوو کێڵگــەی ســتەم بکێڵــن و تــۆوی سەربەســتی و ئــازادی و یەکســانی تێــدا بچێنــن. کچــان و کوڕانــی ئــازا و نەبــەزی شــاری ســنە، ســینگی پــڕ لــە ئــاوات و خولیــای ئازادییــان کــردە قەڵغــان و بــە پێداگرییــان لەســەر مافــە ڕەواکانیــان، تەنگیان بــە پارێزەرانــی جەهــل و نەزانــی لــە کوردســتان هەڵچنیبــوو و زیاتــر لــە ٨٠ ڕۆژ شــەقامەکانی شــاری ســنەیان کــرد بــە ســەنگەری ئازادیخــوازان.

حەمیــد گوڵــی، کــوڕی خاڵــۆ محەممــەد و دایــە شــەرافەت، ڕۆژی ٨ی بانەمــەڕی ١٣٥٥ی هەتــاوی، لــە شــاری ســنە و لــە داوێنــی ئاویــەر چــاوی بــە دونیــا هەڵێنــا.

کاک محەممــەدی باوکــی، لــە کاتێکــدا کــە حەمیــد تەنیــا ٥ ســاڵی تەمــەن بــوو، لــە شــەڕی ٢٤ ڕۆژەی ســنە لەگــەڵ هێــزە دژی گەلییەکانــی ڕێژیــم بەشــێوەیەکی ناجوامێرانــە لــە کێــوی ئاویــەر لــە شــوێنێک بــە نــاوی «دۆڵ ڕەحــمان» شـــەهید کــرا و هیــچ شــتێک لــەو بــارەوە بــە بنەماڵەکــەی ڕانەگەیەنــرا، دایــە گــەورەی حەمیــد دوای یــەک حەوتــوو تەرمــی کوڕەکــەی بــە زۆر لــە پاســتاڕانی ڕێژیمــی خومەینــی دەســتێنێتەوە و بــە خاکــی پیــرۆزی کوردســتانی دەســپێرن.

دوای شــەهید بوونــی باوکــی حەمیــد، بەرپرســیارەتی گەورەکردنــی حەمیــد

و خوشـک و برایەکـەی دەکەوێتـە ئەسـتۆی دایـە گـەورەی؛ دایـە گـەورەی حەمیـد هـەر چـۆن ژەکـی نیشـتیمانپەروەری بـە محەممـەدی کـوڕی دا و پـەروەردەی کـرد لەپێنـاو خزمـەت بـە خـاک و نیشـتمانەکەی، حەمیـدی جوانخاسیشـی هـەر لەسـەر ئـەو ڕێچکەیـە پـەروەردە کـرد و ئەویـش هـەر وەکـوو باوکـی لەپێنـاو سەربەسـتیی خـاک و نیشـتمانەکەی گیانـی پێشـکەش بـە بـارەگای ئازادیـی کوردسـتان کـرد.

حـەمید کەسـێکی ئـارام، لەسـەرەخۆ و سـەبوور بـوو؛ ناوبـراو هەروەهـا شـەیدای خوێندنـەوەی کتێـب بـوو، کتێبـی وەکـوو باشـترین هـاوڕێ پێناسـە دەکـرد، جیـا لـەوە هۆگرییەکـی زۆری  بـە وەرزش بـە تایبـەت بـە مەلەوانی، بەسـکێتباڵ و زۆرەوانـی (کشـتی فرنگـی) هەبـوو و لـە یاریـی زۆرەوانـیدا کەسـێکی بەتوانـا و چـالاک بـوو.

حەمیـد هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـی بـە سـەرکەوتوویی تـا وەرگرتنـی دیپلـۆم تێپـەڕ کـرد، بـەڵام بەهـۆی بارودۆخـی ژیانـی و دوای ئـەوەی دایـە گـەورەی کۆچیدوایـی کـرد، ئەرکـی حەمیـد قورسـتر بـوو و سەرپەرشـتی خوشـک و براکـەی کەوتـە سـەر شـانی حەمیـدی لاو و نەیتوانـی درێـژە بـە خوێنـدن بـدات و لـەڕووی ناچارییـەوە سـاڵی ١٤٠٠ی هەتـاوی بـۆ کارکـردن ڕووی کـردە شـاری تـاران.

دوای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ژینـا کـە بـە دروشـمی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» لـە کوردسـتان سـەری هەڵـدا و بەخێرایـی سەرانسـەری ئێرانـی تەنییـەوە و لـە هەنـدێ شـوێنی شـاری تارانیـش خۆپیشـاندان لـە ئـارادا بـوو،  حەمیـدی تینـووی ئـازادی حەمیـدی دڵ پـڕ لەقیـن و بێـزار لـە داگیرکـەران پەیوەسـت بـوو بـە ڕاپەڕینـی کـوڕان و کچانـی شـەقامەوە.

ڕۆژی ٢٧ی ڕەزبـەری ١٤٠١ی هەتـاوی، کـە خۆپیشـاندان دژ بـە ڕێژیمـی

داگیرکـەر لـە سـەرجەم شـار و شـارۆچکەکان بەڕێـوە دەچـوو و گەیشـتبووە لووتکـەی گەیشـتن بـە ترۆپکـی ڕزگاری، حەمیـد لـە تـاران لەنێـو ئاپـۆرای خۆپیشـاندەراندا دەسبەسـەر دەکـرێ و دواتـر لـە ڕێـگای تەلەفونـەوە پێوەندیـی بـە خزمێکـی نزیکـی خۆیـەوە دەگـرێ و پێـی دەڵـێ کـە لەلایـەن هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیـم دەسبەسـەر کـراوە و ئـازار و ئەشـکەنجە دراوە و پاشـان هـەر لـە ژێـر فشـاری ئـەو هێزانـەدا پێوەنـدی دەگرێتـەوە و بـاس لـەوە دەکات کـە ئـازاد کـراوە.

حەمیـد لـەو کاتـەوە هیـچ پێوەندییەکـی لەگـەڵ بنەماڵـە و خـزم و هاوڕێیانـی نامێنـێ و موبایلەکـەی دادەخـرێ.

**«هاوڕێی گیان بۆ لەوێی؟**

**لەوێ کە بۆنی شەرەف بێ، دڵیان تێک دەهاڵێ**

**لە تارانی تاریک، شەقامەکان بۆنی مەرگی مناڵ دەدەن**

**تـۆ خـۆت دڵۆپێکـی ئـەم زەریـا شـیرینەیت و لـە سـوێراوی لەتـاڵا حاسـێی**

**ئەوێـدا بـە تـام و بۆنـت تێـک دەچـن**

**هاوڕێـی گیـان شـەقامی ئـەوێ لـە شـەقامی ئێـرە ناچـێ، زەریاکانـی ئـەوێ**

**پڕێتـی لـە ماسـی ژەهـردار**

**بەری باخەکانی گەردنە، کووچە و کۆڵانی لایەنگری مردنە**

**هاوڕێـی گیـان تـۆ چـرای هەڵبـووی نـاو ئـەم تاریکسـتانە بوویـت و**

**خۆرکـوژان بـە شـوێنتیان زانـی**

**سـەرت نەسـووڕمێ لـە مەملەکەتـی دڕک و داڵان، خـۆش سـێرە لـە گوڵـی**

**گـەش دەگیـرێ !**

**خوێن بە ئاو دەبینن، ڕووناکی لەتاریکیدا دەخوێننەوە**

**بە هەڵپەڕین ناشادن، لەشیندا شایی دەبیننەوە**
**تـۆ لـە وڵاتـی ئـاواز و بەهاراندا بەشـێک لە قافڵەی سـووری سـوورخەڵاتانی**
**بـۆ ئاینـدە و بـۆ هەنووکـە و بۆ ڕابـردوو خوێنـی دەمارانی»**

(پارتیزان)

ڕۆژی ٢١ی خەزەڵـوەر، پۆلیسـی ئاگاهیـی تـاران پێوەنـدی بـە یەکێـک لـە خزمەکانـی حەمیـدەوە دەگـرێ و پێـی دەڵـێ حەمیـد کـوژراوە و لـە سـەری دراوە و لـە ٣ی خەزەڵـوەرەوە لـە یەکێـک لـە نەخۆشـخانەکانی شـاری تـاران لــە کۆمــا دایــە، ئــەو مــۆرەی ڕێژیــم وەک ئــاکاری دزێــوی هەمیشــەییان دەیانهــەوێ شــەهیدکرانی حەمیــد لــە ئەســتۆی خۆیــان دابماڵــن و بیخەنــە ئەسـتۆی کەسـانیترەوە بۆیـە بـە خزمـی شـەهید حەمیـد دەڵـێ کـە لەلایەن کەسـانی دیکـەوە لێیـدراوە و ئێمـە لـەو بـارەوە هیـچ ئاگادارییەکـمان نییـە! بەمشـێوەیە حەمیـد بـە شـێوەیەکی ناجوامێرانـە لەلایـەن هێـزە دڕندەکانـی ڕێژیمــی پــەت و ســێدارەوە شــەهید دەکــرێ و ســەنگەری خەبــات و بەرخۆدانــی شــار بــە ڕۆڵــە ڕاســاوەکانی شــەقام دەســپێرێ.

تەرمــی شــەهید حەمیــد لەلایــەن بنەماڵــە و خزمەکانیــەوە لــە تارانــەوە بــەرەو شــاری ســنە دەهێندرێتــەوە و بنەماڵەکــەی دەکەونــە ژێــر فشــاری هێزەکانــی ڕێژیمــەوە کــە دەبــێ بــە شــەو بــە خــاک بسـپێردرێ و پێیــان وتبــوون کــە ئەگــەر ئێســتا بــە خاکــی نەســپێرن دەیبەیــن لــە شــوێنێکی نادیــار بــە خاکــی دەســپێرین!

بنەماڵـەی شـەهید حەمیـد بـە ناچـاری هـەر ئـەو شـەوە دوور لـە ئاپـۆرای خەڵــک کاتژمێــر ٢ی نیوەشــەوی ٢٣ی خەزەڵــوەری ١٤٠١ی هەتــاوی، بــە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی دەسـپێرن.



# شەهید ڕەزا کازمی

سۆما ناسری

شۆڕشی ژینا تەنیا نارەزایەتی نەبوو لە بەرامبەر هەڵاواردنی ڕەگەزی و سیاسی و ئابووریی، بەڵکوو سەرهەڵدانی هەمەلایەنە بوو بە دژی تەواویەتی سیستمی تۆتالیتێر و نادادپەروەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران. شۆڕشی «**ژن، ژیان، ئازادی**» شۆڕشێک بوو لەپێناو دەستەبەرکردنی شکۆ و مافی یەکسانی بۆ ژنان، گەڕاندنەوەی کەرامەت و مافی ژیان بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و دابینکردنی ئازادی و سەربەستی بۆ هەمووان بوو.

گەیشتن بە مافی یەکسانی مرۆیی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی شا و شێخدا تێچووی زۆری بۆ گەلی کورد لە کوردستاندا بەدواوە بووە و لەم پێناوەدا هەزاران ڕۆڵەی ئازا و لەخۆبوردووی ئەم نیشتمانە بوونە قوربانی ئەم ئاو و خاکە پیرۆزە، سەرەڕای ئەم هەموو قوربانیدانەش گەلی کورد هەروا لێبڕاوە تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی دەست لە خەبات و بەرخۆدان هەڵنەگرێ و بەدڵنیاییەوە تا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ.

«ڕەزا کازمی» یەکێکی دیکە لە تازەلاوانی شۆڕشی ژینایە کە وەک دەیان گەنج و لاوی ئەم نیشتمانە ئەویش بە دەستی زۆڵەکوردێک

و کەواسـوورێکی پێـش لەشـکر شـەهید کـرا، ئـەو نیشتمانفرۆشـانەی کـە لەپێنـاو پـارەدا خۆیـان و کەرامەتـی بنەماڵەکەیـان دەفرۆشـن و بەتاڵـن لـە غیرەتـی کوردبـوون، ئـەوان لـە مێـژووی گەلـی کـورددا بـە جـاش پێناسـە کـراون. بەشـی بەرچـاوی ئـەو خوێنانـەی ڕژان و ئـەو تێچـوو و باجـەی خەڵکـی ڕاپەڕیـوی کوردسـتان لـە شۆڕشـی ژینـادا دایـان بەهـۆی خیانـەت و خۆفرۆشـتنی ئـەو زۆڵەکوردانـەوە بـووە و مێـژووی کوردیـش هەرگیـز خیانەتـی ئـەو بەکرێگیراوانـە لـە بیـر نـاکات و ڕۆڵـە نیشـتمانپەروەر و بەهەڵوێسـتەکانی گەلـی کوردیـش لـەو خیانەتانـە خـۆش نابـن.

ڕەزا ١٩ی جۆزەردانـی سـاڵی ١٣٨٥ی هەتـاوی، لـە داوێنـی ئاویـەر لـە دایـک بـوو، لـەو شـارە پێـی گـرت و لەگـەڵ سـۆرانی بـرای بچووکـی ببوونـە هـۆی دڵخۆشـی و دڵگەرمیـی ژیانـی دایـک و باوکیـان. ڕەزا لـە منداڵییـەوە کوڕێکـی ڕەزاشـیرین و ڕوحسـووک بـوو.

بەهـۆی قورسیی بـاری ژیـان لـە شـاری سـنە و بەگشـتی بارودۆخـی خراپـی ئابـووری لـە کوردسـتان، بنەماڵـەی شـەهید ڕەزا پـاش ماوەیـەک گەڕانـەوە شـارۆچکەی مـوژەژ و لـەوێ نیشـتەجێ بـوون.

گوشـاری ئـەو بـارە نالەبـارەی ڕێژیمـی ئاخونـدی بـە سـەر ژیانـی خەڵکـی کوردسـتانیدا سـەپاندووە، هەمیشـە کاریگەریـی زیاتـر دەخاتـە سـەر دۆخـی منداڵـەکان و بەشـێکیان لـە درێـژەدان بـە خوێنـدن بێبـەش دەکات. هـەر ئـەو دۆخـە بـوو بەهـۆی ئـەوەی ڕەزای مێرمنـداڵ و دڵ پـڕ لـە خۆزگـەش نەتوانـێ زیاتـر لـە نـۆ کلاس دەرس بخوێنێـت و بەناچـار شـانی دایـە بـەر بەرپرسـیارەتی و دابینکردنـی بژێـوی ژیـان و بـوو بـە یارمەتیـدەری بنەماڵەکـەی.

ڕەزا لـە سـەرەتای یەکـەم مانگـی پاییـزی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، بەهـۆی

نەبوونـی هەلـی کار لـە کوردسـتان وەک زۆربـەی گەنـج و لاوانی کوردسـتان بـۆ کارکـردن ڕووی کردبـووە شـاری تـاران و ماوەیـەک لـەوێ کاری کـرد بـۆ ئـەوەی بتوانـێ ماتۆڕێـک بکڕێـت و کاری پـێ بکا، بـەڵام دواتر لەبـەر ئەوەی هۆگرییەکـی زۆری بـە دایکـی هەبـوو و بـۆ ئـەوەی دایکـی خەمـی دووری کوڕەکـەی نەخـوات و بتوانـێ شـەوانە بگەڕێتـەوە لای، وازی لـە کارکـردن لـە تـاران هێنـا و گـەڕاوە بـۆ شـارۆچکەی مـوژەژ و هـەر لـەوێ دەسـتی بـە کرێـکاری کـرد. بـەڵام بەداخـەوە دەسـتی ڕەشـی تـاوان نەیهێشـت ڕەزا لـە پەنـا دایـک و باوکـی و براکەیـدا بحەسـێتەوە و لـە هەڕەتـی لاویـدا گوڵـی تەمەنیـان هەڵوەرانـد و ئـاوات و هیواکانیـان پەڕپـەڕ کـرد.

**«سـەری کردۆتـە سـەر شـانی شـەقام و شـێعرێکی بەگوێـدا دەچرپێنـێ،**
**شـێعرێک پـڕ لـە وشـەی ڕەنگاوڕەنـگ بـە پێشـڕەوی ڕەنگـی سـوور !**
**پەنجەکانی دەستی سڕن، چاوەکانی ئەو دیوی ئاوات دەبینن**
**لەبـەردەم ئاسـمانا سـوێندی بـۆ دەخـوا، بەڵێنـی بووژانـەوە دەدات بـەو وڵاتـەی ڕوانــی دار، کەروێشــکەی گەنمــان، چــاوە چــاوی ئەســتێران و ڕەشــبەڵەکی گــەڵای پاییــز حەرامــە**
**ئـەو بـە هێمنـی ئێـوارەی تـووڕەی سـنە هەڵدەسـەنگێنێ و وێـڕای شـارێک بــۆ تاوهەڵاتــی بەیانــی مزگێنــی بــە ڕابــردوو دەدات کــە بەیانییــەک بەڕێوەیـە و تـەم و مـژی سـەر ویسـتی ئـەم گەلـە لادەدات**
**ڕەزای لاو بۆ موژەژی لاو دەخوێنێت**
**کوردستانە لەدەمی ئەو سترانی ئازادی دەڵێتەوە**
**ئـەم هـاوارە ناوەسـتێت و هەڵگـری ئـەم دەنگـە ڕەوەهەڵـۆی دەنـووک خوێنـاوی ئـەم بەرزانـەن، هاوڕێـی «بـا»ن، لەگـەڵ هـەورا دەژیـن، مـردن**

**گەلێک دووره لێیان مچوڕک دێننە سەر چاوی هەموو ئەوانەی بە بڵێندی نامۆن**
**تەقە لەدوای تەقە هەر فیشەکە و بە شوێن وشەیەکدا دەگەڕێ، خۆیان سەریان سوورماوە ئەمڕۆ تفەنگ وشەی پێ ناپێکرێ ئەو دەنگە هەر دێ، ئەو هاوارە قووڵتر ڕۆدەچێ بە ئێسقانەکانی ستەمدا**
**تەقەیەک هات و دەنگی هاواری گەرووی ئەو کەوت، هێشتا چی وا تێنەپەڕیوە خوێنێکی سوور وەکوو هەموو مێژووی ئەم سەرزەمینە نەمرە، هاوار دەکات کوردستان نامرێ! شەهید نامرێ! ڕەزا نامرێ!»**
(پارتیزان)

ڕەزای ڕەزاسووک سەرەڕای ئەوەی تەمەنی کەم بوو بەڵام بە تەواوی هەستی بە زوڵم و زۆر و هەڵاواردنی سیستماتیکی ئەو ڕێژیمە داپلۆسێنەرە لە کوردستان کردبوو، بۆیە بەشداریکردنی لە شەقام و خۆپیشاندانەکاندا بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانی و هاوڕێ و پاڵپشتی سەنگەرڤانانی شەقام بوو.
ڕەزا تازە ١٦ بەهاری لە تەمەنی بڕیبوو و کاک حەسەنی باوکی و خاتوو مەهینی دایکی، دنیایەک خەون و ئاواتیان بۆ دواڕۆژی کوڕە مێرمنداڵەکەیان لە مێشکی دابوو کە، پێشەنگان و گیانلەسەردەستانی شۆڕشی مەزنی «ژن، ژیان، ئازادی» بەنیاز بوون تەخت و بەختی ڕێژیمی سەرەڕۆ و خوێنڕێژی ئاخوندی بۆ هەمیشە تێکەوە پێچن. ڕۆژی ٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، ئەو ڕۆژانەی شۆڕشی ژینا هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتبۆوە و خەڵکی شارۆچکەی موژەژیش وەک ڕۆژانی پێشوو خورۆشا بوون، هێزەکانی ڕێژیم وەک

هەمیشـە لـە سـەرکوتی خەڵـک دەسـتیان نەدەپاراسـت و هـەر ئـەو ڕۆژە ١٢ کـەس لــە خۆپیشــاندەرانی مــوژەژ لەلایــەن ئــەو هێزانــەوە برینــدار بـوون، ڕەزا لـە نێـو خۆپیشـاندەراندا بـوو و یارمەتـی بریندارەکانـی دەدا و سـواری ماشـێنیان دەکـردن بـۆ ئـەوەی لـەوێ دووریـان بخەنـەوە و نەهێڵـن بکەونـە دەسـتی هێزەکانـی ڕێژیمـەوە.

دوای ئـەوەی دۆخەکـە هێندێـک هێـور دەبێتـەوە چـەن جـاش و بەکرێگیراو دەکەونـە دوای ڕەزا و لـە چوڵەوانییـەک دەیدەنـە بـەر دەسـترێژی گوللــە و بەســەختی برینــداری دەکــەن، پــاش ئــەوەی خەڵــک ڕەزا دەیگەننــە نەخۆشـخانەی کەوسـەری سـنە و دەیبەنـە ژووری نەشـتەرگەری، بەداخـەوە بەهـۆی سـەختی برینەکانیـەوە دەوام ناهێنـێ و چـاوی چاوەڕوانـی دایکـی بــۆ هەمیشــە لــە حەسرەتــی گەڕانــەوەی لاوچاکەکــەیدا دەمێنتــەوە و نـاوی شـەهید ڕەزاش دەچێتـە ڕیـزی شـەهیدانی سـوورخەڵاتەوە و گیانـی دەبەخشـێتە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان و شۆڕشـی ژینـا.

تەرمــی شــەهید ڕەزا کازمــی لــە زێــدی بــاب و باپیرانــی لــە گونــدی «کەیلـەولان» سـەر بـە شـارۆچکەی مـوژەژ بـە ئامێـزی پیـرۆزی نیشـتمان سـپێردرا.

سوورخەڵاتان



# شەهید شاهۆ بەهمەنی

سۆما ناسری

«لە ڕەوەزی  سووری ئێمە
کاروانکاروان شەهید
لە چیا و کوێستانی ئێمە
چیاچیا شەهید
لە کانی و مێرگوزارمان
کەوی ڕندوو و چیای کارمامز و
ئاسکی ڕەوەز شەهید
لە ئاگردانی ئێمەدا
گوڕوتینی باوەڕمان شەبەقشەبەق
تا ئاسمان و تا ڕاسانی خۆر
پڕ تین پڕ تین
چ باوەڕدارانە، هەڵۆ ئاسمان چۆڵ ناکا
چە ئیماندارانە، شێر بێشەی
بۆ کەمتیار و سەگلاوک جێ ناهێڵێ
چراچرا داگیرساو و
تا کەشکەڵانی نیشتمان و

**تا ڕووناک بوونەوەی ئاسۆ و**

**ڕەوانەوەی مژی زەمەنێک**

**ڕێگای کاروان هەموار و**

**ژن و ژیان و ئازادی**

**لە شەمەندەفەری هیوادا**

**پێ دەخەنەوە مەوتەنێ و**

**پەلکەزێڕینە قاقا لەم تەریقەتەدا**

**لەگەڵ یەکەم نمەی بارانی ئەوین**

**ناسکناسک ئەتریقێتەوە ... «.**

(باهۆز ئەحمەد)

چ شۆڕشـێکە شـاهۆ سـەربڵیندتر دەکات و ئاویـەری زەنوێـر تینوێتـی ڕێبوارانـی تەریقەتـی ئـازادی تێـر دەکات، کۆسـاڵان هەرچـی کـەوی هەیـە دەینێرێتـە ڕەوەزی ژیانـەوە و لـە شـەقامەکاندا بـۆ سەربەسـتی لـە قاسـپەی دەدەن و خـەوی شەوپەرسـتان دەزڕێنـن.

وره و باوەڕبەخۆبـوون گەورەیـی و شـکۆ دەبەخشـێتە مـرۆڤ، بەتایبەتـی ئـەو مرۆڤانـەی دژی سـتەم و زۆرداری دەوەسـتنەوە و گیانلەسەردەسـت بەگـژ مرۆڤکوژانـدا دەچنـەوە؛ شـاهۆ بەهەمەنـی یـەک لـەو کـوڕە ئـازا و قارەمانانـە بـوو کـە تـا دواییـن ساتەکانی ژیانـی شـەقامی چـۆڵ نەکـرد و هاوڕێیانـی بەجـێ نەهێشـت، ئازایانـە بەرگـری کـرد و مەردانـە گیانـی پیـرۆزی لـەو ڕێگایـەدا بەخشـی بـە نیشـتمان و میداڵـی شـانازیی لـە بەرۆکـی پێشـەوای کـوڕی دا.

شـاهۆ کـوڕی خاڵـۆ سـدیق و دایـە فانـووس، ڕۆژی ٢٥ی پووشـپەڕی سـاڵی ١٣٦٥ی هەتـاوی لـە شـاری سـنە لـە دایـک بـوو و هـەر لـەو شـارە پێـی

گـرت و گـەورە بـوو.

شـاهۆ کوڕێکـی وریـا و چاوکـراوە بـوو، وەکـوو زۆربـەی مناڵانـی ئـەم نیشـتمانە لـە تەمەنـی حـەوت سـاڵی نێردرایـە بـەر خوێنـدن و قۆناغەکانـی خوێندنـی تـا دیپلۆمـی «فنـی حرفـەای» یەکبەدوای‌یەکـدا بـە سـەرکەوتوویی بـڕی.

کوڕێکـی زەحمەتکێـش و ڕوح‌سـووک و خەڵـک خۆشەویسـت بـوو و وێـردی سـەر زمانـی ئـەوە بـوو کـە بـەردەوام دووپاتـی دەکـردەوە: «**مـرۆڤ نابـێ مانـدوو بـێ، دەبـێ تێبکۆشـێ بـۆ ژیـان و خۆزگەکانـی، بـۆ داهاتوویەکـی گـەش و ڕووناکیـی منداڵانـی دواڕۆژی نیشـتمانەکەی**»، هەرچەنـد بەداخـەوە بەهـۆی گوشـاری کار و تێکۆشـانی بێ‌وچانـی تووشـی نەخۆشـی دیسـکی کەمـەر دەبێـت و پاشـان بەناچـار نەشـتەرگەری بـۆ دەکـرێ، بـەڵام دیسـانیش دەسـت دەکاتـەوە بـە کار و تێکۆشـان و بـۆ بژێـوی ژیانـی بنەماڵەکـەی لـە ڕێگـەی کارکـردن بـە تاکسـی هـەوڵ دەدات کـە ژیانێکـی سـەربەرزانەی هەبێـت.

شـاهۆ ژیانـی هاوبەشـی لەگـەڵ خاتـوو مێهنـاز پێـک دێنێـت و بەرهەمـی ژیانیـان کوڕێکـی ژیکەڵانەیـە بـە نـاوی پێشـەوا کـە تەمەنـی چـاردە سـاڵە.

شـەهید شـاهۆ جگـە لەوەیکـە دڵسـۆزی بنەماڵەکـەی بـوو، باوەڕێکـی قووڵـی بـە ئازادیـی گـەل و نیشـتمانەکەی هەبـوو، خۆشەویسـتیی نیشـتمان بـۆ ئـەو لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە بـوو، هـەر ئـەوەش وای کـرد کـە بەرهەمـی ژیانیـان بـە پیـرۆزی و خۆشەویسـتیی پێشـەوای کوردانـەوە نـاو بنێـت پێشـەوا.

ئـەو هەمـوو کات دژ بـە ناحەقـی و سـتەمی سیسـتماتیکی داگیرکـەر بـوو، بـاوەڕی وابـوو بـۆ نەمانـی زوڵـم و زۆری داسـەپاو و ڕماڵینـی حکوومەتـی

دژەگەلی و ئاخوندیی کۆماری ئیسلامی دەبێ بێدەنگ نەبین و دەست لە دەستی یەک ڕاپەڕین و بە یەکگرتوویی کۆشکی زۆرداران بڕووخێنین. شاهۆ بە بیستنی هەواڵی گیانبەختکردنی ژینا ئەمینی لە تاران بە دەستی جەللادانی ڕێژیم بڕیاری دا شەقام چۆڵ نەکا و بە بێ ئاگاداری بنەماڵەکەی هاوشانی گەنج و لاوانی شاری سنە بەشداری خۆپیشاندان و خورۆشانی شەقامی دەکرد و تا دوایین چرکەکانی ژیانی هاوڕێیانی بەجێ نەهێشت.

شاهۆ کاتێک خوشکی داوای لێ دەکات کە نەچێتە شەقام و لە فکری ماڵ و منداڵ و داهاتووی منداڵەکەیدا بێت لە وڵامی خوشکیدا دەڵێت: **«بۆچی واز بێنم؟! بۆ مەگەر خوێنی من لە خوێنی ئەم خەڵکە ئەو هەموو گەنج و لاوە ڕەنگینترە! ئەم خەڵکە لە چی ئەترسێ؟ مردن هەزار شەرەفی بە سەر ئەم ژیانەوە هەیە و مرۆڤ یەکجار دەژی و یەکجار دەمرێ، بۆ بە شەرەفەوە نەمرین، بۆ کە مردین سەرمان بەرز نەبێ، ئێوە ئاگاداری لە منداڵەکەم بکەن و پەروەردەی بکەن ئەوەش بزانن من لەپێناو داهاتووی منداڵەکەم و منداڵانی تۆ و خەڵکەکەمدا دەجەنگم»**.

مێژووی ئێمەی کورد بە درێژایی زەمەن خاوەنی کەسانێکی لەخۆبوردوو بووە کە دژ بە ستەم وەستاونەوە و پارێزگارییان لە خەڵک و خاکی خۆیان بە ئەرک زانیوە و میداڵی شەرەف و شانازی و گیانبازییان لە گەردن کردووە، شاهۆ بەهەمەنیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا لە هیچ سڵی نەدەکردەوە. هەر بۆیە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، کاتێک لە ڕێوڕەسمی چلەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شاری سنە بەشداری دەکات، لە

گەڕانـەوەدا دەکەوێتـە بۆسـەی تاریکپەرسـتانی ڕێژیمـەوە و بـە دەسـتڕێژی گولـلـەی دوژمـن دەپێکـرێ و دەچێتـە ڕیـزی کاروانـی نەمـری شـەهیدانەوە.

دوای ئـەوەی تەرمـی شـەهید شـاهۆ، لەلایـەن هاوڕێیانـی ڕادەگوێزرێتـە نەخۆشـخانەی کەوسـەری شـاری سـنە و کاتژمێرێـک دوای نەشـتەرگەری دەیگوازنـەوە بـۆ ساردخانەی ئـەو شـارە، هێزەکانـی ڕێژیـم دەیانهـەوێ تەرمـی شـەهید شـاهۆ بەدزییـەوە لـەوێ ڕابگـوازن، بـەڵام ئامادەبـووان و خەڵکـی شـاری سـنەی قارەمـان سـەرەڕای ئەوەیکـە هێـزە دژی گەلییەکانـی ڕێژیـم بێڕێزییەکـی زۆر بـە بنەماڵەکـەی دەکـەن و تەنانـەت بـرای شـەهید شـاهۆ لەلایـەن ئـەو هێزانـەوە سـووکایەتی پێدەکـرێ و لێـی دەدرێ! تەرمـی شـەهید شـاهۆ لـە ئامبۆلانـس دەیهێننـە خـوارێ و لـە دەسـتی دوژمـن دەریدێنـن.

هێـزە کوردکوژەکانـی ڕێژێـم هـەر بـەوەوە ناوەسـتن و ناهێڵـن بنەماڵەکـەی تەرمـی شـەهید شـاهۆ لـە گۆڕسـتانی بەهەشـتی محەممـەدی شـاری سـنە بنێـژن، هـەر بۆیـە بنەماڵەکـەی بـۆ ئـەوەی تەرمـی کوڕەکەیـان نەکەوێتـە دەسـت هێزەکانـی دوژمـن بـەو شـەوە دەیگوازنـەوە بـۆ زێـدی بـاب و باپیرانـی شـەهید شـاهۆ واتـە ئاوایـی «تـازاوای ئاسـف» و کاتژمێـر دوازدەی شـەو بەڕێـز و شـکۆوە لەنێـو ئامێـزی پـڕ خورۆشـی خەڵکـی ئەمەگناسـەوە ڕادەسـتی ئامێـزی پیـرۆزی نیشـتمانی دەکـەن.

سـەرەڕای کەشـێکی تـەواو ئەمنییەتـی، بنەماڵەکـەی لـە سـاڵڕۆژی شـەهیدکرانی ڕۆڵەکەیـان ڕێوڕەسـمێکی بەشـکۆیان بـۆ گـرت و بەڵێـن و پەیمانـی وەفادارەتییـان لەگـەڵ شـەهیدەکەیان نـوێ کـردەوە.



# شەهید کەماڵ فەقیهی

تاهیر قاسمی

شۆڕشی ژینا ئەگەرچی لە ناوەند و شارە گەورەکانی ئێراندا نەیتوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەکردەوە لەگەڵ خۆی بخا و بەداخەوە ئەوە یەک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەو شۆڕشە لە ماوەی شەش مانگ خۆپێشاندانی چڕوپڕیدا بوو، ئەگەرچی ئەو توێژەی کە بە توێژی خوڵەمێشی دەناسرێ لە کەلانشارەکاندا تێکەڵ بە خۆپێشاندانەکان نەبوون و تێکۆشەران و لاوانی ئازادیخوازیان بەتەنیا هێشتەوە؛ بەڵام پێناسە، پێکهاتە، نێوەرۆک و ئامانجی شۆڕشەکە لە کوردستان وەک کانگا و لانکەی ئەو ڕاپەڕینە، جیاواز و تایبەت بوو. لێرە دایکان و باوکان هیچکات پشتی ڕۆڵەکانی خۆیان لەو سەرهەڵدانەدا چۆڵ نەکرد و بە تەنیایان نەهێشتن. ئەو لاوانەی کە لە کوردستان هاتنە سەر شەقام و هەر ئێستاش دەنگی دلێری ئازادیخوازییان بەرزە، لەڕاستیدا گۆشکراوی ئەو دایک و باوکە تێکۆشەرانەن. توێژێک کە هەم گیانیان و هەم ڕۆڵەکانیان بە سەخاوەتەوە بەو شۆڕشە ئازادیخوازانەیە بەخشی. وێڕای ئەو دایک و باوکانەی کە بە دەم گوتنی دروشم و خوێندنەوەی سرووددەوە تەرمی ڕۆڵە ئازاکانیان بە خاکی پیرۆزی نیشتمان دەسپێرن، شەهیدانی وەک کوبرا شێخە، عەزیز مورادی، حەبیب فەتحی، جەوهەر

فەتاحـی، غەفـوور مەولـوودی، جـەلال قوربانـی، فـواد قەدیمـی و مینـوو مەجیـدی نموونەکانـی ئـەو دایـک و باوکانـەن کـە بۆخۆشیان ڕاسـتەوخۆ و شانبەشـانی ڕۆڵـە ئازادیخوازەکانیـان لـە کوردسـتان بەرەنـگاری هێـزە دژی گەلییـەکان دەبنـەوە و لـەو پێناوەشـدا گیانیـان بـە ئازادیـی ئینسـانەکان، بـە یەکسـانیی نێـوان ژن و پیـاو و بـە ڕزگاریـی نیشـتمان دەبەخشـن؛

**«دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات**
**من گوتم تۆش تێبگە ناگاتە دەریایە زنە**
**با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ**
**تاکوو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە»**

شـەهید کەمـاڵ فەقیهـی یەکێکـی دیکـە لـەو دایـک و باوکـە تێکۆشـەر و ئازادیخوازانـە بـوو کـە شانبەشـانی لاوانـی ئازادیخـواز لەپێنـاو سـەرکەوتنی شۆڕشـی ژینـا و بەدیهێنانـی دروشـمی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**»دا تێکۆشـا و لـەو پێناوەشـدا گیانـی شـیرینی پێشـکەش بـە خەڵـک و خـاک و ئازادیـی کوردسـتان کـرد.

کەمـاڵ فەقیهـی کـوڕی کاک محەممـەد و دایـە مەلیحـا، لەدایکبـووی ڕۆژی ٣٠ی بانەمـەڕی سـاڵی ١٣٥٥ی هەتـاوی لـە گونـدی قەبەغڵووجـەی سـەر بـە شـاری سـەقز بـوو. تەمەنـی دوو سـاڵ بـوو کـە بنەماڵەکـەی بـە هـۆی هـەژاری و بێـکاری، کۆچیـان کـرد و لـە شـاری بـۆکان گیرسـانەوە. کەمـاڵ لـەو شـارە کوردپـەروەرەدا گـەورە بـوو و نێردرایـە بـەر خوێنـدن. وێـڕای خوێندنیـش بـوو بـە دەسـتی پاشـباری بنەماڵـە و لـە ڕۆژانـی پشـوو بـە تایبـەت لـە وەرزی هاوینـدا وێـڕای بنەماڵەکـەی لـە کوورەخانەکانـی تەورێـز

و شەبستەر خشتی دەبڕی یان لە باغ و مووچە و مەزراکاندا کرێکاری دەکرد. کەماڵ بەمجۆرە و لەنێو زەحمەت و کوێرەوەری و هەژاریدا گەورە بوو. ساڵی ١٣٧٤ لە بەشی زانستیدا دیپلۆمی وەرگرت و هەر ئەو ساڵە لە زانکۆی یاسووج وەرگیرا و لە بەشی ئەندازیاریی میکانیکی جۆشکاری درێژەی بە خوێندن دا.

کەماڵ کە لەگەڵ هێرش و سەرکوتی هێزە داگیرکەرەکانی تاران بۆ سەر کوردستان گەورە و پەرە ببوو، زۆر زوو لەگەڵ ژان و ئازارەکانی گەلەکەی ئاشنا بوو. دەردی دیکتاتۆری و داگیرکراویی بە ئێسک و پێستەوە هەست پێ کردبوو. بە هۆی خاڵی شەهیدی، شەهید ڕەشید سەلیمی کە وەک کادرێکی شارەزا و پێشمەرگەیەکی ئازا لە ڕیزەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا تێدەکۆشا، پتر لەگەڵ ڕێبازی ئازادیی گەلەکەی و ڕزگاریی نیشتمانەکەی ئاشنا و ئۆگر بە خەبات بوو. ئەگەرچی بەو هۆیەوە بەردەوام لەژێر چاوەدێریی حەراسەت و ئیتلاعاتدا بوو بەڵام هاوزانکۆییەکانی لە زانکۆی یاسووج گەواهی لەسەر چالاکی و تێکۆشانی نەترسانەی ئەو بۆ ناساندنی ماف و ویستەکانی گەلەکەی لەنێو خوێندکاراندا دەدەن. ئەو لە زانکۆی یاسووج وەک کادرێکی خۆڕسک و نوێنەرێکی شارەزای ماف و خواستەکانی نەتەوەکەی لەنێو خوێندکاراندا دەردەکەوت و سەرنجی بۆ سەر پێویستیی دابینبوونی مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ڕادەکێشان.

کەماڵ دوای کۆتایی خوێندن لە «نیروگای حەرارەتیی سەهەند» لە شاری بناو دامەزرا و بە زیرەکی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بوو بە بەرپرسی بەشی ئەندازیاریی تێکنۆلۆژی و چاوەدێریی نیرووگا. لەوێش

وەک کەسێکی ئازا و چاونەترس دەرکەوت و هەمیشە لاگری مافی هاوکارەکانی بوو. لە هەر جێگایەک هەستی بە پێشێلکرانی مافی ئەوان کردبا و زانیبای کە لەقەدەر زەحمەت و ماندووبوونیان مووچەیان پێ نادرێ، لێبڕاوانە بەرگریی لێدەکردن. تا ئاستێک کە لەلای هاوکارەکانی کە زۆربەیان تورکزمان بوون، وەک ڕێبەر و ڕێنوێن حیسابی لەسەر دەکرا و ڕێزی لێ دەگیرا. هاوکات جەختی لەسەر پێویستیی دۆستایەتیی نێوان دوو نەتەوەی کورد و ئازەربایجانی دەکردەوە و لەسەر سیاسەتە گەمارەکانی ڕێژیم بۆ ئاژاوەنانەوە و تێکدان و تەفرەقە لە نێوان ئەو دوو نەتەوە ئازادیخوازەدا قسەی بۆ دەکردن. بەمجۆرە کەماڵ ببوو بە کەسی خۆشەویست و جێ متمانەی هاوکارەکانی. بە جۆرێک کە دوای شەهیدبوونیشی پشتیان لە بنەماڵە و کەسوکاری نەکرد و هەتا ئێستاش بەردەوام سەردانیان دەکەن و ئاگایان لە بنەماڵەکەیەتی.
لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا، بۆکان زۆر زوو تێکەڵ بە خۆپیشاندانەکان بوو. بە درێژایی شەش مانگ خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران، ئەو شارە شۆڕشگێڕە بەردەوام لەسەر شەقام مایەوە. لاوانی شار ڕۆژ نەبوو بە شێوەی جۆراوجۆر نەفرەت و بێزاریی خۆیان بە دەسەڵات و سپای داگیرکەر نیشان نەدەن و شەو نەبوو شەقامەکانی شار نەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. تا ئاستێک کە چەند جار شارەکەیان لە پێڵاوی پیسی داگیرکەر و نۆکەرانی پاک کردەوە. کەماڵی تێکۆشەر و ئازادیخواز کاتێ کە دیتی گەلی کورد و لاوانی شارەکەی هاتوونەتە سەرشەقام و گەل وا لێبڕاوانە داوای مافی ڕەوای خۆی دەکا، دەست لەسەر دەست دانانی بە کاری نامەردانە زانی و زۆر زوو تێکەڵ بەو خورۆشانە بوو. لەهەر جێیەک بۆی لوابا بەشداریی

ڕاستەوخۆی لە خۆپێشاندانەکاندا دەکرد و لە کوێ بە پێویستی زانیبا دەهانای خۆپێشاندەرانەوە دەچوو.

**«جوغڕافیایەک باڵ بۆ بۆکان»**

**‹› لەگەڵ زیرەک نەورۆز دەڵێن**
**لەگەڵ تەرەغە گۆرانی**
**سەنگەریان ناخی ئاگرە**
**کۆترە باریکەی بۆکانی**
**چینە لە پشکۆکان دەکەن**
**هێلانە لەسەر کارەسات**
**لەسەر ناڵەشکێنە بارین**
**ڕوو بە برینی ڕۆژهەڵات**
**کیژی بۆکانی خەواڵووی**
**خەونی ڕزگاریی بەهارە**
**لەدەست شوورەی ئەو زستانەی**
**ڕێنووسی دەستی ئازارە**
**حەوزە گەورەی نەهەنگ دەژی**
**بە خەونی دەریای شینەوە**
**قەڵای بۆتە مووزەی ئاور**
**بە ئاسەواری ژینەوە**
**لاوان کەڵهوڕی ڕاساون و**
**موکری ڕابوونە جوانییەوە**

**تەپەی بەهاری دەدوێنن**
**بە ڕەنگی نیشتمانییەوە**
**باغی میراوایان کردە**
**پێگەی سروودی سووری مەل**
**بە دیاری دەبەن بوێری**
**بۆ شاخێک ڕاماوە لە گەل**
**جادەی حەسار کۆڵانی گڕ**
**ناوچەی سەنگەر کوڕی جوانی**
**کایە بە مەشخەڵان دەکەن**
**کیژۆڵەکانی بۆکانی**
**بووکی جوغرافیای کوردە**
**گیازی، ڕۆحی هەڵۆ و شاخە**
**مەلی جوانیی ئاسمانی کورد**
**باڵی سەربەستیی پەرداخە»**

(ڕابوون ڕۆژهەڵات)

ئێوارەی ڕۆژی ٢٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ لاوانی شار دیسان کۆبوونەوە و بەگژ هێزە دژی گەلییەکاندا چوونەوە. «جادە حەسار» کە ماڵی شەهید کەماڵیش لەوێ هەڵکەوتووە، کانگایەکی ئەو سەرهەڵدان و بەگژداچوونەوانە بوو. لە یەکێک لەو تێکەڵچوونانەدا شەهید کەماڵ ئاگای لێ بوو کە جاش و بەسیجییەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر چەند لاوی شۆڕشگێڕ و ئازاریان دەدەن. بە ئەرکی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی زانی کە بە یارمەتیی ئەو لاوە تێکۆشەرانەوە بچێ و لە دەست

دژی گەلییەکان ڕزگاریان بکا. بەو جۆرە هەڵدەکوتێتە سەر جاش و بەسیجییەکان و لاوەکان لەدەستیان ڕزگار دەکا. دوای ڕزگارکردنی لاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بۆ ئەوەی ئەگەر بەدوایدا هاتن بتوانێ خۆی لە دەست جاش و پاسدارەکان قوتار بکا و هەمیش باشتر چاوەدێریی دەوروبەر بکا، دەچێتە سەر بانی ماڵەکەی. بەڵام چەند جاش و بەسیجیی دیکە کە لەولاتر ئاگایان لە تێکەڵچوونەکە بوو، لە خوارەوە کەماڵ وەبەر دەسڕێژ دەدەن. لە ئاکامی ئەو کردەوە دژە مرۆڤانەیەدا بە داخەوە گوللەیەکی کلاشینکۆف و ڕێژەیەکی زۆری ساچمە بەر لەشی کەماڵ دەکەوێ. دوای چەند سەعات بۆ نەخۆشخانە گوێزرایەوە بەڵام بەداخەوە کەماڵ شەهید ببوو و گیانی بە نیشتمانە خۆشەویستەکەی سپارد بوو. سبەی کە بنەماڵەکەی دەیانهەوێ تەرمە پیرۆزەکەی کفن و دفن بکەن و بینێژن، مەئموورانی ئیتلاعات خۆیان دەگەیەننێ و دەیانخەنە بەر هەڕەشە و گوشار بۆ ئەوەی هیچکەس لەو تاوانە ئاگادار نەکەنەوە و ناچاریان دەکەن بە بێدەنگی بینێژن.

موهەندیس کەماڵ فەقیهی لەکاتێکدا شەهید بوو کە دوایین ساڵی کاریی خۆی تێپەڕ دەکرد و دوای ساڵانێک زەحمەت و ماندووبوون، قەرار بوو خانەنشین بێ و بحەسێتەوە. بە داخەوە ڕێژیمی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی مەودای نەدا ئەو ئاواتەشی وەدی بێ. شەهید کەماڵ دوو کوڕی بە ناوەکانی نیما بیست ساڵە و هیوا سێزدە ساڵە لە دوای خۆی بەجێ هێشت.

**«وەتەن حەولی دەوێ، ئەسرینی ناوێ**

**وەتەن هەرگیز دڵی خەمگینی ناوێ**

بە دڵ فەرمووتە تۆ بابی شەهیدم
شەهیدی ڕێی وەتەن قەت شینی ناوێ»



## شەهید موئمین زەندکەریمی

ناسر سادقی

**«پاییز! بڵێ بە باران، دایدا بەوێنەی جاران**
**لەمێژە لێوی عەرزی ویشکە بە یادی باران**
**دە هەورە گرمە دەی دەی! بناڵە هەر وەکوو نەی**
**تۆ بانگی سینگی ئێمەی، بۆ لای خودای هەژاران**
**چەتری گەڵاش ڕژاوە، ڕێی کۆچە کەوتە بەرمان**
**جەیشی زاڵم لە سەرمان، پاکی شێواوە شاران**
**لە ژێر ئاڵا خوانوور، تینوو بە چۆڕێ ئاوە**
**ڕەگباری گوللە باری و شارمان پڕ بوو لە ماران**
**پاییز! دەگرمە هەورێ، با کانیەکان بتۆقێن**
**زڵلەی برووسکە شەققەی بگاتە تەختی تاران»**

(ئاسۆ)

بەهاری ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی، ڕۆژی ٢٨ی خاکەلێوەیە سروە و گەزیزەی بەهار مژدەی هاتنی میوانێکی خۆشەویستی بۆ بنەماڵەی کاک عوبێد و خاتوو حەیات بە دیاری پێیە. لە گەڕەکی کارئامووزیی شاری سنە لە ماڵی کاک عوبێد و خاتوو حەیات دەنگی هەلهەلە و شادی هەتا

چەندیـن مـاڵ ئەولاتـر بـەر گـوێ دەکـەوێ. ئـەو ڕۆژە شـیرینی خـواردن و گوێزەبانـەی منداڵێکـی ڕەزاسـووک و هێـدی و هێمـن بـوو. هەمـوو بنەماڵـە و خـزم و دۆسـتانی کاک عوبێـد و خاتـوو حەیـات دەسـتەودۆعا و شـوکرانەبژێرن. سـاڵی دوو بەهـارە بـۆ ئـەو بنەماڵەیـە. لەدایکبوونـی کوڕێکـی ڕەزاشـیرین و لەبەردڵانـە. بەهـاری ئـەو سـاڵە بـۆ ئـەوان جیـاواز لـە سـاڵانی ڕابـردوو گرینگیەکـی تایبەتـی هەبـوو. نەرمەشـەماڵی دڵبلاوێـن هەسـتی شـادمانی زیاتـری پێدەبەخشـین. کاک عوبێـد و خاتـوو حەیـات وەک نەریـت و سـوننەتێکی بـاو لـە گۆمەڵـگای کـوردەواری قوربانییـان بـۆ سـاواکەیان کـرد، تـا لـە بـەڵا و ڕووداوی نەخـوازراو بـەدوور بـێ و لـە سـێبەری یەزدانـی مەزنـدا پارێـزراو و لـە چـاوی ناحـەزان و شـەڕەنگێزان نەدیـو بـێ. دایـک و باوکـی نـاوی مۆمینیـان بـۆ کۆرپەکەیـان دیـاری کـرد و بانگیـان بـە گوێـی دادا و ناودێریـان کـرد. مۆمیـن سـەرەڕای ئـەوەی هـەر لەسـەرەتای منداڵییـەوە کوڕێکـی هێـور و ڕەزاسـووک و لەبـەردڵان بـوو، هـاوکات چاوکـراوە و ژیـر و پێتۆڵیـش بـوو. مۆمیـن لـە تەمەنـی چوار سـاڵی ماوەیـەک سـەرقاڵی خوێندنـی دەرسـی قوڕئـان و زمانـی عەرەبـی دەبـێ. دەنگـی خۆشـی مۆمیـن بـۆ هـەواڵان و مامۆسـتاکانی جێـی سـەرنج بـوو. سـاڵی ١٣٨٨ی هەتـاوی سـەرەتای دەسـپێکی چوونـە باخچـەی سـاوایان بـوو و دواتریـش لـە قوتابخانـە بەهـۆی زیرەکـی و توانایـی لـە دەرسـەکانیدا بـەردەوام لەلایـەن مامۆسـتاکانی قوتابخانـە و پۆلەکـەی ڕێـزی لـێ دەگیـرا و دیـاری و خەڵاتیـان پێشـکەش دەکـرد.

مۆمیـن لـە سـاڵی ١٣٩٠ی هەتـاوی لـە باشـگای وەرزشـیی تێکوانـدۆ ناونووسـی کـرد، هەتـا ئـەوەی چەندیـن میداڵـی قارەمانـی لەسـەر ئاسـتی شارسـتان و پارێزگاکـە بەدەسـت هێنـا و سـەرکەوتنەکانی بـۆ هەمـووان

سـەرنجڕاکێش و جێـی دڵخۆشـی و شـانازی بـوون. موئمیـن زۆری حـەز لـە وەرزشـی تۆپیـپـێ بـوو، خوشـکێکی لەخـۆی گەورەتـر و برایەکـی لەخـۆی بچووکتریشـی هەیـە کـە پێوەنـدی و هۆگـری بـەو خوشـک و برایـەی زۆر تایبـەت و لێوڕێـژ لـە ئەویـن و هاوڕێیەتـی بـوو. هەتـا پۆلـی نـۆی بنەڕەتـی لـە قوتابخانـە زۆر بـە تامەزرۆیـی درێـژەی بـە خوێنـدن دا و حـەزی دەکـرد لـە داهاتـوو ببێتـە پارێـزەر، بـەڵام بەداخـەوە ناچـار بـوو واز لـە درێـژەدان بـە خوێنـدن بێنێـت و بڕیـاری دا لـە دووکانـی بابـی دەسـت بـکات بـە فێربوونـی پیشـەی دروونـی چـادر و خێوەتـی ماشـین و بەمـەش هـاوکار و یارمەتیـدەری بابـی بـێ.


پووشـپەڕی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، موئمینـی لاو وەک زۆرینـەی لاوانـی نیشـتمان بـە ناچـاری دەچێتـە خزمەتـی زۆرەملێـی سـەربازی و لـە گیلانـی غـەرب خولـی ئامووزشـی و ڕاهێنـان تـەواو دەکا و سـەرەنجام دەگەڕێتـەوە سـنە و زۆر بـە نابەدڵـی درێـژە بـە سـەربازییە ئیجبارییەکـی دەدا.

لـە سـەرەتای دەسـپێکی بزووتنـەوەی ژینـا، کاتێـک گەلـی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات سـەرلەنوێ زمانـی شـێعر و ئەدەبیاتـی خۆڕاگرییـان داڕشـتەوە و هونـەری یەکگرتوویـان بووژانـدەوە و مۆسـیقای ڕابوونیـان ئاوێتـەی نۆتەکانـی بەناوبانگتریـن ئـاوازە جیهانییـەکان کـرد، زۆر لـە ماڵەکانـی ڕۆژهـەڵات بوونـە مەکـۆی بینیـن و بیسـتنی پەیامـی ڕابـوون و ڕاسـانی شـار، موئمینـی لاویـش وەک زۆربـەی ڕۆڵەکانـی ئـەو نیشـتمانە بـەردەوام لـە ڕێپێـوان و سـەرهەڵدانەکان لەگـەڵ جەمـاوەری خورۆشـاوی شـاردا بەشـداری دەکـرد و دەنگـی ئاوێتـەی بانگـی ئازادیخـوازان دەکـرد.

موئمیـن ماوەی بیسـت ڕۆژ بـوو نەگەڕابووەوە بۆ سـەربازییەکەی و چالاکانە بەشـداری لـە هەمـوو نارەزایەتییەکانـی دژی داگیرکـەران و فاشیسـتاندا

دەکرد، مخابن لە ڕۆژی ١١ی خەزەڵوەر لە شەقامی گوڵشەن، موئمینی شۆڕەلاو بە تیری ناپاکترین و دزێوترین جەنایەتکارانی دژەمرۆیی کەوتە بەر گوللەی جەنگی و ساچمەیی و شەهید بوو. جەماوەری شاری سنە و بنەماڵەی شەهید موئمین لە شەوی بەخاکسپارنی و چلەی شەهیدبوونی ڕۆڵەکەیان لە سەر گڵکۆکەی لە ئاوایی ماچکەی سەر بە شاری سنە بە وتنەوەی سروودی ئەی شەهیدان و دروشمی شۆڕشگێڕانە، چەندین پەیامی مێژوییان بە ڕێبوارانی بزووتنەوەی ژینا و «**ژن، ژیان، ئازادی**» و هەموو دنیا گەیاند.

بابی شەهید موئمین لە گرتەویدیۆیەک و مامۆستایەکی بوێر لە ناو ئاپۆڕای خەڵک بەوپەڕی ڕاشکاوی و ڕوونی هاواریان دەکرد، کە تاوانباری سەرەکی جەنایەتکارانی فاشیستی ئاخوندی و بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمەن. ئەوان وێڕای سەدان کەس بە گوتنەوەی دروشمی ئاگرین و حەماسی پڕ بە پانتایی ئاسمان هاواریان دەکرد: «**مەرگ بەر خامنەیی، مەرگ بەر بەسیجی و مەرگ بەر جاش...**» .



# شەهید مەتین نەسری

شەهرام سوبحانی

**«ژیان»**
**ژیان سەرەتای ناوت بە ژێیە**
**کوانێ ژینی من کوانێ لە کوێیە**
**ژیان ناوی تۆ بە «ی» دانراوە**
**کوانێ یەکیەتیی بۆچی نەماوە**
**ژیان ناوی تۆ بە «ئا» نووسراوە**
**کوانێ ئازادی بۆچی نەدراوە**
**ژیان ناوی تۆ بە «ن» نووسراوە**
**کوانێ نیشتمان بۆ داگیر کراوە؟»**

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ژینا دەستپێکی قۆناغێکی بەرین لە خەباتی گەلەکەمان بوو کە دژی هەر چەشنە زێهنییەتێکی چەوسێنەر و کۆنەپەرستانەی دەسەڵاتدارانی جەماران هاتە ئاراوە و کۆمەڵگەی کوردستان و پاشان ئێرانی خستە قۆناغێکی هەستیار و مێژوویییەوە، قۆناغێکی چارەنووسساز بۆ چارەسەری پرسی کورد و بنیاتنانی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک کە تێیدا هەموو گەلانی ئێران خاوەن مافی

چارەنووسـی خۆیـان بـن. شۆڕشـێک کـە هەتـا ئێستاشـی لەگـەڵ بێـت بڵێسـەکەی هـەر ڕۆژ بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان کۆڵەکەکانـی سیسـتمی خۆسـەپێنی ڕێژیمـی ئاخونـدی دەخاتـە لـەرزە و تـۆوی تـرس و بێهیوایـی لـە دڵیانـدا دەچێنـێ.

ئێعـدام، کوشـتن، بڕیـن و ئەشـکەنجە قـەت نەیتوانیـوە ئیـرادەی پۆڵایینـی لاوانـی کوردسـتان بـۆ گەیشـتن بـە ئـازادی و دێموکراسـی لاواز بـکا، هـەر بۆیـە بیـر و هـزری شۆڕشـەکە وەک دارێکـی ڕیشـەداری بنجداکوتـاوی لـێ هاتـووە کـە هـەردەم ئەگـەری هەڵەسـوون و سـەرهەڵدانەوەی لێدەکـرێ، شۆڕشـێک کـە لـە سـەر چەمکـی ئـازادی و پێکەوەژیانـی گەلانـی ئێـران هاتـە ئـاراوە و بـە دروشـمی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» تەنگـی بـە خوێنمژانـی جەمـاران هەڵچنـی.

ئاگـر و بڵێسـەی شۆڕشـەکە بـە خوێنـی ئـاڵ و گەشـی لاوانـی بوێـر و چاونەترسـی گەلەکەمـان گەشـایەوە و تینێکـی تـازەی بـە خەباتـی کـورد بەخشـی و ڕۆحێکـی نوێـی وەبـەر خەباتەکـە نـاو و بووژاندییـەوە، لـەم نێوانـەدا لاوانـی پێشـەنگ و چاونەترسـی سـنەی سـەربەرز، لـە یەکـەم ڕۆژی شـەهیدبوونی ژینـاوە لـە داوێنـی ئاویـەری سـەربەزەوە سروودی ئازادییـان دەچـڕی و وەک گڕکانێـک ڕژانـە شـەقامەکانی شـار و مزگێنیـی ئازادییـان لەگـەڵ خۆیـان هێنـا و، ئازایانـە بەگـژ سیاسـەتە چەوتەکانـی ڕێژیـمدا چوونـەوە و شـەقامیان کـردە مەیدانـی خەبـات بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـازادی و سەربەسـتیی کوردسـتان، شـار و شـاخ پـڕ بـوون لـە وانـەی ئـازادی و خۆشەویسـتیی نیشـتمان کـە یەکەیەکـە سروودی ئـەی ڕەقیبیـان دەوتـەوە بـەڵام ڕێژیمـی خوێنمـژی تـاران بـۆ مانـەوەی خـۆی لـە دەسـەڵات بەوپـەڕی دڕندەییـەوە هێرشـیان دەکـردە سـەر جەمـاوەری ڕاپەڕیـو و سـەرکوتیان

دەکـردن و بـە دەیـان ڕۆڵـەی ئـازای ئـەم شـارەیان خەڵتانـی خوێـن کـرد. لـە ڕەوتـی ئـەم شـۆڕش و سـەرهەڵدانەدا، لاوانێـک پێشمەرگەئاسـا لـە ڕەگـەزی دار بەڕووەکانـی کوردسـتان، سینگی خۆیـان کردە قەڵغانـی بەرگری لـە شـوناس و کەرامەتـی نەتەوەکەیـان و تەنگیـان بـە تاریکپەرسـتانی جەمـاران هەڵچنـی.

یەکێـک لـەو لاوانـەی کـە پێشمەرگەئاسـا هاتـە مەیـدان و بـۆ هەتاهەتایـە نـاوی لـە دڵـی ئەویندارانـی نیشـتماندا بەزیندوویـی دەمێنێتـەوە، شـەهید «**مەتیـن نەسریـ**»یـە، مەتیـن ڕۆژی ٣ی بەفرانبـاری سـاڵی ١٣٨١ی هەتـاوی، لـە داوێنـی ئاویـەری سـنەی سـەربەرزوە چـاوی بەدنیـا هەڵدێنـێ و مزگێنـی خۆشـی و شـادی بـە بنەماڵـەی و خـزم و کەسـوکاری دەبەخشـێ.

مەتیـن کـوڕە گـەورەی بنەماڵەکەیـان بـوو و دوو خوشـکی چکۆلەتـر لـە خـۆی هەبـوو، هـەر لـە شـاری سـنە گـەورە دەبـێ و دەینێرنـە بـەر خوێنـدن و دیپلۆمـی ڕشـتەی ئینسـانی بەدەسـت دێنـێ. دایـە لیمـۆ فاتحـی و کاک عەبدولڕەحـمان دایـک و باوکـی مەتیـن هـەر لـە منداڵییـەوە وانەکانـی ژیان و نیشـتمان خۆشەویسـتی فێـری ڕۆڵەکانیـان دەکـەن. بەجۆرێـک کـە بیـر و هـزری مەتیـن هەمیشـە زیاتـر لـە تەمەنـی خـۆی دەردەکـەوت، بەپێـی ئەوەیکـە تەمەنـی تەنیـا ١٩سـاڵ بـوو، بـەڵام تێگەیشـتوویی و دڵسـۆزی بـۆ خەڵـک و نەتەوەکـەی لـە ئاسـتێکی بـەرزدا گەشـەی کردبـوو و هەمیشـە لـە بەرانبـەر نەتەوەکەیـدا خـۆی بـە بەرپرسـیار دەزانـی. مەتیـن لـە پەنـا دەرس خوێندنـدا بـۆ یارمەتـی بژێـوی ژیانـی بنەماڵەکـەی کاری دەکـرد و پشـتوپەنای خوشـکەکان و دایـک و باوکـی بـوو، هۆگرییەکـی زۆری بـە وەرزشـی بۆکـس هەبـوو و لـەو بـوارەدا وەرزشـکارێکی لێهاتـوو بـوو. ناوبراو کوڕێکـی ژیـر و ڕەوشـتبەرز بـوو، ئـەم تایبەتمەندییانـە وای کردبـوو لـە

لای بنەماڵـە و خـزم و کەسـوکاری خۆشەویسـت و جێـی ڕێـز بێـت.

مەتیـن ڕێکەوتـی ١ی پووشـپەڕی سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، بـۆ تێپەڕکردنـی دەورەی سـەربازیی زۆرەملـێ دەچێتـە تـاران، پـاش گەڕانـەوەی بـۆ شـاری سـنە لـە گەرمـەی خۆپیشـاندانەکاندا ناتوانـێ لـە بەرانبـەر زوڵـم و زۆری هێـزە سـەرکوتکەرەکاندا بێدەنـگ بێـت و وەکـوو هاوڕێیانـی دیکـەی تێکـەڵ بـە جەمـاوەری ڕاپەڕیـو دەبێـت و شـەقامەکان دەکاتـە مەیدانـی خەبـات دژ بـە داگیرکەرانـی نیشـتمان.

ڕێژێمـی خوێنمـژی کۆمـاری ئیسـلامی کاتێـک ململانێـی خەڵکـی پـێ نەکـرا و نەیتوانـی وڵامـدەری ویسـت و داخوازییەکانیـان بێـت، خۆپیشـاندەرانی دایـە بـەر گولـلـە و باتـۆم و بەداخـەوە ڕۆژی ١٧ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، لـە ئاکامـی هێرشـی دڕندانـەی بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم بـۆ سـەر خەڵکـی وەزاڵەهاتـوو، مەتیـن لـە نیـۆ خۆپیشـاندەراندا دەکەوێتـە بـەر ڕقـی دوژمنانـی دڵ پـڕ لـە قیـن و بـە باتـۆم لـە سـەری دەدەن و پـاش ئـەوەی دەیگوازنـەوە بـۆ نەخۆشـخانە، مخابـن کادری نەخۆشـخانەش بەهـۆی کاری بوونـی ئـەو زەبرانـەی وەسـەری کەوتبـوو هیچیـان پێناکـرێ و بەمجـۆرە مەتینـی لاوچـاک و قارەمـان تێکـەڵ بـە کاروانـی سـوورخەڵاتان بـوو و ڕێـگای خەبـات و ئـازادی بـە هاوڕێیانـی دەسـپێرێ؛ هـەر ئـەو ڕۆژە تەرمـی پیـرۆزی شـەهید مەتیـن لـە ئارامگـەی بەهەشـتی محەممەدیـی شـاری سـنە، بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان دەسـپێردرێ.

بنەماڵـەی شـەهیدان پـاش لەدەسـتدانی ڕۆڵەکانیشـیان لەلایـەن کوردکوژانـەوە وازیـان لـێ ناهێنـن و ئێستاشـی لەگـەڵ بـێ گوشـارە ڕوحـی و دەروونییـەکان بـۆ سـەر ئـەو بنەماڵانـە بەردەوامـە؛ باوکـی شـەهید مەتین ڕۆژی ١٩ی جۆزەردانـی سـاڵی ١٤٠٢ی هەتـاوی، کاتێـک لەگـەڵ ژمارەیـەک

لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی شارەکانی دێولان، دیواندەرە و سنە بۆ بەشداریکردن لە یادکردنەوەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شاری سەقز و بۆکان سەردانی ئەو شارانە دەکەن، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ شاری سنە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم دەسبەسەر دەکرێن و کاک عەبدولڕەحمان نەسری، لە لایەن دادگای ڕێژیمەوە بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی گشتی، سزای ٦ مانگ و نیو زیندان و لێدانی ٤٠ زەربە قامچی بەسەردا دەسەپێندرێ.

لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی شەهید مەتیندا، مائیدە خوشکە چکۆلەکەی لە نامەیەکدا ئاوا بۆ براکەی دەنووسێ: «**سڵاو کاکە گیان، ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی تۆیە و من نامەیەکم بۆت نووسیوە، من یەک ساڵی تەواوە بێ برام، نازانم تۆ لەکوێی؟ ئەوەندەی دەزانم جێگات ئەمنە، نازانی ئەمسال بێ تۆ چەندەمان سەختی کێشاوە؟ ئەگەر تۆ لە لامان بوای هیچکام لەو سەختییانەمان نەدەکێشا. کاکەی گیان من تۆم زۆر خۆش دەوێ، نازانی دایک و بابم شەوێ تا بەیانی بە یادی تۆوە دەگرین و خەویان لێ ناکەوێ؟ دەزانی بێ تۆ هیچ کەس و هیچ جێگایەک جگە لە بەهەشتی محەممەدی ئاراممان ناکاتەوە چونکە لەوێ لەلای تۆین و لە خودا داوا بکە من و دایکم و باوکیشم بێبینە لای تۆ...** «.



# شەهید بەهادین وەیسی

ئیسماعیل ئیسماعیلزادە

**«من بەهای شاری قەڵا و حەوت قەڵای مەکۆی شێرانم**
**لە ڕێی ئەوینی نیشتمانم، شەهیدبوونم بە شانازی دەزانم»**

شۆڕشی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە «**شۆڕشی ژینا**» ناسرا گەلێک تایبەتمەندی و وانەی نوێی تێدا بوو کە بۆ لێ فێربوون دەبن. ئەو تایبەتمەندییانە بۆ ئەوە دەبن کە پێناسە و وەسفی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان پێ بنووسرێتەوە. بەڵێ! شۆڕشی ژینا ڕووداوێکی هەستەکیی لەناکاو نەبوو کە کۆمەڵێک خەڵک بۆ ماوەیەکی کاتیی کۆ بکاتەوە و بیانهێنێتە سەر شەقام. ئەم ڕاپەڕینە بەرهەمی خۆڕاگری و بەگژداچوونەوەی بەردەوامیی گەلەکەمان بووە کە هەر جارەی بە بۆنەیەکەوە سەری هەڵداوە، تەنانەت بابەتێکی کۆمەڵایەتی یان کارەساتێکی سروشتی کراوەتە شانۆی هاوپشتی و، لەبنەڕەتڕا دارشتنەوەی جیاوازییە لە نێوان نەتەوەی داگیرکراو و نەتەوەی داگیرکاردا. بۆ نموونە بوومەلەرزەکەی کرماشان لە ساڵی ٢٠١٧دا کاتێ گەلەکەمان زانی کە کۆماری ئیسلامی نەک هاوکاریی لێقەوماوانی ئەو کارەساتە ناکات تەنانەت پێش بە هاوکاریی خەڵکی دەگرێ، تێکڕای

جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە وانەی مرۆڤدۆستی، وانەیەکی سیاسیشی بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دا. وانە سیاسییەکەش یەکگرتوویی و پشتیوانیی گەلەکەمان بوو بۆ گەیاندنی یارمەتی بە لێقەوماوان.

نەتەوەکەمان هەموو کات بەتایبەتی لە تەنگانەدا یەکڕیز و یەکگرتوو بووە، نەتەوەیەک بە دونیایەک ئەزموونی ناوخۆیی و دەرەکییەوە، دەبێ لەو پێوەندییەشدا ببێتە سەمبول و سەرباشقەی نەتەوەکانی دیکە. نەتەوەیەک کە بە هەموو چین و توێژێکەوە لە بایەخ و نرخی هەبوونی وڵات تێدەگا. ئیتر ئەم نەتەوەیە لەوە گەیشتووە کە پێویستی بە پاڵەوانێکی دیاریکراو نییە کە بەدوایدا بچێت و مافەکانی بۆ بستێنێت. هەموویان خۆیان بە پاڵەوانی ڕزگاریی گەلەکەیان دەزانن. بەڵگەش بۆ ئەوە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تاک بە تاکی جەماوەری ڕاپەڕیو لە پێگە و سۆنگەی ڕێبەرێکی سەرهەڵدان بە گژ هێزە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیدا چوونەوە.

یەکێک لەو نموونانەی کە بووە سەمبولی ئازایەتی و لەخۆبوردوویی ڕاپەڕینی یەکێک لە شارە نەسرەوتووەکانی کوردستان، شەهید بەهادین وەیسی لە شاری قەڵای کوردان، شاری جوانڕۆیە. بەهادین لە ٢٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی لە شاری جوانڕۆ لە دایک بوو. بەها پاشەبەرەی منداڵەکانی حاجی عەبدوڵڵا و حاجی نەخشین بوو. واتە دوو خوشک و چوار برای لە خۆی گەورەتر هەبوو، هەر ئەوەش وای کردبوو کە بەها ببێتە خۆشەویست و نازداری ناو بنەماڵەکەیان. ئەو ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی دارا و دەوڵەمەنددا گەورە ببوو بەڵام ماڵی دنیا هیچکات وای لێنەکرد کە هەژارانی شارەکەی لەبیر بکات

و وەکــوو مرۆڤێکــی خاکــەڕا هەڵســوکەتی لەگــەڵ دەکــردن. هــەر ئــەم تێکەڵاوییــە لەگــەڵ خەڵکــی دەســتکورت و کەمداهــات وای کردبــوو کــە زیاتــر هەســت بــە ســتەم و زۆرداریــی دەســەڵاتدارانی ڕێژیمــی تــاران بــکات. بەهــا قۆناغەکانــی خوێندنــی بــە لێهاتووییــەوە بــڕی و لــە پۆلــی دە دا ســەرقاڵی دەرس خوێنــدن بــوو کــە بزووتنــەوەی «ژن، ژیــان، ئــازادی» بیچمی گرتبــوو و بەخێرایــی لــە حاڵــی پەلوپۆهاویشــتن بــۆ زۆربــەی شــارەکانی ئێران بــوو.

کاتــێ یەکــەم چەخماخەکانــی شۆڕشــی ژینــا داگیرســا، شــاری جوانــڕۆ خێــرا تێکــەڵاوی بزووتنــەوە سەرانســەرییەکی کوردســتان بــوو و بــە گــەورە و بچووکــەوە، بــە پیــر و گەنجــەوە بــە گــڕ هێــزە جەنایەتکارەکانــی ســپای پاســتاراندا چوونــەوە. بەهــای مێرمنــاڵ ئەمــەی بــە دەرفــەت زانــی کــە هــاوڕێ لەگــەڵ هاوشــارییەکانی دیکــەی ڕق و بێزاریــی خــۆی بــە ســەر هێزە چەکدارەکانــدا بڕێژێــت، بۆیــە لــە خۆپیشــاندانەکاندا بــە ورەیەکــی بــەرزەوە بەشــداریی کــرد و وەکــوو ڕێکخــەر هانــی لاوانــی دەدا کــە هەتــا ڕاماڵینــی جــاش و بەکرێگیــراوەکان شــەقام چــۆڵ نەکــەن. هــەر ئــەم گوڕوتینــە وای کردبــوو کــە لــە لایــەن جــاش و خۆفرۆشــانەوە دەستنیشــان بکــرێ. چــل ڕۆژ پێــش ئــەوەی بەهــا شــەهید بــێ چەکدارانــی ئیتلاعــات هەڵدەکوتنــە ســەر ماڵەکەیــان و ویســتبوویان بــە زۆرەملــێ بیبــەن و بێسەروشــوێنی بکــەن، بــەڵام بەهــۆی خۆڕاگریــی دایکــی و بنەماڵەکەیــەوە ئیتلاعاتییــەکان نەیانتوانیبــوو بەهــا دەسبەســەر بکــەن.

ســەرەڕای هەڕەشــە و چاوســوورکردنەوەی چەکدارانــی ڕێژیــم، بەهــا لەپێنــاو دەســتەبەرکردنی ئازادیــدا نــاسرەوێ و بەگوڕتــر لــە خۆپیشــاندانەکاندا بەشــداریی دەکات. ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵــوەری ١٤٠١ کاتێــک تەرمــی یەکێــک

لـە خۆپیشـاندەرانی جوانـڕۆ بـە نـاوی «حاجـی عیرفـان کاکایـی» لـە لایـەن خەڵکـەوە بــەرەو گۆڕســتان دەبــردرێ، هێــزە تێرۆریســتەکانی حکومــەت تەقـە لـە خەڵـک دەکـەن و بەداخـەوە بەهـا لـە پشـتەوە دەپێکـرێ و بـە قورســی برینــدار دەبــێ. براکانــی و هاوڕێکانــی هــەوڵ دەدەن کــە بەهــا بـە ماشـێن بـۆ نەخۆشـخانە ڕاگوێـزن، بـەڵام ماشـێنەکەیان وەبـەر دەسـترێژ دەدرێـت و  سـێ کەسـی نێـو ماشـێنەکە لەگـەڵ برایەکـی شـەهید بەهـا بـە نـاوی نەجمەدیـن برینـی قـورس هەڵدەگـرن.
بۆیـە پێـش ئـەوەی بگەنـە نەخۆشـخانە بەهـای مێرمنـداڵ، جەسـتەی شـلک و ناسـکی بەرگـەی ئـەو برینـە قورسـە ناگـرێ و تێکـەڵ بـە کاروانـی نەمـران دەبــێ. بنەماڵەکــەی ناهێڵێــن تەرمــی شــەهید بەهادیــن لــە نەخۆشــخانە بمێنێتـەوە و دەیهێننـەوە ماڵـێ و ئـەو شـەوە تـا بەیانـی بنەماڵـە و خـزم و کـەس و خەڵکـی جوانـڕۆ بـە دیـار تەرمـی بەهـای جـوان و دڵ پـڕ لـە ئـاوات دادەنیشــن و بەیانــی لــە نێــو ئاپــۆڕای جەمــاوەری جوانــڕۆ لــە ئارامگــەی حەسـەن گایـر ئەسـپەردەی ئامێـزی نیشـتمانی دەکـەن.

**«من بۆیە بە خۆم دەنازم**
**بە ناوی خۆم سەرفرازم**
**کە ناوم دێ سەر هەڵدێنم**
**لە بەر چاوان خۆ دەنوێنم**
**شاگەشکەم بەم نێوە خۆشەم**
**بۆ کاروانی خەبات تۆشەم**
**شەمم بۆ شەوگاری گەلم**
**یاری وەفاداری گەلم**

**ئەو ڕێگایەی گرتوومە بەر**

**بەرم نەداوە تاکوو سەر**

**گیانم دانا لەسەر دەستم**

**سەربەرزیی گەل، بوو مەبەستم**

**بۆ ئازادی و بە شادی ژین**

**بۆ ژیانێکی پڕ پێکەنین»**

(سەربازی ون)



# شەهید سپێهر ئەعزەمی

سۆما ناسری

**«ئەی مێژوو ئێمەت لەبیر بمێنێ»**

ئەمە دوایین ستۆری سپێهری لاو بوو، وەک ئەوەی ئیلهامی پێکرابێ کە ناوی دەچێتە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووەوە و میداڵی شەرەفی پێ دەبڕێ و دەبێتە قارەمانی نەتەوەکەی.

ڕاپەڕینی ژینا کە چەخماغەکەی لە شاری سەقز شوێنی لەدایکبوونی ژینای کوردان لێدرا و بەخێرایی هەموو شارەکانی کوردستان و زۆربەی شارەکانی ئێرانیشی گرتەوە و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بوو بە مانیفێستی ئەم شۆڕشە و بۆ جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان و ئێران، لە حکوومەتی ئاخوندی ڕاسان و ڕق و بێزاریی خۆیان بە هەموو شێوەیەک لەو دەسەڵاتە نگریس و داگیرکەرە دەربڕی و شەقامەکانیان لە دوژمن کردە مەیدانی زۆرەزمێ و ململانێ.

دایک و باوکەکان لە پێش گەنج و لاوەکان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکان بوون و هەموو شوێنێکی وڵاتی خۆر ببوو بە بڵێسەی ئاگر و کانگای خۆڕاگری، زایەڵەی دروشمی «**نەسرەوتن نەسرەوتن تا سەرکەوتن**» و «**تا کوردێک بمێنێ / کوردستانیش دەمێنێ**» لە هەموو

شـوێنێکی کوردسـتان دەنگـی دەدایـەوە.
زیاتـر لـە ٨ مانـگ ئـەو خۆپیشـاندانانە بـە دژی دەسـەڵاتی داگیرکـەر بـەردەوام بـوو و تـا ئێسـتاش ژیلەمـۆی ئـەو سـەرهەڵدانە هـەر جـار نـا جـارێ دەگەشـێتەوە و خەڵکـی نـاڕازی هـەر دەرفەتێکیـان بـۆ بڕەخسـێ، ڕق و بێزاریـی خۆیـان بەرامبـەر بـەو ڕیژیمـە دژەگەلییـە دەردەبـڕن. دەسـەڵاتدارانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیش وەک خەسـڵەتی هەمیشـەیی خۆیـان کـە تـا ئێسـتا بـۆ مانـەوەی دەسـەڵاتی خۆسـەپێن و سـەرەڕۆیان دەسـتیان لـە هیـچ چەشـنە جینایـەت و تاوانێک دژبـە گەلانی بەرهەڵسـتکار و ناڕازیـی وەک کـورد نەپاراسـتووە، ئەمجاریـش لـە بەرانبـەر داوای ڕەوای خۆپیشـاندەران، هەمـوو هێـز و توانـای خۆیـان وەگـەڕ خسـت و دیسـانەوە پەنایـان بـۆ توندوتیـژی و سـەرکوتی دڕندانـە و خوڵقاندنـی جینایـەت و کارەسـات بـردەوە.
لـە ڕەوتـی ئـەو سـەرکوتەدا چەنـد سـەد کەسـیان لـە منـاڵ و مێرمنـاڵ و گەنـج و لاو خەڵتانـی خوێـن کـرد و بـە هـەزاران کەسـی دیکەشـیان برینـدار و دەیـان هـەزار کەسیان ڕاپێچـی گرتووخانـەکان کـرد. لـەو نێـوەدا هەبـوون بـە هـەزاران کەسـیتر کـە بەسـەختی برینـدار ببـوون و بـۆ ئـەوەی دەسبەسـەر نەکرێـن، لـە چوونـە لای پزیشـک و نەخۆشـخانەکان خۆیـان بـوارد بـوو و هـەر بـەو هۆیـەوە بەشـێکی زۆر لـەو برینداران‌ـە بەهـۆی قورسـیی برینەکانیـان و وەرنەگرتنـی چارەسـەری پێویسـت، ئەندامێکـی جەسـتەیان لـە دەسـت داو یـان هێشـتاش بـە دەسـت ئێـش و ئـازاری زۆری جەسـتەیی و دەروونییـەوە دەناڵێنـن. هەروەهـا لـە ڕەوتـی خۆپێشـاندانەکاندا ژمارەیەکـی زۆر لـە خۆپیشـاندەران بێسەروشـوێن کـران و بەشـێکیش لـە دەسبەسـەرکراوان حوکمـی دوورودرێـژ و تەنانـەت حوکمـی

لەسێدارەدانیان بۆ بڕاوەتەوە یان بە دانانی بارمتەی قورس بەشێوەی کاتی ئازاد کراون و چەند کەسیش لەلایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمەوە حوکمەکەیان جێبەجێ کرا و لەسێدارە دران!

سپێهر ئەعزەمی، لە ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی، لە وەرزی سەرماوسۆڵەی زستانی شاری سەحنەی پارێزگای کرماشان، حەسەن زیرەک گوتەنی ئەو کرماشانەی قەت نەچێ لە یادمان، بوو بە هەوێنی خۆشەویستی و گەرمیی ماڵی کاک محەممەدڕەزا و خاتوو فەریدە و بە لەدایکبوونی سپێهری ڕەزاسووک کۆڕی بنەماڵەکەیان ئەوەندەی دیکەش گەرموگوڕ بوو.

هەر لەو شارە گەورە بوو و لە تەمەنی ٧ ساڵیدا بۆ فێربوونی زانست نێردرایە قوتابخانە و تا وەرگرتنی دیپلۆم بەردەوام بوو و دواتر ڕووی کردە بازاڕی ئازادی کار و دووکانێکی بچووکی ئارایشگەری کردەوە.

سپێهر ئەعزەمی بە دوو هۆکاری دیکەی کە هەرگیز ڕێژیمی پەت و سیدارە قەبووڵی ناکا، تا سەر ئێسقان غەدر و زوڵم و زۆرداری ئەو ڕێژیمەی چێشتبوو؛ **یەکەم کورد بوو، دووهەمیش سەر بە ئایینی یارسان بوو.** ئەوانە پێکەوە پاڵنەری بەهێز بوون بۆ ئەوەی سپێهری لاو بەگوڕتر تێکەڵ بە ئاپۆڕای جەماوەری ڕاپەڕیو بێ و هەوڵی ڕاماڵینی ئەو چڵکە هەورە ڕەشە لە ئاسمانی نیشتمان بدات. ئەویش وەک هەموو کوڕوکاڵانی هاوتەمەنی لەگەڵ ئازار و ژان گەورە ببوو، بەڵام هەروەک باب و باپیرانیشی جەنگاوەری خۆڕەتاو بوو، بۆیە بۆ گەیشتن بە خولیاکانی ئامادە بوو گیانی دابنێ.

ڕۆژی ١٢ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، کاتی گەڕانەوە لە ڕێوڕەسمی چلەی شەهید حەدیس نەجەفی یەکێکی دیکە لە خۆپیشاندەران لە

کەماڵشـاری کـەرەج، لـە مـەودای دوو میتریـیـەوە دەدرێتـە بـەر گولــلە و بـە سـەختی بریـندار دەبـێ! شـایەتحاڵەکانی لـەوێ دەبـن دەڵێـن زیاتـر لـە ٧٠ گولــلەی سـاچمە وەبـەر سـەر و سـینگی سـپێهر کەوتبـوو و خوێـن لـە چـاو و لـووت و پشـت گوێیـەوە دەهاتـە دەرێ.
هــەر ئـەو ڕۆژە سـپێهر لـە پێوەندییەکـی تەلەفۆنیـدا لەگـەڵ خوشــک و براکانـی پێیـان دەڵـێ ئـەوە خەڵـک تۆڵـەی حەدیـس دەکەنـەوە و پـاش ئـەم پێوەندییـە ئیـتر موبایلەکـەی خامـۆش دەبـێ و بنەماڵەکـەی لێـی بێخەبـەر دەبــن و پــاش ئــەوەی ســپێهر لەلایــەن خاتوونێکــەوە دەگوازرێتــەوە بــۆ نەخۆشــخانە، یەکێــک لــە مشــتەرییەکانی هەواڵــی برینداربوونەکــەی بــە بنەماڵەکــەی ڕادەگەیەنــێ؛ پــاش چەنــد نەشــتەرگەری و بەتایبەتــی نەشـتەرگەریی چـاو دوکتـورەکان چەندیـن سـاچمە لـە جەسـتەی دەردێنـن بـەڵام چـوار سـاچمە کـە لـە ڕێـگای چاوییـەوە چووبوونـە مێشـکییەوە و یـەک لـەوان وەبـەر شـوێنی هەسـتیاری مێشـکی کەوتبـوو و چڵکـی کردبـوو هــەر بۆیــەش ئاســتی وشــیاریی دادەبــەزێ و پزیشــکەکانیش ناتوانــن کارێکـی بـۆ بکـەن و سـپێهری لاو و دڵ پـڕ لـە ئـاوات پـاش ٣٣ ڕۆژ مانـەوە لـە بەشـی چاوەدێریـی چـڕی نەخۆشـخانەی مەدەنیـی شـاری کـەرەج، ڕۆژی ١٥ی سـەرماوەزی ١٤٠١ی هەتـاوی، چاوەکانـی بـۆ هەمیشـە لـە سـەر یـەک دانـا و سـەنگەری شـەقام و بەرخۆدانـی بـە هاوڕێیانـی سـپارد.

**«کرماشانیم**
**من لە ڕەچەڵەکی شێرم**
**زانا و نەترس و دلێرم**
**جارێک جوانڕۆم پێشەنگە و**

جارێک داڵاهۆم سەنگەرە
جارێک سەلاس سەرقافڵەیە و
جارێک زەهاوم سەروەرە
هەتا دوژمن دەنگی بەرز ئەکا
من زووتر ئەگەم بە شادی
داگیرکەران ئەخنکێنم
بە چۆپی دەستی ئازادی.!
من ئیلامیم
هەموو دەمەو شەفەقانێ
کڕنۆش ئەبەم بۆ نیشتمان
بەرگی خاکیم لەبەر ئەکەم
وەکوو پێشمەرگەی کوردستان
بۆ من ئیلام و کرماشان
ڕوح و دڵی ڕۆژهەڵاتن
مەهاباد و سنەی سوورم
کانگا و سەرچاوەی خەباتن
من ئیلامی و کرماشانیم
سنەیی و ئورومیە و بۆکانیم
نە تورک نە عەرەب نە فارسم
هەر کوردم و کوردستانیم»

هێزەکانی ڕێژیم دوای شەهیدکردنی سپێهر گوشارێکی زۆر دەخەنە سەر بنەماڵەکەی و ڕێگەیان پێ نادەن تەرمەکەی بەرنەوە بۆ شاری

«سـەحنە» زێـدی لەدایکبوونـی و بەناچـار لەژێـر گوشـاری ئـەو هێزانـەدا و بـە بەشـداریی چەنـد کـەس لـە بنەماڵەکـەی لـە ئارامسـتانی «بەهشـتی عەلـی» شـاری کـەرەج ئەسـپەردەی خاکـی دەکـەن و بەڵێننامەیـان پـێ پـڕ دەکەنـەوە کـە نابـێ ڕێوڕەسـمی پرسـە و چلـەی بـۆ بگـرن و کـۆ ببنـەوە و تەنانـەت نەیانهێشـت سـاڵڕۆژی لەدایکبوونـی کـە ٢٥ی ڕێبەندان بـوو، بچنە سـەر گڵکۆکـەی، بـەڵام بنەماڵەکـەی لـە دووکانەکـەی یـادی لەدایکبوونـی ئـەم شـەهیدە قارەمانـەی شـاری سـەحنەیان بـەرز ڕاگـرت.



# شەهید ڕامین فاتحی

ناسر سادقی

مردن ناوی شەهیدان لە دڵ و مێژووی گەل ناسڕێتەوە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بزووتنەوەی ژینا یان هەمان شۆڕشی «**ژن، ژیان، ئازادی**»دا، زۆر وانەی گرینگ و فاکتی بەڕۆژیان لە خۆڕاگری و بەرەنگاری ئەزموون کرد. بنەماڵەی شەهیدان بوونە لیدێر و ڕێبەری سەرەکی ئەو شۆڕش و ڕەوتە مێژووییە. شەقامەکانی ڕۆژهەڵات ناوەندی ئەو بزووتنەوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە بوو. زۆر مرۆڤی ئازادیخوازی دیاسپۆراش هاتنە مەیدان و وێڕای ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسی و میدیاکار و ئەو کەسایەتییە خاوەن هەڵوێستانەی کە لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتی فاشیستی ئاخوندیدا تووشی ئاوارەیی و نەهامەتی هاتبوون، ئاوێتەی جەماوەری ناڕازی هەندەران بوون. ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتوبری ٢٠٢٢ واتە ٣٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لە ڕێپێوانێکی بەرینی ئازدیخوازانی کورد و ئێرانی لە شار بێرلن لە وڵاتی ئاڵمان، ڕامتین فاتحی یەکێک لەو لاوە کوردانە بوو کە سەرنجی زۆر لە میدیاکانی جیهانی لەسەر بوو. ڕامتین خوێندکاری بەشی پەرستاری لە زانکۆی ئاڵمان بوو، وێنەی سێ کەس لە ئازیزترین ئەندامانی بنەماڵەکەی لە پلاکاردێکدا بە نیشانەی نارەزایەتیی کە

لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرابوون و هیچ هەواڵێک لە چارەنووسیان دیار نەبوو، بە بەرچاوی میدیاکانەوە ڕوو بە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەرز کردبووەوە. ویست و داوای ڕامتین پاڵپشتی و هاودەنگیی گەلانی جیهان بوو لە ڕامین فاتحی باوکی و وریا فاتحی مامی و ڕادا فاتحی پووری کە لە شاری سنە بەبێ هۆ دەسبەسەر کرابوون.

بەڵام ڕامتین بێخەبەر لەوەی ڕۆژێک پێشتر بابی ئازیزی واتە ڕامین فاتحی لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری جەنایەتکارانی ڕێژیمی فاشیستی و سپای پاسدارانی ئێران شەهید کرابوو.

ڕامین فاتحی کوڕی کاک باقر فاتحی و دایە نەهییە لە یەکەم ڕۆژی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی لە گەڕەکی فەرەحی شاری سنە، لەگەڵ گەزیزە و چرۆی گوڵە نەورۆزەکانی ئاویەر بە شنەی بلاوێنی ئەو سەرە بەرزانە چاوی پشکووت. لەدایکبوونی ڕامین موژدەی بەهار و نەورۆزێکی جیاواز بوو بۆ بنەماڵەکەی. ڕامین فاتحی وێڕای سێ برا و دوو خوشکی لەئامێز دایە نەهییە و کاک باقر فاتحی بە ئەوینی نیشتمان و پەروەردەی جوانی کۆمەڵایەتی کەوتە سەر پێ و گەورە بوو. ڕامین لە تەمەنی شەش ساڵیدا لە قوتابخانەی «عیلم و دین» لە شەقامی فەرەحی شاری سنە هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی خوێند. بەڵام بۆ درێژەدان بە قۆناغەکانی ناوەندی دەچێتە قوتابخانەی موتەهەری لە گەڕەکی فەیزاوا. مخابن نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خراپ کۆسپ و ڕێگەی سەرەکی بوون لەژیانی ڕامیندا بۆ درێژەدان بە خوێندن و ناچار بۆ یارمەتی و پاڵپشتی بژێوی ژیانی بنەماڵە وازی لە خوێندن هێنا و لە کارگەیەکی قەننادی (شیرینیپەزی)

کاری کـرد و ماوەیەکیـش بـە کاری قەسابی ژیانـی هەڵدەسـووڕاند. ڕامیـن لـە ژیانـی ئاسـاییدا مرۆڤێکـی دڵۆڤـان و ڕووخـۆش بـوو. تایبەتمەندیـی جوانـی کۆمەڵایەتـی و خزمدۆسـتی و خاکەڕایـی مرۆڤانـەی بـۆ هەمـوو دۆسـت و ناسـیار و هەواڵانـی جێـی ڕێـز و حورمـەت بـوو.

ڕامیـن فاتحـی لـە تەمەنـی ٢٢ سـاڵیدا کـەژاوەی زەماوەنـدی ڕازانـدەوە و کۆشـکی ژیانـی هاوبەشـی ڕۆنـا. ڕامتیـن فاتحـی بەرهەمـی ژیانـی شـەهید ڕامیـن فاتحـی و هاوژینـی هێژایەتـی، کـە لـە وڵاتـی ئاڵـمان خوێنـدکاری پەرسـتاری و تاقانـە بەرهەمـی خێزانەکەیانـە. کاتێـک بزووتنـەوەی ژینـا سـەرلەنوێ زمانـی ڕاسـانی لـە شـەقامەکانی ڕۆژهـەڵات بـە شـێعر و ئەدەبیاتـی ڕابـوون و بەرخـۆدان بـە دژی داگیرکەرانـی ئاخونـدی وەگـەڕ خسـتەوە. ڕامیـن فاتحـی لـە ڕۆژی ٢١ی ڕەزبـەر سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی نزیـک مانگێـک دوای ئـەو سـەرهەڵدانە جەماوەرییـە لەلایـەن مـۆرە جەنایەتکارەکانـی ئیتلاعاتـەوە دەسبەسـەر کـرا. مخابـن ڕۆژی ٣٠ی ڕەزبـەر واتـە ٩ ڕۆژ دوای دەسبەسـەرکرانی لـە ژێـر ئـازار و ئەشـکەنجە گیـان پاکـی بـە نیشـتمان و ڕێبوارانـی بزووتنـەوەی ژینـا و خـاوەن باوەڕانـی ئـەو ڕێبـازە سـپارد. تاوانبارانـی فاشیسـتی هەمـوو کات وادەنوێنـن کـە بـە حاشـاکردن لـە جەنایەتەکانیـان کێشـەکانیان چارەسـەر دەبـێ، داگیرکـەران پێیانوابـوو دەتوانـن سـەرپۆش لەسـەر کارە نائینسـانی و هۆڤییـەکان دانیـن، بۆیـە لـە سـەرەتادا نکۆڵـی شـەهید کردنـی ڕامیـن فاتحیـان دەکـرد و لـە ڕۆژی ٣٠ی ڕەزبـەر بـە خاڵـی شـەهید ڕامیـن ڕادەگەیەنـن کـە کوڕەکەیـان لـە گرتووخانـە خـۆی کوشـتووە. بـەڵام مێـژوو شـاهیدە کـە شـەهید ڕامیـن پێشـتریش لـە ژێـر چاودێریـی مۆرەکانـی دژی گەلیـدا بـووە و ژیـان و ئەمنییەتـی لـە مەترسـی و خەتـەر دابـوو. ئـەو ڕۆژەی ڕامیـن دەسبەسـەر

کـرا، لـە شـوێنی کارەکـەی سـەرقاڵی گواسـتنەوەی بـاری کرێارەکانـی لە سـنە بـۆ سـەقز بـوو، کـە هەمـان ڕۆژ وریـا فاتحـی و ڕۆژی دواتـر ڕادا فاتحـی خوشـکیان دەسبەسـەر دەکرێـن و ماوەیەکـی زۆر هیـچ کـەس بـە هـەواڵ و سـۆراخیان نازانـن؛ سـەرەنجام دوای ٢١ ڕۆژ لـە گرتووخانەکانـی ڕێژیـم بـە دانانـی بارمتـەی دوو ملیـارد تمەنـی بـۆ ماوەیەکـی کاتـی ئـازاد کـران . دوژمنانـی دژی گەلـی دوای شـەهیدکردنی ڕامیـن فاتحـی بـۆ پێشـگرتن لـە ناڕەزایەتـی بنەماڵـە و جەمـاوەری سنەی قارەمـان بەتەمـا بـوون بـە نهێنـی و دوور لـە چـاوی خـزم و کـەس شـەهید ڕامیـن لـە گۆڕسـتانی پەیڕەوانـی ئایینـی بەهایـی لـە شـاری قـورە بـە خـاک بسـپێرن. بـەڵام لـە کۆتاییـدا لـە ترسـی هەڵوێسـتی خەڵکـی خۆڕاگـر و پێداگریـی بنەماڵەکـەی، هێـزە نیزامـی و مۆرەکانـی ئیتلاعـات بەبـێ ئیـزن و بەشـداریی بنەماڵـە و ئازیـزان و جەمـاوەری شـار، بـێ هیـچ ڕێوڕەسـمێک و دوور لـە چـاوی هەمـووان لـە گۆڕسـتانی بەهشـتی محەممـەدی ئەسـپاردەی خاکـی پیـرۆزی نیشـتمانی دەکـەن. بـەڵام بنەماڵـە و هـەواڵان و خەڵکـی سـنە لـە شـەوی یەڵـدا و چلـەی شـەهید ڕامیـن بـە وتنـەوەی سروودی ئـەی شـەهیدان و دانانـی چەپکەگـوڵ لەسـەر گڵکـۆی ئـەو شـەهیدە جوامێـرە سـەلماندیان بـە تیـرۆر و شـەهیدکردنی ڕۆڵەکانـی کوردسـتان ناتوانـن ناویـان لـە دڵـی گـەل و مێـژوودا بسـڕنەوە.

**«من لە ڕێی گەل سەر دەبەخشم نیشتمان و ئێوە خۆش**
**دارە مەیتم با برازێ و ڕەنگی ئاڵا پێمەوە**
**ژین بە قوربانی لە ڕێی کورد دڵ بە ڕووی ئاواتەوە**
**با شەهید بم سەد هەزار کەس دێنە هیوای ڕێمەوە**
**دڵ لە سەر دەس، گیان بە شاباش بوو بە هێما بۆ ئەوین**

**سوورخەڵاتم وەک شکۆی گەل لێمگەڕێن با بێمەوە»**

(کامیل یاغیانی)

خاڵۆیەکـی شـەهید ڕامیـن بـە نێـوی محەممـەد سـدیق ڕەحیمـی، پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکـرات بـوو لـە هێـزی شـەهید ئیبراهیـم شـەریفزادە، سـاڵی ١٣٦٣ ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی کێلـە چەرمـەک لـە نزیـک حوسێنئاوای شـاری سـنە، لەگـەڵ ٦ هاوڕێـی دیکـەی لـە شـەڕێکی قارەمانانـە لەگـەڵ داگیرکەرانـی کوردسـتان شـەهیدبوون.



# شەهید شەهریار عادڵی

**کەریم فەرخەپوور**

ئەمجاریش لە سەردەشتی مەکۆی دێموکرات و مەڵبەندی تێکۆشەرانی وەک مەلا ئاوارەی شەهید و زۆر شەهید و تێکۆشەری دیکەی ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی یادێک لە شەهیدێکی شۆڕشی ژینا دەکەینەوە.

سەردەشت هەردەم مەکۆی ڕابوون و حەماسە و قارەمانەتی هێزی پێشمەگە و لاوانی دڵ پڕ لە گڕی نیشتمان و شوێنی حەوانەوەی ڕۆڵە نەبەزەکانی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی بووە. ناوچەی سەردەشت ناوەندی بەرخۆدان و بەربەرەکانی لەگەڵ هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی بووە. لە سەردەمی ڕەزاشادا مەلا خەلیلی گۆڕەمەری و ئەمەرپاشای قەلەڕەشی لەو پیاوە ئازایانەی ناوچەی سەردەشت بوون کە دژی زوڵم و زۆریی ڕەزاشا ڕاپەڕیون و دژ بە فەرمانی شا وەستاونەوە و لەو ڕێگەیەدا خوێنیان داوە و زۆر سەختی و نەهامەتییان کێشاوە و چەند شەڕی قارەمانانەیان دژی دوژمن لە مێژوودا تۆمار کردووە. لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی حەمەڕەزاشادا شاری سەردەشت بە خوێنی ڕۆڵەکانی سوور بوو و چەندین کەس گیانی خۆیان فیدای ئازادیی گەلەکەیان کرد.

ئەمجارەیان باس لە قارەمانێکی دیکەی ناوچەی سەردەشت بە ناوی

«شـەهریار عادڵـی» دەکەیـن کـە بـۆ ئـازادی و وەدیهێنانـی ئامانجـە بـەرز و پیرۆزەکانـی گەلەکـەی گیانـی خـۆی فیـدا کـرد.

شــەهریار عادڵــی، لــە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێــژی ســاڵی ١٣٧١ی هەتــاوی، لــە بنەماڵەیەکـی دیـاری شـاری سەردەشـت لـە دایـک بـوو. شـەهریار عادڵـی، کـوڕی ڕەحیمـی حەمەحاجـی و خاتـوو کاڵـێ کەریمـی بـوو، ماڵی شـەهریار لـە کۆڵانـی کەریمیـان هەڵکەوتـوو لـە کەمەربەندیـی گەڕەکـی وەحـدەت، لـە شـاری سەردەشـت بـوو.

شـەهریار وەک زۆربـەی منداڵانـی هاوتەمەنـی خـۆی نێردراوەتـە قوتابخانـە و تـا پۆلـی سـێی دواناوەنـدی دەرسـی خوێنـد، ناوبـراو گەنجێکـی بەهەسـت و سـۆز و دڵسـۆزی هـاوڕێ و ناسـیاوانی بـوو. شـەهریار خاوەنـی سـێ بـرا و چـوار خوشـک بـوو.

شـەهریار عادڵـی دوای ئـەوەی قوتابخانـە بەجـێ دێڵـێ لـە دووکانـی باوکـی خەریکـی کار و پیشـەی ئاسـنگەری دەبـێ و دەبێتـە پاڵپشـت و هاریـکاری باوکـی و دواتـر بـۆ بژیـوی ژیانـی خـۆی و ماڵەوەیـان پیشـەی شـوفیر تاکسـی هەڵبژاردبـوو، بـە هـۆی کاری تاکسـییەوە زۆربـەی خەڵکـی شـاری سەردەشــت و دەوروبــەری دەناســی و خۆشــی کوڕێکــی کۆمەڵایەتــی و تێکـەڵ بـوو. لـە مـاوەی سـاڵانی ڕابـردووشدا بـە هـۆی ئـەوەی دروشـمی کـوردی وەک ڕازاندنـەوەی ماشـێنەکەی لـە پشـت تاکسـییەکەی نووسـیبوو چەنــد جارێــک لــە لایــەن ئیتلاعاتــەوە بانگهێشــت کرابــوو و بــە تونــدی لێپێچینــەوەی لێکرابــوو و جارێکیــش ماشــێنەکەی لــە لایــەن ڕێژیمــەوە دەسـتی بەسـەر داگیـرا بـوو و دواتـر بـە زەمانـەت ماشـێنەکەی پێدرابـۆوە. گوڵــی تەمەنــی شــەهریار تــازە گەیشــتبوو بــە ٣٠ ســاڵ کــە شۆڕشــی ژینــا دەســتی پێکردبــوو، وەک زۆربــەی گەنجــەکان بــە دڵخۆشــی و بــە

بـاوەڕەوە تێکـەڵ بـە شۆڕشـی سـەر شـەقام ببـوو، لـە مـاوەی چەنـد ڕۆژ خۆپێشـاندانەکانی ئێوارانـی شـاری سەردەشـتدا چالاکانـە بەشـداری کردبـوو، هـەر بۆیـە لـە لایـەن جـاش و سـیخوڕ و خۆفرۆشـانەوە شناسـایی کرابـوو، لـە یەکێـک لـە ڕۆژانـی خۆپێشـاندانداندا و کاتێـک ئێـران بـە یەکجاری لـە مۆندیالـی تۆپیپێـی قەتـەر دۆڕا و وەلانـرا خەڵکـی ئێـران کردیانـە شـایی و لۆغـان و خۆشـی، لـە شـاری سەردەشـتیش زۆرێـک لـە لاوەکان خۆشـحاڵیی خۆیـان دەربـڕی و لـە هەندێـک شـوێن و لـە نێـو ماشـێنەکانی خۆیانـدا ئاهەنگـی شـایی و خۆشـیان لێـدا.

لـەو پێوەندییـەدا چەنـد ڕۆژ دواتـر چەنـد کـەس لـە شـاری سەردەشـت دەگیرێـن، یەکێـک لـەوان شـەهریار عادڵـی بـوو و لەلایـەن ئیـدارەی ئیتلاعاتـی سـپاوە دەگیـرێ و لـە گرتووخانـە و ژوورەکانـی ئەشـکەنجەخانە زۆر بێبەزەییانـە ئەشـکەنجە دەکـرێ و بـە لێدانـی باتـووم و شـەللاق هەمـوو گیانـی شـین و ڕەش دەبێتـەوە و تەنانـەت چەنـد پەراسـووی دەشـکێنن و دوای چەنـد ڕۆژ هەڕەشـەی لێدەکـەن کـە نابـێ باسـی گیـران و ئەشـکەنجەکرانی خـۆی بـکا و بـە جەسـتەیەکی خوێنـاوی و تێکشـکاوەوە لـە گرتووخانـە بەنـاو ئـازاد دەکـرێ.

لـە مـاوەی چەنـد ڕۆژی دوای ئازادبوونـی دا و دوای هەڕەشـەکانی جەللادەکانـی کۆمـاری ئیسـلامی، شـەهید شـەهریار لـە ماڵـی خۆیـدا بـە ئـازارەوە کاتـەکان تێپـەڕ دەکا و لـە ڕێکەوتـی ١٧ی سـەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاویـدا هەسـت بـە ئـازار و ناڕەحەتییەکـی زۆر دەکا و شـەوی ١٧ لـە سـەر ١٨ی سـەرماوەز بەهـۆی ئـازاری زۆر و کاریگەربوونـی برینەکانـی جەسـتەی و شـکانی چەنـد پەراسـوویەکی، بەداخـەوە لـە ماڵـی خۆیانـدا شـەهید بـوو و تێکـەڵ بـە کاروانـی نەپسـاوەی شـەهیدانی ڕێگـەی ڕزگاری

و ئازادیـی گەلەکـەی بـوو.

**«من کوڕێکی کوردستانم**
**بەڵێنم داوە بجەنگم**
**بە دڵ**
**بە ڕوح**
**بۆ ئازادیی نیشتمانم**
**کاتێک هەواڵیان بۆ هێنای**
**وتیان کورت شەهید بووە**
**هەرگیز مەگری**
**مەڵێ هاوار کوڕی جوانم**
**لە دوا منیش دڵشاد دەبی**
**بە دیداری هاوڕێکانم**
**ئەوانیش وەک من کوڕی تۆن**
**بە ناوی خۆت بانگت دەکەن**
**تەنها یەک جیاوازی هەیە**
**ئەوان دەڵێن «دایکی شەهید»**
**منیش دەڵێم :**
**دایکی ئازا و قارەمانم**

(هەتاو)

چلـەی شـەهید شـەهریار لـە نێـو ئاپـۆڕای خزمـان و ناسـیاوانیدا لـە کاتێکدا بەڕێوەچـوو کـە ئیـدارەی ئیتلاعـات بنەماڵەکەیانـی ئـاگادار کردبـۆوە کـە

نابێ بە هیچ شێوەیەک ڕێوڕەسم و کۆڕی بۆ پێکبێنن و لەم پێوەندییەدا چەندین جار هەڕەشەیان لە بنەماڵەکەیان کردبوو، بەڵام بنەماڵەکەی بەبێ گوێدان بەو هەڕەشەوگوڕەشانە لە ٢٨ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، چلەی شەهید شەهریاریان لە سەر مەزارەکەی بەڕێوە برد. ئیتلاعاتی سپا زۆربەی وێنە و ڤیدیۆ شەخسییەکانی کە لە سەر موبایلی شەهید شەهریار بوون دەستبەسەر داگرتبوو و تەنانەت هەندێکی شتی تایبەت بە خۆیان لە تاکسییەکەی و ماڵەوەیان زەوت کردبوون و هەنووکەش لە لای سپای سەردەشت ڕاگیراون.



## شەهید ئاوات قادرپوور

ناسر سادقی

**«دەبا خوێن بێ و سەران بەرێ**
**چەرخی کارگەیان بگەڕێ**
**پێدەکەنن پێدەکەنن**
**بە بڵێسەی ئاگری شەڕێ**
**کوتم کەوا بوو ئاشنا**
**بەشی ئێمە لەناوچوونە**
**کوتی نانا دوور بڕوانە**
**ئاسۆ ڕوونە»...!**

دوژمنان لە دوای ڕۆیشتنیان جگە لە نەهامەتی وماڵوێرانی هیچی دیکە لە پاش خۆیان بەجێ ناهێڵن. لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ی ئێران، زۆر ڕووداوی تراژێدی و کاولکاری بە سەر شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵات هاتن. ئەو کاتەی پیری شەڕەنگێزی جەماران فتوای جیهادی بەدژی کوردستان ڕاگەیاند، هەموو دەروازە و سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیان بەزاند و جینایەتیان خوڵقاند. گوندی مەڵلالەریش لە ئاسەواری سووتان، ڕاوەدوونان، کۆچ و وێرانی بێبەش نەبوو. بنەماڵەی کاک کەریم قادرپوور

و سارا خاتوونـی فەخریجانـی شـایەتحاڵ و گوێبیسـتی زۆر لـەو کارەسـاتانە بـوون کـە لـە ناوچەکـەدا ڕوویـان دا و بەسـەر کۆمەڵانـی خەڵکـی بێتـاوان هاتبـوون.

ئیبراهیـم قادرپـوور نـاسراو بە (ئـاوات)، لـە ٣١ی بانەمـەڕی ١٣٨٠ی هەتاوی لـە ئاوایـی مەڵلالـەر سـەر بـە شـاری بـۆکان لەدایـک بـوو. دوای پـازدە سـاڵ وێـڕای بنەماڵەکـەی لـە مەڵلالـەرەوە بـەرەو بـۆکان کـۆچ دەکـەن. کۆچێـک بـۆ ژیـان و داهاتوویەکـی باشـتر. کـۆچ و خەیـاڵ، کۆچێـک سـەرەنجام و چارەنووسـی دیـار نییـە، بـەڵام ئاواتـی لاو هەتـا دەهـات پـتر نوقمـی خۆزیـا و حەزەکانـی دەبـوو. خەیاڵـە ڕەنگاوڕەنگەکانـی هـەر گرشەگرشـیان بـوو. ئـاوات پـاش ئـەوەی ماڵەکەیـان لـە مەجبـووراوای بـۆکان دەگیرسـێتەوە و جێگیـر دەبـن، دوای ماوەیـەک واز لـە خوێنـدن دێنێـت و ڕوو لـە پیشـەی ئاڕایشـگەری دەکات.

لـە ڕاپەڕیـن و سـەرهەڵدانەکانی خەڵکـی ڕۆژهـەڵات کـە سـەرەتا لـە سـەقز دەسـتی پێکـرد و بـە «**شۆڕشـی ژینـا**» نـاوی دەرکـرد، مافخوازانـی خوێنـی «ژینـا» داوای ناسـاندنی تاوانبارانـی ئـەو جەنایەتەیـان دەکـرد. بـەڵام هیـچ کـەس و لایەنێـک گوێبیسـت نەبـوو، تـا ئـەوەی ئاگر و بڵێسـەی ئەو شۆڕشـە لـە بۆکانیـش کڵپـەی سـەند و پـتر جەماوەریـتر و کۆمەڵایەتیـتر دەبـوو.

لــە ڕۆژی ١ی سـەرماوەزی ١٤٠١ی هەتـاوی، کاتێـک ئاواتـی دڵ پـڕ لـە خۆزگـە بـەرەو گونـدی ناچیـت لەڕێـدا دەبـێ لـە خاڵێکـی پشـکنینی نایاسـایی تیرۆریسـتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی بـە بێهـۆ ماشـێنەکەی ڕادەگـرن و ڕێـی لێدەگـرن و دوای ئـەوەی تـەواو ماشـێنەکەی دەپشـکنن و زۆری ئـازار دەدەن و موبایـل و کەلوپەلـە شەخسـییەکانی لـێ دەسـتێنن و پـاش ئـەوەی ڕێـی پێدەدن بـڕوات، هێشـتا چەنـد میترێـک دوور ناکەوێتەوە،

دیدەنـە بـەر دەسـڕێژی گولــلە و بەوپـەڕی دڕندەییـەوە کۆتایـی بـە خـەون و حەزەکانــی دێنــن و ئـاوات بــە هەمــوو ئاواتەکانییــەوە دەچێتــە ڕیــزی شــەهیدانی کوردســتانەوە.

**«لەناخمدا وەرزێ سەری هەڵداوە**
**لەگەڵ خوێن و هەناسەم تێکەڵاوە !**
**هەڵدەوەرێم، چرۆ دەکەم دەم بە دەم !**
**پرچی ڕۆژم لە دەستی شەو ئاڵاوە !**
**پاییز نییە بەڵام گەڵاڕێزانە !**
**بەهار نییە کەچی خوڕەی شەتاوە !**
**هەڵفڕینە لە لووتکەی بەرزی خەیاڵ**
**نە ئازادی نە قەفەسە نە داوە !**
**ئەو وەرزە زۆر لای ئێوە ئاشنایە !**
**کەوا سەرتان لەڕێی ئەوین داناوە»**

سـەعات یـازدە و نیـوی شــەو تەرمەکـەی ڕەوانـەی ســاردخانەی ورمــێ دەکــەن. ئــەوە لــە حاڵێکدایــە بنەماڵەکــەی هــەروا لــە چاوەڕوانــی و هاتنـەوەی جگەرگۆشـەکەیان چـاو لـە ڕێ و دڵ لـەدوان، بـەڵام لـە پاسـگای ناچیتـەوە پێوەندییـان پێـوە دەگـرن کـە سـەردانیان بکـەن.
کاتێــک دەگەنــە ئــەوێ و چاویــان بــە ماشــێنەکەی ئــاوات دەکەوێــت، کۆشـکی ئاواتیـان دەلەرزێـت و دنیایـان نوقمـی تاریکـی دەبێـت. ماشـێن هەمـووی ئاسـەواری گولــلە و خوێنـە، بـەڵام لـە کـەس هەواڵـی مـان و نەمانـی نابیسـتن، ئاخـر سیسـتمی مرۆڤکـوژ و خوڕافیـی کۆمـاری ئیسـلامیی

ئێران، هەر لە سەرەتاوە لە سەر بنەمای درۆ و چەواشەکاری و ناڕاستی بونیات نراوە.
بنەماڵەی شەهید ئاوات کاتێک هەواڵێکی ڕاستیان لە مان و نەمانی کوڕەکەیان دەست ناکەوێت، لە زیندانەکانی مەهاباد و میاندواو سۆراخی ڕۆڵەکەیان دەگرن، دیسانیش ئاسۆ هەر لێڵ و چاوی دایک و باب هەروا وێڵی هەواڵی کوڕە لاوەکەیانە. ناچار سکاڵا لە دژی سپای پاسداران تۆمار دەکەن، بەڵام بۆ دەکرێ لە لای زاڵمێک داوای مافی خۆت لە ڕەفیق و شەریکی زاڵمەکە بکەی؟ نزیکەی هەشت ڕۆژ بنەماڵەی ئاوات چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەکەیان بوون.
دووکانەکەی بێ خاوەنە و کوڕە گەنجەکان و مشتەرییە هاوڕێکانی بە چاوی چاوەڕوانی و سەر و پرچی ئاڵۆزەوە هەروا چاویان لە ئاسۆی نادیار و ئاوابوونی زەردەی خۆری ماتەمگرتووی پاییز و خەزڵوەرە، بەڵام تەرمی ئاوات هەر لە سەرەتاوە بەبێ نازی لە ساردخانەی ورمێ هێندەی دیکە سارد دەبێتەوە. حەز و خولیاکانی لە یەکەم چرکەکانی شەهیدبوونی لە کەلی تەمەن ئاوا دەبن. دوای ئەو هەموو چەواشەکاری و ئازارە ڕوحی و ڕەوانییە، پاش هەشت ڕۆژ تەرمەکەی وەردەگرنەوە و لە ژێر گوشار و هەڕەشەی کۆمەڵێک جاش و بەکرێگیراوی ڕێژیم لە شەوێکی وەیشوومە و تاریکدا سەرلەنوێ بەرەو زێدەکەی مەڵلالەر گەڕاوە و بارگەی هەواری لە لێواری ڕووباری تەتەهوو هەڵدا و خەیال و خەون و ڕازەکانی بە ئەمانەت بە شەپۆل و هاژە و لرفەی نەوەستاوی ڕووباری شۆڕشی ژینا ئەسپارد.
ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە ڕۆژی چلەی شەهید ئاوات، بنەماڵەکەی و خزم و کەسوکاری بۆ جارێکی دیکە لە سەر

گڵکۆی ڕۆڵـە شـەهیدەکەیان کـۆ بوونـەوە و بـە دروشـمدان بـەدژی ڕێژیـم وەفاداریـی خۆیـان لەگـەڵ ڕێـگا و ڕێبـازی ئـەو شـەهیدەی نیشـتمان تـا گەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی نوێ کردەوە.



# شەهید ئیسماعیل گوڵعەنبەر

سۆما ناسری

**«پێویست ناکا مرۆڤێکی گەورە بین، مرۆڤبوون بۆخۆی ئەوپەڕی گەورەییە».**

قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی بە دەستی کوردکوژانی ڕێژیم بوو بە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و بەخێرایی ڕاپەڕینی جەماوەری لەئاستی ئێرانی لێکەوتەوە؛ هەر ئەو ڕۆژە (٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی) لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا بە بەشداریی هەزاران کەس ژینای کوردان ئەسپەردەی خاکی نیشتمان کرا و لە سەر بەردەکێلەکەی نووسرا «**ژینا گیان تۆ نامری، ناوت ئەبێتە ڕەمز**»، هەر ئەو ساتەوەختە خەڵکی دەروەست و بەهەڵوێستی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاریان دا لە ئاست خوێنی بە ناڕەوا ڕژاوی ژینای کوردان بێدەنگ نەبن و بە بەرزکردنەوەی دروشمی دوژمنتۆقێنی «**ژن ژیان ئازادی**» ڕژانە سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەخێرایی شەپۆلەکانی ئەو بەرهەڵست و ئاخێزە سەردەمییانە و بێوێنەیە زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە و تەنانەت سنووری وڵاتانیشی تێپەڕاند و خەڵکی بەهەڵوێست لە زۆربەی وڵاتانی

جیهـان بەتایبەتـی لـە ئەمریـکا و ئورووپـا، بـە وەڕێخسـتنی خۆپیشـاندانی دەیـان هــەزار کەسـی بـۆ مەحکوومکردنـی قەتڵـی ژینـا نارەزایەتییـان دەربـڕی و پاڵپشـتییان لـە گەلـی ڕاپەڕیـوی کـورد کـرد.

شـاری جوانـڕۆ لـە پاریـزگای کرماشـان، یەکێـک لـەو شـارانە بـوو کـە دوژمـن ئەوپـەڕی دڕندەیـی خـۆی لـەو شـارە نیشـاندا و لـە شـەقامەکانی جوانـڕۆ گۆمـی خوێنیـان وەڕێخسـت، «ئیسـماعیل گوڵعەنبـەر» یەکێـک لـەو لاوە ئازا و جوامێرانـەی شـاری حـەوت قـەڵا بـوو کـە لەپێنـاو ئازادیـی نیشـتمانەکەی گیانـی بەخـت کـرد.

ئیســماعیل کــوڕی خاڵــۆ ئەحمــەد و دایــە خولاســە، ڕۆژی ١ی ڕەزبــەری ســاڵی ١٣٦٢ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی «دۆڵەقووڵـی ئەلیاخەیـی» سـەر بـە شـاری جوانـڕۆ، لـە بنەماڵەیەکـی گەلدۆسـت و نیشـتمانپەروەردا چـاوی بـە دونیـا هەڵنیـا و دایـک و باوکـی بـە وانـەی خۆشەویسـتی و نیشتماندۆسـتی ڕۆڵەکەیـان گـۆش کـرد، هــەر لــەوێ گــەورە بــوو و نێردرایــە قوتابخانــە و بەهـۆی ئـەو بـارە ناهەمـوارەی سـەر ژیانـی بنەماڵـەکان لـە کوردسـتان کـە هـۆکاری سـەرەکیی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامییە و ئـەو غـەدرەی بـە سـەر گەلـی کـورددا داسـەپاوە، ئەویـش نەیتوانـی زیاتـر لـە پێنـج سـاڵ دەرس بخوێنـێ.

ئیسـماعیل لەگـەڵ گەورەبوونـی زیاتـر هەسـتی بـە هـەڵاواردن، هـەژاری و چەوسـانەوەی گەلەکـەی لەژێـر دەسـەڵاتی ویلایەتـی فەقیهـدا دەکـرد و ئـەوەش وای کردبـوو ببێتـە کەسـێکی خـاوەن هەڵوێسـت و خەمـی خەڵـک و نەتەوەکـەی بـە خەمـی خـۆی بزانـێ. بـۆ ئـەو دڵخۆشـیی هاوزمانەکانـی لـە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە بـوو، ئیسـماعیلی دڵسـۆز هـەر بـە قسـە نـا بەڵکـوو بەکـردەوە هەرچـی لـە دەسـتی بهاتبایـە بـۆ خەڵکـی فەقیـر

و هـەژار دەیکـرد و توانـای دیتنـی ئـەوەەی نەبـوو دایـک یـان باوکێـک بەهـۆی هـەژاری و نەدارییـەوە شـەرمەندەی مـاڵ و منداڵیـان بـن. ئەمـەش وای کردبـوو لـە نـاو خەڵکـدا زۆر خۆشەویسـت و جێـگای متمانـە بـێ و هەمـووان ڕێزیـان لـێ دەگـرت. ئیسـماعیل لـە شـاری جوانـڕۆ دووکانـی کەبابـی هەبـوو و لـەو ڕێگەیـەوە بژیـوی ژیانـی بنەماڵەکـەی دابیـن دەکـرد. ئیسـماعیل چەنـد ساڵێک بـوو ژیانـی هاوبەشـی لەگـەڵ خاتـوو «شایسـتە نەسروڵلاهـی» پێکهێنابـوو، بەرهەمـی ئـەو ئەوینەیـان کچێـک بـوو بـە نـاوی «ئاسـنای» تەمـەن دوو ساڵان.

ئـەوە ئیسـماعیلە خەریکـە هەڵپەڕکێـی کـوردی فێـری کچـە بیچکۆلانەکـەی دەکا و بـۆ ئـەوەی فێـری بکا کە کـوردەکان مێـژووی ئـازار و مەینەتییەکانیان بـە ڕوحیـەی شـاد و بەربەرەکانـێ لـە بەرامبـەر زوڵمـدا دەنووسـنەوە و سـەرکەوتن بـۆ خۆیـان مسـۆگەر دەکـەن.

ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی بـوو، لـە جوانـڕۆ قیامـەت بـوو، خەڵـک بـە پیـر و جوانـەوە ڕژابوونـە سـەر شـەقام و ڕق و توورەیـی خۆیـان لـە ڕێژیـم و لـە شـەهیدبوونی بەهادیـن مێرمنداڵـی ئـەو شـارە و عێرفـان کاکایـی دەردەبـڕی کـە ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵـوەر بـە دەسـتی جەللادەکانـی خامنەیـی لـە شـەقامەکانی ئـەو شـارە خوێنیـان ڕژابـوو و تێکـەڵ بـە کاروانـی نەمـران ببـوون. لـە ڕێورەسـمی بـە خاکسـپاردنی ئـەو دوو شـەهیدەی جوانـڕۆ ئـەو ڕۆژە خەڵکـی وەزاڵەهاتـوو لـە دەسـەڵات بـۆ جارێکـی دیکـەش بـە دوژمنیـان نیشـان دا کـە یەکڕیـز و یەکگرتـوون و لـە خوێنـی ڕۆڵەکانیـان خـۆش نابـن، بـەڵام لەبەرامبـەر ورەی پۆڵاییـن و دەسـتی بەتاڵـی خەڵکـی ڕاپەڕیـو، هێـزە قینلەدڵەکانـی ڕێژیـم بـە هەمـوو جـۆرە چەکێـک و تەنانـەت بـە دۆشـکا لـە مەیدانـی شـار ڕووبـەڕووی خەڵـک

سـەنگەریان گرتبـوو و هەڕەمەکـی تەقەیـان لـە خەڵکـی دەکـرد.
ئـەو ڕۆژە ئیسـماعیل گوڵعەنبـەر کـوڕە ئـازا و بەغیرەتەکـەی ئەلیاخەیـی، مێرخاسـەکەی جوانـڕۆ کاتێـک دیتـی جـاش و خۆفرۆشـەکان دەسـت لـە هیـچ ناپارێـزن و دۆشـکایان لـە شـەقامەکانی شـار دامەزرانـدووە، کاتێـک بینـی گەنـج و لاوانـی شـارەکەی لـە ناوەنـدی شـار خوێنیـان لـێ دەچـۆڕێ و جـاش و پاسـتارەکانی ڕێژیـم، وڵامـی خۆپیشـاندانی مەدەنیانـەی خەڵـک بـە گولـلە دەدەنـەوە، خـۆی پـێ نەگیـرا و سـەبری نەمـا، کەوتـە بیـری ئـەو ڕسـتەیەی لـە لاپـەڕەی ئینسـتاگرامەکەی نووسـیبووی کـە دەڵـێ: «**ڕۆژێـک وەک شـێر ژیـان باشـترە لـە سـەد ڕۆژ ژیانکردنـی وەک مەڕێـک**».
بۆیـە بڕیـاری دا وەک هەمیشـە شـێر بـێ و بوێرانـە هەڵیکوتایـە سـەر ئـەو بەکرێگیـراوەی کـە دۆشـکاکەی پـێ بـوو و لێـی نزیـک بـۆوە بـۆ ئـەوەی دەسـتی پێـی ڕابـگا ڕووی دۆشـکاکە لـە خۆیـان بگـرێ، کـە بەداخـەوە لـە پشـتەوەڕا دەکرێتـە ئامانجـی گولـلەی بـێ ئامانـی پاسـتارە جەنایەتکارەکانی ڕێژیـم و دەکەوێتـە سـەر عـەرزی؛ بەمشـێوەیە ئیسـماعیلی لاو و مێرخـاس، کـوڕە ئـازا و بەجەرگەکـەی ئەلیاخەیـی، وانـەی قارەمانیەتـی و گیانفیدایی بۆ «ئاسـنا»ی، کچـی بەجـێ هێشـت و میداڵـی شـانازی و شـەرەفی لـە بەرۆکـی دان و ڕوحـی بەرزەفـڕی شـەهید ئیسـماعیلیش فـڕی بـۆ لای سـوورخەڵاتانی نیشـتمان و شـەهیدانی شـۆڕشـی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» و نـاوی بـوو بـە جێـی شـانازیی بنەماڵەکـەی و خەڵکـی شـاری جوانـڕۆ و گشـت کوردسـتان.
تەرمـی شـەهید ئیسـماعیل لـە ئاوایـی دۆڵەقووڵـی ئەلیاخەیـی جوانـڕۆ بـە **خاکـی پاکـی نیشـتمان سـپێردرا.**

**«ئەگەرچی ئاگرت بەربۆتە گیانم**

**بەڵام شادم بە سەربەرزی دەزانم**

**لەسەر گۆڕت بە شانازی دەنووسم**

**ئەتۆی برام، شـەهیدی نیشتمانم»**

شــەهید ئیســماعیل لــە پۆســتێکی دیکــەی ئینســتاگرامەکەیدا دەنووســێ:
**«پێویســت نــاکا مرۆڤێکــی گــەورە بیــن، مرۆڤبــوون بــۆ خــۆی ئەوپــەڕی گەورەییــە».**

ئەو هەروەها دەنووسێ:

**«جیاوازیی نێوان بنیامەکان و ئینسانەکان**

**بنیامەکان زیندوون، ئینسانەکان ژیان دەکەن**

**بنیامەکان ئەشنەڤن، ئینسانەکان گوێ دەگرن**

**بنیامەکان دەبینن، ئینسانەکان ئاشقانە دەڕوانن**

**بنیامەکان لە خەمی خۆیاندان، ئینسانەکان خەمی هەمووان دەخۆن**

**بنیامەکان دەیانەوێ شاد بن، ئینسانەکان دەیانەوێ خەڵکی شاد بکەن**

**بنیامەکان، ناوی ئەشرەفی مەخلووقات دەگرن**

**ئینسانەکان کردەوەی ئەشرەفی مەخلووقات جێبەجێ دەکەن**

**بنیامەکان هەڵیان بژاردووە کە بنیام بمێنن**

**ئینسانەکان گۆڕانکارییان هەڵبژاردووە تا ببنە ئینسان**

**بنیامەکان و ئینسانەکان دوو بژاردەیان لە پێشە**

**هەڵبژاردن بە خۆیانە کە بنیام بن یان ئینسان**

**پێویست ناکات ئینسانێکی گەورە بین**

**ئینسان بوون بۆ خۆی ئەوپەڕی گەورەییە**

**هەڵبژاردنی ئێوە چییە؟**

**دەتانەوێ بنیادەمێکی ئاسایی بن یان یەک ئینسان؟»**



# شەهید ئەفشین ئاشام

جەعفەر ڕەسووڵی

شۆڕشی ژینا لە هەمان کاتدا کە ئاگری قینی پەنگخواردووی گەلەکەمان بوو لە سەر جەستەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بوومەلەرزەیەکی چاوەڕواننەکراویش بوو کە لە تەختی بەختی حکوومەتی مەلاکانی دا. ئەو شۆڕشەی کە پڕ بوو لە ئەزموون و ئامۆژگاری، پڕ بوو لە وانەی یەکگرتوویی هەموو شار و گوند و ئاوەدانییەکی کوردستان دژ بە ماشێنی کوشتار و سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شۆڕشەکەی پاش ژیانی ژینا، تایبەتمەندییەکی کەموێنەی هەبوو کە لە شۆڕشەکانی پێشوودا کەمتر دەبینرا، ئەویش هاوپێوەندی و هاوخەباتیی سەرهەڵدانی شار لە دوای شاری کوردستان بوو کە بۆ پشتیوانی یەکتری دەهاتنە سەر شەقامەکان. ئەگەر سەقز خوێنی لێ دەچۆڕا، سنە بانگەوازی بۆ دەکرد، ئەگەر بۆکان خەڵتانی خوێن دەکرا، جوانڕۆ و مەهاباد خاوەندارەتییان لێ دەکرد. شارە خنجیلانەکەی قەسری شیرین لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو نموونانە بوو کە بۆ پشتیوانی لە شارەکانی دیکەی کوردستان، دژ بە هێزە تیرۆریستییەکانی سپای پاسداران چەند خۆپیشاندانێکی کەموێنەی لە مێژووی خۆیدا

بەڕێـوە بـرد کـە لـەو پێناوەشـدا چەنـد شـەهیدی بـە بـارەگای ئازادیـی ڕۆژهەڵاتـی نیشـتمان بەخشـی.

قـەسری شـیرین و شـارەکانی خـوارووی کوردسـتان وەکـوو کرماشـان و ئیـلام لـەو ناوچانـەی کوردسـتان بـوون کـە بانگـی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» بەخێرایـی پێیـان گەیشـت و ڕۆڵـە ئـازا و بوێرەکانـی قـەسری شـیرینیش وەکـوو سـوارچاک و پێشـمەرگەی ئـازا و بوێـر خۆیـان لەگـەڵ تەوژمـی بەهێـزی شۆڕشـی ژینـا یەکخسـت و دژی ڕێژیمـی زۆردار و تیرۆریسـتی ئاخونـدی ڕاپەڕیـن.

یەکێـک لـەو ڕۆڵـە ئـازا و بوێرانـەی قـەسری شـیرین کـە وەکـوو ڕێکخـەر و ڕێنیشـاندەرێکی چـالاک و گیانلەسەردەسـت لـە سـەرهەڵدانەکانی ئـەم شـارەدا دەوری دەبینـی، شـەهید ئەفشـین ئاشـام بـوو کـە ڕۆڵـی بەرچـاو و کاریگـەری لـە شۆڕشـی ژینـا لـەم شـارەدا هەبـوو.

**«کاتێ ٢٨ی گەلاوێژیان خوڵقاند، پووشپەڕ و خەرمانانیان خستە گەڕ**
**کاتێ دەنگی دەهۆڵی گەوجەیی و نەزانیان گوێی ویژدانی دەکرد کەڕ**
**کاتـێ لـە لووتکـەی کێـو و تەلانـی ئـەم وڵاتـە ڕووبـار ڕووبـار خوێـن دەچـۆڕا**
**کاتـێ سـەدان مێشـکی پـڕ بیـر و دڵـی پـڕ تاسـەیان بـە زیندوویـی ناشـت لـە گـۆڕا**
**ویسـتیان کۆیسـتان بڕووخێنـن، خـاک نـەزۆک کـەن ئیـتر سـەوزە شـین نەبنـەوە**
**ویسـتیان دارسـتان سـەر ببـڕن، ڕووبـارەکان کوێـر کـەن ڕێـگای دەریـا نەدۆزنـەوە**

**وایانزانـی ئەمجـارە کۆتایـی دێنـن بـە گەلـی کـورد و لێـمان دەسـڕنەوە مێـژوو**
**نەیانزانـی ئاگردانـە ئـەم خاکـە، هـەر لاوە دەبێتـە سـووتمانی خەبـات و مەشـغەڵێک بـۆ داهاتـوو»**

(هاوار شاروێران)

شـەهید ئەفشـین کـوڕی کاک فەرمـان و خاتـوو شـیرین، لەدایکبـووی ١٠ی ڕەشـەمەی سـاڵی ١٣٦٩ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی «سـوورگی سـەنجاوی» سـەر بـە ئیسـلامئابادی غـەرب بـوو، لـە تەمەنـی ١٧ سـاڵیدا وێـرای بنەماڵەکـەی ڕوو دەکەنـە شـاری قـەسری شـیرین و لـەو شـارە نیشـتەجێ دەبن، ئەفشـین کوڕێکـی وریـا و دەرسـخوێن بـوو، قۆناغەکانـی خوێندنـی بە سـەرکەوتوویی تـا وەرگرتنـی دیپلۆمـی بـاڵا لـە ڕشـتەی کشـتوکاڵ لـە زانکـۆی سـاری بڕیبوو. بــەڵام بەهــۆی پەڕاوێزخرانــی کوردســتان لــە پیشەســازی و پێشــکەوتن و نەبوونـی هەلـی کار لـەو ناوچانـە، ئەفشـین بـە ناچـاری بـۆ دابینکردنـی بژێــوی ژیانــی خــۆی و بنەماڵەکــەی ســەرەڕای ئــەوەی خوێندەواریــی زانکـۆی هەبـوو، خەریکـی کاری کشـتوکاڵ بـوو.

لەگــەڵ هەڵگیرســانی شۆڕشــی ژینــا لــە ژێــر دروشــمی بەهێــز و مانــاداری «**ژن، ژیــان، ئــازادی**» ئەفشــینی ژیــر و ئــازا بــە هەســت بــە بەرپرسـایەتیکردن بەرانبـەر بـە داهاتـووی خـۆی و نەتەوەکـەی نـەک هـەر بەشـداری شۆڕشـەکە بـوو، بەڵکـوو لـە شـەوی ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی قـەسری شـیرین و ئاگردانـی دامـودەزگا حکوومییەکانـی ئـەو شـارە بـووە پێشـەنگی گەنجـە راپەڕیوەکانـی شـارەکەی و دەوری کاریگـەر و سـەرەکی و ڕۆڵـی فەرماندەیەکـی لێهاتـووی بینـی کـە ئـەم ڕاپەڕینـە لـە هەمـوو کوردسـتان و

ناوچەکانــی ئێرانیــش دەنگــی دایــەوە.

ئەفشـین بـە هاوڕێکانـی دەکـوت: «**هەمـوو ئاواتـم ئەوەیـە ئێرانێکـی بەبێ ئاخونـد ببینـم و لەدەسـت ئـەو جەللادانـە ڕزگاریـمان بێـت و ئێمـەش بگەیـن بـە ئـازادی و سەربەسـتی و ژیانێکـی باشـمان هەبێـت**».


ئەفشـین هەروەهـا دەیگـوت دەبـێ تـا ئـەو کاتـەی کۆتایـی بـە زوڵـم و سـتەم دەهێنیـن شـەقام چـۆڵ نەکەیـن و بـەدژی ئـەو دوژمنـە داگیرکـەرە بوەسـتینەوە و کوردسـتان لـە دەسـتی داگیرکـەران ڕزگار بکەیـن و ئەمـەش تەنیـا بـە یەکیەتیـی و یەکڕیـزی دەکـرێ.

ڕۆژی ٤ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، ئەفشـین وەکـوو هەموو ڕۆژەکانی ئەوکاتـی شۆڕشـی ژینـا لـە شـەقامەکانی قـەسری شـیرین وێـڕای کچـان و کوڕانـی ڕاسـاو و خەڵکـی شۆڕشـگێڕ لـە کاتێکـدا خەریکـی بەربەرەکانـێ و شـەڕ دژی هێـزە کۆنەپەرسـتەکان بـوو، لـە پشـتی «تاڤگە (ئابشـار)ی قەسری شـیرین» دەکەوێتـە بـەر دەسـتڕێژی گولــلەی بەکرێگیراوانـی ئاخونـدی و بەداخـەوە شـەهید دەبـێ و تێکـەڵ بـە کاروانـی نەمرانـی کورد و کوردسـتان دەبـێ و تەرمـی ئەفشـین دەگوازنـەوە بـۆ پزیشـکی قانوونیـی کرماشـان و دوای سـێ ڕۆژ سـەرەڕای هەڕەشـەی هێزەکانـی سـپای پاسـتاڕان و ئیتلاعـات لـە بنەماڵـە و خەڵکـی شۆڕشـگێڕی قـەسری شـیرین و گەماڕۆدرانـی شـوێنی ناشـتنی شـەهید ئەفشـین، تەرمـی پیـرۆزی لـە گۆڕسـتانی گونـدی «سـوێرگ سـەنجاوی» بـە درووشـمی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**» و «**مـەرگ و نەمـان بـۆ خامنەیـی**» ئەسـپەردەی خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان دەکـرێ.

شـەهید ئەفشـین چەنـد ڕۆژ پێـش شـەهیدبوونی بـۆ یەکێـک لـە هاوڕێکانی دەنووسـێ: «**هـەر بینـا لـەو ڕۆژانـەدا هـەر دووکـمان لـە مەیدانـی «بـان ئەفشـار» لـە سێدارەمان دەن و ببیـن بـە هێـمای ئازادیی قەسری شـیرین**»،

ڕێک لەو شوێنە چووە ڕێزی سوورخەڵاتانەوە و بوو بە هێمای ئازایەتی و قارمانییەتی شاری قەسری شیرین و هەموو کوردستان.

**«بۆیە نیشتمانم خۆش دەوێ، ڕۆڵەی وەک تۆی هەیە، چرکە بە چرکە شانازیت پێوە دەکەین، تا کوردستان ڕۆڵەی وەک تۆی هەبێت بێکەس نییە، هەر ناوت بەسە بۆ پێناسەی وڵاتم، چون وەکوو ئاڵا لە شەکانەوەی هەردەم»**



# شەهید سینا نادری

تاهیر قاسمی

**«دژمن پڕ کین! ئەیە خاس بزان**
**میلکان ئیمەس مڵک تاقوەسان**
**دڵنگ کوردی نیشانەی ئیمەس**
**چ لە سنە بوود چ لە کرماشان»**

لە کۆتاییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، بەدوای بەدەستەندەکردنی سووتەمەنی و بەرزکردنەوەی نرخی بەنزیندا، ناڕەزایەتییەکی بەرین وڵاتی ئێرانی گرتەوە. ٢٩ پارێزگای ئەو وڵاتە تێکەڵ بە خۆپێشاندانەکان بوون کە لەگەڵ دژکردەوەی توندی پاسداران و بەسیجییەکانی ڕێژیم بەرەوڕوو بوون. تا ئاستێک کە لە چەکی نیوەقورسی وەک دۆشکا و بیکەیسی بۆ سەرکوت و کوشتنی خۆپێشاندەران کەڵکیان وەرگرت. بۆ سەرکوتی ئەو سەرهەڵدانە سەدان کەسیان لە خەڵکی ناڕازی شەهید کرد کە بەپێی هەواڵدەریی ڕۆیتێرز پشکی کرماشان لەو ڕێژە زۆرە ٣٢٠ شەهید بوو. کرماشان هێشتا برینەکانی ئەو سەرهەڵدانەی لێ ساڕێژ نەبیبۆوە کە شۆڕشی ژینای بەسەردا هات.

لـە خۆپێشـاندانی شۆڕشـی ژینـادا کرماشـان لەگـەڵ ئیـلام و گێـڵان و ئاودانـان، زۆر زوو هاتـەوە ڕیـزی شـارە ڕاپەڕیـوەکان و وەک شـارەکانی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە ڕیـزی پێشـەوەی خۆپێشـاندانەکانی ئێرانـدا ڕۆڵـی گێـڕا. کـوڕان و کچانـی شـار جارێکـی دیکـە هاتنـەوە نـاو کـۆڕی خەبـات و نەفـرەت و بێزاریـی خۆیـان لـەو ڕێژیمـە و بەڕێوەبەرییـە نگریسـەکەی دووپـات کـردەوە و لـەم پێنـاوەدا قوربانییـان دا.

سـینا نـادری یەکێـک لـە شـەهیدەکانی شـاری کرماشـان لـە شۆڕشـی ژینـادا، ئاوێنەیەکـی باڵانوێـن لـە خەبـات و سـەرهەڵدانی شـارەکە بـوو. ئـەو ئەگەرچـی تـازە بـە بارمتـەی سـەد میلیۆنـی لـە زیندانـی کۆنەپەرسـتانی کۆمـاری ئیسـلامی ئـازاد ببـوو، خێـرا گەڕایـەوە نێـو ڕیـزی خۆپێشـاندەران و تـا کاتـی شـەهیدبوونی دەسـتی لـە ڕێبـاز و ئامانجەکانـی هەڵنەگـرت. سـینا نـادری کـوڕی خاڵـۆ سـیاوەش و خاتـوو سـەروناز، ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژی ١٣٧٩ی هەتـاوی لـە گەڕەکـی دەرەدرێـژی شـاری کرماشـان لەدایـک بـوو. خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندیـی هـەر لـەو شـارە تـەواو کـرد و لـە بەشـی تێکنیسـییەنی کارەبـادا درێـژەی بـە خوێنـدن دا. هـاوکات وەک لاوێکـی بەهەسـت و تێکۆشـەر زۆر زوو هەسـتی بـە نابەرابـەری و ناعەداڵەتییەکانـی کۆمەڵـگای ئێـران لەحانـد گەلـی کـورددا کـرد.

ئـەو کـە سـەر بـە پێڕەوانـی ئایینـی یارسـان بـوو، هەسـتی دەکـرد کـە لـە ئێرانـی ژێـر دەسـەڵاتی حکوومەتـی مەزهەبیـدا چەنـد قـات زیاتـر دەچەوسـێتەوە؛ جارێـک وەک هـەر مرۆڤێکـی ئازادیخـواز لـە وڵاتێکـدا کـە دەسـەڵاتێکی ئایدۆلـۆژی و تۆتالیتێـری بەسـەردا زاڵـە، جارێـک وەک کـورد لـە نـاو وڵاتێکـی فرەنەتـەوەدا کـە تاکـە نەتـەوەی فارس تێیـدا دەسـەڵاتدارە، جارێـک وەک کەسـێک کـە لە بنەماڵەیەکی سـەر بـە ئایینی یارسـاندا لەدایک

بـووە لـە وڵاتێکـی فرەمەزهەبـدا کـە دەسـەڵاتی تاکـە مەزهەبـی ئیسـلامیی شـیعە حوکمـی بەسـەردا دەکا و سـەرەنجام وەک خەڵکێکـی پەراوێزنشـین و پەراوێزخـراو لـە جوغرافیـای سیاسـی و ئابووریـی ئێرانـدا. هەمـووی ئـەو سـتەم و چەوسـاندنەوانە سـینای لاویـان لـە دوژمنـی داگیرکـەر و ملهـوڕ تووڕەتـر و ڕق ئەسـتوورتر کردبـوو. وایـان لـێ کردبـوو کـە هیـچ دەرفەتێـک بـۆ بەگژداچوونـەوەی ئـەو ڕێژیمـە نگریسـە لەدەسـت نـەدا:

**«دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕقئەستوورترم**
**لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**
**دەمکـوژێ ئەمما بـەگژ جەللادەکەمـدا دێمەوە**
**کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، نـاتوێمەوە»**

لـە کۆتاییەکانـی مانگـی خەرمانانـدا، تەنیـا چەنـد ڕۆژێـک بەسـەر دەسـپێکی شۆڕشـی «ژن، ژیـان، ئـازادی»دا تێپەڕیبـوو کـە سـینا لەپێشـەوەی خۆپێشـاندانەکانی شـاری کرماشـاندا خـۆی دیتـەوە. ئـەو ئازایانـە دروشـمی دەدا و بەرەنـگاری هێـزە دژی گەلییـەکان دەبـۆوە. سـەرەنجام لـە خۆپێشـاندانێکدا لـە شـەقامی نەوبەهـاری کرماشـان دەستبەسـەر کـرا. دوای لێـدان و ئەشـکەنجەی زۆر بـۆ گرتووخانـەی دیزڵابـاد گواسـترایەوە. سـینا بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک لـەو بەندیخانەیـە بەنـد کـرا و دواجـار بـە بارمتـەی سـەد ملیـۆن تمەنـی و بەشـێوەی کاتـی ئـازاد کـرا. بـەڵام سـینا گوێـی بـەو بەندوبەسـتانە نـەدا و دوای ئازادبـوون زۆر زوو بـۆ نێـو کـۆڕی هاوڕێیانـی ڕاپەڕیـوی گەڕایـەوە. ئەمجـار بـە ئەزموونـی زیاتـرەوە لـە ڕێکخسـتن و بەڕێوەبردنـی خۆپێشـاندانەکاندا دەوری گێـڕا. بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی سـینا و هاوڕێکانـی، شـاری کرماشـان لـە دژایەتیـی ڕێژیمـی دیکتاتـۆر و

بـۆ پشـتیوانی لـە شـارەکانی‌تری کوردسـتان ببـوو بـە پارچەیـەک ئاگـر. بڵـواری نەوبەهـار و گەڕەکەکانـی دەرەدرێـژ و دەوڵەتـاوا لەپێشـەوەی ئـەو سـەرهەڵدان و ڕاپەڕینانـە بـوون.

ڕۆژی ٢٠ی خەزەڵـوەر لاوانـی کرماشـان و گەڕەکـی دەرەدرێـژ جارێکی دیکە خۆپێشـاندان و ناڕەزایەتیـی بەرینیـان وەڕێخسـتەوە. سـینا لەپێشـەوەی ئـەو خۆپێشـاندانەدا دروشـمی «**مـەرگ بـۆ دیکتاتـۆر**» و «**کوردسـتان گۆڕسـتانی فاشیسـتان**»ی دەگوتـەوە. پاسـتاڕ و بەسـیجییەکانی جێگیـر لـە ناوەنـدی سـازندەگیی بێعسـەت دەمێـک بـوو ئاگایـان لـە هەڵسـووڕانی بێوچانـی سینا بـوو و لێـی خەفتابـوون کـە بـە هـەر شـێوەیەک بۆیـان بکـرێ زەفـەری پـێ ببـەن.

هـەر بۆیـەش کاتێـک سـینا لـە تەنیشـت ڕیـزی پتـەوی خۆپێشـاندەراندا دەڕۆی و دروشـمی دەدا، لەپشـتەوەڕا تەقەیـان لـێ کـرد و لەحاڵێکـدا کـە تەنیـا خڕکـە بەردێکـی لەدەسـتدا بـوو، گوللەیەکیـان لـە باسـکی ڕاسـتی دا. چەنـد چرکـە دواتـر لەکاتێکـدا دەیویسـت برینـی ئـەو باسـکەی بـە دەسـتەکەی دیکـەی بگـرێ، گولـلەیەکی‌تر لـە پشـتی درا و لـە سـینگی هاتـە دەر. بەمجـۆرە سـینا کەوتـە سـەر عـەرز، هاوڕێکانـی هەڵیانگرتـەوە و لـە بـەر تیـری پاسـتاڕان دووریـان خسـتەوە. بنەماڵەکەیـان لـە برینەکانـی سـینا ئـاگادار کـردەوە و بـەرەو نەخۆشـخانەی فارابـی ڕفاندیـان. بـەڵام خوێنـی زۆر لـە لەشـی ڕۆیشـتبوو و بـە تـەواوی بێحـاڵ ببـوو. پەرسـتارەکانی نەخۆشـخانەی فارابـی هەوڵیـان دا برینەکانـی بـە خێرایـی تیـمار بکـەن و لـە مـەرگ ڕزگاری بکـەن، بـەڵام بەداخـەوە زامەکانـی کاری بـوون. نیـو کاتژمێـر دواتـر سـینا نـادری گیانـی پیـرۆزی پێشـکەش بـە ڕزگاریـی خـاک و ئازادیـی گەلەکـەی کـرد.

دوای شــەهیدبوونی ســینا، مەئموورانــی ئەمنیەتیــی کۆمــاری ئیســلامی خۆیــان گەیانــدە نەخۆشــخانەی فارابــی و بــە هەڕەشــە و تەمــاح هەوڵیــان دا تاوانەکەیــان بــە قازانجــی خۆیــان قــۆرغ بکــەن. بەڵێنیــی دانــی ســەد میلیــۆن تمــەن و تۆمارکردنــی نــاوی ســینا لــە لیســتی کوژراوانــی بونیــادی شــەهیدیان بــە بنەماڵــەی نــادری دا بــە مەرجێــک ڕابگەیەنــن کــە «زیــدی ئینقـلاب» سـینای شـەهید کـردووە. بـەڵام بنەماڵـەی ئـەو ڕۆڵـە تێکۆشـەرەی کوردسـتان و کرماشـان تەسـلیمی هەڕەشـە و تەمـاح نەبـوون و ڕایانگەیانـد کــە ڕۆڵەکەیــان لەپێنــاو ئازادیــی نیشــتماندا گیانــی بەخشــیوە. ئەمجــار لەبەرامبــەر دانــەوەی تەرمــی ســینادا داوای ئەســتاندنی ســەد میلیــۆن تمەنیـان وەک بژاردنـی خەسـاری دارایـی کـرد کە لەگـەڵ دژکـردەوەی توندی بنەماڵـەی نـادری بـەرەوڕوو بـوون. سـەرەنجام بنەماڵەکـەی بـە دانـی سـی میلیــۆن تمــەن پــارە و دانــی بەڵێننامــە کــە لــە بەڕێوەبردنــی کۆبوونــەوەی ناڕەزایەتیــی لــە ڕێوڕەســمی بەخاکســپاردنەکە خۆیــان ببوێــرن، توانیــان تەرمــی ڕۆڵەکەیــان وەربگرنــەوە. ڕۆژی ٢١ی ڕەزبــەر لــە کەشــێکی تــەواو ئەمنیەتییــدا تەرمــی پیــرۆزی ســینا نــادری لــە گۆڕســتانی «دەرەدرێــژ»ی کرماشــان ئەســپەردەی خاکــی نیشــتمان کــرا.

لــەو کاتــەوە نــاوی ســینا لــە خەبــات و خۆپێشــاندانەکانی کرماشــان بــە تایبــەت لــە گەڕەکەکانــی دەرەدرێــژ و دەوڵەتابــاددا بــوو بــە ڕەمزێکــی تێکۆشـان. لـە چلـەی شـەهیدبوونیدا کچـان و کوڕانـی شـار جارێکـی دیکـە کۆبوونـەوە و بـە دروشـمەکانی «**مـەرگ بـۆ خامنەیـی، مـەرگ بـۆ دیکتاتـۆر، مەهابـاد تەنیـا نییـە یارسـان پشـتیوانییە**» ڕێـگا و ڕێبازەکەیـان درێـژە پـێ دا.

**«داڵاهوو نەچوو هۆچ وەخت لە هۆرد**

**هۆرێ نازارەیل لەێ خاکە دۆرد**
**بیلا وەهار بای گشتیان تیەنەو**
**گووش دەن وەناڵەو کزەێ تەمۆرد»**

لاوانـــی کرماشـــان لـــە ســـاڵوەگەڕی مەرگـــی ســـینا لـــە ٢٠ی خەزەڵـــوەری ١٤٠٢ی هەتاویـدا، جارێکـی دیکـە لـە دەوری گڵکـۆی سـینا کـۆ بوونـەوە و بـە دانـی دروشـمی «**مـەرگ بـۆ خامنەیـی**»، «**شـەهید نامـرێ**»، »**سـینا نـادری شـەهیدی ڕێـگای ئـازادی**» و «**نـە لێـی خـۆش دەبیـن و نـە لەبیرمان دەچێتـەوە**» یـادی ئـەو ڕۆڵـە تێکۆشـەرەی شـارەکەیان کـردەوە.



# شەهید فەرزین مەعڕووفی

سمکۆ دەستمەردی

دەم دەمــی ڕاپەڕینــە و پانتایــی شۆڕشــی ژینــا بــە شــێوەیەکی پــان و بەریــن شــکڵ دەگرێــت و جوغرافیــای کوردســتان بەگشــتی و بەشــێک لــە ئێــران دەگرێتــەوە.

دوای شــەهیدکرانی ژینــا کیژۆڵــەی ڕووســووری کــورد، ڕۆڵەکانــی شــاری مەهابــاد دژ بــە زوڵــم و زۆرداری و داگیــرکاری و بــە مەبەســتی ڕاونــان و تێکەوەپێچانــی دواناســەوار و دوانمــادی ڕێژیمــی ئاخونــدی دێنــە ســەر شــەقامەکانی شــاری مەهابــاد و گــڕی کــوورەی شــۆڕش و خەبــات دژ بــە ناعەداڵەتــی و ســتەمی سیســتماتیکی ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامی، بەتینتــر دەکــەن.

هــەروەک چــۆن لــە ٢٦ی ســەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتــاوی، ڕۆڵــە ئــازا، مافویســت و ئازادیخــوازەکان هێرشــیان کــردە ســەر شــارەوانیی شــاری مەهابــاد و تــاج و تەختــی ڕێژیمــی پەهلەوییــان لــەو شــارە تێکەوەپێچــا و ئــاڵای پیــرۆزی کوردســتانیان هەڵکــرد. ئەمجارەشــیان ڕۆڵەکانــی شــاری پێشــەوا بــە ڕازاندنــەوەی شــەقام بــە تێکەڵاویــی کیــژان و کــوڕان و بــە دروشــمەکانی «**ژن، ژیــان، ئــازادی**» و «**قاســملوو قاســملوو ڕێــگات درێــژەی هەیــە**» ترســیان لــە دڵــی ئەهریمەنــدا چانــد و کەمتیارانــی چەکبەدەســت

و گوێلەمستی داگیرکەریان وەلەرزە خست و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گرکانی ڕق و تۆڵەی خەڵک دژ بە زوڵم و ستەم زیاتر دەهاتە جۆش و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕقی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی خۆیان زیاتر بە داگیرکەران دەڕشت.

شەقامەکانی شاری مەهاباد جمەی دەهات لە دەنگی پێی کیژان و کوڕان و، فەقرەقا بەدەم لاوانی شاری مەهابادەوە سروودی سەرکەوتنی دەوتەوە، مام قۆچاغ گۆڤەندی ئازادی لە بەرزاییدا دەگێڕا، کانیبەرازان ئالآی ڕزگاری بەدەم دندووکی سووری باڵندەکانەوە هەڵواسیبوو، بداغسوڵتان مزگێنی سەرکەوتنی دەدا بە موعینییەکان، پردی سوور و مەحمموودکان ببوون بە تاقگە و تێکرا لە هەوڵدا بوون بە هیممەتی چیاییان زوڵم و زۆری و ستەم ڕاماڵن.

چاوی سێرە و دەستی سەر پەلاپیتەکی ناحەزان نەیانهێشت کوبرا شێخە و فریشتە ئەحمەدی سەرچۆپی ڕزگاری لە چوارچرای ئەو شارە بکێشن و دەستیان کرد بە سەرکوت و کوشتنی بەناحەقی خەڵکی حەقخواز و مافویستی شاری مەهاباد و لاوانی تینووی ئازادی ئەو شارە کە قورسترین چەکیان بیروباوەڕی قووڵ بە ئازادی و دێموکراسی و دژ بە ناحەقی بوو، بە گیان و بە خوێن ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕێژیم دەوەستانەوە.

شەهید «فەرزین مەعرووفی» کوڕی کاک فەرهاد و خاتووترووسکە لە ڕێکەوتی ٢٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی لە گەڕەکی ئێکباتانی شاری تاران و دوور لە نیشتمان و زێدی کوردانەی لە دایک دەبێ، فەرزینی تاقانە قۆناغی منداڵی تێپەڕ دەکات و دواتر دەنێردرێتە قوتابخانە و قۆناغەکانی خوێندن یەکلەدوایەک بە سەرکەوتوویی

دەبڕێــت و دەبێــت بــە خوێندکارێکــی زانکــۆ لــە ڕشــتەی «مدیریــت بازرگانــی» و لەهەمــان کاتیشــدا تاکــوو تەمەنــی بــەرەو هەڵکشــان دەڕوا بیــری نەتەوەیــی زیاتــر لــە مێشــکیدا چەکــەرە دەکات و پــتر سیاســەتی داپڵۆســێنەری حاکمانــی تارانــی بــۆ دەردەکــەوێ.

فەرزینــی لاوخــاس لــە پەنــا دەرس و زانکــۆدا لــە یەکێــک لــە شــیرکەتەکانی شــاری تــاران کاری دەکــرد، تاکــوو بەشــێک لــە بــاری قــورس و ســەختی ژیانــی تــاران و دوور لــە زێــدی کوردانــەی لەســەر شــانی کاک فەرهــادی بابــی کــەم بکاتــەوە و لــە هەمــان کاتیشــدا بەپێــی توانــای خــۆی چــاوی لــە ســەر کەســانی هــەژار و دەســتکورت هەڵنەدەگــرت.

شۆڕشــی ژینــا هــەر بــە خێرایــی بــە بەشــداریی ســەرجەم چیــن و توێژەکانــی کوردســتان و لاوانــی خوێنگــەرم و تینــووی ئــازادی و سەربەســتی و لە هەمان کاتــدا بێــزار لــە زوڵــم و بێــدادی و داگیــرکاری دەگاتــە لووتکــەی بــەرزی خــۆی و باڵــی بەســەر ئاســمانی کوردســتان و ئێرانــدا دەکێشــێت؛ فەرزینــی بێــزار لــە ناحەقــی لــە تارانــەوە چــاوی لەســەر ئازایەتــی و بوێــری ڕۆڵەکانــی کوردســتان و شــاری مەهابــاد هەڵناگــرێ و ڕۆژ لەگــەڵ ڕۆژ دڵخۆشــتر دەبــێ کــە دەبینــێ شۆڕشــگێرانی شــاری مەهابــاد و شــارەکانی دیکــەی ڕۆژهەڵاتــی نیشــتمان، شــەقامەکانی شــار بــە خوێنــی ســوور و ئاڵیــان دەنەخشــێنن و کــچ و کــوڕی شــەهید بیــری تۆڵــەی گــڕی گرتــووە و دەڵــێ «**هــەدا نــادەم هــەدا نــادەم، خوێنــی دایــک و بابــم بــە بــا نــادەم**».

فەرزیــن هــەر زوو لــە شــاری تــاران لــە تۆڵــەی شــەهیدانی کوردســتان پەیوەســت بــە لاوانــی سەرشــەقام دەبێــت و لــە شۆڕشــگێرانی ئــەو شــارە دانابڕێــت.

دوای یــاری تۆپیپێیــی نێــوان ئێــران و ئەمریــکا لــە شــەوی ٨ی ســەرماوەزی

١٤٠١ی هەتـاوی و شکسـتی هەڵبـژاردەی تۆپیپێـی ئێـران لـە بەرامبـەر ئەمریـکا، هـەر ئـەو شـەوە بـۆ دەربڕینـی خۆشـی و شـادی لـە ئێکباتانـی تـاران دەسـت لـە ملانـی شـەقام دەبێتـەوە، بـەڵام مخابـن بـە گوللـەی هێزە مرۆڤکوژەکانـی ڕێژیـم سـینگی پـڕ لـە هیـوا و حـەز و ئاواتـی فەرزیـن دەپێکـرێ و تێکـەڵ بـە کاروانـی سـوورخەڵاتانی کوردسـتان دەبێـت و لـە ڕێکەوتـی ٩ی سـەرماوەز، تەرمـی فەرزیـن لەلایـەن بنەماڵەکـەی لـە شـاری تـاران بـە خـاک دەسـپێردرێ و شـەقامەکانی کوردسـتان و ئێـران بـە درووشـمی «**بـەردەوام دەبیـن تـا گەیشـتن بـە لووتکـەی ڕزگاری**» بـە لاوانـی خوێنگـەرم و ئازادیخـواز دەسـپێرێ.

پـازدە ڕۆژ دوای شـەهیدبوونی فەرزینـی تاقانـە، بنەماڵەکـەی لـە سـەر گڵکۆکـەی یـادی لەدایکبوونـی بـەرز ڕادەگـرن و سـەمای کاک فەرهـادی باوکـی لـە سـەر گڵکـۆی لاوی لەدەسـتچووی، دڵـی هـەر مرۆڤێکـی خاوەنوێـژدان وەجـۆش دێنـێ و ئـەو تەسـویرە بـۆ هەتاهەتایـە لەبیـر و زەینـی ئازادیخوازنـدا دەمێنێتـەوە.

**«بارانێک دەبارێ بۆنی بارانی وڵاتەکەی ئەو نادا**

**بایەک دێ لە بای دەشتە ڕەهاکانی کوردستان ناچێ**

**لێرە لە مەملەکەتی سێدارە، شەو سەدان ساڵە خوێنی شاری داگرتووە**

**خۆر، خۆری ڕاستەقینە نییە**

**ئەستێرەکان دەست لە ملی یەکتر ناکەن**

**تـا چـاو هەتـەر دەکا لێـرە مـەرگ دەژی و ئـەوەی جێـی نییـە بـۆ هەڵکێشـانی هەناسـە، ژیانـە**

**ئەو خوێنی لە خوێنی کانییە، چاوی میراتی هەڵۆیە**

**کـە دێتـە دەنـگ دەڵێـی کوردسـتانە گۆرانـی دەڵـێ، سیمای شـاری گۆڕیـوە**

**دەڵێی کوێستانە دەدوێ،**

**هەر ڕووخسارێتی لەدوورەوە باوەڕی هەموو جەنگاوەرەکانی خۆرستان دەڵێتەوە**

**کوێی تۆ لە تاران دەچێ،**

**بەژنت؟ چاوت؟ باڵات؟! دەنگت؟!**

**نا نا ئەی هاوڕێ گلێنەی چاوم، زەمەن چرای ناوت خامۆش ناکا هەتا تارانی تاریک کڕنۆش نەبا بۆ گڵکۆی تۆ**

**تۆوی ناوت بە سەر کێڵگەی تۆڵەماندا دەچێنین و بە بارانی ئاسمانی خۆمان شینی دەکەین ...».**

(پارتیزان)



## شەهید ئاریان خۆشگوار

جەماڵ ڕەسووڵی

**«قەلبی من، گەر چەشنی لالە بێت و نەوتی تێبکەن**
**ئاگری دوژمن بێتە گیانم، وەک چرا من پێ بکەن**
**شەقشەقی کەن گۆشت و ئێسقان، یەکبەیەک خوێی تێبکەن**
**بێترس من دێمە مەیدان، حوکمە ئازادیم دەوێ»**

ئەوە چیرۆکی مێرمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵە کە وەک خۆر چۆن تازە هەڵاتبێت ڕووناکیی ژیانیان لێ ئەستاند. بەڵام گیانی ئەو خۆری ڕووناکییەکە کە لە چلەی شەوی تاریک تێدەپەڕێ و بەرەو ڕۆشنایی هەنگاو دەنێ. کازیوە خۆی ئەو کات ڕوحی ڕوخساری خۆی دەردەخات و خۆشەویستیی ئەو دەبێتە ئەوینێک کە هەمیشە سەر لە ڕۆژهەڵات دەردێنێ.

ڕۆژهەڵات بەردەوام سەنگەری بەرخۆدان و بەرهەڵستی بووە و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا و تەنانەت ئەم ڕۆژانەش مەتەرێزی ئازایەتی و یەکڕیزییە. لە پێشەوەی ئەو سەنگەرەدا لاوان بە خوێنی خۆیان داهاتووی نیشتمان دەنووسنەوە.

لاوانی ئێمە هاتوون هەتا مۆژدەی ئاواتی کۆمار لە وەرزی چلەی زستاندا

گەرماوگـەرم بـە بەهـار بـدەن و شـوێن‌پێی شۆڕشـگێڕانی ئـەم مێژوویـە هەڵبگـرن. میللەتێکـی بەرهەڵسـتکار و لەسـەرپێ تـا دەسـتەبەربوونی مافەکانـی هیچـکات لـە خەبـات و بەرخـۆدان دەسـت هەڵناگـرێ.
ئـەو ڕۆژانـە هەمـوو هاتبـوون هەتـا جڵـەوی ئـەو کاروانـە بگرنـە دەسـت. کوڕوکاڵانـی ڕۆژهەڵاتـی نیشـتمان هاتبـوون هەتـا سـنوورەکانی کەرامـەت و پارێـزگاری لـە نەتـەوە و خاکـی خۆیـان لـە ئاسـۆی دواڕۆژدا وێنـا بکـەن. ئـەوان دەڵێـن لـە هـەر شـوێنێک تاریکی هەبێـت ئێمـە بەگژیـدا دەچینەوە. ئێمـە ئەسـتێرەی گەشـی ئاسـمانین و هەتـا کاتێـک گزینگـی بەربەیـان دادێ، هەتـا کاتێـک شـەونەمی سـەر لاپـەڕەی گـوڵ باڵـی ناسـکی پەپوولـە بشـواتەوە ئێمـە لەسـەر بڕیـاری خۆمـان لەگـەڵ نیشـتمان و کوردسـتان سـوورین و پەیـمان نـوێ دەکەینـەوە.
لـە وەرزی بەهـاری کوردەواریـدا، لـە کۆتاییەکانـی مانگـی دووهەمـی سـاڵی ١٣٨٤ی هەتاویـدا کـە تـازە گـوڵ و چـرۆی سروشـتی کوردسـتان و بۆن‌وبەرامەکـەی هەنـاو زینـدوو دەکاتـەوە، کۆرپەیـەک لـە باوەشـی دایـک و باوکێـک بـە ناوەکانـی سـەحەر و فەرشـید لـە شـاری سـنە لەدایـک دەبێت و نـاوی «محەممـەد ئاریـان»ی لـێ دەنرێـت. لـە باوەشـی گەرمـی دایـک و باوکیـدا بـە نـازی گـەرم و خۆشەویسـتیی کوردانـە پـەروەردە دەکرێـت. کۆرپەیـەک بـەرەو منداڵـی تەمەنـی هەڵدەکشـێ و وەک هەمـوو منداڵانـی دیکـە دەنێردرێتـە قوتابخانـە هەتـا فێـری خوێنـدن و زانسـت بێـت، ئاخـر وەسـیەتی قانعـی شـاعیر بەجـێ دەگەیەنـن کـە دەڵێـت: «**سـەبری سـەرت دیـواری مەکتـەب**».
ئاریـان، لـە قوتابخانـەدا وەک قوتابییەکـی لێهاتـوو دەرس دەخوێنـێ و لـە ڕشـتەی دامـەزراوەکان «تاسیسـات»دا لـە قوتابخانـەی نموونـەی دەوڵەتیـی

شــەهریار درێــژە بــە خوێنــدن دەدات.
لــەو تەمەنــەدا هــەم دەرس دەخوێنــێ و لــە هەمــان کاتیشــدا هــەم لــە کارگەیەکــی کابینێتســازیدا ســەرقاڵی کارکــردن دەبــێ و ئەگــەر دەرفەتێکیشــی هەبوایــە لــە دووکان هــاوکاری باوکیشــی دەکــرد.
ئــەو کوڕێکــی هێــدی و لەســەرەخۆ بــوو و هەمیشــە بــە کارەکانییــەوە ســەرقاڵ بــوو. قــەت نەیدەویســت هەڵســوکەوتی ببێتــە هــۆی ناڕەحەتــی دایــک و باوکــی یــان هاوڕێکانــی. ناوبــراو ســەرەڕای ئــەوەی تەمەنــی کــەم بــوو، بــەڵام کوڕێکــی ڕەوشــتبەرز و دەروەســت بــوو و شــانازیی بــەوەی دەکــرد کــە کــوردە و کوردســتان نیشــتمانیەتی. ئــەو کوڕێکــی کەمدوێــن بــوو و جیــا لــە خوێنــدن و کار، ســەرقاڵی وەرزشــکردنیش بــوو و هۆگریــی زۆری بــە مەلەوانــی هەبــوو.
چارەنــووس وابــوو کــە ژیانــی ئاریــان و ئاریانــەکان ببێتــە سەرباشــقەی خەبــات و بەرخــۆدان بــۆ ژیانێکــی ئابڕوومەندانــە و پــڕ لــە کەرامــەت، بــەڵام جەللادانــی تینــوو بــە خوێــن ئیزنیــان نــەدا و گوڵــی تەمەنــی ئــەو لاوە خوێنگــەرم و بەهەســتانەیان هەڵوەرانــد.
خەزەڵــوەری ١٤٠١ی هەتــاوی، کاتێــک شــەقام و شــار خورۆشــا بــوو و ڕێژیمــی دیکتاتــۆری مەزهەبــی وەلــەرزە کەوتبــوو، خەزەڵوەرێــک کــە ڕێژیمــی کۆمــاری ئیســلامی بــۆ پاراســتنی مەوجوودیەتــی خــۆی ژیانــی لاوانــی ڕاپەڕیــوی بــە خــەزەڵ دەکــرد، بــەڵام بــە دڵنیاییــەوە لــەدوای هــەر خــەزەڵ وەرینێــک بەهارێــک دادێ هەتــا چــرۆی ژیــان بــە گوێــی زەمانــە داداتــەوە.
کاتژمێــر پێنــج و چارەگــی ئێــوارەی ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵــوەر، دایــک و باوکــی ئاریــان تەلەفــوون بــۆ کوڕەکەیــان دەکــەن هەتــا بزانــن لــە کوێیــە و چــی

دەکات. ئاریـان وڵامـی تەلەفوونەکـە دەداتـەوە و بـە دەنگێکـی نەرم‌ونیـان دەڵێـت ئـەوە بـەرەو مـاڵ دێمـەوە. ئـەو لـە گەڕەکـی حاجیـاوا بـوو، چووبوو سـەر لـە دووکانـی باوکـی بـدات.

دایکـی چەنـد جـاری دیکـە تەلەفوونـی بـۆ دەکات و پێـی دەڵـێ وەرەوە چاوەڕێتیـن. کاتژمێرێـک دواتـر واتـە شـەش و ٢٠ خولـەک کاتێـک پێوەنـدی پێـوە دەگرنـەوە بـەڵام ئەمجـارە تەلەفوونەکـەی کووژاوەتـەوە! کووژانەوەیـەک کـە تەمەنـی وەک تەمێـک دەگـرێ و بنەماڵـە و ناسـیاوانی دەخاتـە دۆخێکـی پـڕ لـە پەرۆشـی و دڵەڕاوکێـوە.

بنەماڵەکـەی نیگـەران دەبـن و سـۆراغی لـە دۆسـت و هاوڕێکانـی دەگـرن. بـەڵام چیرۆکـی شـەهیدکرانی ئاریانیـش چیرۆکێکـی ناخهەژێنـە. کاتێـک ئـەو دەیهـەوێ بگەڕێتـەوە بـەرەو ماڵـێ لـە ڕێـگادا تووشـی زیاتـر لـە ٥٠ کـەس لـە هێـزە بەکرێگیراوەکانـی ڕێژیـم دەبێـت کـە هـەر کامەیـان باڵوێـزی مـەرگ بـوون. ئـەوان دڕندانـە دەڕژێنـە سـەری و بـە چەقـۆ و باتـۆم لێـی دەدەن. لەشـی ناسـک و منداڵانـەی وەک پـەڕی گـوڵ لەژێـر شـەختە شەقارشـەقار دەبـێ و بـە برینـداری لـەوێ بەجێـی دەهێڵـن. یەکێـک لـە دراوسـێکان کـە ئـاگای لـەو جینایەتـە دەبـێ ئاریانـی زامـدار هەڵدەگرێتـەوە و دەیباتـەوە ماڵـێ و لـە بـەر قورسـیی برینەکانـی و ئـازاری جەسـتەی بـە سـەختی دەتوانـێ ژمـارەی خاڵـی بـدات بـەو ماڵـە تـا لـە دۆخـی خـۆی ئاگاداریـان کاتـەوە، دوای ئـەوەی خاڵـی دەگاتـێ و دەیگەیننـە نەخۆشـخانە، مخابـن بەهـۆی قورسـیی برینەکانـی هەناسـەیەک لـە لەشـیدا نەمـاوە. بەهـۆی ئـەو زەربانـەی لەسـەری درابـوو دەچێتـە کۆمـاوە و ئاریانـی هیـوادار بـە ئاسـۆی ڕوون پـاش ئـەوەی چـوار مانـگ لـە کۆمـادا دەبـێ و دایـک و باوکـی لـەو مـاوە دوورودرێـژەدا دەسـتەودۆعا لـە بـەر درگای

نەخۆشـخانە وێسـتاون، بەشـکم ئەمجـارەش بتوانـن ڕۆڵەکەیـان لـە ئامێـز بگرنـەوە؛ بـەڵام مخابـن، لـە ڕۆژی ٢٤ی ڕەشـەمەی هەمـان سـاڵدا چەنـد ڕۆژ پێـش نوێبوونـەوەی ساڵ و نـەورۆزی کـوردەواری، ئـەو نـەورۆزەی کـە بـە جێـگای شـادی و خۆشـی لـە ماڵـی ئەوانـدا بـوو بـە شـیوەن، پەیوەسـت بـە ڕیـزی سـوورخەڵاتانی نیشـتیمان و شـەهیدانی شۆڕشـی ژینـا دەبـێ و نـاوی ئاریانیـش بـۆ هەمیشـە لـە مێـژوودا دەمێنێتـەوە.
ڕاستە کە شاعیر دەڵێت؛

**«کێ ئەیزانی بەهاریش**
**شەختە و زریان ئەهێنێ**
**چاوی لێمان دادەخا و**
**چرۆکان دەوەرێنێ»**



## شەهید مەسعوود تەیمووری

سۆما ناسری

لـە بەرنامـەی سـوورخەڵاتانی ئەمجـارەدا، واتـە بەرنامـەی تایبـەت بـە شـەهیدانی شۆڕشـی ژینـا بـاس لـە یەکێـک لـە قارەمانەکانـی جوانـڕۆی لانکـی تێکۆشـەرانی دژ بـە سـتەم و بێـدادی دەکەینـەوە. جوانڕۆیـەک کـە هـەردەم دژ بـە زۆر و زۆرداران لـە سـەنگەری ئازادیـدا ئازایانـە ڕاوەسـتاوە و هیچـکات هێـز و زوڵمـی داگیرکـەر بـە چۆکـی دانەهێنـاوە. لـە مـاوەی هاتنـە سـەرکاری ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـەوە هەتـا ئێسـتا زۆر لاوی باوەڕمەنـد، شـێلگیر و نەسرەوتـووی دەڤـەری جوانـڕۆ لـە ڕیزەکانـی شۆڕشـگێڕانی کـورددا بـۆ ئـازادی جەنـگاون و لـەو ڕێگەیـەدا سـەریان کردۆتـە بەردەبـازی ڕێگـەی ڕزگاریـی نیشـتمان.

لـە شۆڕشـی ژینـا یـان بزووتنـەوەی بەرینـی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**»دا، جوانڕۆییـەکان زۆر بوێرانـە و چاونەترسـانە هاتنـە مەیـدان و ئـەم شـارەش وەک زۆر شـاری دیکـەی کوردسـتان نـاوی لەنێـو ناوانـدا بـوو و بـە یەکگرتوویـی و یەکڕیزییـان لەرزەیـان خسـتبووە دڵـی دوژمنـی داگیرکـەر و شـەقام و کۆڵانەکانـی ئـەو شـارە شـاهیدی بـۆ فیـداکاری و ئازایەتـی ژنـان و پیـاوان و کوڕوکاڵانـی دڵ پـڕ لـە گـڕی ئـازادی دەدەن. ئـەوان شـەقامەکانی شـاریان بـە دروشـمی ئـازادی و خوێنـی سـووری ڕۆڵەکانیـان ڕەنگانـد و

مــەزاری شــەهیدان بــوو بــە بەڵگــە و تابڵــۆی ئازایەتــی ئازادیخوازانــی جوانخاســانی جوانڕۆیــی.

لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێرانـدا ڕۆڵەیەکـی دیکەی گەلەکەمـان بـە نـاوی «مەسـعوود تەیمـووری» کـوڕی خاتـوو گەلاوێـژ و کاک مەحمـوود، ئازایانـە چـووە مەیـدان و سـەربەرزانە گیانـی خـۆی فیـدای گەلەکـەی کـرد. ئـەو لـە ئامێـزی بەفـراودا گـەورە بـوو و ئازایەتـی و بوێـری لـە ڕۆڵـە ئازاکانـی کـورد بـە میـرات پـێ گەیشـتبوو.

مەسـعوود تەیمـووری لـە ١ی مانگـی ڕەزبـەری سـاڵی ١٣٧٩ی هەتـاوی، لـە گونـدی «کڵاشـی نەهێنـگ» سـەر بـە شـاری جوانـڕۆ چـاوی بـە دونیـا هەڵێنـا و لـە بنەماڵەیەکـی نیشـتمانپەروەردا بـە سـۆز و مێهرەبانیـی دایـک و باوکـی گـەورە بـوو. کـە پێـی گـرت و هێدی‌هێـدی گـەورە بـوو، بـوو بـە هـاوڕێ و هاواڵـی منداڵانـی گـەڕەک و دواتـر نێردرایـە قوتابخانـە هەتـا فێـری عیلـم و زانسـت بـێ و بتوانـێ ژیانێکـی ئـارام تێپـەڕ بـکا و خزمەتێکـی زیاتـر بـە گەلەکـەی بـکا. بـەڵام هەتـا پۆلـی یەکـی ناوەنـدی دەرسـی خوێنـد و وەک زۆر لـە منداڵانـی کـورد لەبـەر بێ‌هیوایـی و بـێ ئیمکاناتـی دەسـتی لـە خوێنـدن هەڵگـرت و لـە تەمەنـی سـێزدە تـا چـواردە سـاڵیدا لـە ڕێـگای کرێـکاری و کۆڵبەرییـەوە بژیویـی ژیانـی بنەماڵەکـەی دابیـن دەکـرد.

مەسـعوود تەیمـووری لـە نێـو بنەماڵـە و هاوڕێیانیـدا بـە کەسـێکی ژیـر و قسـەخۆش و ڕووخـۆش نـاسرا بـوو و بـە هەڵسـوکەوتی جـوان و ڕووی کـراوەوە توانیبـووی جێـگای خـۆی لـە دڵـی دەوروبەرییەکانیـدا بکاتـەوە. ئـەو لـە تەمەنـی ٢٠سـاڵیدا لەگـەڵ کچـە کوردێـک بـە نـاوی دەریـا ئەمینـی ژیانـی هاوبەشـی پێکهێنـا و بەرهەمـی ئـەو ژیانـە هاوبەشـە کوڕێکـە بـە نـاوی ئەرمیـا.

ئەرمیـای لەبـەردڵان ببـووە جێگـەی دڵخۆشـیی دایـک و باوکـی و هیوایـان ئـەوە بـوو کـە بتوانـن بـە جوانـی پـەروەردەی بکـەن و دایـک و باوکـی لـەو بـارەوە زەحمەتـی زۆریـان کێشـا هەتـا منداڵەکەیـان بـە نـاز و نێعەمـەت گـەورە بکـەن، بێخەبـەر لـەوەی کـە دەسـتی ڕەشـی داگیرکـەر ئارمیـاش وەک زۆر منداڵـی دیکـەی ئـەم نیشـتمانە بـێ بـاوک دەکا و لـە بـاوەش و سـۆز و مێهرەبانیـی باوکیـان بێبەشـیان دەکا.

لـە گەرمـەی شۆڕشـی ژینـادا مەسعوود تەیمـووری وێـڕای هاوڕێکانـی بـۆ داهاتـووی گەشـی منداڵـە چاوگەشـەکانی کوردسـتان، بـۆ دەسـتەبەرکردنی ژیانێکـی ئـازاد دژ بـە داگیرکەرانـی کوردسـتان ڕاپـەڕی و هـاواری ئـازادی و ئازایەتـی بـە گوێـی کـەڕی مێـژوودا دا. لـە جوانـڕۆی هەمیشـە قارەمـان دژمـن کەوتـە بـەر ڕق و بێزاریـی گـەل و خەڵکی ئـەم ناوچەیـە ئازایەتییەکی کەموێنەیـان نوانـد و شـەقامەکانی جوانڕۆیـان کـردە سـەنگەری بەرگـری و دەسـت لـە نێـو دەسـت بەگـژ زاڵـماندا چوونـەوە.

**«ڕاپەڕیوم ڕاپەڕیوم تازە کۆڵ نادەم ئەمن**
**چەشنی شێرم بۆ نێچیرم وام لە سەر جادەم ئەمن**
**من بە باوەڕ هاتمە مەیدان قەت بە گوللەت ناکەوم**
**شێعری ئازادی دەخوێنم پڕژەخوێنم ناسرەوم**
**تۆ بە گوللە و من بە زللە وام لە مەیدانی شەڕت**
**ژن و ژیان و ئازادی نایبیسێ گوێچکەی کەڕت»**

لەگـەڵ پەرەسـەندنی خۆپێشـاندانەکان، ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، ئـەو ڕۆژەی کـە شـەقامەکانی جوانـڕۆ خوێنیـان لـێ دەچـۆڕا، ئـەو ڕۆژە تەحسـین میـری، ئیسـماعیل گوڵعەنبـەر، جەوهـەر فەتاحـی،

جەمـاڵ ئەعزەمـی شـەهید بـوون، مەسـعوود تەیمووریـش کەوتـە بـەر دەسڕێژی گولـلەی چەکدارە بەکرێگیراوەکانـی ڕێژیمـی ئاخونـدەکان و دڵە گەورەکـەی بـۆ هەمیشـە لـە لێـدان کـەوت و بەداخـەوە شـەهید بـوو.

هـەر لـە هەمـان ڕۆژدا باوکـی شـەهید مەسـعوود بـە نـاوی «مەحمـوود تەیمـووری» کـە گۆرانیبێژێکـی فۆلکلـۆری ناوچەکەیـە، بەسـەختی برینـدار بـوو و ماوەیەکـی زۆر لـە نەخۆشـخانەدا لەژێـر چاودێریـی چـڕی پزیشـکیدا مایـەوە. شـەهید مەسـعوود خـاوەن ئیـرادە و باوەڕێکـی کوردانـە بـوو و هـەر لـە ڕێگـەی کوردایەتـی و بـاوەڕی قووڵـی بـە ئـازادی، گیانـی خـۆی فیـدا کـرد و چـووە نێـو ڕیـزی شـەهیدانی سـوورخەڵاتی نیشـتمانەوە و ڕێگەکـەی بـە ڕێڕەوانـی ڕێـی ئـازادی و ڕزگاری سـپارد. شـەهید مەسـعوود لەنێـو خـەم و پـەژارەی خەڵکـی ناوچەکـەدا لـە گۆڕسـتانی حاجـی برایمـی جوانـڕۆ بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردرا.

**«لە ڕێی ئەو خاکەدا خوێنت ڕژاوە**
**گەلت شینت دەکا لەو خاک و ئاوە**
**ئەتۆ ڕۆڵەی شەهیدی نیشتمانی**
**لە سەر گۆڕت هەزاران گوڵ ڕواوە»**



# شەهید پەیمان گەڵوانی

ئیسماعیل ئیسماعیلزادە

**«باوەشینی ڕۆحی من کەن هێندە گەرمەژان بووە**
**زۆر چەلان هاوینی ناخم دوو چلەی زستان بووە»**

لەو ڕۆژەوەی خومەینی فتوای دژە کوردی دا و لە ئاسمان و زەوییەوە پەلاماری ڕۆژهەڵاتی کوردستان درا تاکوو ئێستا گەلی کورد لە ویست و مافەکانی خۆی پاشەکشەی نەکردووە و لە شار و شاخ دژ بە سەرلەبەری سیستمی دەسەڵاتی ئاخوندەکانی تاران وەستاوەتەوە.

گەلەکەمان زۆر جاران بە شەڕی پێشمەرگانە، مانگرتن و خۆپیشاندان سووربوونی خۆی بۆ ستاندنەوەی مافەکانی نیشان داوە و لەو پێناوەشدا بە خوێنی ڕۆڵەکانی و زیندان و ئاوارەیی نرخی زۆری داوە. نوێترین و سەرتۆپی خۆڕاگری و بەرەنگاریی نەتەوەکەمان شۆڕشی ژینایە کە ئەم شۆڕشە سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاند و بەشێکی ئێران و دیاسپۆڕای بۆ چەندین مانگ گرتەوە و دەسەڵاتی داگیرکاریی ئێرانی هەتا لێواری هەڵدێران برد. کاریگەرییەکانی ئەم ڕاپەڕینە ئێستاش لە سەر خەڵک و دەسەڵات هەر گەرمە. لە سەر خەڵک ئەوەیە کە هیچکات ویست و داخوازییەکانی خەڵک ناگەڕێتەوە پێش شۆڕشی ژینا

و خەڵکی کوردستانی بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکاریی حکوومەتی تاران سوورتر کردووە و ویستی خەڵکی ئێرانیشی لە ڕێفۆرم و چاکسازییەوە گەیاندۆتەوە ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.
دەسەڵاتی ئاخوندەکان باش زانیویانە کە درەنگ یان زوو لە سەر کورسیی دەسەڵات فڕێ دەدرێنە خوارەوە و دادگایی دەکرێن، بۆیە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنیان لە هیچ جینایەتێک دەست ناپارێزن و بە دڕندانەترین شێوە هەوڵ دەدەن پاشەکشە بە دەنگی «**نا بۆ کۆماری ئیسلامی**» بکەن. لەو نێوەدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر کەوتۆتە بەر ڕق و تۆڵەی دەسەڵاتی سەربازی و ڕێژیمی جینایەتکاری تاران و لە شۆڕشی ژینادا هەر وەکوو ساڵی ١٣٥٧ سپا و هێزی جۆراوجۆری سەربازیی ناردەوە کوردستان و شەقامەکانی کوردستانی بە خوێنی ئازادیخوازانی گەلەکەمان سوور کرد. دوای ئەوەی بە هەزاران کەسی بە دیل گرت و هەر وەکوو خەڵخاڵی حاکمە جەنایەتکارەکەی تاران لە کوردستان سزای زیندان و ئەشکەنجە و سێدارەی بە سەر ڕۆڵە بە دیل گیراوەکانماندا دەسەپاند.
یەکێک لەو ڕۆڵە بوێر و بەهەڵوێستانەی کوردستان کە ژیانی پێشکەشی بارەگای ئازادیی گەل و نەتەوەکەی کرد شەهید «پەیمان گەڵوانی»یە.
پەیمان کوڕی کاک سەلاح و خاتوو نەسرین لە ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، لە شاری مەهاباد لەدایک بوو. لە شاری یادگارەکانی کۆماری کوردستان کەوتە سەر پێ و گەورە بوو و چووە قوتابخانە و قۆناغەکانی خوێندنی هەتا دیپلۆم بە باشی بڕی و توانی دیپلۆمی «بەرق» وەربگرێ. پەیمان خوشک و برایەکی هەبوو بە ناوەکانی موژگان و مێهران و ئەوان ببوون بە ئاسۆی ڕوونی ژیانی

دایـک و باوکیـان.

پەیـمان هـەر لـە سـەرەتای منداڵییـەوە بـە بیـری ئـازادی و سەربەسـتی و ئەوینـی نیشـتمان فرچکـی گـرت و بیـر و زەینـی بـە ڕوحـی نیشتماندۆسـتی ئاودێـر کـرا.

ئـەو مرۆڤێکـی خـاوەن هەڵوێسـت بـوو و ئاواتـی گەلەکـەی واتـە ڕزگاری و ئازادیـی لـە دەرکردنـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کوردسـتاندا دەدیتـەوە. بـڕوا بـە ئازادیـی لـە لای پەیـمان ئەوەنـدە گـەرم و بەهێـز بـوو بۆیـە هەمیشـە پێیـوا بـوو کـە لـەو ڕێگایـەدا سـەیر نییـە کـە هەمـوو بنەماڵەیەکـی کوردسـتان لەپێنـاو دەرپەڕاندنـی داگیرکـەر شـەهیدێک پێشـکەش بـکات و شـاعیروتەنی: «**لای هەڵـۆی بەرزەفـڕی بەرزەمـژی / چـۆن بـژی شـەرتە، نـەوەک چەنـدە بـژی**».

هـەر ئـەم بـڕوا بـە ڕزگارییـە وای لـە پەیمان کـرد کـە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی ڕوو لـە هێـزی پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکـرات لـە کۆیـە بـکات و لـە سـەنگەری پارێزەرانـی نیشـتمانەوە بـۆ ماوەیـەک جلـی پیـرۆزی پێشـمەرگە لەبـەر بـکات و چەکـی شـەرەف هەڵبگـرێ، بـەڵام پاشـان بەهـۆی هێندێـک بارودۆخـی تایبـەت بـە خـۆی گەڕایـەوە مەهابـاد. ئـەو ئەگەرچـی وازی لـە تێکۆشـانی ئاشـکرای پێشـمەرگەیی هێنـا، بـەڵام پێشمەرگەئاسـا لـە شـاردا هەڵسـوکەوتی دەکـرد و بـۆ سـاتێکیش بـەدڵ لـە هاوڕێیان و هاوسـەنگەرانی دانەبـڕا و تـا دواهەناسـە ڕێبـواری ڕێـگای ئەشـق و ئـازادی بـوو.

**«نیشتمان ئەی خاک و خۆڵت**

**گلێنەی چاوانمە ...،**

**کوردستان ناوی بەڕێزت**

**هێزی ڕۆح و گیانمە**
**نیشتمان ئەی بەربەیانت**
**ڕۆشنی ئیمانمە**
**کوردستان ئێوارەکانت**
**خەڵوەتی عیرفانمە**
**کوردستان**
**قوربانی کوێستانت دڵی پڕ دەردی من**
**نیشتمان حەیرانی گەرمیانت**
**هەناسەی سەردی من»**

پەیمانی مێرخاس و دڵخۆش بە نیشتمان، بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و بوێریی ڕۆڵە ئازا و چاونەترسەکانی شاری پێشەوا زۆر دڵخۆش و گەشبین بوو و بەشداریی گەرمیی خۆپیشاندانەکانی شەقام و گەڕەکەکانی شاری پێشەوای دەکرد و پێشمەرگەئاسا لەگەڵ سەنگەرڤانانی شار بۆ تێکەوەپێچانی تەخت و بەختی داگیرکەرانی کوردستان تێدەکۆشا. ئەو سەرەڕای ئەوەی کە تازە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خاتوو «نیگار ڕەحمانی» پێکهێنابوو لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە شناسایی دەکرێ و نەیانهێشت ئەو پێکگەیشتنەیان زۆری بخایەنێ و کۆشکی ئاواتەکانیان لێ ڕووخاندن. ڕۆژی ٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٤٠٢ی هەتاوی، لە درێژەی ڕەشبگیرییەکانی کۆماری ئیسلامی پاش شۆڕشی ژینا، پەیمانی تازە زاوا، لە ماڵی خۆی لە مەهاباد دەڕفێندرێت و دەیبەنە ناوەندی ئیتلاعاتی ورمێ. لەوێ لە لایەن جەللادانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ ئەوەندە ئەشکەنجە و ئازاری دەدەن کە ئاستی وشیاریی دادەبەزێ.

ئیتلاعاتـی ورمـێ بـۆ ئـەوەی جینایەتـە ئاشـکراکانی زیاتـر نەبـێ پەیمانـی ئەشـکەنجەدراو دەنێرێتـە نەخۆشـخانەی خومەینـی کـە بەداخـەوە بەرگـە ناگـرێ و ڕۆژی ١٨ی پووشـپەڕی ١٤٠٢ی هەتـاوی، تێکـەڵ بـە کاروانـی شـەهیدانی کوردسـتان دەبێـت.

شـەهید پەیـمان ڕۆژی دواتـر لـە ژێـر چاوەدێریـی هێزەکانـی سـپای پاسـتاڕان و ئیتلاعـات لـە تەنیشـت شـەهیدانی شۆڕشـی ژینـا لـە مەهابـاد بـە خاکـی نیشـتمان سـپێردرا.

**«تۆ لە باڵای دروشما دەبینمەوە، دەتخوێنمەوە بە هێمنی:**

**بـاوەڕت هـاوار دەکا هێدیهێـدی، چرکەسـاتی ڕووخانـی زینـدان و تەختـی بێـدادی، گەشگـەش دەچـێ سـیمای زینـدووت لـە کاتێـکا چاوەکانـت وانـەی مێـژوو بـە چاوەکانمـان دەڵێنـەوە.**

**ئاسـمان شـەرەفمەندە کـە وا ڕوحـی تەسـلیمنەبووت چیرۆکـی هاوڕێیەتـی تـۆ و خـاک دەڵێتـەوە. پشـتت کـە پێدەچـێ هەمـان پشـتی نیشـتمان بـێ قامچـی دەلەرزێنـێ، تـۆ هێشـتاش هـەر زیندوویـت، لەشـتیان کـردووە بـە مەیدانـی جەنـگ لەگـەڵ وڵاتەکـەت تـا ئـەو شـینتر بێتـەوە، ڕوحـی بـەرزت شـینتر لـە کەسـکەبنارێکی ئـەم وڵاتـە بـە بەژنـی زەمەنێکـی هەتایـیدا هەڵدزنێتـەوە.**

**شـۆقی ئـەم چـرا کـزەی زەردزەرد گەرەکێتـی نێوانـی ڕۆحـی تۆ و کوردسـتان بسـڕێتەوە و خـۆی لـە تاریکیـدا حاسـێ بـووە لـە ئاسـتی شـۆقی دڵـت کـە خوێنی خـۆرە دەسـووتێ.**

**تـۆ هێمنـی و بەهێمنـی ڕەگاوڕەگ پێدەشـتی تەنیایـی ئـەم وڵاتـە لەگـەڵ ئاوەدانـی ڕێبـازت تێکـەڵ دەکەیتـەوە، بۆیـە هەنووکـە بـا و بـاران و هـەور و شـەقام و شـار و شـاخ و بـەردی ئـەم وڵاتـە بوونەتـە ماڵـی تـۆ، تـا ئـەوان**

بمێنـن تـۆش هـەر دەمێنـی».

(پارتیزان)



سوورخەڵاتان

## شەهید موتەللیب سەعیدپەیڕەو

بریت

لـە ڕوانینـی دۆخـی خـەم و مەینەتـی گەلێکـی بێنـاز و خۆشـیـنەدیو ئەتوانـی وێنـای ڕەنـج و ئـازاری تـاک بـە تاکـی ماڵبـات و تـاک و کـۆی ئـەو گەلـە ببینـی و بیهێنیتـە بەرچـاو؛ لـە ژیانـی پـڕ چەرمەسـەری و بێدەرەتانیدا زۆربـەی خێـزان و ماڵباتەکانـی گەلـی کـورد هاوشـێوەن و هـەر کام بـە شـێوازێک ئـەو مەینەتـی و ناسـۆڕانەیان کـە ئەنجامـی بێدەوڵەتـی و بێکیانیـە بـە ژیـان و گوزەرانیانـەوە دیـارە و هەسـتپێکراوە. ئەتوانین بڵێین ژیانـی زۆربـەی کـوردان هـەرکام بڕگـە و دیمەنێکـی فیلمێکـی تراژیدیـای سـامناکە، سـامناکتر لـە هـەر تراژیدییـەک؛ بـەڵام ئـەو ژان و تراژێدییانـە لـە شـعوور و هەسـتی جیهانـدا لەبـەر ئـەوەی هـی کـوردە، بێژانـە و خوێنـی کاڵ و مەرگـی نەبیـنراوە و خـەم و مەینەتێکـی هەسـتپێنەکراوە.

ژیانـی ماڵباتـی «شـەهید موتەللیـب» یەکێکـە لـەو ژیانـە پـڕ لـە ناسـۆڕانە، «موتەللیـب سـەعیدپەیڕەو» کـوڕی کاک ڕەحـمان و خاتـوو ئایشـێ، ڕۆژی ١ی جۆزەردانـی سـاڵی ١٣٦١ی هەتـاوی، لـە ناوچـەی خێڵـەڕەش و گونـدی چۆمانـی سـەر بـە شـاری بانـە چـاوی بـە دونیـا هەڵێنـا. زۆری نەبـرد موتەللیبـی زارۆکـی کـورد ئاشـنای غـەم و نارەحەتـی و ناسـۆڕ و ژان و ژیانـی پـڕ مەینەتـی بـوو، بۆنـی گـوڵ و شـکۆفە و نێرگـز و کەنێـرەو سروشـتی

جوانـی نیشـتمانی پـڕ کرابـوو لـە بۆنـی بـاڕووت و دووکـەڵ، دەنگـی مۆسـیقای مـەل و کـەو و باڵنـدەکان و جریـوەی پەڕەسـێلکەکان و خـوڕەی کانیـاو و ڕووبـاری جوانـی تێکـەڵ کرابـوو بـە دەنگـی فانتـۆم و تـۆپ و تەیـارەی ڕێژیمـی بەعـس و ئێـران.

بەڵـێ ئـەو ناوچـە و دەڤـەر و گونـدەی موتەللیـب سـنووری دەسـتکرد و دابەشـکراوی نێـوان دو دەسـەڵات و داگیـرکارە، لێـرە خـاوەن ماڵ و نیشـتمان و ئـەوەی بەشـی پـێ نەبـڕاوە و مـاف، ژیـن، خـاک و ناسـنامە و خانـە و لانـەی لەسـەری تاپـۆ نەکـراوە موتەللیـب و زارۆکەکانـی هاوشـێوەیەتی.

لـەم کات و ساتەدایە خەریکـە موتەللیـب فـام دەکاتـەوە، دەزانـێ دەنگـی تـۆپ و تەیـارەو شریخـەی فانتـۆم چییـە و هەسـت بـە مەترسـی کیمیایـی و کوشـتن و خوێـن و بریـن ئـەکات؛ خـەوی منداڵـی زڕا، خـەو و خولیـا بـوو بـە مۆتەکـەی شـەوانی و لـە گەردنـی تونـد ئەبـوون، کونەتەیـارە و ڕاکـەڕاک، ئاوارەیـی و ماڵڕمـان و کاولـکاری و هەڵاتهـەڵات بـووە کارەسـاتی دووبـارەی هـەر ڕۆژ و مانـگ و سـاڵێک.

موتەللیـب لـە پەنـای دڵسـۆزی و لەژێـر سـایە و سـێبەری بـاوک و خوشەویسـتیی دایـک لـە ژیانـی هەژارانـە و مەینەتیشـدا بووبێـت هەسـتی بـە خۆشـییەک ئەکـرد، بـەڵام قـەدەر زوو ئـەم خۆشییەشـی لێ ئەسـتاندنەوە و لـە نـازی بـاوک بێبەشـی کـردن، کاک ڕەحمانـی باوکـی لـە سـەفەرێکدا بـۆ شـار لـە تەمەنـی ٤٠سـاڵیدا بـە ڕووداوی هاتوچـۆ گیانـی لـە دەسـت دا. بـەڵام هـەر وەکـوو نەریتـی دایکانـی ڕوسـووری کوردسـتان، دایـک بـوو بـە سـایە و سـێبەر و مـام و خـزم و سـۆزی خزمـان بـوون بـە تروسـکاییەک لـە ئاسـۆی ژیانیانـدا.

موتەللیـب وێـڕای خوشـک و براکانـی گەورەبـوون، چوونـە بـەر خوێنـدن و

قوتابخانـە، بـەڵام بەهـۆی نابەرابەری و بەشـخوراوی و کاولکاریی کوردسـتان و بەتایبــەت ناوچــە ســنوورییەکان لــە ئیمکاناتــی پێویســت و بەتایبــەت نەبوونـی قوتابخانـەی ناوەنـدی و دواناوەنـدی، موتەللیـب تەنیـا توانـی تـا پۆلـی پێنجـی سـەرەتایی لـە گوندەکەیـان دەرس بخوێنێـت. موتەللیـب و خوشـک و براکانـی وێـڕای دایکیـان شـانیان دایـە بـەر ڕاپەڕاندنـی ئەرکەکانی ژیانـی دێهـات و شـوانی و مووچـە و مـەزرا، موتەللیـب بەهـۆی نەمانـی باوکـی هەسـتی بـە بەرپرسـیارەتی لـە بەرامبـەر دایـک و خوشـک و براکانیدا کـرد و تـام و چێـژی منداڵـی وەرنەگـرت.

لەگـەڵ کاروبـاری کشـتوکاڵ و ژیانـی ڕۆژانـەی لـە سـنووری ڕۆژهـەڵات و باشـوور، کار و کەسابەتی سـنوور و ئەمبەروبەرکردنـی شـتومەکی دەکـرد و وردەوردە ژیـان و گوزەرانیـان بـەرەو باشـی چـوو بـوو.

موتەللیـب سـاڵی ١٣٨٤ی هەتـاوی لەگـەڵ خاتـوو چیمـەن ژیانـی هاوبەشـی پێکهێنـا و بەرهەمـی ژیانیـان دو منـاڵ بـوون بـە ناوەکانـی نێچیـروان و بێریـوان.

موتەللیـب بـۆ ئـەوەی منداڵەکانـی وەک خـۆی لـە خوێنـدن بێبـەش نەبـن و بتوانـن بـە باشـی پلەکانـی خوێنـدن ببـڕن و حـەزی ئەکـرد منداڵەکانـی لـە دۆخێکـی باشـتر و ئارامـتردا گـەورە بـکات و لـە مەترسـی سـنوورکان دوریـان بخاتـەوە، بۆیـە لـە شـاری بانـە هەمـوو ئیمکاناتـی بـۆ دابیـن کردبـوون و بـە ئەرکـی باوکانـەی خـۆی ئەزانـی نەهێڵـێ منداڵەکانـی لـە فێربوونـی عیلـم و زانسـت دابـبڕێـن و هەمـوو هەوڵـی ئەوە بوو کەشـێکی ئارامیان بۆ مسـۆگەر بـکات، بـەڵام مەخابـن ڕێژیمـی کوردکـوژ و سـەرەڕۆی کۆمـاری ئیسـلامیی مەگـەر دەهێڵـێ خەڵـک ژیانێکـی ئاسـوودە و بێ‌کێشـەیان هەبێـت؟! بـۆ جیاوازییـەک هەیـە لـە بەینـی شـار و دێهاتـدا بـۆ کوشـتنی گەلـی کـورد؟ لـە

ڕەوتـی بزووتنـەوەی «ژن، ژیـان، ئـازادی»دا کـە شـەپۆلی ناڕەزایەتییـەکان لـە شۆڕشـی ژینـادا تەقییـەوە و هەمـوو شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتانی گرتـەوە و تـاج و تەختـی دەسـەڵاتدارانی ڕێژیـم کەوتـە لەرزیـن؛ ڕێژیـم لـە تـەواوی شـار و شـەقام و کۆڵانـەکان بەربـووە گیانـی خۆپیشـاندەران و بـۆ چاوترسـاندنی خەڵـک لـە هیـچ کارێکـی نـاڕەوای وەک کوشـتن و بڕیـن، زیندانـی کـردن و ئەشـکەنجە دەسـتی نەدەپاراسـت، وەکـوو لـە گرتـە ڤیدیۆکانـدا دەردەکەوێـت موتەللیـب بـۆ کڕینـی پێداویسـتیی ماڵـەوە هەتـا سـەر کۆڵانـی ماڵەکەیـان ئەچێـت کـە لەنـاکاو دڕنـدە و پوسـتاڵ لەپـێ و خوێنخۆرەکانـی سـەر بـە ولایەتـی فەقیهــ وەکـوو گورگـی هـار و برسـی دڕندەتـر لـە هـەر جانەوەرێـک ئەکەونـە گیانـی موتەللیـب و زۆر بێبەزییانـە شـەهیدی ئەکـەن.


**«فیشەک ڕێ لە سەرهەڵدانی گوڵان ناگرێ**
**کام فیشەک توانی کوێر کاتەوە سەرچاوەی کانی؟**
**فیشەک ڕیشەی درەختی بۆ ناپێکرێ**
**کام فیشەک چیای لەبن هێنا!!؟**
**کوا فیشەک شکۆی ئاسمانی بەسامی ئەم وڵاتەی بۆ دەشکێ؟!**
**من موتەللیبم**
**بـە سـەر ئاڕبابـاوە وەسـتاوم، سـەیری شکسـتی ئێـوە دەکـەم لەکاتێـکا مـن لـە چـاوی ئێـوەدا لەمـەرگا حاسـێم و کەچـی سـەد هێنـدەی ئێـوە زینـدووم !**
**مــن موتەللیبــم ئەندامێکــی ئــەم کاراوانــە درێــژەی شــەهیدان، هەتــا سـوورتر بـن لـە سـەر کوشـتنم، سـووری ئـاڵام توندتـر دەبـێ، هەتـا ڕقتـان**

**ئەستوورتر بکێشن بە باوەڕمدا، قووڵتر دەبێ ڕقی تۆڵەم ئێوە ڕەزیلن بە چەشنی فیشەکی مردووی نێو جەستەی من، ئێوە سەراپا بۆنی کۆتایی دەدەن بە چەشنی دوا خولەکی شەو؛ بەهەر شوێنێکدا بڕۆن ڕێگاکان ونتان دەکەن، لەهەر شوێنێک بگیرسێنەوە سێبەرەکان خۆیان دەرناخەن من تاکە ڕێبواری ئەم ڕێیە نیم، تا دوا کەسمان بکوژن، تا دوا دڵۆپێ خوێن، تا مەرگی دواهەناسە، تا شکانی دوا ئێسقانەکان، ئێمە هەر دەمێنین و ڕێبواری ئەم ڕێیەین وا دەگاتەوە خۆر، ئێمە شکێنەری ئەم سەخڵەتەین، تا کوشتنی کۆتا هاوارمان ئێمە بۆ ئازادی دەخوێنین».**

(پارتیزان)

لەگەڵ شەهیدکردنی موتەللیب گوشار و ئازار و هەڕەشە و مەرج ستاندن ئەخەنە سەر بنەماڵەی شەهید موتەللیب و ڕێگە نادەن لە شاری بانە بە خاک بسپێردرێت و هەر هەمان شەو لە ترسی نارەزایەتیی دەربڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، هۆشداریان پێ دەدەن دەبێ لە گوندی چۆمان بە خاکی بسپێرن و تەرمی شەهید موتەللیب لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی شاری بانە و گوندی چۆمان و ناوچەی خێڵەڕەش بە ئامێزی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا و خەڵکی بەئەمەگ سەرەڕای گوشاری زۆری هێزەکانی ڕێژیم و هەڕەشەی بەکرێگیراوانی خامنەیی بنەماڵەی شەهیدیان بە تەنیا بەجێ نەهێشت.

**«پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین، نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین».**



## شەهید عیرفان کاکایی

سۆما ناسری

لە هەر خەباتێکی مافخوازانە و ڕزگاریخوازانەدا بەشێک لە خەڵک بەوپەڕی هێز و تواناوە سەنگەری بەرەنگاری و ئازادی هەڵدەبژێرن و لەو ڕێگەیەدا زیندان و ئەشکەنجە و سەختییەکانی ژیان قەبووڵ دەکەن و ئامادەی گیانبازی و گیانبەخشینن. لە خەباتی مافخوازانەی گەلی کوردیشدا زۆرن ئەوانەی دڵیان بۆ ئازادی لێدەدا و وەک شەهید عیرفان کاکایی بەپیر مەرگەوە دەچن بۆ ئەوەی گەلەکەیان ڕزگار بێ و نەوەکان و نەسڵەکانی داهاتوو بە خۆشی و شادی و دوور لە شەڕ و کارەسات وماڵوێرانی بژین.

لە شۆڕشی ژینادا لەو نموونانە زۆرن کە ئازایانە هاتنە مەیدان و بوێرانە گیانی خۆیان فیدا کرد. یەکێکی دیکە لەو گیانفیدایانە شەهید مامۆستا عیرفان کاکایی بوو کە بە باوەڕی قووڵی کوردانەوە هەستی بە ئازارەکانی گەلەکەی کردبوو و لەو ڕێگەیەدا سادقانە هاتە مەیدان و بە خوێنی خۆی نیشانی دا کە ئازادی خوێنی دەوێ و «**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەر ناگرێ، سەربەخۆیی بێ فیداکاری تا ئەبەد سەر ناگرێ**».

ئەمجارەشیان دیسان لە جوانڕۆی شاری گیانبازی و فیداکارییەوە، شاری

گـڕ و خوێـن و قارەمانەتیـی گەلـی کـوردەوە مامۆسـتایەکی قوتابخانـە لـە خۆپیشـاندانەکانی شۆڕشـی ژینـادا سـەری خـۆی کـردە بەردەبـازی ڕێگـەی ڕزگاریـی گەلەکـەی و بـە خوێنـی خـۆی سـەلماندی کـە کـورد هەرگیـز سـەر بـۆ دژمـن نـەوی نـاکا و هـەردەم بەگـژ زوڵـم و زۆر و چەوسـانەوە و چەوسـێنەردا دەچێتـەوە و هەتـا وەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی کـۆڵ نـادا و نـاسرەوێ.

عیرفـان کاکایـی کـوڕی حاجـی محەممـەد و دایـە سـاحیبە نـەزەری، لـە یەکـەم ڕۆژی هاوینـی سـاڵی ١٣٥٠ی هەتـاوی، لـە شـاری جوانـڕۆ، چـاوی بـە دونیـا هەڵێنـا و هـەر لـەو شـارە و لـە شـەقامی سـەعدی گـەورە بـوو و نێردرایـە قوتابخانـە و قۆناغەکانـی خوێندنـی بـە سـەرکەوتوویی بـڕی و کارناسـی بـاڵای لـە ڕشـتەی «تربیـت بدنـی»، لـە زانکـۆی سـنە و دوکتـورای لـە شـاری ڕەشـت وەرگـرت و بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ مامۆسـتای وەرزش بـووە و چەنـد سـاڵێکیش بەڕێوەبـەری قوتابخانەیـەک لـە شـاری ڕوانسـەر بـوو، ئـەو لـە هەمـان کاتـدا وەرزشـوانێکی بەتوانـا و مامۆسـتایەکی دڵسـۆزیش بـوو.

مامۆستا عیرفـان بەهـۆی ئەوەی مامۆسـتای قوتابخانـە بـوو و تێکەڵاوییەکی زۆری لەگـەڵ خەڵـک و بـە تایبەت منداڵان هەبـوو، لەبەرامبـەر پەروەرکردن و پێگەیاندنـی منداڵانـی کـورد، خـۆی بـە بەرپرسـیار دەزانـی و هەمیشـە بەوپـەڕی دڵسـۆزییەوە لـە خزمـەت پێگەیاندنیـان دابـوو و هیچـکات لـە ئامـۆژگاری کردنیـان غافـڵ نەدەبـوو و بـەردەوام هەوڵـی دەدا تێیـان بگەیەنـێ کـە خوێنـدن دەرمانـی دەردی کـوردە و شـاعیرگوتەنی: «**دەرمانـی دەردی ئێمـە خوێندنـە، ڕەوشـتی پـاک و خزمـەت کردنـە**».

شـەهید عیرفـان ماوەیـەک پێـش شـەهیدبوونی خانەنشـین کرابـوو و بـە

تەمای حەسانەوە و ژیانێکی هێمن و ئارام بوو بۆ خۆی و هاوژینەکەی و جگەرگۆشەکانی دانیال و دانیەی کچی، کە مخابن بەو ئاواتەی نەگەیشت و ڕێژیمی ئاخوندی منداڵەکانی ئەویشی وەک هەزاران منداڵی ئەم نیشتمانە لە نازی باوک بێبەش کرد.

مامۆستا عیرفانی دڵسۆز و خەڵکخۆشەویست، باش ماهییەت و ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمە دژەکوردەی بۆ دەرکەوتبوو، ئەو کاتەی برایەکی بە ناوی محەممەدعەلی کە تەمەنی تەنیا ٨ ساڵ بوو لە بەر دەرکەی ماڵەکەیان لەلایەن هێزەکانی خومەینی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە ساڵی ١٣٥٨ دەکەوێتە بەر دەسڕێژی گوللە و شەهید دەبێ و، هەروەها ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، ئەو کاتەی کە عیرفان تەنیا ١٧ ساڵی تەمەن بوو خاڵی بە دەستی جەللادانی کۆماری ئیسلامی لەسێدارە درابوو، زۆر بە باشی وەحشیگەری و دڕندەیی ئەو ڕێژیمە و پەراوێزخرانی کوردستان و ناوەندگەرێتی دەسەڵاتدارانی تارانی بۆ دەرکەوتبوو و، باش دەیزانی حکوومەتی نگریسی ئاخوندی، دەبێ تاج و تەختی برمێ و نەمێنێ؛ بۆیە هەمیشە بە چاوی پڕ لە هیواوە دەیڕوانییە دواڕۆژی نیشتمان و ئاواتی ئازادی و سەربەستیی خاک و نەتەوەکەی بوو، نیشتمانێک بەدوور لە هەرچەشنە ستەم و زۆری و هەڵاواردنێک کە تێیدا گەلان ئازاد و سەربەست بژین، هەر لە ڕێگای ئەم ئاواتە پیرۆزەشیدا گیانی ئازیزی بە نیشتمان بەخشی.

**«وایانزانی ئەمجارە کۆتایی دێنن بە گەلی کورد و لێمان دەسڕنەوە مێژوو، نەیانزانی ئاگردانە ئەم خاکە، هەر لاوە دەبێتە سووتمانی خەبات و مەشخەڵێک بۆ داهاتوو».**

ئـەوان نەیاندەزانـی دڵدارەکانـی کوردسـتان بـە خوێنـی سـووریان خۆشەویسـتیی خۆیـان بـۆ خـاک و نیشـتمان دەسـەلمێنن.


ئێـوارەی ٢٩ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، هەڵوێسـتی بوێرانـەی خەڵکـی ڕاسـاو لـە دیکتاتـۆڕ و وەزاڵەهاتـووی شـاری جوانـڕۆ، کـە مێژوویەکـی بێوێنەیـان لـە شـۆڕشـی ژینـادا بـۆ خۆیـان و گەلـی کـورد تۆمـار کـرد، ئـەو ئێوارەیـە کـە خۆپیشـاندانەکان گەیشـتبووە لووتکـە و خەڵـک بڕیـاری یەکلاکەرەوەیـان بـەدژی ڕێژیـم دابـوو، لـە گەڕەکـی شـاوێردی ئـەو شـارەش، بڵێسـەی خۆپیشـاندان سـەری هەڵدابـۆوە و شـەهید عیرفانیـش بـە ئەرکـی سەرشـانی دەزانـی بێدەنـگ نەبـێ و دەنـگ هەڵبـڕێ و بەشـداریی لـە ڕامالێنـی داگیرکەرانـی کوردسـتاندا بـکات، لەگەرمـەی خۆپیشـاندانەکاندا دەبـن زۆری پێناچـێ هێـزە سـەرکوتگەرەکانی ڕێژیـم دەکەونـە خـۆ و لـە هەمـوو لایەکـەوە هەڵدەکوتنـە سـەر خۆپیێشـاندەران و بـە تەقـەی ڕاسـتەوخۆ خەڵـک دەکەنـە ئامانـج و لەمـەودای نزیکـەوە مامۆسـتا دڵسـۆزەکەی نیشـتمان دەپێکـرێ و تێکـەڵ بـە کاروانـی شـەهیدانی ڕاپەڕیـن دەبـێ.

**«هــەر دەژیـم و سەربڵیندم تاکــوو ڕۆژی مردنم**
**من بەپێوە گیان ئەدەم قەت ناکـەوم بۆ دوژمنم**
**من لە سەر بستووی ژیانا کـــۆنەدارم، نانـــەوم**
**من قەڵای ئەرکم بە تۆپی ڕووس و عـوسمان ناکەوم**
**گەر بە خوێنی جەرگی خۆم سووری بکەم من دیمەنم**
**ملکەچت نابم دەبــێ بمــری بە مەرگت پێکەنم**
**گـــەر تەواوی تانوپۆی ژینم لە بەر یەک هەڵبڕی**

**جەرگی خۆم و لاوەکانم هەروەکوو گورگ هەڵدڕی**
**گەر مناڵ و دایـک و بابم تـــۆ بخـــەیتە ناو کڵت**
**شەرتــە ئاخێکیش نــەکێشم داخ بنێمــە سەر دڵت**
**من دەگەڵ تۆ دوژمنی کورد هەر سەری جەنگم هەیە**
**تاکوو سەرکەوتن بە شەڕ دێم قەسد و ئاهەنگم هەیە»...**

(سووتاو)

ئـەو شـەوە تـا بەیانـی بنەماڵـە و خـزم و کەسـوکاری و خەڵکـی جوانـڕۆ بـە دیـار تەرمـی شـەهید عیرفـان مامۆسـتا خاکـی و خەڵکییەکەی شـارەکەیانەوە دادەنیشــن و بەیانــی لەنێــو ئاپــۆڕای خەڵکــی ئازادیخــواز لــە گۆڕســتانی «حاجـی برایـم» بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتانی دەسـپێرن.
هــەر ئـەو ڕۆژە بەهادیـن وەیسـی، تەمـەن ١٦ سـاڵیش لـە شـاری جوانـڕۆ شـەهید دەبـێ و دەچێتـە ڕیـزی سـوورخەڵاتانی شۆڕشـی ژینـاوە و ڕێـڕەوی خەبـات و بەرخۆدانیـان بـە هاوڕێیانـی شـەقام سـپارد.



# شەهید ئیسماعیل دزوار

جەماڵ ڕەسووڵی

جوانترین وەرزی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»، ئەو کاتانە بوو کە داهێنەرانی ئەو حەماسە گەورەیە بە ئیرادە و باوەڕی خۆیانەوە ڕەمزی هەرمان و بوونیان بۆ ئێمە بەجێ هێشت. سڵاو لە گیانی پاکی ئەو کەسانە کە بە بەختکردنی گیانیان بوونە هێمای هەرمان و سەربەشقەی فیداکاری و لەخوبوردوویی.

ئیسماعیل دزوار بە مەرگی خۆی مانای ژیانێکی سەرفرازانەی بۆ ئێمە بەجێ هێشت کە مرۆڤی ئازادیخواز لە شەڕدا شەهید نابێ، بەڵکوو لە ڕەوتی خەباتدا پەیوەست بە کاروانی شەهیدان دەبێ. ئەو پەیامێکی بە لاوان دا کە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیاندا بنووسن «**ئێمە نەهاتووین تەسلیم بین و بمرین**».

ڕۆژێک پێش هاتنی وەرزی پاییز کە خۆر بەرەبەرە تین و تاوی لە کزی دەدا، کزەی بای پاییزی هەڵدەزنێ و تەزووی ساردی بەسەر دار و دارستاندا دەکشێ، ڕێک لەو ڕۆژەدا واتە لە ڕێکەوتی ٣٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، منداڵێک لە داوێنی دایکێک بە ناوی کوبرا ڕەزایی لەدایک دەبێ. لە ئامێزی گەرم و خۆشەویستیی دایکیدا پەروەردە دەبێ و بەرەبەرە لەگەڵ دوو خوشک و سێ براکەی دەبێتە

هەڤاڵـی گیانـی بـە گیانـی و پێکـەوە گەشـە دەکـەن.
کاک ئیبراهیـم باوکـی ئـەو منداڵـە، نـاوی ئیسـماعیل لـە منداڵەکـەی دەنـێ. ئیسـماعیل لـە گونـدی قـەرە (تـازاوا) لـە ناوچـەی سـەفاخانەی سـەقز پـێ دەگرێـت و هێشـتا تەمەنـی سـێ سـاڵان دەبـێ و تێـر کایـەی منداڵـی نەبـووە کـە هاوتەمەنەکانـی لـە کووچـە و کۆڵانـە خۆڵاوییەکانـی کوردسـتان بەجـێ دێڵێـت. بنەماڵەکـەی بەهـۆی نەبوونـی هەلـی کار بـەرەو تـاران کۆچ دەکـەن و لـە شـارێکی غەریبایەتیـدا مـل وەبـەر کارکـردن دەدەن. حـەوت سـاڵ دواتـر چارەنووسـێکی ناخهەژێـن تووشـی بنەماڵەکـەی دەبـێ. چونکـە ئیسـماعیل لـە تەمەنـی ١٠ سـاڵیدا دەبـێ کـە دایکـی بەهـۆی برقگرتنـەوە گیانـی لەدەسـت دەدا و ئیـدی بـۆ هەمیشـە لـە نـاز و باوەشـی گەرمـی دایـک بێبـەش دەبێـت. ئیـتر لـەو کاتـەوە ئیسـماعیلی تەمـەن ١٠ سـاڵ لەگـەڵ باقـی خوشـک و براکانـی لـە بوونـی نێعمەتـی دایـک بێبـەش دەبـن و کاریگەریـی ناخۆشـی ئـەو کارەسـاتە دڵتەزێنـە بـۆ هەمیشـە لەسـەر بنەماڵەکـەی دەمێنێتـەوە.
ئـەو هەتـا پۆلـی نۆهـەم دەرس دەخوێنـێ و هـاوکات لەگـەڵ خوێندنیـش ئەگەرچـی کەمتەمەنـە بـەڵام کاریـش دەکات و خـۆی تەسـلیمی چارەنـووس نـاکات. بەهـۆی لێهاتوویـی ڕوو لـە وەرزش دەکات و لـە تۆپیپێـدا کارامەیی خـۆی نیشـان دەدات. ئیسـماعیل لـە «یانـەی تۆپیپێـی ئیسـتقلال»دا، دەبێتـە ئەنـدام و وەک یاریزانێکـی بـاش خـۆی دەردەخـات.
ئیسـماعیلی مێرمنـداڵ بەهـۆی باردۆخـی نالەبـاری ژیـان بـەو ئاکامـە دەگات کـە ناتوانێـت لـەوە زیاتـر درێـژە بـە خوێنـدن بـدات و ئاواتـی خوێندنـی وەک زۆربـەی ئاواتەکانـی دیکـە لێـی دەبـێ بـە بیـرەوەری. ئـەو کـە دەسـت لـە خوێنـدن هەڵدەگـرێ، ڕوو لـە کاری ئارماتۆڕبەنـدی دەکات و لەشـی

ناسـکی دەخاتـە ژێـر کاریگەرێکـی سـەخت کـە لەگـەڵ ژیـان و بیـری ئـەو پێکناکۆکـە، بـەڵام زۆر جـار لەگـەڵ بێدەرەتانـی و ناچاریـی سـووڕی ژیـان هیـچ ناکـرێ. بـەو حاڵـەش، ناوبـراو هێنـدە باوەڕبەخـۆ و لێبـڕاو بـوو کـە دوای ماوەیـەک توانـی وەک وەسـتایەکی لێهاتـوو و شـارەزا لـە کارەکەیـدا ناوبانـگ دەربـکات و لـە شـارەکانی دیکـە وەک چاودێـری ئـەو بـوارە کار بـکات.

سـاڵی ١٣٩٣ی هەتـاوی ئیسـماعیلی لاو دەگەڕێتـەوە شـاری سـەقز و لـەوێ درێـژە بـە کارەکـەی دەدا. سـاڵێک دواتـر واتـە لـە سـاڵی ١٣٩٤ی هەتـاوی بڕیـاری پێکهێنانـی ژیانـی هاوبـەش دەدات و لەگـەڵ کیژێکـی شـارەکەی خـۆی بـە نـاوی نازیـلا حوسـێنزادە ژیـان پێـک دێنێت. بەرهەمـی ئەوینیان کوڕێـک دەبـێ نـاوی «دیـار»ی لـێ دەنێـن. ئـەو هەمـوو هـەوڵ و تەقەلـلای ژیانـی ئـەوە دەبێـت کـە هەتـا دەتوانـێ ژیانێکـی خـۆش و ئاسـوودە بـۆ منـداڵ و خێزانەکـەی دابیـن بـکات. هەمیشـە باسـی لـەوە دەکـرد کـە لەبـەر ئەوەیکـە ئـەو تامـی لـە منداڵـی نەچێشـتووە، دەیهـەوێ دیـاری کـوڕی لـە ڕۆژهەڵاتـی نیشـتمان خـۆش بژیـت و داهاتوویەکـی گـەش و باشـی هەبێـت.

سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، کاتێـک شۆڕشـی ژینـا لـە کوردسـتان دەسـت پێـدەکات و لـە سـەقز خەڵـک دەڕژێنـە سـەر شـەقامەکان، ئێـوارەی ١٧ی ڕەزبـەری هەمـان سـاڵ کاتێـک لـە شـەقامی سیلۆ و لـە سـێڕای شـارەکی فەرهەنگیانـی ئـەو شـارە خەڵـک ڕژابـووە سـەر شـەقام و بـە یەکگرتوویـی و یەکدەنگـی بناغـەی ڕێژیمـی ویلایەتـی فەقیهیـان وەلـەرزە خسـتبوو؛ ئیسـماعیل کـە دەبینـێ خەڵـک بـە چ ئیـرادە و هێزێـک بەرهەڵسـتی هێـزە ئەهریمەنەکانـی ڕێژیمـی ئاخونـدی دەبنـەوە، ئەویـش چاونەترسـانە بـە

ماشـێن خـۆ بـە نـاو هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیمـدا دەکا. لـە ئاکامـی ئـەو بەرهەڵسـتی و لەخۆبوردووییـەدا سـێ کـەس لـە هێزەکانـی ئیتلاعـات برینـدار دەبـن و هێـزە جینایەتکارەکانـی دیکـەی ڕێژیـم بـە هەمـوو هێـز و توانـاوە هێـرش دەکەنـە سـەر ماشـێنەکەی و ناوبـراو دەسبەسـەر دەکـەن. هـەر لـەوێ لەپێـش چـاوی خەڵـک ئەوەنـدەی بۆیـان دەکـرێ ئەشـکەنجەی دەدەن و دواتـر دەیڕفێنـن و دەیبەنـە ئیتلاعاتـی شـاری سـەقز.

ئیسـماعیلی بوێـر و ئـازا لـە ئیـدارەی ئیتلاعـات بـە شـێوەیەکی هۆڤانـە ئەشـکەنجە دەدرێـت و قەفەسـەی سـینگی بەتونـدی زەربـەی بـەر دەکەوێ و هـەر لـەوێ شـەهید دەبـێ.

### تۆڵەی شەهید

**«من هەر ئەو خۆرە گەشەی نێو قەدی کەسک و سوورم**
**من سروودی گەلم و ناخیی دڵی جمهوورم**
**عەهد و پەیمانی من و گەل بێ هەتاکوو ماوم**
**پشت بە تۆڵەی شەهیدانی گەلی خۆ ئەستوورم**
**هۆ گوڵی سووری شەهید هەستە لە خاک و ڕابە**
**با کراسێک لە ژیان بۆ قەد و باڵات دوورم**
**تا کوڕە کوردێ هەبێ کیژێ لەشانی وەستێ**
**بەرگی زێڕینتر ئەبێ لاپەڕی مێژووی دوورم**
**بڕۆ هەی خائینی گەل بیرێ لە حاڵی خۆکە**
**ڕۆژی تۆڵەم کە بگا ئەستەمە گەر بتبوورم»**

تەرمەکـەی شـەهید ئیسـماعیل بـە مردوویـی دەگوازنـەوە نەخۆشـخانەی شـەفای سـەقز و لـەوێ کارمەندانـی نەخۆشـخانە لـە ژێـر گوشـاری هێـزە ئەمنییەتیەکانـدا دەڵێـن بـە ڕووداوی هاتوچـۆ گیانـی لەدەسـت داوە و بەمشـێوەیە ئـەو جینایەتـەش وەک زۆربـەی جینایەتەکانـی دیکـەی هێـزە داگیرکەرەکانـی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامی هەوڵـی سەرپۆشـکردنی دەدرێ. پـاش ئـەوەی بنەماڵەکـەی لـە شـەهیدبوونی ئیسـماعیل ئـاگادار دەبنـەوە، دەچنــە نەخۆشــخانە و هێزەکانــی ڕێژیــم و فەرمانــداری ســەقز زۆر بێشـەرمانە بـە بنەماڵەکـەی دەڵێـن کوڕەکەتانمـان کوشـتووە و چیتـان دەوێ پێتـان دەدەیـن.

بنەماڵـەی شـەهید ئیسـماعیلیش لەوپـەڕی بوێریـدا ئـەو داوایـەی کاربەدەسـتانی ڕێژیـم ڕەت دەکەنـەوە و تەرمـی کوڕەکەیـان لەژێـر گوشـاری هێزەکانـی ڕێژیمـدا و لـە کەشـێکی تـەواو ئەمنییەتیـدا، کاتژمێـر ٣ی بەرەبەیانـی ١٨ی ڕەزبـەری ١٤٠١ی هەتـاوی، بـە بەشـداریی بنەماڵەکـەی و چەنـد کەسـی نزیـک لـە خۆیـان لـە گۆڕسـتانی ئایچیـی سـەقز لـە پەنـا شـەهیدانی دیکـەی شۆڕشـی ژینـا بـە خاکـی پیـرۆزی کوردسـتان دەسـپێرن. کاتێـک ئـەو شـەهید دەبێـت «دیـار»ی کـوڕی تەنیـا چـوار مانگـی دەبێـت و جگەرگۆشـەکەی بـۆ هەمیشـە بەجـێ دێڵێـت. ئاوایـە کـە عەبدوڵـڵا پەشـێو وتەنـی: «**دوژمنـان ناهێڵـن ئـازادی بـاڵا بـکات بـەڵام لەبیریـان نییـە ئـازادی ڕیشـەی لـە کوردسـتان داکوتـاوە و لـە کوردسـتانەوە تێدەپەڕێـت**».

سوورخەڵاتان



# شەهید بورهان کەرەمی

سۆما ناسری

شۆڕشی ژینا یان بزووتنەوەی «**ژن، ژیان، ئازادی**»، لە ناخی شعوور و ئاگایی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەوە سەری هەڵدا و لە ڕاستیدا تەقینەوەی بورکانێکی پەنگخواردوو لە هەناوی ڕقێکی پیرۆز دژبە ڕێژیمی پەت و سێدارە بوو.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم ڕاپەڕینە بۆ جارێکی دیکەش وەبیر دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و خۆسەپێنیان هێنایەوە کە لە ئاست زوڵم و ستەم بێدەنگ نابن و چاونەترسانە و ئیرادەبەرزانە خاوەندارەتییان لە خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ژینا ئەمینی کچە کوردی سەقزی کرد، ئەو کیژە کوردەی بە بیانووی دیاربوونی چەند تاڵێکی پرچی لەلایەن پۆلیسی بەناو ڕەوشتەوە لە تاران دەسبەسەر و بەهۆی ئازار و ئەشکەنجە و ئەو زەبرانەی لە سەری درابوو، لە پێتەختی ئێران شەهید کرا. شێرکۆ بێکەس گوتەنی: «**تاران بەدەم کەسەوە پێناکەنێ، بەدەم مەرگەوە نەبێ**».

خەڵکی کوردستان کە لە مێژ بوو چاوەڕوانی هەل و دەرفەتێک بوون کە جارێکیتر ڕق و بێزاریی خۆیان لە خامنەیی و دەسەڵاتە نگریس و سەرەڕۆکەی دەربڕن، بۆیە لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی سەردەمیانەی ژینا،

بـە دەسـەڵاتدارانی تـاران و ویلایەتـی فەقیهیـان نیشـاندا کـە زیاتـر لـە چوار دەیـە دژی تەواوییەتـی ئـەو ڕێژیمـەن و بـە پیـر و لاو و گەنـج و منداڵـەوە بـە یەکیەتیـی و یەکگرتوویـی، بـۆ سـەرکەوتنی شۆڕشـەکە هەوڵیـان دەدا.

«بورهـان کەرەمـی» کـوڕە ئـازا و بەجەرگەکـەی کامیـاران، ئـەو کەسـەی ڕۆڵـی لیدێـری خۆپیشـاندان و ڕێکخسـتنەکانی شـەقامی لەئەسـتۆ بـوو و بەهـۆی ئـەوەی لـە بنەماڵەیەکـی گەلدۆسـت و نیشـتمانپەروەردا پـەروەردە ببـوو و زیاتـر هەسـتی بـە هـەڵاواردن و چەوسانەوەی نەتەوەکـەی کردبـوو بۆیـە هەمـوو هەوڵـی ئـەوە بـوو سیاسـەتەکانی ڕێژیـم بـۆ گەنـج و لاوان ڕوون بکاتــەوە و لــە کۆتاییــدا دەیکــوت: «**ئێمــە دەبــێ تــا ســەرکەوتن بـەردەوام بیـن**».

بورهــان کەرەمــی کــوڕی خاڵــۆ مەحمــوود و دایــە ئامینــە، ڕۆژی ٦ی خەزەڵـوەری ١٣٦٩ی هەتـاوی، لـە ئاوایـی چرۆسـانەی ناوچـەی بێڵـەواری کامیـاران، لـە دایـک بـوو و هـەر لـەوێ پێـی گـرت و نێردرایـە بـەر خوێنـدن، بورهـان تـا پۆلـی دە دەرسـی خوێنـد و دواتـر بـۆ دابینکردنـی بژێـوی ژیانـی بنەماڵەکـەی لـە شـاری کامیـاران بـە کاری گەچکارییـەوە سـەرقاڵ بـوو.

بورهـان مـاوەی شـەش سـاڵ بـوو ژیانـی هاوبەشـی پێکهێنابـوو و بەرهەمـی ژیانیـان کچێکـی خنجیلانـە بـوو بـە نـاوی «باریـن». بارینـی بیچکۆلانـە کـە تەنیـا پێنـج سـاڵی تەمەنـە و جلکـی کـوردی لەبـەر دایـە و دروشـمی مـەرگ و نەمـان بـۆ دیکتاتـۆر دەڵێتـەوە و نەفـرەت و بێزاریـی خـۆی لـە بکوژانـی باوکـی دەردەبـڕێ؛ باریـن ئێسـتا بەتـەواوی هەسـتی بـەو بۆشـایی و ئـازارە نەکـردووە کـە هێـزە جەنایەتـکار و تاریکپەرسـتەکانی ڕێژیـم، بـە سـەر ژیانیـان هێنـاوە و ئەویشـیان وەک هـەزاران منداڵـی دیکـەی ئـەم نیشـتمانە

لـە نـاز و ئامێـزی گـەرم و پـڕ لـە مێهـر و خۆشەویسـتیی بـاوک بێبـەش کـردووە و لەمەوبـەدوا دەبـێ بەجێـی ئامێـزی گەرمـی باوکانـە، کێلێکـی سـارد و سـڕ لـە ئامێـز بگـرێ.
بورهـان، کوڕێکـی نیشـتمانپەروەر، خاکـی و خەڵکـی بـوو و وەک هەمـوو کوردێکـی دڵسـۆز هەسـتی بـە ئـازاری نەتەوەکـەی دەکـرد و هەوڵـی دەدا چـی لـە دەسـت بـێ بـۆ ئـازادی و سەربەسـتیی کوردسـتان و دوارۆژی منداڵانـی نیشـتمان بیـکات و لـەو ڕێگایـەوە لـە هیـچ هەوڵێـک درێغـی نەدەکـرد.
کاتێـک شۆڕشـی ژینـا، لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان سـەری هەڵـدا و بـە دروشـمی «**ژن، ژیـان، ئـازادی**»، هەمـوو کوردسـتان و بەشـێکی زۆری شـارەکانی ئێرانیشـی بـۆ لەناوبردنـی داگیرکـەر هێنایـە سەرشـەقام و ژنـان بـوون بـە داینەمـۆی شۆڕشـەکە، بورهانـی شۆڕشـگێڕ و چاونەتـرس بـە هـەوڵ و هیممەتـی خـۆی و هاوڕێکانـی لـە دژایەتیـی ڕێژیمـی دیکتاتـۆر و بـۆ پشـتیوانی لـە شـارەکانی‌تری کوردسـتان، شـاری کامیارانیـان کردبـوو بـە پارچەیـەک ئاگـر و ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـوو لـە ڕێخکسـتن و ڕێبەریکردنـی خۆپیشـاندەرانی لـە دوژمـن وەزاڵەهاتـووی ئـەم شـارە.
ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵـوەری ١٤٠١ی هەتـاوی، ئـەو ڕۆژەی شـەهید «فـواد محەممـەدی» لـە شـاری کامیـاران، بـە دەسـتی بەکرێگیراوانـی ڕێژیـم شـەهید دەبـێ و دوای بەخاکسـپاردنی، کاتێـک جەمـاوەری وەزاڵەهاتـوو لـە سـتەم و ناهەقـی مرۆڤکوژانـی ڕێژیـم، لـە ڕێوڕەسـمی پرسـەی شـەهید «فـواد محەممـەدی»، دەگەڕێنـەوە، خۆپیشـاندانەکان دەسـت پـێ دەکاتەوە و خەڵکـی تـووڕەی کامیـاران بـە تۆڵـەی خوێنـی بـە ناحـەق ڕژاوی شـەهید «فـواد» ئەوەنـدەی دیکـەش بێزاریـی خۆیـان لـە ڕێژیـم دەردەبـڕن و

خۆپیشـاندانەکان گـەورە دەبێتـەوە و لـە گەرمـەی خۆپیشـاندانەکاندا لـە کۆڵانێـک کاتێـک بورهـان ئاراسـتە بـە هاوڕێکانـی دەکا، لەلایـەن جـاش و پاسـتاڕە فاشیسـتەکانی کۆمـاری ئیسـلامییەوە بـە قەناسـە دەپێکـرێ و لـەوێ دەکەوێتـە سـەر عـەرز و شـەهید دەبـێ و بەمجـۆرە بورهانـی لاو و جوامێـر دەبێـت بـە دووهەمیـن شـەهیدی شۆڕشـی ژینـا لـە شـاری کامیـاران.

**«مەرگێک لەڕێی نیشتمان بێ**

**هەزار ژینی بە قوربان بێ**

**ئاواش نەبا هەر دەمردم**

**کەسیش یادی نەدەکردم**

**بەو مەرگە زیندوو دەبمەوە**

**تازە کەی لەبیر دەچمەوە»**

ڕۆژی ۲٥ی خەزەڵـوەری سـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، بـە بەشـداریی سـەدان کـەس لـە خەڵکـی شـاری کامیـاران و ئاواییەکانـی دەوروبـەری لـە ئاوایـی «چرۆسـانە» زێـدی بـاب و باپیرانـی، بـە دروشـمی مـەرگ و نەمـان بـۆ خامنەیی و بە سروودی «**ئەی شـەهیدان**» و دروشـمی «**قاسـملوو قاسـملوو، ڕێـگات درێـژەی هەیـە**» تەرمـی شـەهید بورهـان، ئـەم سـوورخەڵاتەی کوردسـتان دەخەنـە ئامێـزی پـڕ لـە خۆشەویسـتیی نیشـتمانەوە.

جەنایەتکارانـی خامنەیـی، کـە گڵکـۆی شەهیدەکانیشـمان تـرس و خـۆف دەخاتـە دڵیانـەوە، پـاش ماوەیـەک وەک ئـاکاری هەمیشـەییان، کێلـی گڵکۆکـەی شـەهید بورهـان دەشـکێنن و براکـەی شـەهید بورهـان لـە گرتـە ڤیدیۆیەکـدا لـە وڵامـدا دەڵـێ: «**دوژمـن وا دەزانـێ بـەم کارە وەرەی ئێمـە**

**دادەبەزێ و دەترسین! نازانن ئێمە وەرەمان پۆڵایین‌تر دەبێ و ترسمان لە کەس نییە».**

لەو کاتەوە ناوی «شەهید بورهان» لە شۆڕشی ژینادا لە شاری کامیاران، بەتایبەت ئاوایی چرۆسانە بوو بە ڕەمزێکی تێکۆشان. لە چلەی شەهیدبوونیدا خەڵکی کامیاران و چرۆسانە لەسەر گڵکۆی شەهید بورهانی نەمر کۆبوونەوە و براکەی سپاس و پێزانینی خۆی بۆ ئامادەبووان ڕادەگەیەنێ و دووپاتی دەکاتەوە کە «**شەهید بورهان تەنیا شەهیدی ئێمە نییە و شەهیدی هەمووتانە و شەهیدی خاکی کوردستانە، شەهیدی ئێمە شەهیدی ئێوەیە و نەسرەوتن تا سەرکەوتن** » و بە دروشمەکانی مەرگ بۆ خامنەیی، مەرگ بۆ دیکتاتۆر، ڕێگا و ڕێبازەکەیان درێژە پێ دا.

**«خوێنی من**
**مردنی بۆ نییە،**
**با خەنجەر**
**ژاری خۆی بڕێژێ !**
**ژینی من**
**کۆتایی بۆ نییە،**
**با مردن**
**تامی مەرگ بچێژێ»**






















ژن
ژیان
ئازادی
Jin Jiyan Azadi
Woman Life Freed







# Sorxelatan

Taybet e bi

**şehîdên şoreşa Jînayê**

Berga Dûhem

دەستی ئێوە مەشغەڵی چۆم
و چاوتان مانگێکی ئاسمانی
ڕوو لە ئاوایی ژن و پیاو و
پشت لە میراتێك لە وێرانی
دێنەوە ڕۆژێك لە پاش
تۆفان، دێنەوە کاتێك لە
دوای شەوگار
دەبنەوە ڕێبواری رێی ڕوون و
دەبنەوە وەرزێکی بارانی
سوورخەڵاتی پەنجەرەن ئێوە،
تاکوو دیارە نیشتمان ناوتان
ئێوە میراتی هەزار باخن،
ئێوە مێژوویێکی ئاسمانی

ڕابوون ڕۆژهەڵات

